ڕۆمان

# مەرگ لە سەر باڵی ڕەشەبا

سەردار جاف

14/2/2016

کوردستان / کەرکوک

ناوی کتێب /  مەرگ لە سەر باڵی ڕشەبا
بابەت /        رۆمان
ناوی نوسەر :      سەردار جاف.
لە سەر ئەرکی خودی نوسەر بە چاپ گەیشتووە.
تیراژ :  500 دانە
تابلۆی بەرگ:  گرفتار کاکەیی
دیزاین : دلێر زەنگەنە

تایپ و هەڵەچن : خودی نوسەر بە هاوکاری حەمە سەعید زەنگنە
چاپخانە : (ڕۆژهەڵات) هەولێر
ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەولێر بە ژمارە (      ) ساڵی 2016 دراوەتێ

مافی بە فیلمکردن و چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ خودی نوسەر
------------------------------------------

پێشکەشە بە :

*بە رۆحیانەتی هەموو ئەوانەی کە بە پاکی و بەرائەت و جوانییەوە گیانی خۆیان بۆ ژیانی کوردانە و کوردستان بەختکرد.

مرۆڤ کائینێکی زرنگە، درک بە وردەکارییە شاراوەکانیش دەکات، بە گەمژەی تێ مەگەن، کە بێ دەنگە رێز لە خۆی دەگرێ، نەک تۆ.

سەردار جاف

## سەرە قەڵەمێک بۆ مەرگ

نازانین لە کوێوە دەست پێ بکەین و چۆن بدوێین لە کام بناری هەمیشە تاریکستانی سۆمامانەوە بۆ ترۆپکی عەوداڵ بوونی ساتە بەهاکانی ماندوو بوون و شەونخونی زەمەنێک لە پاڵ وشەوە کتێبێک بارگاوی بێ بە ئەندێشەی سەفەرێکی ئەفسوناوی پڕ لە خەرابات، رێک لە رۆژی جەژنی خۆشەویستان لە ڤالانتاینا لە بری ئاوێزانبوونی ئەوین، نوسین ئامێزی بۆ هزر و دید و خەرمانی پەنجەکان کردەوە، قەڵەم ژوانی خۆی لە تەک دونددا دەبەستێت و لە ڕنوی تەلانێکا تەمەنی خزاو لەئامێز دەنێ، پریاسکەی شاراوەی خەم لە بوخچەی گەڵاگوڵا وەک شاباشێ تەدارەکی ساتە پڕ لە خەندەکان دەکات، پارچەیەک لە لەتبوونی بیرو ئەفراندن بووە پاییز و دۆراندۆرمانی بۆ نۆ مانگ گەڵاڕێزانی پایزە جوانەکانی ئەم وڵاتە کرد، ئۆکسبۆرگ یەکەمین هەواری خێوەتگەی ئەم نوسینە بوو کەوا دەیخوێننەوە، لە شڕە پەڕەکانی دەفتەرێکا رۆحی ئاوەز بووە میوانی سەفەرێکی دوور و بە کورتی و کوردی ئۆکسبۆرگی پشوو و راوەستان بووە وێستگەی نۆتەکانی ئەم نوسینەو هەروایشمان مەزندەکرد بڵێین ئەمە نۆتەکانی ئۆکسبۆرگن، کۆلڕ بە کۆڵی و ماڵنەبوونی و ئاسوودەیی نەکردنی ئاوەز و بارانی ژاوەژاو نەیانتوانی پەنجەرەی هەناسەکانمان دابخەن و پەردەی رەشبوون هەڵبدەن، دواجار لەتەکمانا وشەکانی مەرگ لە سەر باڵی رەشەبا بنەوبارگەی لە کۆڵ دەنا و هاوزەمان ئولفەتمان پێکەوە گرت و شارە و شار و گوندا و گوندمان پێکەوە کرد، بە ئەوینی ڤالانتاینەوە هۆگر و ئاشقی یەک بووین، هەرچەند خۆمان لە سەفەر بووین لەم کتێبەیش باسی ئەو کاروانە دەکەین، کە زۆر کەس چاوەکانی لێکناو بە دوا رۆخ و لەنگەر نەگەیشت، ئەوەی دەیخوێننەوە گێڕانەوەی رووداو نییە، چەپکێکن لە ئەفسانە و ئەندیشە و بیر و دیدگای ئاسۆ و لایەنێکیش رووداو، کەسیش بێ کەم و کوڕی نییە و رەخنەکان گەورەمان دەکا و راستە رێی دادێمان نیشان دەدا......

خوا یار بێ خەرمان بە دوای خەرمان دێت...

سەردار جاف

ئەڵمانیا

14 / 11 / 2016

## ( هیچ )

هێشتان تەپوتۆزی پاشماوەی جەنگە مەزنەکە خۆی بە سەر سروشتی نیشتیمان و جومگەکانی ژیاندا هێشتۆتەوە، تارماییەکی قێزەون ناخی مرۆڤەکانی قۆرخکردووە، تازە بەتازەیش شەڕە خۆخۆرییەکە بەرۆکی بەردابوون، لەولایشەوە وەیشوومەیەکی رەشی جیهانی لێرە و لەوێی خاکەکەدا چەکەرەی کردبوو، بێ متمانەییش ئاگرێکی جەستەی تاکی کۆمەڵە و بەرۆکی گرتوون ، خەڵکەکە بێزار و وەڕس، ئەویشی تەمی داتەپین دایەگرتبوو سۆزی هاوزمانی و هاونیشتیمانێتی و هاورەگەزی تێدا مەحوو ببۆوە، خۆشەویستی و ئاکارە کۆمەڵایەتی و داب و نەریتەکان لە شەققەی باڵیاندا و هەواری پاک و بێگەردی جارانیان جێهێشت و بنەوبارگەیان بۆ هەسارەیەکی دی گواستەوە، مرۆڤەکان چیدی وەک رابردوو لە خەمی یەکدی خۆشویستن نەبوون، دەربەستبوونی یەکدی کاڵببۆوە، زەبر و زەنگ و درۆ و بوختان و رک لە یەکدی بوونەوە و جگەر گۆشە تووڕدان و فرۆشتنیان وشمشێر و کوشتن و قڕکردن و ئاگر و ئاسن جێی گرتۆتەوە، ئومێد بە ژیان و رەوینەوەی ئەو دڕندایەتییەی مرۆڤەکان بەرامبەر بە یەکدی لە گۆڕنراوە، بەهاکانی مرۆڤدۆستی ئەتک و ریسوا کراون، سیمای خەڵکەکە رووخسارێکی شێواو و رەنگ خۆڵەمێشی نیشتووە، پێکەنینەکان مەحوو بۆتەوە چاوی پڕگریاناوی و رومەت رنین و رەشپۆشبوونی دایک و ژن و کیژ و خوشکەکان بەربڵاوە، تقوسە پیرۆزییەکان چ بەهاو رێز و نرخێکی نەماوە، حاڵەتە دەروێشی و خەڵوەتگرتن و زیکر و عیبادەتەکە لێخن و شلوێ، مێژوو لەت لەت و ئەنجن ئەنجن دەکرێ، هەر رۆژە و بەدیوێکدا دەخوێندرێتەوە، جارێکیان لە بەر تریفەی مانگە شەو و جارێکی دی بە بەر تیشکی خۆرەوەیە، ئاوەزی منالڕ و مێرمنداڵ لە بەر دەرکی بەرژەوەندخوازەکان تێکچرژاوە، بەزەیی لە ئاودامانی ئەم مەملەکەتە بۆتە سووتووی ئاگرێکی پڕ خۆڵەمێشی بۆ رەنگڕێژی روخساری خەڵکەکە، لە نێو خانەوادەو چوار دیواری ماڵێکدا ترس لە یەکدی رێسی ژیانە و نابێتەوە بە خووری، رارایی و گومڕایی ئاوێتەی یەکدی بوون و بەربوونەتە وێزەی خەڵکە بێدەسەڵاتەکەی نیشتیمان، بسزمان و بەستەزمان وەک یەک خەڵتانی نالەباری دۆخەکەن، تەونێکی جاڵجاڵۆکەیە و یەخەی شا ڕێ و توولە رێی گرتووە، سەراپا دۆراندۆری تخوب و ناوجەرگەی تەنیوە. تەنیا هەڵهاتن رێنیشاندەرە، هەڵهاتن بەرەو نادیار بەرەو دەستە و یەخە بوونی مەرگ و ئولفەتگرتن بە دونیایەکی دی و کۆتاییهاتن بە خود .

لێرەوە سەفەر دەست پێدەکات و ترپەی هەنگاوەکان پڕ لە خەم و فرمێسکاوین، لێرەوە پشتکردنە رابردوو و سڕینەوە و خاپورکردن و وێرانکاری بونیاتی تەمەن وەک خۆر ملی ئاوابوون دەگرێ و بە هزردا گوزەر ناکاتەوە، چ جای پشتکردن دەبێ لە نیشتیمانێک کە هەردوو ئاشنا و ئولفەتی یەکدین، ئەو نیشتیمانەی پەنجەمۆری سەراپا جەستەی لێنیشتووە و مەحاڵە بەسانایی ئاودیوی سنووری ئاوەز بێت، کەچی مرۆ بۆ خۆی ناحاڵییە لە دادێی تەمەنی بۆیە هەمیشە ئەو وتە دەگوترێتەوە ململانێ لە پێناو مانەوەدا، ئەم مانەوەی کۆڤاندارییە لە وەرزی رەوی کۆتر و باڵندەکان ناچێ، باڵندەکان ئاوارە و پەناهەندەی سروشتن لە ئازاردانی سەرما و بەستەڵەکی وەرز و سروشتی پڕ لە سەرما هەڵدێن و دواتری ئاوێزانی جوانی دەبنەوە، ئەم کۆچە لە کۆچی دڕندایەتی عەقڵی مرۆڤەکانەوە زنەیەکە و دواتر دەبێتە تەقینەوە، دەنا جێهێشتنی مۆرکی پەنجەمۆری جەستە بونیادنانێکە داڕمانی سەختە و بیرچوونەوەی خۆ خواردن و بنکۆڵکردنی بیرو زیندوو راگرتنی ئەندێشەیە. باڵندەکان لە کۆچکردنا شینی ئاسمان دەنەخشێنن

تابلۆی ڕەنگینی سروشت بینا دەکەن، ئەم کۆچە شلوێکردنی ئاسمان و ئاو و زەوییە، تێکچڕژانی ڕایەڵەی تخوبە هەمیشە ڕەنگینەکانی زمانە، لێخنکردنی خودە دواتر مرۆڤایەتی.

دێوجامەی سەراپا خەڵکی لە بۆتەی ژەنینی ئەو سیمفۆنیا دەچێ کە پەلەوەرە کامڵەکان بالیەی ئازاری سوتماکی کورپەڵەییان بە هزردا دێننەوە بۆ خۆشی مرۆ پەلەوەرئاسا سەما دەکا هەڵدەپەڕێ، ئەو مرۆگەلەیش لە ئاستانەی نیشتیمانی پڕ دروشمی بێکردارەوە، تێربووی ئاوەژووی دروشمەکان بە زەقی وێران دەبن و بە کۆستکەوتوویی ڕابردوویان ملی ڕێ دەگرن، ئیدی کۆچ و ڕەو دەبێتە باو بۆ هەڵاتن لە کۆیلایەتی، کۆچ دەبێتە ئالوودەبوونی مرۆڤەکان بۆ هەڵهاتن لە شەڕ، کۆچ ڕێی تاوانباران خۆش دەکا بۆ هەڵهاتن لە یاسا، کۆچ دەبێتە دەروازەیەک بۆ قورتاربوون لە دابونەریتی کۆنباو، ئەوە هەنگاوە جوداکانی دەمەدەمی هەڵاتنە، خواوەندەکان دابەشی سەر جوانی و شەڕ و پڕفەڕی و تاد...... دەبن، هێشتان کوێخاکانی وڵات خۆ لە جەڕینی خوێنی یەکدی و ملشکاندنی یەک و قاتوقڕی و گرانی بازاڕ و نەبوونی پوول خۆ بە دوور دەگرن، سیماکانی بیر تەسکی ئایدیا و بە پیاهەڵدان و هەڵزنانی گەنە و گمۆڵەکانی دەستەباڵایی نیشتیمان تا دێ بەرەو ترۆپک مل دەنێ و بەری چاویشی بێکلە.

لە شەقاوە ڕێی یەکێ لە سەفەرەکانا کوڕێکناڵە و دادی خۆی بە گوێی ڕای گشتیادا، دایکی بە پەلەپرووزێ پەیوەندی پێوەکرد و مەعز بۆ ڕەجای خوای لێکرد کەمێک دەمی خۆی بگرێ دەنا ئافات چاوەنواڕیان دەکات، ئەوە یەئسی نیشتیمانی بێ باوک و بەرەڵایی هەر کەس بۆ خۆی جاڕدانە، سەفەر لەوێوە گریانی نەوە و مناڵان پۆلا دەتوێنێتەوە و مرۆڤایەتی تێکشکاوە، سەرجەم شێوەی ئاگری شەڕی لە خۆگرتووە، چونکە ئەو ژینگە پەروەردەی کردون، ڕەفتار دەرئەنجامی ژینگەی وێرانکار و شلوێ و لێخنە، ئەو دەمانەی دایکەکان ناڵە و هاواریان لێ بەرز دەبێتەوە ، ڕووی تاکەکەس و کۆمەڵ سیا دەکات و مرۆڤایەتی خەڵتانی درۆ و دوو ڕوویی و ساختەکاری دەکات، درۆ هەمیشە لەم جۆرە نیشتیمانانەوە سەنگی مەحەکی باڵقبوون و گەورە بوونە، کەس نە لە زمانی ڕاستی دەگا و نە دەیانەوێ ڕاستی بڵێن و تێبگەن، ماسی لە سەرەوە بۆگەن دەکا، دایک بە کور دەڵێ ڕاستی مەڵێ باوک نەوەی وا گۆش دەکات، پیاو درۆ لە گەڵ هاوسەری دەکات ، دۆستی علوج و گیرفانی علوج و ڕەفتاری علوجانە و کاری علوجی بۆ خۆی بە ڕەوا دەبینێ، ئیدی ئەوە دەسەڵاتە هەمووی فێرکردوون و علوجخانەی کردۆتەوە، نایانەوی زمانی ڕاستی گاگۆڵکێ و دارەدارە بکات، خەمەکانی دەردە دڵ و کۆچ و ڕەو لە نیشتیمانی علوجخانەدا باڵادەکات، لە نێو خودی درۆدا درۆ هاوێر دەبێ ،لە نێو درۆی درۆدا ڕێگا بۆ سەرکەوتن خۆش دەکرێ، بە مەنزڵی تەریقەتی لاڕێی جێگیر و ئالودە دەبن، ئای چەند شوورەییە درۆ بە ڕاست بزانرێ.

لەم نیشتیمانە گەنجان هێشتان تاڵی و سوێری ژیانیان نەدیبوو، سەردەمە زێڕینەکەی سەرکوتکردنیان لە هزردا نەچەقیبوو، لە فەراهەمبوونی ئاسوودەیی پر گێچەڵ هەڵدێن و خۆ لە قاڵبدانی یاساکان دەئاخنن کە لەو نیشتیمانە یاسا لە زیندانەکانا حوکمی لە سێدارەکانی بۆ دەرچووە، دواتریش گیرۆدەی داماڵینی بەها ئاکارییەکان دەبنەوە، لە ئامێزی سۆزانییەکان حەز و غەریزەکان گۆش دەبێ و خۆ ون دەکەن، دەشێ لێرە و لە کن ئەو گەنجانە درۆ بۆ کپبوونی غەریزەکان هێدی هێدی گەورە ببێ، دەکارێ هەڵهاتن لە وڵاتی سەرپۆش و پەچە و نیقابی باڵادەستە ڕەشپۆشەکان، لە تێکئاڵاوی لەشە نەرم و ناسکەکانی ڕەگەزی مێیا بە پەچە و ڕەشەپەڕۆیەکی قێزەون بە هەڵاتنەوە گرێ دەدەن، جەننەتولمەئوا لە هزردا گۆش دەبێ و هەمیشە لە ئەندێشەکانا پیاسە دەکەن، ئەوان ژیانی مرۆڤایەتی بە جوانی و ئۆخەی لە غەریزەکانیانەوە دەبینن، ئەوان بەها ئاکارییەکان لە نێوگەڵدا قەتیس ناکەن، لە ڕەفتارە دزیوەکانەوە دەبیننەوە، گەنجەکیژانی نیشتیمان بە قەیرەیی ڕایی دەکەن و دواتر لە توخمی پیاو سالاری زەماوەندی دووەم و سێیەما دەگەوزێنن.

لەم وڵاتە خۆشنەویستن جێی ئەوین و جوانی و سەما پاکەکانی ژیانی گرتۆتەوە، هەموو ئەندێشەکان بۆ ئامێزی سۆزانییەکان لە هەڵپە و بە فانتازایایەوە دێننە ڕوو، ئەمە ئەو دەعبا بێ ئابروو و جانەوەرە ترسناک و هەترەش بردووەیە تا ئێستا مرۆ بە خۆییەوە نەدیوە، ئەمە ئەو ئافاتەیە جوانییەکان دەبنە قەحپە و درۆکان بە ناسکی میهرەبانییەوە نیشان دەدرێن، مرۆ دڕندەکان گورگئاسا و لە پێستی مەر لێرە کڵاشە

دەکەن، ڕۆحی مرۆڤەکان بە ساویلکەیی قووت دەدەن و مرۆی دی دەبێتە قوربانی، پاکیزەترین کچ بە سۆزانیترین ناوزەڕ دەکرێ، خرمژنی ئەو دەستدرێژیانە لە سەر خاکێکی بە خوێن سوور بوو و قوربانی ڕۆڵەکانی بە هەڵدڕینی پەردەی پاکیزەیی سوور دەکرێ، ئەو نیشتیمانە لە تخوبی خۆی ئاودیو کراوە گۆی زەویش نایگرێتە خۆ، بۆ خۆی کە لە جوانی و خۆشەویستی بێ هامتا بوو ئەو خەڵکە یان گێل بوون ویانیش گەوجێندراون. ئەویشی تێدەگات ڕاستی مەحاڵە هەڵدێ، هەڵدی بەرەو مەرگ بەرەو ئافاتی فەنابوون .

( 1 )

هەموو کارێ بەرایی هەس، هەموو کارێ کاردانەوەی دەبێ، ژیان و ئارامگرتنی ناخۆشییەکان سنووری خۆی هەیەو ئەوەیش دەپسێ و گرێ نادرێتەوە، هەموو کات سروشت ڕۆحی خۆی ئاوێتەی ئەوین دەکات، تاوەکو ڕک و کینە و دڵەپیسەکان خۆیان بشۆنەوە، سروشت بەڕووی ئاسمانی شینیشا پێدەکەنێ، لە پێکەنینا نوقم و نغرۆی سەوزی دەبێ، ئەو سەوزییەی تەمەن ئولفەتی پێوە گرتووە و دەگرێ، گوڵەکان بەدەم شنەی سپێدەی ئاونگبارانەوە پەرەگەڵای لە تەپوتۆزی غوباری پێشتر دەشواتەوە، گەڵای داربەڕووەکان بە تەلان و قەدپاڵەکانەوە بە دەم نەسیمی بادی سوبحەوەسەما دەکەن، بەفر بارگرانی کردون، بارگاوی بوون لە بن ئەستووری ئەو بەفرە سپییەوەکە بە سەر شان و قامەتیا ڕۆنیشتووە خۆ دەتەکێنن، لە تەنیشتەوە لە چەمێکی قووڵ قووڵەوە لرفەی ئاوێکی سارد سارد و پاکپاک و بێگەرد کە ڕۆحی خوای پێوە لکاوە تەزوویەکی سەرما پەخش نمایش دەکات، تاوناتاوێک مرۆڤ هەست بە ئاونگبارانێک بە سیمای خودەوە دەکات، جارجارێ دەنگی بۆق و جریوەیەکی باڵندەی بەیانیان تێکەڵ بە هاژەی ئاوەکەی ڕۆحی خوا دەبێ و میلۆدییەکی قەشەنگی تریفەی ژیان و بەردەوامی تەمەن ڕەنگڕێژ دەکات، بەهار بەرگێکی نوێیە بە باڵای سروشتا دووراوە، لەو سوبحەدەمەدا باڵندەکان هێدی هێدی لەم دارەوە بۆ ئەوی دی و لەسەر ئەم چلڕ و ئەوی دییەوە، شەقژنی باڵیان بۆنی سپێدە بە ئافەریدەکانی نیشتیمان دەسپێرێ، دەربەندێک لەو لاترەوە جمەی ترومبێلی گەشتیاران دەیتەنێ و وێنایەکی سیحراوی بە بەرۆکی ئەم دیوی دەربەندەکە جوانباوین، لەو بەری شەقامەکەیشەوە تانگە تێکشاوەکانی جەنگەکە وەک هێمای تێکشانی دوژمن لەم دەربەندەدا تۆمار دەکات و پاشماوەی شکستی داگیرکەر و دواماڵئاوایی دڕندەیی بە بەردیدی هاموشۆکەرانەوە دەدات، پێدەچێ شار چۆڵی کردبێ، پێکرا لە جەژنی نوێبوونەوەدا رووەو دەشت و سەیرانگا جوانەکانی نیشتیمان لە پێشبڕکێدان، هەر دەستە و تاقم و تاکە کەسێک بە جۆرێ وێنای جۆش و خرۆشی لە ستایلا بەدەرخستووە، ئیدی قەڵەمڕەوی گورجکردن هەمووی گرتۆتەوە، هەرچی زووترە هەر یەکە و زووتر بگات و شوێنێکی پرسێبەر و فێنێکی تا دەمەو ئێوارە بۆ خۆ فەراهەمکا، پشوویەکی لێبداو ماندووبوونی زستانێکی سارد و کونجی تەنگی کۆلان و گوزەری تەنگ و شەقامی ژینگە پیسی و پێخەفی گەرمی شەوان و ئامبازی شەوانی ئامێزی دەربێنێ و بۆ ژیانێکی تازە خۆ بنوسێتەوە، کونجی ماڵی ئاخنراو بە تەپوتۆز و غوباری جگەرە لە سەبای بایەکی وەنەوشەیی ئەو گوڵزار و دیمەنە سەوزە ڕەنگینە دەربکات، کە بە دیدی جوانی سروشتا دەڕوانرێت بەختەوەری و ئاسوودەیی لە هزردا ئۆخەی دەکات، کاتێکیش ویژدانەکان دەمرن مرۆڤ بۆ خۆی دەبێتە گڕ، جوانی بەهای خۆی لە دەست دەدا مرۆ پێ بە چیمەنەکانا دەنێ، ئیدی ڕێزنەگرتن لە سروشت دەبێتە خولیا و لە تەک خورسکیا هاوێر دەبێ و لێی تەریک نابن، کەچی ئەو دەمانەیش هەر بۆ خۆیان کە فۆتۆ دەگرن عەوداڵی سروشتێکی جوان دەبن هانا بۆ جوانترین و سەرنجراکێشترین دیمەنی سروشت دەبەن. مرۆ و سروشت ئاوێتەی

ڕۆحی یەکدی دەبن، زۆرجاریش مرۆڤ بە دڕندانەترین شێواز بەردەبێتە وێزەی جوانییەکانی سروشت و ئەتکی دەکات، ئەو مرۆڤانەی خاکیان خۆش دەوێ سروشت جوان دەکەن، مرۆڤگەلێ بە گاسنی گاجوتەکانیان تا بە ڕۆژگاری ئەمڕۆی تەکنۆلۆژیا دەگات ڕۆحی تێکەڵی ئاو و باران و زەوی بەراو و دێم کردووە، ئەوانە ڕێزگری زەوی و جوانین، ئاکنجیانی شار لە بالاپێتی زەوی ناحاڵین بۆیە دەمێک سروشت ئەتک دەکەن بەزمییەکانیان مردووە بە لایانەوە ئاساییە و گەر ڕۆحی جوتیارێکیش داچڵەکێ، هاوشێوەی ئەو مرۆڤانەی یاساکانی خۆ وڵاتیان لا بێ بەها و گاڵتەجاڕییە، لە ئاست یاسای وڵاتانی دی پەنابردنیان ترسنۆکێکی هەزیلن لە هەمبەر تاکە پیاوێکی یاساپارێزیان لەرزۆکن، کەچی لە وڵاتی خۆدا دەچێتە گژ هێزە زەبەلاحەکەی یاساپارێز وبە دڕندە ناوزەدی دەکات، ئافاتەکە لەوێیە بیرمەندیش بێ، یاسا و سروشت ڕۆحێکن لە مەتووی یەک فەرهەنگ و کتێبدان، ئولفەتگرانی تێکشکانی ئاکار ماڵی خۆ لێخن و دراوسێماڵ پڕ جوانی و بوخورد و ڕێز دەکەن، لاسایی ستایلیان دەکەنەوە کەچی لێرە سروشتی ژیان دەخنکێنن، ئەوانە مرۆڤگەلی بنە و بودەڵەی ئەم وڵاتەن و بۆ ڕۆحی هاوزمانی ناسوتێن و ئازادیان ڕەفز دەکەنەوە بیرو دیدی ئەوی دی نەک قبوڵ ناکەن بگرە ڕەجمی دەکەن و بیریان تیرۆر دەکەن.

تا دەهات کەژاوەی ترومبێلی سەیرانکاران زۆرتر و درێژتر دەبۆوە، ئیتر دیمەنی هەر ترومبێلێ جوادا بوون لە یەکدی، ئی ئەوتۆ هەبوون پشت بەتاڵبوون و لە پشتەوە منال و کیژ و ژن و هەمەرەنگ خۆ دەنوێنن و وەک لە دیوەخانی مالابن کورسی و مێزیانداناوە وبەریزن و چەپڵەکوتن و گۆرانی دبێژن،هەر ترومبێل و بە جۆری تایبەتی خۆ ئاهەنگێرن، سەیران بووە بەرۆژی حەشری جۆش و خرۆش دەربڕین، هەندێکیشیان وەرسکەرن و هۆڕن و ژاوەژاوی زۆر دەکەن بە جۆری خۆشی ئەوی دی لە بار بەرێ، هەندێ بڵندگۆیان داناوەو گۆرانی بەزمی پەلە و هەڵپەرکێ دەپەخشن، هەر کە دەگەنە دەربەندەکە ئەو ئاپۆڕای وێستانەی ترومبێل دەبینن دەیکەنە هاوار و فیکەلێدان، قسەی خۆش و پێکەنین و چاوبازی و سەرزەنشت کردنت گوێ لێ دەبێ، هەندێ ترومبێلی دی خواردن و دوکانبازاڕی و کەرەستەفرۆشی تێدایە دوو دینار بۆ ڕۆژی تەنگانە پێکەوە دەنێن، ئەوانەیش بە دیدێکی دی دەڕواننە ژیان و هەمیشە بینایی چاویان کورتە و دوور دەڕوانن، هەمیشە برسی سکتێرن، ترومبێلیش هەبوو چاوش و زوڕناو تەپڵژەنی تێدابوو بۆ خۆشی سەیرانکەران، هەر لە ڕێگاوە شوناسی خۆیان بۆ بانگکردن جاڕدەدا.

هەستیار مرۆڤێکی خرپن و ناخ پاک زوو درکی بە بەرامبەر و شتە وردەکان دەکرد، کەسێکی کەمکراوە و قسەزان نەبوو قەڵەمبڕشت و چاپوک و زیرەکی بیر، هەستی ناسک سۆزدار و پڕ بەزەیی دەم بەپێکەنین و هەقبێژ و ڕاستگۆ، دڵتەڕ و ئاشقبوو، ئاشقی جوانی ئاشقی ژیانی بێگەرد، پڕ شەرم ڕێزی لە ئاکاری خۆ دەگرت، لە بەرامبەر بە بێدەسەلات و نەزان دیقەت دەدرا، هەگبەی پڕ لە بیری جوان وجۆراوجۆر، کە بە دەسەلات و بەرپرسان هەزم نەدەکرا، سالانە چاوەکان و ناخی سروشتی لە ئامێز دەنا و تێرتێر ڕاموسانی یەکدیان دەکرد تا کۆتایی گەرما ڕۆژانی پشوو لە ئەوین و ژووانی جوانیا دەبوو، بە ماڵ و منالەوە ئولفەتی بە جیهانی دەشت و دەرەوە گرتبوو، خەمەکانی بەبا دەدا، گرۆتینێکی دیکەی بە بەر ئاوەزا دەکردەوە، خۆشی بێ جگەر گۆشە لێی تۆرا بوون، هەردەم پێکەوە دەبوون ئیرەیی زۆر بوون لە هەژمار نەدەهاتن، هەمیشە ترومبێلی دوا مۆدیل و بەرز بوو، جام تاریک هەر لە خۆی دەهات، بەرپرسیاری بۆ خۆ خولڤاندبوو، هیچیش نەبوو، فەرمانبەرێکی سادە و هەیبەتێکی بە خۆدابوو، سووکە کارێکی فەرمانگەکەی بە فانتازییەوە دەگرت، لە تەک گروپا بۆ خۆی کوێخا بوو، پرس و ڕا لای بوو، پێشتر دەستەکە دەچوون جێیان بۆ دەگرت، پێگەی باشی بۆ خۆ فەرهەمکردبوو، لە ئەوجی هەڵکشانا بوو، جارێکیان بۆیان گێڕایەوە گوایە بەرپرسێ هەر کە دیویەتی گووتویەتی هەستیار کەسایەتییەکی مەزنی لێدەردەچێ، بۆیە کە لە ژیانی دەڕوانی بیری دەکردەوە کە بۆ ژیان نەخولقاوە لێ ژیان بۆ ئەو مەیسەر بووە و هاتۆتە بوون، خەسڵەتی هەڵکێشراوی خاکەڕایی بوو، لە تەک منالا منالئاسا دەبزوا و دەدوا، لە تەک گەورە خۆی بە گەورەتر و بالاتر دەزانی ونیشاندەدا.

لە ترومبێلەکەیەوە لەو دیو جامە تاریک تاریکەکەیەوە کە چەشنی ئەشکەوتێکی چیایی بەدەر دەکەوت، وەک هەر خانەوادەیەکی سەیرانکەر بەختەوەر و پڕکەیفی ئەو دیو رەشایی ژیان بوو، ڤۆلیۆمی سیدیەکە بۆ خۆیان بوو، منداڵەکان هاوشانی ریتمەکە چەپڵەیان دەکوتاو هەر کە گۆرانیبێژیش دەمی دەکردەوە و گۆرانی دەژنەفت، منداڵ هەموو دەیانگوتەوە بە جۆرێ دەنگی سیدییەکە نەدەبیسترا، هەستیاریش دەسماڵێکی پۆپەشمینی بەدەستی راستەوە دەگرت و وەک سەرچۆپی گرتبێ دەسماڵەکەی رادەوەشان بەشداری خۆشی منداڵانی دەکرد، جارجارێکیش خۆی بۆ دەلەنگان، دایکی منداڵانیش لە تەنیشت هەستیارەوە رۆنیشتووە و چەپڵە بە پێی گۆرانی دەکوتێ، سەرشێتانەیش ترومبێلی دەئاژوت، لە ئاژوتنا سەرکێشی زۆری دەکرد، خۆ بە بلیمەت دەزانی، بە پێکەنین و گاڵتەجاڕییەوە دەیڕوانییە ئەوانی دی، رێگا دەبڕێ و هەر دەڕوا و نەگەیشتۆتە جێ مەبەست، قەدەرێکی دی رۆیشت لە دوور ڕا لە بن دارێکی زەبەلاح و پڕ سێبەری دوور لە چاوی چاوبازان هاورێ و خێزانەکانیان و ترومبێلەکانیان بەدەرکەوتن، ناسینیەوە، لە راستە رێی شەقامەکە دەرچوو و پێچی کردەوە، بە نێو رێیە چەوڕێژ و خۆڵەکە رێی گرت، ئاپۆڕای زۆری خەڵکەکە تا دەهات روو لە کەمی دەکرد، هەر یەکە و پەناگەیەکی سێبەری بۆ حەوانە قۆرخ دەکرد، هەر یەکە و بەلایەکدا دەچوون، تا دوور دەکەوتەوە خەڵکەکە کەمتر دەبوونەوە، لە ملەکەوە بۆ چەمەکە شۆڕبۆوە شەش ترومبێل وێستا بوون، رووی تێکردن، هەر کە وێستا پێش داگرتنی کەرەستەکان و سڵاو کردن هەڵپەڕکێیەکی گەرمیان سازدا، جۆرێکی سەیر هەڵدەپەڕین شەونم بە ئەوانی دی گوت....
شەونم : ئەم جۆرە هەڵپەڕکێیە زۆر خۆشە قاچ هەڵبڕینی تیایە، باش قاچ هەڵبڕن.

لە گەڵ قسەکەیدا دایە قریوەی پێکەنین و ژنانی دیش کەوتنە پێکەنین، هەندێ لە پیاوەکانیش پێکەنین گوێیان لە قسەکە بوو، ئیتر بووە پێکەنین و دەستیان لە هەڵپەڕکێ بەردا و کەوتنە سڵاو و بەخێرهێنانی هەستیار و خانەوادەکەی، بەهاریان خۆشکردبوو، بۆنی گوڵ و شینایی ئەو دەشتە هەموو لایەکی تەنی بوو، منداڵان سەرقاڵی جۆلانە و مێرمنداڵانیش هەڵگژان بە چیادا بۆ هێنانی بەفری سەر شاخ و رێواس و چووالە و گیای بەهاری، بەرمزایان هێنا لە گەڵ ژەمی نیوەڕۆدا سەر سفرەی رازاندەوە، دەست کرایەوە بە هەڵپەڕین کەفوکوڵی زمستانیان دەردێنا، تا ئێوارە چەند ژەمێک نانخورا، ناوبەناو تۆپی پێ و راکەڕاک و سێباز و گەمە و شەڕەشەق و تاوڵە و دۆمینە و کۆکەن دەهاتنە گۆڕێ، دەمە و عەسریش سوارچاکی و رمبازێنی ئەسپ و ماین و قاتر دەهاتە مەیدان، قاتر و ئەسپ و ماینەکان مێرمنداڵی ئەو دێهاتانەی نزیک سەیرانگاکان بۆ کرێ دەیانهێنان، تا شەوانێکی درەنگ بەو حاڵە سەیرانی دەشت و دەری ساڵانە بەرێدەکرا، هەندێکات لە پاش خۆرئاوابوون سەرما پرزەی لێدەبڕین لە نێو ترومبێل دەئاخنران، بۆ ئەوەی شەقامەکە چۆڵ بێ لە گەڕانەوە نەکەونە ئاپۆڕای ترومبێلی گەڕانەوە، ئیتر سەیران خۆشی و ناخۆشی لە خۆ دەگرت، زیزبوون و منداڵ و کلیل ونبوون زوو زوو روویان دەدا، لە پاش شەڕە بچوکەکان ئەمە کاری ساڵانەی هەستیار بوو تا ئاوابوونی رۆحی و هەڵوەشانەوەی تەمەنی.

( 2 )

ئاوابوونی خۆری روناهی ژیان و خانەوادەیی لە دەم کەلی نغرۆبوونایە، ئاسوودەیی نەما و ئیرەیی ئۆخەی کرد، فریشتە لە پەلی خانمە ژیلای نا و بەرەو دونیای تەنیایی لە کونجێکی گیرکرد، پەیتا پەیتا دێو و خێوەکان هەرەشەی رۆح کێشان لە نێو هەوری رەش و چڵکنەوە بە سەر جەستەی هەستیارا دەبارێنن، تەوقی فەنابوون دۆراندۆری تەنیوە، روناهی سپێدە لە تاقی حەوادایە دەستی لێگیر نابێ درۆ و راست لە وەهما پۆستێکی بۆ خۆ لە خەیاڵدانی ئەندیشەدا قۆناغەکردبوو، هەرچەند بچوک بوو خۆی گەورەی

کردبۆوە، هەر ئەوەیش جنۆکەکانی لە بەردەرکی رۆحیا هەراسانیان کردبوو، شەوانە بەردەرکی سۆمایان دەتەنی، خوێننامەی بۆ دەنێردرا، شەتەکی ئاوەزی لە چوار دەوری سنگکوتانی ساتەکانیا گرمۆڵە ببوونەوە، لە سۆراخ و عەودالّی تولە رێیەک بوو لەو خەرەندەی قورتار بکات، خێوە رەشەکان ریشنە چڵکنەکان بەر هەیوانی فانتازیایان دەگرت و زەمەنی شمشێر و باج و سەرانەو فتوای غەیبیانەی دروستکراو بوو، لە ترپەی هەنگاوەکانی خۆی دەترسا، ئەو وەهمەی لێبووە هەقیقەت، وەهمی خۆ بە گەورە بوون، دەیویست ئەوەی بە زەمەنێکی درێژ کەڵەکەی کردبوو، لە نێوان شەو و رۆژێکدا بەرائەتی لێ جاڕ بدات، کە بۆی نەدەلوا، ناچار ملی بۆ ناعەدالەتی ئەو زەمەنە داو، لە دوو ئەگەردابوو .........

هێشتان بە ئومێد و هیوایەکەوە رۆژگارەکانی بەرێ دەکرد، بەڵام نەیدەویست لە یەکێ لە ئەگەرەکانی ببێتە بنێشتە خۆشە و بە دۆڕاوی دابنێن، دەویست ئەو فانتازییەی شانازی پێوە دەکرد لێی وەربگیرێتەوە، ئەگەری دووەمیش خۆ بە دەستی مەرگەوە نەدات و هەمیشە ململانێ لە پێناو مانەوەدا بکات، بۆیە گەرموگوڕتر کارەکانی رادەپەڕاند، پێی ناخۆشیش دەبوو شوێنەکەی بۆ کەسێکی دی چۆڵبکات.

شاری گەرمەسێن هەروا بووە، گەرما پرزە لە خەڵکەکەی دەبڕێ، غوبار و خۆڵبارینیش سەربار، هەستیار لە ناز و نیعمەتدا بوو، بەردی سارد و گەرم نەهاتبووە رێی، هەمیشە پێیان دەگوت دەست و پێ سپی، کەچی بەردەوام دەبووە مایەی سەر سووڕمانی خەڵک، هەستیارێک زمانی لە قەڵەمدایە چۆن بەو ئەندازەیە لە بردنەوەی گرەوی ژیانە، لێ بۆ خێو جنۆکە رەشەکان بێدەسەڵات و دەستە وەستان ماوەتەوە، گەرما و سەرمای نەدەزانی، ئەو رۆژە رەشەبایەک بوو مرۆ هەترەشی لێ دەچوو، وەرزە و پێویستیشە هەبێت، گەڵاکان زەرد زەرد هەڵگەڕاون هەندێکی لە زەردباویا سوور نیشتوون، شەقامەکان پڕن لە گەڵا وەریوەکان، کەناری شۆستەکان نەرمە خۆڵ و گەڵای زەرد و سوور گرتوونی، سەرو تەپۆلکی مرۆڤە پیادەڕەوەکان ئاڵۆسکاو و تێکچرژاو و خۆڵاوی، دوکاندارەکان کە رۆژانە شۆستەکانیان لە خەڵکی دەگرت ئەمرۆ کەرەستەکانیان بردۆتە ژوورەوە، لە ئاسمانیشەوە کۆچی باڵندەکان لە کوێستانەکانەوە بەڕێوەن، دارەکان هێدی هێدی رووت رووت دەبنەوە، لەو ژنە رۆمانسیانە دەچن کە لە شەوە سوورەکانیانا بە جەستەیەکی رووتی دامرکاوی غەریزەکانیانەوە متبوون، چیمەنی نێو باخچە گشتییەکان گەڵای پاییز تەنیونی، راڕەو و سەر چیمەنەکان لێک جوداناکرێنەوە لە بەر گەڵا، کەسێکی نامۆ رووی تێبکات راڕەو و چیمەن لێکجودا ناکاتەوە، چ پەرژین و ریزە دارێک نێوانیان ناکات، کارگوزارەکانی شارەوانی خنەیان دێ و بە پاککردنەوەدا راناگەن، تەنها ئەوەیە رۆژگار بەرێ دەکەن، دەنا رۆژی کارکردن نییە لە نێو ئەو غوبار و رەشەبایەدا، ئەوانی لە ژوورە ئارام و فێنک و وزە بەخش کار دەکەن گەرموگوڕیان پێوە دیارە، بە ناو داڵان و راڕەو و هۆڵ و ژوورەکاندا بە چوست و چالاکی دێن و دەچن، هەر یەکە و دۆسییەیەک و کۆمەڵێ کاغەزی لە بن هەنگڵناوە و ژوورەو ژووری پێوە دەکەن، هەندێکیش سەردانیکارن دەیانەوێ کارەکانیان بۆ رایی بکرێ هەندێکیش ئەهلی چاو داگرتن و مەیسەر کەری کاری خەڵکین و هەندێکیش چا خۆر و سەردانیکەری جێ و رێگرن بە ناوی میوانداریکردن.

ئەپارتمانێکی گەورە و قەبەی پێنج نهۆمی لە باشووری شارەکەوە فەرمانگەیەکی میری تیا قووت بۆتەوە، لە نهۆمی سێیەم چەند ژوور و چاپەز و هۆڵێکی مامناوەندی کۆبوونەوە لە بن دەستی هەستیاردایە، کارمەندەکانی وا رایی کردووە وەک کاتژمێرە گرانبەهاکان کاربکەن، ئیشوکاری خەڵکی راپەڕێنن. هەمیشە ئەو گۆشە بچوکەی نهۆمی سێهەم پڕجموجۆڵترینی هاموشۆکەران وبەرێکردنی ئیشوکارەکانی هاوشاریان بوو، ژوورەکەی خۆیشی پڕ میوان و سەردانیکاران و خەڵکی ئاسایی خاوەنکار بوون، هەمووی بەرێ دەکردن، چاپەزەکەی زۆرماندوو کردبوو لە گەڵ ئەوەی خۆی حەزی بە قاوەی زۆر دەکرد میوانەکانیشی زۆر بوو، ، جارجار دەستی دەگرت ولە سەر گیرفانی خۆی هاوکاریەکی چاپەزەکەی دەکرد، هەر بۆخۆی کورسی و مێزێکی قەبەی کڕی بوو تا لە ژووری بەرێوەبەر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان ستایلی باشتر و هیبەتی باڵاتر بێ ، بۆ خۆیشی زۆرجار بە قاتێکی رەش و کراسێکی شینباوی ئاسمانی و بۆینباغێکی رەش و جووتێ پێڵاوی گرانبەهاوە کە هەمیشە بۆ خۆی لە

ماڵەوە بۆیاغی دەکردن بە دەستی کەس قایل نەدەبوو، دەیگوو هیبەتی پیاو کەسایەتی مرۆڤ لە پێڵاوەوە دەست پێ دەکا و لە ستایلی پرچدا کۆتایی دێت، بۆنێکی ناوازەی بیانی زۆر خۆشی بەکار دەهێنا، کچان و ژنان بچونابایەتە ژوورەکەی درەنگ هەڵدەستان بەو بۆنەوە مەست دەبوون، زۆر درەنگان دەچوونە دەرەوە، بۆیە بایەخێکی زیاد لە ئەندازەی بەو جۆرە کارانەی دەدا، ئەگەر لە سەر کورسی و مێزەکەیدا مەحاڵ بوو بتدیبا چاکەتەکەی لە بەر بایە، دەنا هەر بە ئاسکیپەکەوەی هەڵدەواسی، زۆرجار لە ژوورەکەی خۆی دەهاتە دەرێ و لە رێڕەو و داڵان و ژوورەکانی دیکە و بەدەم رێوە ئیشوکاری خەڵکی رادەپەڕاند، لە گەڵ ئەوەیش چاوبازێکی سەیر بوو، هەر ئەمەیش وای لێکرد بوو جۆرێک لە فانتازیا بۆ خۆ مەیسەر بکا و خۆ بە بەرپرس بزانێ، خەڵکی هەموو لێی رازی بوون، ناووناوبانگێکی لە شارۆچکەکانی شارەکە و تەنانەت پایتەخت و شارەکانی دیکەیش دەرکردبوو، لێرە و لەوێی هەندێ کەس لاساییان دەکردەوە و شوێن پێیان هەڵگرتبوو، ئێ خۆ ئەوان لە شارێکی یەک زمان و یەک مەزەبدا کار دەکەن وەک هەستیار سەریەشەیان بۆ دروست نەدەبوو، ئیدی هەموو پەنجەکان حەز بەسیمای یەکتر ناکەن، بۆیە زۆرجار دەبووە مایەی هەڕەشە و تۆقاندن و ترسبارین، هەموو رۆژانی پێنج شەمووان کۆبوونەوەی بە کارمەندانی دەکرد و هانی دەدان لە راپەراندنی ئەرکەکانیان خاو نەبنەوە، نەبا ئەو لە گەڵ میوان و بەزمی خۆی سەرقاڵ بێت و ئاگای لێ نەمابن، بایەخی زۆری بە بواری وەرزشی دەدا هانی تیپە میللی و یانەکانی شاری دەدا، لێرە و لەوێ کۆمەکی بۆ پەیدا دەکردن، ئیدی سەرباری خولیاکەی خۆی. یەکێ لە رۆژەکان کە ئەمرۆژە پڕ غوبار و تەپوتوزییە بوو، کات لە درەنگان بوو، هێندەی نەمابوو بگەڕێتەوە بەرەو ماڵ، زەنگی مۆبایلەکەی لێی دا ..... دیقەتێکی داو هەستایە سەر پێی خۆی و پەنجەیەکی بۆ دووگمە کەسکەکە برد.

هەستیار : بەڵێ قوربان گیان.

بەرپرس : سڵاو.

هەستیار : سڵاو لە خۆتان گەورەم.

بەرپرس : سبەینێ دەمژمێر دەی سپێدە وەرە کنم کارم پێتە.

هەستیار : باشە جەنابتان ئەمر دەکەن و ئێمە نۆکەر و بچوکتانین.

بەرپرس : ئاگاتان لە خۆتان بێت.

هەستیار : باشە جەناب.

لە شوێنی خۆی دانیشتەوە و لە بیرکردنەوەدا و لە بن لێوەوە گوتی : (( جارێکی دیکە بەزمەکە دروستبۆوە ))، لە دەرگای ژوورەکە درا، چا پەزەکە بوو....

چاپەز : گەورەم بڕۆمەوە.

هەستیار: ئەرێ، بەڵام سبەینێ کەمێ زووتر وەرە بۆ کار.

چاپەز : بەڵێ گەورەم ئەمر دەکەن.

ئیدی ئەو زەنگی مۆبایلە بووە مۆرانە و چووە کەوڵییەوە، مێشک و بیر و ئەندێشەی پێوە سەرقاڵکرد، ئیتر وەرەو لە رۆژێکی غوباراوی و رەشەبای پاییزدا سەر و دڵیشت بگیرێ و نەزانی سبەی چ دەبێ و چی پێدەگووتری، لە بیری خۆیدا گوتی (( خۆ گوتی ئاگاتان لە خۆتان بێ )) بڵێی دیسانەوە شار بەدەر بکرێمەوە، نا نا وا نییە، دەنا دەیگوت هەر ئێستا وەک جاری پێشوو بڕۆ لە شار دەرچۆ، لە رێگا بەرە و ماڵ ترومبێلی دەئاژووت و بیرەکانی قوڵ دەبوونەوە، تەواو دەستبەرداری ئەو بیرە خراپانە بۆوە، بە رووکەش خۆی دەهێنایەوە سەر رەوتە رێیەکە، لە ژێرەوە و ناخەوە وانەبوو، هەر خۆی خۆی فریو دەدا، سەرێکی بە توندی لەقاند و خۆی راتەکان و بە بیری خۆی تەواو ئیتر بیری لێ ناکاتەوە، گەیشتە ماڵەوە و دەموچاوی بە یەکداداوە و بە لالوتێکەوە بە ژیلای خێزانی گوت:

هەستیار : چیمان هەیە، برسی و ماندووم.

ژیلا : کفتەیەکی خۆمانەم بە نۆکاوەوە کردووە، بچۆ گەرماوەکە ئاوێک بە خۆتا بکە تا تەواو دەبێت گەرمی دەکەمەوە.
چووە گەرماوەکە و پاش قەدەرێ هاتە دەرەوە و بە دەم ڕێکردنەوە خاولییەکەی لە سەروگوێلاکی هەڵدەسوو و وشکی دەکردەوە، پشوویەکی دا، ترشێکی خوارد و هوردەورد بەرەو لای خواردنەکەوە چوو، بەدەم قسەکردنێک لە گەڵ ژیلا کە قێزی لە ئاخاوتن دەکردەوە دەدوا، هێندە رووی پێ نەدەدا، هەر کەتەواو بوو کەوچکەکەی دەستی بەتوندی بە فافوریەکەدا کێشا و دەنگێکی ناسازی لێ بەرزبۆوە، و پشتی کردە خواردنەکە و ڕۆیشت، ژیلاش بە مۆر و چاوێکی زەق زەقەوە دیقەتی دەدا، ئەو پشتی تێکرد و ڕۆیشت ژیلایش هەر دیقەتی ڕۆیشتن و هەنگاوەکانی دەدا، کەمێک لە ژوورەکەی ڕاکشا و پشوویەکی دا، بیریکەوتەوە پرسەی حاجی رەحیمی مەلا مارفی حەوجۆشە پێویست دەکا ئامادە بێت، دەنا خەجاڵەت دەبێت، ئەمەیش دابونەریتێکە و پێویستە هەبن، پێشتر تا باوکی مابوو ئەو ڕێوڕەسمانەی نەدەکرد، ئێستا دەبێ بوونی هەبێت، هەر ئەمەیش تا ئێستێ پێکییەوە گرێی داون، دەنا هەرچی کۆنباو بوو توورياندا، زۆرجار پرسەیش بە تلفۆن بەرێدەکەن، لێ وا چاکترە خۆی دووره پرسە نەگرێ، خۆی گۆڕی و بەرەو دەرگای حەوشە ڕۆیشت و ئاورێکی دایەوە.
هەستیار : ژیلا. من کەمێ درەنگ دێمەوە.
ژیلایش لە بن لێوەوە ((خوای دەکرد هەر نەدەهاتیتەوە ئەمە هاتنەوەیە))، بە ترومبێلەکەی لە سەری کۆلانەکە ون بوو.
دەمەو ئێوارانێکی درەنگ لە بن دارتووی چایخانە کۆنەکەی عەلی ئاغا دانیشتبوو، کۆلانەکەی بەرامبەری لێوە دیار بوو، پێشتر ئەو کۆلانە لە شەرە کاولکارییە هەشت ساڵییەکە بەر موشەکێکی وێرانکەر کەوتبوو، کوژراوێکی زۆری لێکەوتبۆوە، هاورێ و هاوبیر و هاوقەڵەمەکانی لێ کۆبووەوە، ژیاری نزیکە هاوڕێی هەستی پێکرد غەمبارە پەلیگرت و لە گەڵ شوان و هەرەوەز بۆ باخچەکەی خۆیانی لە دەرەوەی شار بردن و ئێوارە خوان و سەرگەرمکردنی لەوێ بۆ مەیسەر بوو، کە ئەو بە نیازی ئەمە نەبوو پێیوابوو لە گەڵ شوان و هەرەوەز دەچنە یانەی فەرمانبەران و تا درەنگانی شەو لەوێ دەبن، کەچی ژیار بەرەو لای خۆی بردن، تا درەنگانێکی شەو لەوێ مایەوە کە گەڕایەوە لە ڕێگا هەر خۆی بوو، شوان و هەرەوەز لای ژیار مانەوە، لە ڕێگا بیری دەکردەوە ڕێگایەکی چۆڵ و تاریک تاریک هەستی کرد وا مرۆڤێک دوو هێندەی باڵای ترومبێلەکەی سەر ڕاستە ڕێی شەقامەکەی گرتووە،سپی سپی لە بەفری تازەباریو دەچوو، تادەهات لە بەرچاوی بڵندتر دەبوو، ترس دایگرت نەیدەزانی بڕوا یان بگەڕێتەوە، هوردەورد ترومبێلەکەی خاوکردەوە، مرۆڤەکە بەرەو لای هەستیار هەنگاوی نا، چاوەکانی گەورە و ڕەش دەچوونەوە، تا دەهات ترس ئاوداماني باڵای هەستیاری دادەگرت، ئیدی پێی وابوو کۆتایی ژیانێتی، ناچار پێی لە بەزین نا، تیژڕەویانە ترومبێلەکەی ئاژوت، لە نێوان تاوان و خۆ دەربازکردن لەم ترسە بەرەو رووی مرۆڤەکە ڕۆیشت، هاکە زرمەی ترومبێلەکەی لە جەستەی کابرای دا و دەنگی ئەو ناوەی تەنی، کەچی ڕۆیشت و گوێی لە هیچ پێکدادانی مرۆڤ و ترومبێل نەبوو، هێندە تیژ چوو، بە پەلە گەیشت و لە گەڵ ڕۆشناییەکانی شار تێکەڵ بوو،ئاهێکی بە بەردا هاتەوە و لە بەلای ناگەهان قورتاری بوو، کە هاتە ماڵیشەوە ژیلا خۆی لە گوڵێدابوو، کراسێکی تەنک تەنکی سپی پۆشیبوو ستیان و لباسێکی سوور، هەستیاریش بە ترس و بەمەستییەوە گەڕابۆوە وەک سپی مرۆڤەکەی هاتە پێش چاو کە دیقەتی ژێرەوی جلەکانی دا، غەریزەکانی ترسی لە بیر بردەوەو بە پڕ ئارەزوو و مەیلێکی بێ ئاگاییەوە چووە ژوور و وەک ڕۆژ گەڵاکانیان لە خۆ کردەوەو وەک دارە رووت رووتەکان تا سبەی نوستن، سبەینی هەر کە هەستا رووی لە گەرماوەکە کرد و خۆی پاککردەوە، پرچەکەی داهێنا و هاتە سەر مێزی خوان و منالەکان دەوریان لێدابوو، ئیدی هەقە خەرجی هەفتانەی وێدان و منالیش هەر پرسیاریان لێدەکرد، وەلامی دەدانەوە و پێی دەگوتن ( تا لە ژیان بن چیتان نەزانی پرسیار بکەن و هەنگاوی کوێرانە مەنێن، بە پرسیار مرۆڤێکی کامل دەبن)، بۆ خۆی وا گەیشتە ئەمڕۆژەی، لە خەیاڵدانیدا وێنەی شەوی وەبەر سۆمادا تێپەڕی،

لە پڕ دیقەتێکی کاتژمێرەکەی دەستی دا و بە پەلە هەستایە سەرپێ وەک ئەوەی بیری بکەوێتەوە، دەستوبردێکی کرد و خۆی گۆڕی و رووەو دەرگای دەرەوە رۆیشت، ترومبێلەکەی ئیش پێکرد و رۆیی، تەمەنی پڕ سەر ئێشە گوزەرانێکی سەختی تەمەنی بەرێکردبوو، کە گەیشتە سەرکارەکەی، وەڕسی پێوە دەبینرا، سمەی چاپەزی بانگکرد و داوای قاوەیەکی لێکرد، هەست دەکات جەستەی دەکەوێتە سەر ترس و لەرزین، رەنگی روخساری زیاتر گۆڕا،هەستی دەکرد ئەوکی هیشک دەبن، لە یەخچاڵەکە ئاوی ساردی دەرهێنا و ملی پێوە نا، وەک رۆژان چاکەتەکەی هەڵنەواسی، وەک ئەوەی بە سەر ئاگرەوە بێ بە پەلە قاوەکەی خواردەوە، دیار بوو لە سەر باری ئاسایی خۆی تێکچڕژا بوو، کارمەندەکانی هەستیان پێدەکرد، بە زەحمەت تفێکی قووتدا و لە ژوورەکە دەرچووە دەرەوە، بەرەو ژووری بەرپرسە باڵاکەی لە نهۆمی پێنجەمی ئەپارتمانەکە لە ئاسانسەرەکەوە سەرکەوت، هەستیکرد مامۆستاکەی لە چاوەنواڕیدایە، چونکێ هەر کە وەژووریێ کەوت، سکرتێرەکە پێی گوت:

رۆزا : مامۆستا چاوەڕوانی تۆ دەکا، کەسی لە لا نییە، فەرموو بچۆرە ژوورەوە.

ویستی پێی بڵێ کەس نەیەتە ژوورەوە، قسەکەی پێ بڕی و...

رۆزا: مامۆستا پێی گوتین کە تۆ هاتی کەس نەکەینە ژوورەوە. لە ژوورەکەی خۆیەتی، ئەوەی دی.

هەستیار: باشە وا دەچمە لای.

ژوورە گەورەکەی پێشوازی و راییکردنی کارەکانی مامۆستاکەی تێپەڕاند و لە دەرگای ژوورەکەی دی کەمێک بە ترسەوە گوێی هەڵخست و هەموو جەستەی بە دەرگاکەوە لکان و ئینجا لە دەرگاکەی دا، لەودیو دەرگاکەوە گوێی لە دەنگی مامۆستاکەی بوو، فەرمووی لێکرد، هەر کە چووە ژوورەوە، مامۆستاکەی بە روویەکی خۆشەوە پێشوازی لێکرد، ژوورێکی ئارام و کپ و بێ سرتە، تاکێکی تاقم قەنەفەی هەرە گرانبەهاکانی تێدایە لە گەڵ مێزێک کە جێی سەر سووڕمانی هەستیار بوو لە قەبەیی و ناسکی و پاک و خاوێنی و بێگەردی، کە دانیشت، هەستیکرد لە سەر کورسی یەکێک لە وەزارەتی وڵاتە زەبەلاحەکان دانیشتووە، چاوی بە ژوورەکەدا دەگێڕا، وێنەی سەرۆکی وڵات و وڵاتوکەکە و تابلۆیەکی هونەری هیچی دی هەڵنەواسرابوو، لە لای راستی مامۆستاکەیەوە، دەرگای ژوورێکی دی هەبوو، مامۆستایش چاکەتەکەی دیار نەبوو، سەیرێکی هەستیاری کرد و بەخێرهێنانی کرد، زەنگەکەی لێدا و پێی گوت:

مامۆستا: ئیشوکارەکانتان چۆن بەڕێوە دەچن.

هەستیار: سوپاس گەورەم لە سایەی سەری جەنابتان و پشتیوانیکردنمان، کارەکان بە باشی بەڕێوە دەچن، جەنابتانیش ئاگاداری نوسراو و کارەکانمانن.

مامۆستا: بەڵێ، ئاگادارین ئێمە لێتان رازین، ( هێشتا مامۆستا لە قسەکەی تەواو نەبوو، رۆزا لە دەرگای دا و مامۆستایش لە قسەکردن وێستا و رۆزا خۆی بە ژووردا کرد و چایەکەی بۆ هەستیار داناو بەرەو دەرگاکە گەڕایەوەو مامۆستایش دەستی بە قسەکانی کردەوە ) دەستتان خۆش بێ بە راستی ئیشی باشتان کردووە.

هەستیار: قوربان گیان، بە پشتیوانی ئێوە ئێمە بەردەوام دەبین و باشتریش کار دەکەین.

مامۆستا: کاکە هەستیار ئێمە لە توانا و لێهاتوویی و دڵسۆزی ئێوە لە ئیشوکارەکانتان دڵنیاین و هیچ گلەوگازندەیەکمان لە کارەکانتان نییە، بگرە هەمیشە سوپاسمانکردوون، و سوپاسنامەکانیشمان بۆ ناردون بە نوسراوی فەرمی بە سەر بەڕێوەبەراتییەکانیشدا دابەشمانکردووە، بەڵام ئێوە خۆتان دەزانن کاک کاروان کوڕبَکی باش و ماندووە، کوڕی رۆژانی تەنگانە بووە، کوڕی ئەو دیو سنووریشە، کەسێکی باش و لێهاتویشە، ئێمە وەک بەرپرسی یەکەم دایدەنێین و تۆیش وەک جێگری دەمێنیتەوە، ئیشوکارەکانی خۆت دەکەیت . .

هەستیار کەمێک سەری داگرت و بێدەنگ بوو، ئیتر ئەوکی هیشکبوو، خەسڵەتیشی وابووهەمیشە رێز لە بەرامبەرەکەی بگرێ نەمازە لە خۆی گەورەتر بێ، ئیتر لە ناخەوە تەزوویەکی گڕاوی تەواوی جەستە و نێو هەناوی پێکەوە داگرت، لێ لای مامۆستاکەی بە سەر خۆیدا نەهێنا و کەمێک خۆی هێور کردەوە و

وەک کەسێکی ئاسایی خۆی نیشاندا۔ کە نە بەفری دیوە و نەباران، ئینجا رووی کردەوە بەرپرسەکەی و گوتی...
هەستیار : هەر کاتێک کاروان هات بە چاوان، رێزیشی لێ دەنێم و جێگاکەی خۆمیشی بۆ چۆڵ دەکەم و بە برادەرانیش دەڵێم بە گوێی بکەن و رێزی بگرن و هاوکارێکی باشی بن و بۆ خۆیشم هاوکاری دەبم.
مامۆستا : نا .. نەخێر ، جێگای خۆتی بۆ چۆڵ مەکە، ئێمە هۆڵی کۆبوونەوەکەی بۆ دەکەینە ژوورێکی باش و رێکی دەخەین و رادەستی دەکەین. (مامۆستاکەی پێشتر نوسراوێکی لە پاکەتێکی نامەی کاغەزی بۆ نابوو، لای راستەوە و لە سەر مێزەکە بوو، دەستی بۆ برد هەڵیگرت و دایە دەست هەستیار و لە قسەکانی بەردەوام بوو.) ئەوەیش برێک خەرجییە بۆمان دانابووی، بچۆ لە بەشی ژمێریاری وەریبگرە .
هەستیار لێی تێگەیشت و داوای روخسەتی لێکرد و ژوورەکەی چۆڵکرد، لە هەستاندا قاچی لە تەپڵەکەکە گیر بوو و لار بووەوە و چایەکەی بۆی هاتبوو و نەیخواردبۆوە بەو ناوەدا رژا و پەرژوبڵاو بۆوە. ویستی خۆی پێوە خەریک بکا، مامۆستاکەی هاتە قسە و
مامۆستا : کێشە نییە، چایەکەشت نەخواردەوە رژاندت، ئێستا دەنێرم پاکی بکەنەوە خۆت تێک مەدە.
ئەویش گەلێک نۆکەرمەندێتی و خەجاڵەتنواندن و خۆ بچوککردنەوەی نواند و دواتر چووە دەرەوە.......
ئەو کەیفسازییەی تێکشکا، بووە مرۆڤێکی دی و بەرەو داتەپین دەڕۆیشت، رۆژ لە دوای رۆژ هەستی پێدەکرا، ئەشێ کەمێک ئاوەزی جەنجاڵکرد بێ، ببێتە هۆکارێکی بچوکی ئەو میتۆد و پرۆژەیەی دایڕشتووە، ئیدی خزم خزمێنە و دۆست دۆستێنە و دەست دەستێنە، جێی بە خەڵکی کارا و لە خۆ بردوو و هەژار و کەمدەرامەت لەقکردووە، بێ کەرامەتی باڵابووە، لەم مەملەکەتە مرۆڤەکان لە پڕێ دەبنە کوێخا وهەر بە پرتاوێکی تر لە کوێخا ئەولاتر دەچن، نە بڕوانامە و نە دڵسۆزی و نە لە کارزانی هیچ داد نادا، هەستیار لە بن لێوەوە و بەدەم رێوە ئەو دەقەی شیعرەی شاعیرە مەزنەکەی دەوتەوە کە پڕ لە فەلسفە بوو...
کە دادی یەئسی خۆمم بردە لای ئەم عارفە توند بوو
وتی ئاخر سبەینی جەژنە خوێنی تۆ لە پێ دەگرم
هەستیار بۆ جەژنی سبەی کاروان خوێنی لە پێ دەنرێ و خوێنبەندانی پێوە دەکەن، وا دونیای لە بەرچاو لێ تەسک دەکرێتەوە، نیشتیمان و تاراوگە لە تای تەرازوو دادەنێ، نا ژیان بە شوێنەوە ناشێوێ ژیان بە هەڕەشە و تۆقاندنەوە لەق دەبێ، چاریش چوونە بۆ لای پزیشکی دان و هەڵکێشان و کپ کردنەوەی ئازارەکەیە. لەم وڵاتە دار چنار و سەروو و بییەکان دەبنە بنەباڵا و لە بونیادی نامۆییا ئولفەت دەگرن و لە بونییەی گەشە سەندوو بۆ بونیەی سست و لەڕ و لاوازی دەچێ و لە بونیادێکی سەرکەوتوو بۆ بونیادێکی داڕووخاو...

( 3 )

هەور چنگی لە زەوی گیر کردووە، تەمتومانی سەرما لە کزە بای سپێدەیەکی زۆر زووی شەبەقدا بەستەڵەک و شەختەی هێناوەتەوە، ساڵانێکی زۆرە سەرمای وا رووی لە شار نەکردووە، لە لایەک بەفری دوێنێ بە سەر لق و پۆپی دارەکانەوە هەن و هەندێکی چلوورەی کردووەو نەخاسمە گوێسبانەی ماڵان، شەقامەکە بەستویەتی ترومبێلەکان بە ئاستەم دێن و دەچن، زۆر لە سەر خۆ و هێمن دەرۆن، لە گەڵ ئەوەیش لێرە و لەوێ رووداو و پێکدادانی ترومبێل دەبینرێن و بەم سوبای ساڵحانە خێریان وەچنگ کەوتووە، لێ وەک رۆژانی رابردوو شەقام و کوچە و گوزەرەکان جمەی خەڵک و ترومبێلی نایەت، کەمتریش کرێکارو کاسبکاران دەبینرێت، دیقەتی هەر کەسێک دەدەیت وا خۆی پێچاوەتەوە لە مرۆڤەکانی

سیبیریا دەچن، سەرو گوێلاک کڵاو و ملپێچ ، پاڵتۆ و ساقۆی چەرم لەبەر کلێتە و ملپێچ و کڵاوی دەمامکداری خوری، بە جلوبەرگی گەرم خۆیان پۆشتەکردبوون، کەسێک ناچار نەبایە بەم سەرماو زوقم و شەختە لە ماڵ نەدەهاتە دەر، جاران شەوانی وا سارد و بە بەستەڵەک ماڵە دەوڵەمەند و خواپێداوان و ئەوانەی ژیانیان بە بوونی شۆڕشەوە لە ئەوجدا بوو، لە گەرمترین ماڵ و نەرمترین پێخەف و ئارامترین ئامێزی ژن و سووررترین شەودا، دەیانگوت : (( ئەمشەو شەوی خەباتگێرانە گورزی خۆیان لەم دوژمنە سەر سەختە بسرەوێنن))، ئەو مرۆڤە لە خۆ بردووە ژیانی خۆی بە فیدای خاک و نیشتیمانکردووە، و ئەو خواپێداوانە بە مرۆڤیان نەدەناسین، بۆ مەرامەکانی خۆیان مرۆڤ لە کارخانەی بیرە قێزەونەکانیان دەهاڕن لە پێناو خۆشگوزەرانی خود دا، دوێنی ئەم کاسەلێسانە سەرچۆپیگر بوون، لەم رۆژگارەیشدا هەر ئەو سیمایانە سەرچۆپیکێشن، بە گەورەترین قوربانی و فیداکاری و زەحمەتییەوە ساڵانی شەونخونی و رەنجکێشانیان تێپەڕاند، ناوی بوێری خۆی و نەتەوە و نیشتیمانێکی بە ئازاری شەرەفمەندکرد، کەچی پیاوانی وڵات وا خەریکە دەیزڕێنن ناوەکەی، لە باڵای تەلار و ئەپارتمان و ڤیلا و کۆمپانیا و باخچەبەهەشتییە پڕ سۆزانییەکانا ناو و بەها و ئاکارە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکەی دادەماڵن.
هەر بەو سپێدە تاو ناتاو و جارجارێ چەند ترومبێلێکی مۆدێل بەرزی جامتاریکی پێچکە زنجیرگیرکردووی نێو شەختە و بەفرەبەستوەکە دێن و دەچن و بێ مەترسی و خلیسکاندن بە مەیلی خۆیان دەئاژون، بەڵا و پەنهانی مرۆڤەکانی تاریکستانی نێو ترومبێلەکان کە بۆ خۆ لە نێو گەرمیدا هەراسان بوون، تامەزرۆی ئەو خەڵکەیشی لە خۆ ونکردووە و هەراسانن تا بزانن کێیە فیچکەی دێ، ئەوانەی لە سەر شەقام و شۆستە و رێرەوەکانا هاموشۆ دەکەن تا دوێنێ هەترەش و زەندەقیان لە چەکمە لەپێ و پۆستاڵڕەش و نۆکەر و خۆفرۆشەکان چووبوو جورئەتیان نەبوو چاو ببڕنە چاوی نەیارە داگیرکەرەکە، ملکەچی بڕیار و فەرمانە قەرەقوشییەکانیان دەبوون و نوتقیان لە خۆ دەبڕی، ئیتر کەم ماڵ هەبوو لەو شارە کوڕ و کەسیان لە چیاکان نەکوژرابێ یان لە زیندانەکانا لە قەنارە نەدرابێ، وا بەم سپێدەیش وێناکانی رابردوو دووبارە دەبنەوە، هەژارو داماو و خەباتکار و شۆڕشگێرەکان کە شۆڕشیان پێگەیاند وا لە سەرماکە هەڵدەلەرزن و لەو شەختەیەدا چەقەقەی دانەکانیان دەڕوا بۆ دەستەبەرکردنی نانێکی سەربەستانە، ئارەقەی ئومێدبوون بۆ ژیان دەڕێژن، هەر کە ئەو ماشێنانەیش دەبینن ئەندێشە و بیرکردنەوەکانیان بۆ عەقڵی تاریکخوازی مرۆکانی ئەو تاریکستانە دەچێ کە لە چیاکانا دوور لە مرۆڤایەتی و تاریکیدا بوون، وا بەم سپێدەیش نایانەوی خەڵکی ببینن، هەر لە شارەکانا لە نێو ئەشکەوتەوە هاموشۆ دەکەن.
دەترسم رۆژێک ئەو میللەتە سەرفیراز بێ و خەڵکانی خەباتکار و ماندووی شۆڕش دوورخرێنەوە و کەسانی مشەخۆر جێیان بگرنەوە، رێک وا دەرچووە، دەڵێن ئەوە گوتەی یەکێک لە رابەرەکان بووە، نەک بە تەنها وای لێدەرچووە، ئەو گەلە نانیان فرۆشت و ئازادیان کڕی، دەسەڵاتیش ئازادییەکی رەزیل وکلۆمدراوی پێفرۆشتن، لە نان و بەرەکەتیش بێ بەش بوون، ناهەقی نییە برسێتی رەگی شێتی و هاری پێوە بێ، ئەوی لە گەلم نەبێ دوژمنمە بەو جۆرە رەفتار لە گەڵ خەڵکی دەکرێ، گەڵ هەموو بوونە بەرەی نەیاری دەسەڵات و دوژمنە سەرسەختەکەی یەکدی، مشەخۆر و کاسەلێس و نۆکەر و خۆفرۆشان بە دۆراندۆری دەسەڵات و گروپەکانەوەن، ئەو گروپانەیش لە دوکاندار و کۆمپانیای زەبەلاح دەچن، بەها ئاکارییە کۆمەڵایەتییەکان چ رەواجێکیان بۆ نەدەهێڵایەوە.
ماوەیەک بوو هەستیار خۆی لەو گروپە وەنەوشەییە دوور خستبۆوە کە وەک مۆتەکەیەک سەر سینگی قۆرخ و داگیر کردبوو، پێشتر کاسەلێس و دەروێشێکی حاڵگرتووی وەنەوشەیی بوو، لێ هێشتان خولیاکانی بە تەواوی نەتۆرا بوو، کە هاو رێباز و هاوکاروانیان بوو وەک ژنی تۆراو و بەرەو باوان نۆکەرێکبوو ماڵی لە خۆ حەرامکردبوو، لەوێش سەرەڕای ئەوە نەیاندەهێشت باڵا دەست و لە بازنەی بڕیار بێ، وەک پەروانە خۆی دەسوتاند و پێیان نەدەزانی، ئیتر پشتگوێ خرابوو چونکێ لە جوملەی ئەودیوی سنوور نەبوو، هەر بە هۆی ئەو ئینتیمابوونەیەوە دۆست و ئازیزان و زۆرجاریش ناوخودی

خێزانەکەیشی لە خو زویرکرد بوو، سەرزەنشتیان دەکرد گوێی لێ نەبوو، هێشتا بڕیاری بەردەوامی و دوور کەوتنەوەی یەکجاری نەدابوو.... لێ مەیلی بۆیان مابوو.
لەو سپێدە ساردەدا تەنها دە دینارێکی لە باخەڵدا بوو ترومبێلەکەیشی کار ناکا، سەرقاڵی وەکارخستنیەتی پەنجەکانی رچیون، سەرەتا جامەکانی پاککردنەوە تا روئیاکانی باشتر بن و بەم سپێدە شەختەبەندە تووشاری رووداوێکی نەخوازراو نەبێت، شوشەکانیش شەختە بەردەمی گرتوون، ئاوی شلەتێن و بەفرماڵێکی بچوکیشی بە دەستەوەیە، نەینۆکەکانی ترومبێلەکەی پاککردنەوە، سەردەستەکانی تەڕتەڕبوون کزەسەرماکەیش بە تین بوو، پەنجەکانی گوی نەدەکرد، بە هەرحاڵ پێشی لای بزوێنەرەکەی بەرز کردەوە و دیقەتێکی ئاو و ئویلی دا دەستێکی بۆ سەر پاترییەکە برد توندتوند بوو، چووە ژوورەوە چراکە هێشتان کاری دەکرد کارەبا بڕا بوو سپێدەیش هێشتان بە تەواوی ناو ماڵەکانی رۆشن نەدەکردەوە، لە سەر سۆپا عەلادینەکە کە هێشتان لە ماڵەوە بایەخی بەمجۆرە سۆپایە دەدات، هورد هورد پەنجەکانی گەرم کردنەوە، ژیانێکی نوێی بۆ خۆ دروست کردبوو لە هەواری تازەدا هەر نائومێدی بەرۆکی بەرنەدابوو، گەڕایەوە ناو ترومبێلەکەی دەستی برد ئیشی پێکا، هەڵنەبوو، رادەپسکا هەموو بەدەنی ترومبێلەکە دەلەرییەوە و چووکە چووکی هەڵبوونی لێ بەرز دەبۆوە، لێ کاری نەکرد چەندجارێک ئەو کارەی دووبارە کردەوە، هەر کاری نەکرد، ئیدی دەستبەرداری بوو و لێی دوور کەوتەوە وەلێ سەرما پرزەی لێ بڕی بوو، چووەوە ژوورێ و خۆی گەرمکردەوە و گەڕایەوە نەیویست زیاتر خۆی پێوە سەرقاڵ بکا، نەبا پاترییەکەی بە تەواوی کپ بێ .
ئیدی رۆژگارە و وا هاتۆتەگۆ گەرەکە ئەم وا بژی و باڵادەستەکانیش ترومبێلیان بۆ ئامادەبکرێ، ئاهێکی هەڵکێشا و بە ئاوەز و بیری ئەو دواکەوتوو و کاڵفام و نەزانانەی دەسەڵات رادەما و بەزەیی بە خۆیدا دەهاتەوە، نەزانی وا بووە شارەداری کە پلەکانی پیاوانی یاساپارێزی لێک نەدەکردەوە، ئەندێشەکانی بەرەو ئەو رۆژانە گوزەری کرد کە تازە بە تازە حکومەتی نیشتیمانی و نەتەوەیی پێکدەهێنرا، یەکێ لە مرۆڤەکانی ئەودیو بۆ نەخوێنەوار و باڵادەستەکان، داوای پلەیەکی ئاسایشپارێزی دەکا، ئیدی بە هۆی ئاوابوونی ئەودیو سنووریان سەرۆک حکومەت و بن حکومەت هەر خۆیان بوون، کاتێ دەچێتە لای دەوڵەتمەداری نیشتیمانی و نەتەوەیی، داوای پلەیەکی باشی لێ دەکات، سەرۆک دبێژێ....
دەوڵەتمەدار: چ پلەیەکتان دەوێ، دەنگ بکە و بۆتی دابنێم .
حمە جیلان : قوربان کۆمیسەری پلە هەشت.
دەوڵەتمەدار: بێ ئەقڵ دەڵێن پلە هەشت کەمترین پلەی کومیسەرە، باشترینیان پلە یەکە .
حمە جیلان : بەراست وایە.....
دەوڵەتمەدار : وا دەڵێن نازانم.
حمە جیلان : دەترسم وەکی تری لێ بکەین و خراپ بێ.
دەوڵەتمەدار : جا گەلێ گران نییە بۆت چاک دەکەینەوە، یان پرسێک بە راوێژکاری یاسایی دەستەی سەرۆکایەتی وەزیران بکەو کامیان باش بوو ئەوەیان دادەنێین.
دواتر ئەو مەعالی کۆمیسەر ( 8 + 1 ) دەبێتە شارەدار و بەدبەختی بەرۆکی وڵات و یاسا دەگرێ، هەستیار بە دەم رێگەوە رووەو شەقامەکە هەنگاوی دەنا و دەرۆیشت و ئەو لێکدانەوانەی هەبوو، لە سەر سوچی کۆلانەکە وێستا قەدەرێ چاوەنواری تاکس کرد، دەستی نەکەوت، ناچار بە پێ کەوتە رێ، بنی پێڵاوەکانی سووا بوون، جورئەتی نەدەکرد بە خیرایی بڕوا لە رۆیشتنا هەڵوێستەی دەکرد، بە ئاسپایی دەڕۆی، نەبا بخلیسکێ و لە سەر تەپڵی سەر بکەوێ، لە سەر شەقامە سەرەکییەکە ترومبێلێ خۆی بۆ نەگیرا و خلیسکا هەستیاری لە گەڵ خۆی برد و بۆ ئەو دیوی شۆستەکە تووڕی دا، ئیتر لەو شەقامەی کە پێشتر چۆڵبوو خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوەو بە سەروگوێلاک و قاچی خوێناوییەوە رەوانەی نەخۆشخانەکرا، لە کارەکەی دواکەوت و ئەوی رۆژێ بۆ سەرکار نەچوو، هەر لە نەخۆشخانەوە پەیوەندی پێوەکردن کە دووچاری رووداوی هاتوچۆ بووە و وا بەزوویی ناتوانی بچێتەوە سەرکار، هەمووﻻیەک ئاگادار بوون

هەستیار لە نەخۆشخانە کەوتووە، ماوەیەک لە نەخۆشخانە کەوت و دوومانگیش لە ماڵەوە تەخت لێی کەوت، کەچی نە کەسێ باسی کرد و نەباسوخواسیی وەک بەرپرسان دەنگوهەڵای هەبوو، تەنانەت بۆ سەردانیکردنیش پێیان لێ بڕی و سەردانیان نەکرد، بڕیاریدا گرووپە وەنەوشەییەکە جێبهێڵێت.

لەم وڵاتە ئیدی ئەوە بەرایی داروخانی مرۆڤە سەنگەرەکانی لە دژی ئەون زۆر دەبن، لەم کاتانەدا هاوسەر و دۆست و منداڵانیشی لێ دەبێتە دوژمن، لێرەوە جەنگەڵستانی بیرکردنەوە ئاوەزی هەستیاری قۆرخکرد، بە بڕیارەکەیدا چووەوە ئەو پاروە نانەی لە گەرووی ئەو نەهەنگەدا گەرەکە پەلەقاژەی دەرهاویشتنی بکات، دوای ئەوەی چەند هەفتەیەک بە رێگای پزیشکەوە بوو داو و دەرمان و چارەسەری بۆ خۆی وەرگرت و دوو مانگەکە تەواو بوو و گەڕایەوە سەر کارەکەی، کەچی گرووپی وەنەوشەیی مناڵی بەرپرسێکی باڵایان لە جێگاکەی دانابوو کە هێشتا بۆنی شیری خاو لە دەمی دەهاتە دەرەوە، چونکی لە جوملەی گرووپی ئەو دیو سنوور بوو، لە گەڵ ئەوەیش ئەو مناڵە بە چەند هەزار دۆلارێ خانەنشین کرابوو، پۆست و پێگەی هەستیاریشیان پێ دابوو، کە ئەم دیمەنە قێزەونەی بینی بە یەکجاری بڕیاری دوورکەوتنەوەی لەم هەڕاجخانەیەی گرووپی وەنەوشەیی دا، بە یەکجاری دوورکەوتەوە، و کەوتە سەر درێژە پێدانی کاری نوسینی خۆی لە جاران توند وتار و بابەتی دەنووسی و بڵاڤۆکەی دەکرد.

لێرەو لەوێ لە سۆراغی کارا بوو، لە گۆڤاری زەیتوونی ئیشێکی وەچنگ کەوت، وەک زمانەوانی و دەستەی نوسین کاری پێدرا، هورد هورد رێچکەی خۆی گرت، لێرەو لەوێی گۆوار و رۆژنامەکانا وتاری توند ئامێزی بڵاو دەکردەوە، سەرو سەکوتی ئاینەکەی داگرتبوو پێی وابوو نەتەوەکەی چ سوودێکی لەم ئاینە وەرنەگرتووە جگە لە زیان پێکەوتن نەبێ، بۆیە لە وتارێکدا بانگەشەی دەکرد قەومەکەی بگەڕێنەوە سەر ئاینە کۆنەکەی خۆیان و دەست بەرداری ئەم ئاینە بن، مانەوەیشی لە نێو ئەم ئاینە بۆ نەتەوەکەی بە کوفر دەزانی، لە سەر ئەم رێچکە نوسین و لێدوان و قسەکردنانە بەردەوام بوو، ئاقیبە بە نامە و تەلەفون بێزاریان کرد و هەڕەشەیان لێ دەکرد نەیدەزانی کێن، هەندێجار گومانی لە گرووپی وەنەوشەییش دەکرد، گێچەڵپێکردنی تا دەهات زۆر دەبوو، تۆمەتیشیان بۆ دەخولقاند، کەسێکی ئاسایی و هێمن و ئارام بوو، ئیدی ترسی لە بەردەوامی ژیان بۆ دروست بوو، ئیدی ئەو مرۆڤە ئارامە ئارامی لێ برا، حەوانەوەی نەبوو، بە دووی رۆشناییەک عەوداڵ بوو ژیانی بەردەوامی پێبدا، گیان بە بەر خۆشەویستی بکاتەوە، ئاسوودەیی لە زیندانا ئازاد بێ و پێی بگەشێتەوە، نەخێر تا دەهات چڕنوکەکان لە بینەقاقای گیر دەبوون، هەوڵی خۆ قورتاربوونی دەدا، بە سەر هەموو شتێکدا بازی دەدا لێ نەیتوانی بە سەر مەرگدا باز بدا، لە گەڵ کاری رۆژنامەییەکەی لێرە و لەوێ خەڵکێکی رادەسپارد گرووپی وەنەوشەیی بیگەڕێننەوە سەر کارەکەی پێشووی، هەوڵەکان بێسوود بوون ، بۆیە هەڕەشەکانی بە دەستی گرووپی وەنەوشەیی دەزانی، بە ناوی گرووپی ئایینیشەوە هەڕەشەی لێدەکرا گوێی لێ نەبوو، بەهای مرۆڤ لەو دیو دەرگا کڵۆمدراوەکانی نیشتیمانەوە دەڕووخێت و قێزەون دەکرێ و چ ئەرزشێکی نییە، بەهای مرۆڤەکان لەوێ دادەتەپێن، لەم نیشتیمانە گرووپ دەبێتە دەوڵەت دەوڵەتیش دەبێتە دزو دزیش پیاو کوژ و پیاوکوژیش تاڵانبەری قوتی نانی خەڵک، بۆ ئەمەیش هەستیار تەوقی بێدەنگی پساند و وەخۆ کەوت و دەینوسی.

وڵاتی خەفەوە بووی دەنگە زبرەکان، ئەو دەنگانەی بوێرن بە سەرەڕۆکان دەیانناسێنن، ئیدی قەڵەمی وا هەبوون بە قەسدی خوێن توینێتی خۆی دەشکێنێ، لێرە ژیان لە نێو کەرامەتدا دەلەقێ، چرپە خنکانی دوێنێ تەکنۆلۆژیای ئەمڕۆ دەمامکی لە سەر روو هەڵدەماڵێ، چرپە دەبێتە هاوار بۆ نان ئەو نانەی لە بن چەکمەی ئازادییەکی خوێریدا دەپلیشێتەوە، ئەو نانەی گرووپەکان بۆ خۆیان بە شەرەفمەندانەوە دیقەت دەدرێ بۆ خەڵکی بە ئابروو تکانەوەیە، ئا ئەوە قوڵپی گریان دەکاتە خانەخوێی هەژاران، و قاقای پێکەنینیش بۆ بنە پێداوان، گریانەکان تەمتومانێکی بارگاوین بە بارتەقای بنە ئاوەزەکان، شیوەنی نان لێرە ناڵە و فیغانی بێدارانە ، شیوەن بۆ ژیان لای ئینسانە بێویژدانەکان نوسینێکی پەردەپۆشە مەرگپۆشە.

## ( 4 )

دەڵێن زۆربەی خەڵکانی دەڤەرە گەرمێنەکان هەمیشە دەمارگیر و هەڵچوو و تووڕەن، دەنگ بەرز و هەڵەشە و نائارامانە رەفتار دەکەن، تینی گەرمای هاوین کە پرزەیان لێ دەبڕێ ئەو کاریگەرییەی بەسەریانەوە جێهێشتووە، ئیدی ئەو کەسانەی زۆربەی کارەکانیان ها وەبەرتینی گەرماوە کاریگەری زیاتری وا بەسەرەوە، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دەڵێن بێباکانە لە ماڵەوە بووە، دایکی پێی گوتووە، (( ئاگاداری سنوورەکانی باشوور بە دوژمن زەفەرمان پێ نەهێنێ))، لەوەڵامدا سوڵتان پێی گوتووە، (( بێخەم بە دیوارێکم لە مرۆڤ دروستکردووە و سنووپارێزن)). ئەم وڵاتەیش هەمیشە سنوورەکەی باشووری کە هاوکات گەرمەسێریشە، لە لایەن داگیرکەرانەوە بەردەوام هەوڵی شێواندنی دیمۆگرافیا و داگیرکردنی دراوە، ئەو دوو هۆکارە وایکردووە خەڵکەکەی هەم جەربەزە و لە خۆبردوو و خەباتگێڕ بن هەمیش هەست بە داگیرکاری و پاشەقول گرتنی دوژمنان بکەن، لە نێو خەونی سەرخۆبوون خۆ ئارام دەکەنەوە، خەونی باڵادەستبوون، چنگگیر کردن لە کورسی دەسەڵات، لە ناخەوە هەمیشە بیر لە تۆڵەی زەمەنە کۆنەکان دەکەنەوە، بە زمانی تۆڵە گۆش دەکرێن، بوغز و کینە باڵا دەکا، دەبێتە خولیا، خەون بە جوانی سروشتێکەوە دەبینن، کە گەرما و نەبوونی سەوزایی وتەپوتۆز و غوباری چڕەدووکەڵی پیترۆڵ سیمای جوانی سروشتەکەی شێواندووە، بیرکردنەوەی عەقڵی توندو تیژیش سیماکانی لە بەر چاو بولێڵ کردووە، ئاوەز بیریشی بەلای پاوەنخوازی دەسەڵاتەوە گیرۆدەیە، کەچی هەر زوو ماتەم بەرۆک دەگرێ و خەم دەباری و هەندێجاریش شین و گریان دادەگرێ، لێرەوە هەست بە کارلێکەری گەرمێتی دەکرێ، لێ دڵسۆزی لە کار راپەڕاندن باجی خۆی دەوێ و دەبێ بدرێ، خەڵکی ئەم سنوورەیش لەوە بێباکن.

شار ناوی هەسارەی شەڕە، ئەو هەسارەی هەسارەکانی دی شێواز و جۆری شەری بۆ دەنێرن و مەشقیان دەکەن و رایان دێنن، بەهاکانی مرۆڤ بەر لەوەی لەم شارە هەتک بکرێن، پێشتر جوانی و قامەتی بەرز و بڵند و لێوەشاوە بوو، ژیان بە گوڵدانەوە مرۆی رازاندبۆوە، هەسارەی شەڕ میتۆدی ئەتککردنی تەمەنی دارشت، لە هەر سوچێکی شار دەست و پێیەکان بە زۆری یەخسیر بوون، ئازادکردنی مرۆڤکوژەکان بە پیلان دارشتن ترس و دڵەراوکێی بڵاو کردبۆوە دڵنیا نەبوون لە درێژەدانی تەمەن مژۆڵی رۆژ بووە، ئازادییەکی تەواو رەها هەبوو، ئازادییەک سیماکانی بەرەڵایی پێوە نیشتبوو، خوا مرۆڤگەلی خۆش دەوێ کەچی مرۆڤ نەک خۆی خۆش ناوێ بگرە رکی لە خوایش دەبێتەوە کە دروستی کردووە، شێواندنی جوانییەکان لەکەدارکردنی نەخشەکانی خوایە، لە هەسارەی شەڕ هەموو ئەو یاسا و رێسا ئاسمانی و زەویانە لە بن رەفە تاریکەکاندا نوقمکراون، زیندانیان بۆ رازێندراوەتەوە و دەمگۆیەکی کڵۆمدراوە، ئیدی مەرامەکان جێی یاسا و رێنمایی و رێسا پەروەردەییە دەسکرد و خواییەکانی گرتۆتەوە، ترس لە بوونی دونیایەکی تۆقێنەر لێرەوە رێ دەکا، بەهای ئاکارە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و رامیارییەکان لە گرێژنەوە هەڵتەکیوە، مردەم فریادرەسی کەس نییە جگە لە خۆپارێزبەندی نەبێ، مرۆڤ سەراپا لە نێو بۆتەی دڕندەیی دەگوزەرێ، بەگژ فریشتە و تەمەن و ژیان دەچێتەوە، مرۆڤ بە گەمژەیی خۆی بە باراندا هەڵدەشاخێ، خەڵکی ئەم هەسارە لە دامێنی تلۆق و برین و کێمەوە هەڵتۆقیون و بە مەنزووری هەندێ گەرەکە لە حەوزەی مزگەوتەکانا بە ناوی خوا و ناوی جوانییەوە پاکبکرێنەوە، ئەمەیش زیتر هەسارەی بەرەو خولیای شەڕ و دانەترازانی لە رک و کینە بەرەو ناخ و ترۆپکی دڕندەیی بروا و دەڕوا.......

بژار مرۆڤێکی سەرشێت و زۆربڵێ بوو، چوارشانەیەکی قەڵەوی بە خۆوە بوو، ئەسمەر ڕەنگ، رک و کینە و بوغزی نەبوو، ئەوی لە دڵی با لە سەر زبانی بوو، دەست پاک و سەر راست و داوێن جوان، باوکی چوار مناڵ بوو دوو کوڕ و دوو کچ، هەندێجار کەسانی تر بە وردی دیقەتی قسەکانی بدا هەست بە

ناراستی و لێڵییەک لە گفتەکانی دەکرا، هەڵەشە و دەنگ گەورە و بەرز بوو، هەرگیزی بیری نەدەکردەوە دوای هەر قسە و کردارێک چی روو دەدا، دەیگوت و دەیکرد، لە رووبەڕووبوونەوەیشی جوامێرانە دەهاتە دەست و کار، گرینگ نەبوو چی بە سەر دێ گرینگ بوو کەسێکی دڵسۆزی نەتەوەکەی بێ، کەچی کەسە باڵاکانی نیشتیمان و نەتەوە پێچەوانەی بژار کاریان دەکرد.

بژار لە کلاورۆژنەی ئەم هەسارەیەوە نوقمی بەرگری و خۆفیدایی بوو، سەرکێشی زۆری دەکرد، دڵسۆز و کارامە بوو، ژیرانە رەفتاری نەدەکرد،ئاقیبەت بە سەرەڕۆیی خۆی لە نێو گێژاوی لە ناوبردنی نوقمکرد، هەرەشە و چاو سوورکردنەوە و مەرگنامە رووبەڕووی بووەوە، لە دەرئەنجامی گرتنی چەندین باندی کارقێزەون و مرۆڤکوژ و رووهەڵماڵینی چەندین کاری دیکە، کە مرۆڤی هەسارەی شەڕی زێتر لە نێو دەبرد، لانەلەقێی بۆ خۆ مسۆگەرکرد، هەمیشە ئەو دیدگا شومەی لە ئەندێشە و ئاوەزی خۆی تووڕ دەدا و خۆی بە کاری دییەوە سەرقاڵدەکرد، ئێ باشیش حاڵی ببوو درندەکان وا بە سانایی لێی خۆش نابن وهەر دەبێ لە چاوتروکانی ساتێکدا باجی ئەو کردەوانەی بداتەوە، زۆر بە وریایی و دیقەتەوە دەچووە سەرکار،زۆرجار پۆشاکە فەرمییەکەی لە نێو دەزگاکە دەپۆشی، نەیدەویست ماڵ و منالیش ئاگا وەحاڵی بن، هەوڵەکانی هەمیشە بەردەوام بوو بۆ سەرلێشێواندنی شوێنکەوتووانی، هەر جارە و رێگایەکی دەگرتەبەر، ئاقیبەت شەوێکیان رمبەیەکی گەورە و قورس خانوەکەی هەژاند و باخچەی رووکاری پێشەوەی خاپوور کرا، ئیدی دەزگای خۆی و ئاسایشی لەو هێرشە ئاگادارکردەوە، بەڵام بێسوود بوو، هەر بە هێندەوە نەوێستا نامەبارانی هەرەشەئامێز کرا . لە یەکێک لە نامەکاندا واهاتوە :

))بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان ...... ئێمە ئاگاداری ئێوەین گەورەترین بزا و چالاکی ئێمەتان لە روو هەڵماڵیوە، موجاهیدەکانمانتان دەسگیر کردون، لە ماوەی هەفتەیەکدا ئەو کەسانەمان ئازاد نەکرێن تۆیش و ماڵ و منالتان چارەنووسی تاڵ چاوەنواڕتانە، حاڵتان لەوانە باشتر نابێ سوتێندران و ملقرتێندران، یا بە شێوازی جۆراوجۆر بە سزا گەیەندران، سەرکەوتن هەر لە خوداوەیە.((

بژار جەنجاڵی رووی کردە بیرکردنەوەکانی هەر ساتە و رووە و ئاقارێک دەچوو، ئەمسەر و ئەو سەری دونیای لێهاتەوە یەک، پەنای بۆ هەر دەزگا و بەرپرسێک دەبرد بە تەنزەوە وەڵام دەدرایەوە، گاڵتەجاڕییەک بوو، هەفتەیش هەر لە خۆوە دەڕوا، کات دەچێت و هێشتا لە بازنەی پێکوتەدایە، ناچار بیر لە رێگایەک بکاتەوە توانای بە سەردا هەبێت، دەمە و ئێوارانێک لە سەر سفرەی خوان دڵ پڕ لە خەم و بێ ئیشتیهای خواردن، سوتووی ئاگری هەیە، ئازاری سینەی لە کەمەربەندی شمشێر دەسوێ، بیرکردنەوەکانی مات و غەمگینی کردووە، نازانێ روو بۆ کام کابە وەرچەرخێنێ، گەواهی بۆ کام ئایین بدا، ژیان سپڵەیە یان کەسەکانی دۆراندۆری ....؟ گەر کەسەکان بن ...! خۆ ئەوانیش لە نێو ژیاندان، بۆ خۆیشی لە ژیاندا بۆ ژیانی خەڵکی دیکە ژیانی دادەنێت، کەچی کەس وەهانایەوە نایەت، لە هەر دەرگایەک دەدات بێ ئومێد، کەچی هەرگیز پەند وەرناگرێ، هەمیشە پشتیان تێکردووە و گەڕاوەتەوە سەر رەفتارەکانی، ئەمجارەیان گەمەکە بە ژیانی خۆی و ماڵ و منالەکەیەتی، ئافاتەکە گەورەیە ، لە سفرەی خوانەکەوە دوور دەگرێت، ئەندێشەکانی دەفڕن، لە شەققەی باڵ دەدەن و بەرەو دونیایەکی جوان و پاک و بێگەرد و هەمیشە سەوز و پڕ لە خرشەویستی مرۆڤەکان دەچن، بڕێک پارەیش لە خۆیدا شک دەبا بۆیە روو دەکاتە خەرمانی هاوسەری و دەست دەنێتە سەر شانی و :.....

بژار : ژنەکە...! رێگایەکی زۆر باشم دۆزیوەتەوە بۆ خۆ قورتارکردن لەم گێژاوەی تێی کەوتووین، پێویستە دەرفەت بقۆزینەوە، پارەیش بۆ رزگار بوون لە گێژاو نەبێت بۆچی باشە؟

خەرمان : پیاوەکە چی دەکەیت و نیازی چیت هەیە ، خۆ ئێمە لە وڵاتێکین پیاو چی بکات و سەری لە کوێ بێت سەری ژن لە لای پێیەکانیەتی .تۆ چیت کردووە و ئێمە بە قسەمان نەکردبی ، نیازی چیت هەیە .

بژار :  ژنەکە ئێمەیش روو دەکەینە کیشوەری هەمیشە سەوز هەمیشە ژیانی جوان و پڕ خۆشەویستی، کیشوەری یەکسانی کیشوەری مرۆڤبوون، لەو کیشوەرە خۆشەویستی رۆژ دوای رۆژ باڵا دەکات مرۆ بنە و ئافاتەکان دەستیان پێ ناگا و جێیان لەوێ نابێتەوە.
خەرمان :  پیاوەکە لێت تێ دەگەم ، جا چۆن دەچین؟
بژار :  هەر ئەمشەو چارەسەرێکی بۆ دەدۆزمەوە، یەک دوو رۆژی دیکە بە سەر باڵە کەسک و سپییەکانی باڵفڕەکان بۆ وڵاتی سوور سەفەر دەکەین.

( 5 )

شارە گەورە و ئاپۆڕەکان گەرمای هاوین خەڵکەکە شپرێو دەکا، ئیدی نەمازە شارە گەرمێنەکان، کەچی ئێرە جوایەزە، لە ئەوجی گەرمای نیوەڕواندا شنەبایەک لە دۆڵەکەوە بە نێو ئەو چڕە دارستانەوە دێ گەڵێ فێنککەرەوەیە، خەڵکی لە پاڵیا پشوو دەدەن و لێی دەحەوێنەوە، لە زۆربەی شارە گەورەکان و شارۆچکەکانی وڵاتەوە رویان تێکردووە، تەواوی شەقامە سەرەکی و لاوەکییەکانی دارگەڵێکی گەورەی تێدایە و لە ئاسمانەوە لق و پۆپی دارەکان لە هەندێ شوێن تێکەڵ بە یەک بوون، هەم دیمەنێکی جوانی شەقامەکەی نەخشاندووە هەمیش گەرماکەی رەواندۆتەوە ئەمە جگە لە پاک راگرتنی ژینەگەکەی، دۆراندۆری شارۆچکەکە باغات و رەز و دارستانی چڕ تەنیوەتی، لای باکوورەوە دەربەندێکی هەیە و فێنکایی بای ئێوارانی تەزوویەکی سارد دادێنێ، قەدپاڵی چیای دەربەنەکە بەلای خۆرئاوا بوونەوە کەمێ رووتەنییە کەچی هەموو خەڵکی سەیرانکار روو لەوێ دەکەن، لەم ساڵانەی دوایی دەستەی گەشت و گوزار چەند هۆتێل و چێشتخانەی مۆدێرن و خۆماڵی و چایخانە و دوکان و ساردەمەنی لێ دروستکردن، هەندێ خانووی گەشتیاریشی لە دامێنی ئەو قەدپاڵە قووت کردەوە، کۆمەڵێ داریشی لە رووتەنەکان رواند، گەرما هەرگیز لێرە ئەو گوژم و تینەی نییە و نابێ.
لە خۆرهەڵاتی شارەکە و لە سەر شەقامە رێیەکی کووڕدا، هەر بە بەری خۆرهەڵاتەوە خانوویەکی گەورە و زەبەلاح چەشنی ڤیلا لە نێو ئەو دارانەوە رەنگ جگەری بەدی دەکرێ، لە دۆراندۆری خانووەکەدا بانێژەی جێپشوو و حەوانەوە و دانیشتن و کات بە سەربردنی ماڵەوەی بە فێنکەرەوەی سروشتی دروستکردووە، لە هاوینا بەهارێکی خۆش دەخولقێ، لە سوچی هەر بانێژەیەکەوە تاڤگەیەکی دەستکردی دروستکردووە و بەردی لە چیاکانەوە بۆ هێناوە و ئاویشی بە ترومپا بۆ سەرخستووە، کە ئاوەکە دێتە خوارێ لە قاڵبەندێکی ئاوی دەمێنێتەوە کە لێوانرێژ بوو دەڕژێتە قاڵبەندێکی دیکە و لەوێوە بەرەو چەمەکە دەڕوا، ئەمە هەواری هاوینانی مام ئەورەحمانی باوکی هێمنە، مام ئەورەحمان بازرگانێکی دەوڵەمەند و بە سەرمایەیە، چەندین خانوو و تەلاری چەند نهۆمی لە شارا هەیە، هەر کوڕێکی خاوەن خانووی خۆیتی، هاوینان هەموو لەم ڤیلایە کۆ دەبنەوە، لەم ڤیلایەیش هەر یەکە و لە ژووری تایبەت بە خۆیان دەبن، مام ئەوڕەحمان خاوەنی چوار کوڕ و دووکچە، کە کچەکانی شوویانکرد هەریەکە و خانوویەکی پێدان، هێمن کوڕی مام ئەورەحمان ناوشان پانی زەعیفی کەڵەگەت، چاوەکانی رەش برۆکانی پڕ سیمای روخساری سپی رەنگ لەپی دەستەکانی پان و کەم گۆشت، ژینۆی هاوسەری ناوەند باڵا لە ئاست هێمن کورتبوو، ئەویش زەعیف بوو دوو کوڕیان هەبوو تەمەن پێنج ساڵان و ئەوی دی ساڵێ و نیو، باوکی سوپەر مارکێتێکی بۆ کردبۆوە ببوو بە موڵکی خۆی کاری تیا دەکرد.
خۆر لە چیاکەی بەرامبەر لە ئاڵتونی ئاوابوونابوو، زەردەپەڕ ملی رێگاکەی گرتبۆوە، هێدی هێدی بەرەو تاریکی دەڕۆیشت، تاریکی و شەوە زەنگ باڵی بە سەر شارۆچکەکەدا دەکێشا، ئەلەکتریک و کارەبا وەک جاری جاران کاری پێ نەدەکرا چونکێ وزەکە لە کەمی دابوو، ئێ خۆ ئەو بێ کارەباییە

کاریگەری بە سەر ڤیلاکەی مام ئەوڕەحمانەوە نەبوو، ئەو ئامێر و ماشێنی کارەباپەیداکردنی تایبەت بە خۆی هەبوو، هەموو بوژابوونەوە، رۆژانە مام ئەوڕەحمان لە ئیشوکارەکانی پارەیەکی زۆری دەهاتە دەست، لە گەڵ خۆرئاوا بوونا کوڕەکان دەگەیشتنەوە ماڵ، هەر یەکە و ترومبێلی خۆی لە سوچێکی ڤیلاکە دادەنا، شوێنی تایبەتیان بۆ دروستکردبوو، مام ئەوڕەحمان زۆر لە بەڵای ناگەهان دەترسا بۆیە هەموو شەوێ کوڕەکانی لە دەوری خۆ کۆدەکردەوە و ئامۆژگاری دەکردن، تاوەکو خۆ لە کاری خراپە و ئافات و وەیشومە بە دوور بگرن، کە لە شاریش بوون هەموو ئیوارانێ دوای نانی شێوان کوڕەکان لای باوکیان کۆدەبوونەوە هەر یەکە کە دەگەیشتە ئاست باوکی دەستەکانی ماچ دەکرد، ئەم ئێوارە میوانیان هات و شەوێش تا درەگانێک مانەوە و بوار نەرەخسا وەک هەموو شەوانی دی کۆیان بکاتەوە و ئامۆژگاریان بکات، سبەینێش هەر یەکە و بەرەو کاری خۆی بەرێکەوت..

هێمن وەک پیشەی رۆژانە و لە سەر راهاتووی خۆی ترومبێلی خۆی دەرکرد و بەرەو سۆپەرمارکێتەکەی رۆیشت، هەر کە سۆپەر مارکێتەکەی کردەوە لەولاوە فوادی هاورێی نزیکی پەیدا بوو، رۆژانە ئەم فوادە زۆربەی کاتەکانی لای هێمن بە سەر دەبرد، هێمنیش رووی پێدەدا و هەفتانە شتێک پارەی دەدایە و هەموو رۆژێکیش نانی نیوەڕۆ و پاکەتێکی جگەرەی بۆ دەکڕی، فواد کوڕێکی سەرشێت و لاسار و چەتوون و بزێو و چەقاوەسوو و شەڕانگێزبوو، هێمن حەزی دەکرد لای بێت نەبا کەسێ پەلاماری دوکانەکەی بداو تاڵانی بکات یا دزی لێبکرێت، بە کورتی و کوردییەکەی هاوڕێیەکی باشی یەکدی و زۆر نزیکبوون، هێمن لە پشتی خەزینەی پارەکەیەوە چەکێکی کلاشینکۆفی بۆ بەرگری لە سامانەکەی دانابوو، کات لە دەوروبەری نیوەڕۆ نزیک دەبۆوە، لە پڕ لە بەر دەرگای سوپەرماکێتەکە ژاوەژاو و دەنگەدەنگی شەر دێت و هێمنیش سەرێک دەکێشێتە دەرەوە دیقەت دەدا وا بە سێ کەسەوە لە فواد دەدەن و ئاودامانی باڵای بووە بە خوێن، هێمنیش کە فواد بەو شێوەیە دەبینێ بە پەلە و هەڵە داوان رادەکات چەکەکەی دێنێ و رووبانی تێدەکات....

هێمن : نامەردینە ئەنگۆ چ دەکەن، واللە دوور نەکەونەوە دەتانکوژم....

لە گەڵ قسەکردنا دەستی بەر پەلەپیتکەی کلاشینکۆفەکە دەکەوێت، بە خەیاڵی خۆی تفەنگەکەی وا گرتووە روو لە ئاسمان بێ تا چاو ترسێنیان بکات، کەچی پێچەوانەکە راست بوو و فیشەک بەر تەوێڵی سەروەر کەوت و دەست بەجێ لە عاردی کەوت، ئەو دووانەی تر هەڵهاتن، هێمن دیقەتێکی سەروەریدا پەلەقاژەیەتی کەسیش ناتوانێ نزیک ببێتەوە، هێمن رادەکاتە ناو ترومبێلەکەی و هەڵدێ خۆ دەگەیەنێتە باوکی و رووداوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، باوکیشی بە پەلە دێتەوە بۆ سوپەرمارکێتەکە، دەبینی وا پۆلیس دۆراندوری ئەو ناوەیان داوە و بە دووی پیاوکوژ دەگەڕێن پیاوکوژیش هەڵهاتووە، تەرمیش لەوێ نەماوە پەڵە خوێنێکی کەم نەبێ، نازانرێ کوژراوە یان بریندارە بۆ ئەوەی مام ئەوڕەحمان نەکەوێتە بەر زەبری تۆڵە بە پەلە دوکانەکە دادەخات و بەرەو ماڵەوە هەڵ دێت، دوو هەڵاتووەکە هەواڵ دەگەیەننە باوکی سەروەر کوێخا مارف، باوکی سەروەر کابرایەکی دنیا دیتە دەبێ، کوڕەکانی هێور دەکاتەوە سەرەتا پێی وایە سەروەریش یەکێکی کوشتبێت بۆیە کاردانەوەی پەلە و هەڵەشەی نابێت، ئیدی کە بە رووداوەکەیش دەزانن سەرقاڵی پرسە و تازییەباری دەبن هەر لە رۆژی دووەمی پرسەکە لە بنکەی پۆلیسەوە بانگ دەکرێن و کوێخا مارف دەچێت وا قسە دەکا کە سکاڵایان لە سەر کەس نییە، بەو نییەتەی خۆیان تۆڵە بکەنەوە، کە دەچێتەوە بە کوڕەکانی دەڵێ:

کوێخا مارف : ئێستا ساغبۆتەوە هێمنی مام ئەوڕەحمان ، سەروەری براتانی کوشتووە، ئێوە لە ئێستا بەو لاوە لە لایەن منەوە ئازادن هێمنتان لە هەر شوێنێک دیت دەیکوژنەوە، ئامان کەس لە بری نەکوژن نە باوک نە برا، ئەوانە تاوانیان نییە، تەنها هێمن دەکوژنەوە.

پۆلیسیش بە پێی گەواهیی بینەرانی رووداوەکە فەرمانی دەسگیرکردن بۆ هێمن دەردەکەن، هێمنیش هەم هەڵاتوی دەستی یاسایە هەمیش شوێنبزرە کە دوور لە چاوی کوشتن بێ، پیاوکوژ دەبێتە نادیار و چەند مانگێک تێپەڕ دەبێت، هەردوو ماڵ و بنەماڵە و عەشیرەت هاموشۆی یەکتر دەکەن تا ئاشتەواییەک

مەیسەر ببێ، ماڵی کوێخا مارف قایل نابن هەر خوێنی هێمنیان دەوێ، ناگەنە ئەنجام، فواد هەر ئەو رۆژە کە هەڵدێ ئیتر پشت لە ماڵی مام ئەورەحمان و هێمن دەکا، لە ناو کەسوکارەکەی برینەکانی سارێژ و هەتوان دەکرێت، کە دڵنیا بوون خاوەن هەق کاریان بە سەر فوادەوە نییە وردە وردە فواد دەردەکەوێتەوە.

هێمن نزیکەی ساڵێک جێ و رێی ونبوو، شەوانە چەکێکی لە ژوور سەر بووە و بە وریاییەوە نوستووە ، دوای ساڵ هێمن باوک و براکانی راسپارد خانو و دوکان و ترومبێلی بۆ بفرۆشن و رووی ئەو بەهەشتە بگرێ کە بەلێشاو خەڵکی لە ترسی مەرگ و باری ناجێگیری وڵات رووی تێکردووە، ئەویش خۆ وەنێو ئەو خەڵکە بکا و هەڵبێ لە وڵات لە دەست یاسا و کوشتنی تۆڵە، ئەوێک کە رایی نەبووە ئێشکگری خۆی و منداڵەکانی بکا، دوو رۆژی دیش منداڵەکانی بکوژرێن، چاکترە لەو کیشوەرە سەوزە هیچ نەبێ ون دەبێ و بە ئارامی دەنوێ.خەڵکی خێرەومەندیش بەردەوام هەر لەو نێوەندەدا لە هاموشۆن بە یەکیان بگەیەننەوە، بەڵام سوور بوون لە سەر سەری هێمن هەموو هەوڵەکان پوچەڵ دەکاتەوە، هێمنیش وەک خەڵکی بەرەو وڵاتی سوور و لە سەر فرۆکە زەبەلاحەکان سەفەری کرد......

( 6 )

زەمەنێکی سەیرە کردەباوەکان لای هەستیار بە قێزەونی دەردەکەون و دەبینرێن، سڵیان لێدەکاتەوە لە مرۆی ئەم سەردەمە ناچێ، بنەوبارگەی تەنیایی بەرەو باوان دەپێچێتەوە، دەردە دڵی لە گرێ کوێرەی پریاسکەی فەقیانە کۆنەکەی دایکی دەچێ مەگەر هەر بۆخۆی بە دانەکانی شیتاڵ شیتاڵی بکات و لێی تێبگەن، ئیتر ئەویش ئەو حەوسەڵەی نەماوە بە وردی زوخاوەکانی هەڵرێژێ و لێی تێبگەن، رۆژانێک بوو بەڕێوە بوو لە تەک هاورێی شەو و رۆژ و هاوبەندی منداڵی غەمینی هەرە نێزیکی، ئیدی حاڵی کرد ئەم ژیان و تاکبەندییە بۆ ئەو دەست نادات و پێویستە بنە و بارگەی بپێچێتەوە، هاوڕا بوون ئیدی کاتی سفر و سەفەر دانرا، چەند رۆژێک بوو خۆی مەلاس دابوو، لە هەموو تەریک، تەنانەت لە ماڵی نوێش.

بەر لە دوا خۆرئاوابوونی لە شارا بە کوچە و گوزەر و شەقامەکانا گەڕا، یادگارە کۆن و نوێیەکانی بە هزردا هێنایەوە لە تەک حەمەتاڵ و سەدایی و مەلادا هەنگاوەکانی بە شەقامە پیاسەی ئێوارانا دەژمارد، ئەو ئێوارە نزاریش هاوەڵیان بوو، زومی کامیرای مۆبایلەکان وەبەر نەدەکەوتن، هەر جارەی چرکەی لە ئی یەکێکیانەوە هەڵدەستا، ئیدی مەلا دەیگوت: ((ئا برا بەوەی من بیگرن زۆر جوان وێنا دەگرێ))، نەخێر سەدایی گوتی : (( خۆ ئەوەی ئێمە شرە نییە )) ، هەستیاریش بێدەنگ بێدەنگ تەنها تاڵەی هاورێ و برای دەیزانی دوا گەڕانی ئێوارانە، هەندێکات بەتیلەیەکی چاو دیقەتی دەدات و ئەوکی بۆنی غوربەتی لێدەنیشت قوڵپی گریان بەردەرگای دەگرت، ئیدی بە ئاهێکی سەرد دەریدەبڕی، وەک هەمیشەی جاران کات تەواو بوو هەریەکە و بەرەو لانەی خۆ چوونەوە، دوا کەس حەمەتاڵ و هەستیار مانەوە، ئامێزی گەرمیان لە یەکنا بۆ دواجار ماڵئاواییان لە یەک کرد، هەستیار گەڕایەوە و سەرێکی بە گوزەری هاوێربوونی بۆ ژیان کردەوە، بە دیقەتەوە روانییە خانووەکەی قادر ناڵبەند هەر لەوێ یەکەم چریکەی ژیانی دەست پێکردبوو، بۆ دواجار فرمێسکەکانی دەرژێنێ بۆی، ئیدی دەگەڕێتەوە باوان، کات لە نزیکی خۆرئاوابوونە، بە پەلە گەیشتەوە ماڵ، بەرکووڵە شیوێکی کرد و رێی سەفەر بگرێ، بەرە بەیان فرۆکەکە لە باڵەفرەخانەکەوە دەردەچێ، تازە تاریکی داهاتبوو، لە دەرگا چوونە دەرەوە، غەمین ترومبێلەکەی ئامادەکرد، هەکبەکەی لە کۆڵنا تا بەردەم ترومبێلەکە، لە پشتی پشتەوە کۆڵەکەی دانا، لە پێشی لاندکرۆزەکەوە دانیشت، هاوسەری غەمین و کورەکەیان هاورێیەتیانکرد، بەرەو پایتەخت بەرێکەوتن، هەنسکێکی هەڵدەکێشا و ئاوڕی دەدایەوە بەزەیی بە تەمەنی خۆدا دەهاتەوە، بینای دەیان ساڵەی ژیانی بە هەدەر چوو، چ سەوزییەکی بۆ بەر نەگرت، ئەستۆندەگی بووە نەیار و بەرووی ویستاوە، ژیان چ واتایەکی نەما، مردن ئاسودەییە

مردنێک بێ ئاگایانە نەک مردنیک لە دەرگات بدات، رێگای هات و نەهات لەم مردنە پێویستترە، شار وەک ئازیزترین و نزیکترین دۆستی شوێن پێ و جێ پەنجە و راکە راکەکانی تا دێت دوور دەبنەوە لە چاو وندەبن، هاکە لە پاڵەکەیش چوونە ئەو دیوەوە ئیدی رۆشنایی گڵۆپەکانیش ون دەبن، ئەو گڵۆپانەی چرای کزی بێدەرەتانی نوسینەکانی بوون، بە درێژایی رێگا غەمین دڵنەوایی و دڵخۆشی هەستیاری دەدایەوە، کەچی لە بۆتەی خەمی تەمەنێک بوو بە دەست بەتاڵییەوە لێی دەرچوو، سەرەرای ترس و لەرز و بێ نرخکردنی مرۆڤ و لەکەدارکردنی شوناس و ناوداربوونی، بە درێژایی رێگای شارو پایتەخت بیرەوەرییەکانی لێدەدرایەوە، ئەوانەی رۆژانێک بۆنی ترپەی هاموشۆکانی پێوەیە، تاو ناتاوێک یادگارە شیرین و تاڵەکانیان لە تەک غەمین دەگۆڕیەوە، ئەوکی پر هەنسک رووخسار بە بزە و خەندەوە، دڵنیابوون پاش چەند کاتژمێرێکی دی دادەبڕێن رەنگە دوا دابڕان بێ، لە ناخەوە ئاگرێک تەوژم بە هەناوی هەستیاردا دێنێ دەزانێ دوا پێکەوەییە، ئیتر زەمەن کاتی ماڵئاوایی لە نیشتیمان بۆ نوسی، هەندێجار لە ئەندێشەکانیا وای بیردەکردەوە رۆژێک دابێ غەمین و حمەتاڵ و هەرچی خۆشی دەوێ بۆ کن خۆی پەلکێش بکات، خەیاڵێکی بڵاو و بێمانای یاسایی، لە دیفاکتۆی ژیانی ئەو بەهەشتە بێئاگابوو، ئیدی جۆرەها تێفکرینی لە هزردا تۆماردەکرا، ژیان راستییەکان بونیادی دەنێن نەک ئەندێشە و بیرکردنەوەی حەزەکان، ئەگەر وا دەبوو خوا و ئایین و کەلتووری بێ بنەمان وەک میرات بۆ نەوە دوای نەوە جێنەدەهێشت، کەچی باوباپیرانمان میراتێکیان بۆ جێهێشتووین ئەمرۆ بۆتە مایەی شەرمەزاری بۆ مرۆڤایەتی.

هێشتان زۆری مابوو بۆ هەڵفڕینی فرۆکەکە، گەیشتنە پایتەخت وایان دانا پێش هەموو شتێک سەردانێکی ئەو مۆڵ و بازارە گەورە نوێیانە بکەن کە پایتەختی تەنیوە، چەندین شوێن گەڕان کەرەستەکان گران بەهابوون هەستیار پێداویستییەکانی خۆی تەواوکردن، کات روو لە نیوەی شەو دەکات، پانزە خولەکێک دوورە، ئیتر برسێتی تاوی بۆ هێنان دەبوا شتێک بخۆن، لە چێشتخانە و پاروە ئامادەکانی سەر راستەڕێی هاوینەهەوارەکان، پشوویەکی کورتیان دا و بە مەیلی خۆیان نانخۆری نیوەشەویانکرد، دیقەتێکی یەکدیان دا و تەماشایەکی کاتژمێری مۆبایل و دەستیاندا، هەستیار دابڕان بڕستی لێ بڕی بوو.... لێوەکانی لێکترازاند و.....

هەستیار : ئێستا کاتیەتی، شەوێکی خۆش و پر چێژ بوو دەمێکە شەوگاری وامان بەسەر نەبردووە، ئێوەیش رێگاتان دوورە و دەگەڕێنەوە، ماندوویش بوون، وریابن لە کاتی گەڕانەوە خەو نەتانباتەوە، من چاوەنواڕتانم هەر کە گەیشتن بە ماڵ ئاگادارم بکەنەوە.

غەمین : خەمت نەبێ ئەگەر نەڕۆیشتبووی ئاگادارت دەکەمەوە.

هەستیار: بۆ خۆمیش هەر لە سۆراغت دەبم و لێت دەپرسم.

ترومبێلەکە بە نێو چراخانی گڵۆپە رەنگاورەنگ و جوان و رازاوەکانی پایتەختا رێی دەکرد، ئەوانیش لە ژوورەوە دوا نیگا و قسەکانیان دەگۆڕیەوە، ماشێنەکە تیژ دەڕۆیشت تا ئیتر هەرچی زووە لێکترازان بخولقێ، گەیشتە بەر دەرکی باڵەفڕخانەکە، پاسەوانەکان هێمایەکیان بۆ کرد تا بچێتە بن چاودێری و پشکنینی پیاوانی ئاسایش، ئەوانیش تەواوی ترومبێلەکە و کۆڵەکەیان پشکێندرا، رێی مەرەخسبوونیان بۆ والاکردن، تا بەردەم هۆڵی ماڵئاوایی رۆیشتن، هەر کە لە ترومبێلەکە هاتنە خوار ئامێزیان لە یەکنا، ئەوجا فرمیسکەکان لێرەوە داباڕین، تا دەهات ئامێزگرتنیان گەرم و پڕ سۆزتر دەبوو، بۆیە فرمێسکە سوێرەکان تێکەڵدەبوون، ژیان ماهییەتەکانی خۆی لە دەست نادا، لە حەسرەتبارانا ئاوی رووبارەکانیش تێکەڵ دەبنەوە، ژیلەمۆی ئیشق، ئیشقی برایی بە گڕتر و بە سوێتر دەبێ، ئەمە ساتەکانی نامۆبوونەوەی رۆحە، ئەو رۆحە هەمیشە و لە گڕوگاڵییەوە ئولفەت بە وێنایەکی سیمای ئەو رەنگانە دەگرێ کە لە چرکەساتی هاوێربوونەوە لە زهنی کۆرپەڵەییەوە جێگیر دەبێ، ساتی ترازانی ئەو وێنانە مەرگهەژێن و خولقێنەری کۆڤانێکی بێ برانەوەیە، بۆ خودی مرۆڤ شێتبوونی ئاوەز و بیر و هزر و دڵ و رۆح و جەستەیە، ئەوە جەمسەرە پێکەوە گرێدراوەکانی کۆ جەمسەر بوون، لێکدادەبڕێن، دابڕان هەوێنی تلۆق و چەکەرەکردنی گریانە، ئەوک پڕ دەبێ لە قوڵپ لای گەورەکان لە تەنیاییدا دەنگی لێ بەرز دەبێتەوە، رۆحە ناسکەکان

هەردەمێ مەیلی لێ بێ لە ناڵەی گریان دەدا، دوو واتای جیاواز دەبەخشن، بۆیە دەڵێن گریانی پیاوەکان پڕ واتا و هێزدارە، هەرگیز مەزنی خۆی لە دەست نادا، بینای ژیانی لەم ساتە وەختانەوە دەست پێدەکات، چۆکدادان سەرکەوتن مسۆگەر ناکا ئامانجەکان بەدی ناهێنێ، بۆیە هەر مشەقەتێکی گەورە بچێژێ پڕ توندترین ئازار بێ ناتوانرێ دەربڕینی بە سانایی ببیندرێ .

کە لێکداترازان ئەو رووەو هۆڵی رۆیشتن و ئەمانیش چوونە نێو ترومبێلەکەیانەوە، دیقەتی یەکدیان دەدا، هەستیار کە دەڕۆیشت و هەنگاوی دەنا و ئاوڕی دەدایەوە، بە دەستێکی کۆڵەکەی گرتبوو بە دەستەکەی دی هێمای ماڵئاوایی خودا پاراستنی لە غەمین دەکرد، لە دەرگاکەوە هەستیار خۆی کرد بە هۆڵەکەدا بۆ دواجار دیقەتی دان ئەوان بە ترومبێلەوە پشتیان تێکردبوو، لێرەوە هەستی بە تەنیایی رۆژانی داهاتووی کرد، سەفەرێکی سەخت و پڕ ئازار ئەوکی هەر لێوانلێوی گریان بوو، هۆڵێکی پڕ لە دیدگایدا چۆڵەوانی بوو، بە ناچاری لە سەر کورسییەک دوور لە چاوان هەردوو مەچەکی کردە سەر ئەژنۆی و سەری لە میوانی لەپەکانی دانا، هێور هێور خۆی کپ دەکردەوە ئارامی بە خۆ دەبەخشی، نەخێر لە ناوەوە دەکوڵا ناچار چاوێکی بەملاو ئەولادا گێرا تا لە ( wc ) ناخی دابمرکێنێ و بەتاڵبێتەوە، نەشارەزابوو پرسیاری کرد و نیشانیاندا، گەڕایەوە لای کۆڵەکەی و دانیشتن تاوێ دیقەتی پۆلیسەکەی دەدا، هەر کەسێکیش دەهاتە ژوورەوە راستەوخۆ بەرەو ئەو رێڕەوە دەڕۆیشت کە بە قردێلە دروستکرا بوو و پۆلیسەکەیش پاسەوانی راڕەوەکە بوو، دەستێکی دایە کۆڵەکەی و بەرەو لای پۆلیسەکە چوو، بلیتی فرۆکەکەی نیشاندا رێی پێدراو چووە ژوورەوە کەرووی لە دیوی ئەودیوی هۆڵەکە کرد، پاسێکی پان و درێژ وەستابوو، هەر کەسێک دەردەچوو خۆی دەکردە نێو پاسەکەوە، هەستیاریش ملی بەرەو پاسەکە ناو سەرکەوت، لە سوچێکەوە دانیشت دەیزانی ئەم پاسە بەرەو هۆڵی بەرێکردنی وڵاتانی دەبا، کە پاسەکە پڕ بوو کەوتە جوڵە و ماوەیەک رۆیشت، لە بەردەم تەلارێکی پان وێستا، ئیدی هەموو دابەزین و بەرەو هۆڵەکە بەرێکەوتن، ئەو خەڵکە هەر کۆمەڵە بەرە وڵاتێک رێ دەگرنە بەر، کات نزیکەی دوو کاتژمێر دوای نیوەشەو بوو، خەڵکەکە زۆر بوون، لە سەر یەکێ لە قەنەفە ئاسنینەکان راکشا خەوی دەهات، ویستی بخەوێ نەخێر سەرما لە خەوی کرد هەرچەند جانتاکەی لە بن سەری نابوو کەچی هەر نەنوست، غڵبە غڵب و ژاوەژاوی خەڵکی زۆر بوو، تا دەهات خەڵکی زیاتر دەهات، کاتێکی باشی مابوو، ناچار نزیک کەوتەوە و کۆڵەکەی پشکێنەرا و لێی وەرگیرا و بۆ خۆیشی بە دەستی بەتاڵەوە رووەو هۆڵی چاوەنواڕی رۆیشت، تەنیشت ژوورە دروستکراوەکان راڕەوێکی پان و پڕ بوو خەڵکەکە لەوێوە بەرەو هۆڵی چاوەنواڕی فڕۆکەکان دەڕۆیشتن، هەر کە راڕەوە پانەکە تەواو بوو پێچێک بوو بەلای چەپەوە لە سەری ئەو سەری ئەو رێگایەیش پۆلیس و کارمەندانی فڕۆکەخانەکە دیار بوون پشکنینی خەڵکی کاروانچیان بە وردی دەکرد، هەر کە پێیان گەیشت وا ئەو خەڵکە پشتوێن و چاکەت و پێڵاو دادەنێن شتەکانی گیرفانیان لە قابلەمەیەکی پلاستیکیدا دادەنێن، ئەویش هەمان کاری ئەنجامدا هەر چەندە لە وڵاتی خۆی تا ئەو دەمە شتی وای نەدیبوو، ملکەچ بوو، هەر لەوان دەرچوو بە پێپلیکانەیەکدا سەرکەوت و لە دوورەوە کافتریایەکی بەدیکرد ژمارەی هۆڵەکەی پێدرا بوو، چووە هۆڵی پێنج گەشتی ژمارە (221 – 2016) ئەو لادیوارەی بە سەر گۆڕەپانی فڕۆکەکانی دەڕوانی پەنجەرەیەکی تەواو بوو، لەوێوە دیقەتێکی دا چەندین فڕۆکەی بە دی کردن وا سەرقاڵیان پشکنین و سوتەمەنیان بۆ ئامادە دەکرێ، گالیسکە کۆڵبەرەکانیش کەرەستەی کۆڵەکان بۆ ناو فڕۆکەکان دەگوازنەوە، ناو بەناو لە بڵندگۆکەوە ژمارەی گەشتێک دەخوێندرێتەوە و لە هۆڵەکانی تەنیشتەوە جموجوڵ و رێکەوتن دەردەکەوێ، دیاربوو هێشتان کاتی مابوو، رووەو کافتریاکە رۆیشت و شیرێکی خوارەوە و بوتڵە ئاوێکی لە بن دەست ناو بەرەو هۆڵەکە گەڕایەوە، دەنگ و نرکەی فڕۆکەیەکی نزیکی بیست لە پەنجەرەکەوە تەماشای کرد ئەوە ئەو فڕۆکەیە کە ئەمان دەبات بە رەنگە سوور و سپییەکەی ناسییەوە کەمێک خۆی گورج و ئامادەکرد، هێندەی نەبرد لە بڵندگۆی هۆڵەکەوە دەنگێک بەرزەوە بوو با سەرنشینانی هۆڵی ژمارە پێنج بەرەو فڕۆکەکە بکەونە رێ، لە دەرگای رۆیشتنا بلیت و پاسەپۆرتەکانیان دیقەت دەدرا، هەستیار هیچ شتێ لە پشتییەوە نەما ئاوڕی لێ بداتەوە، تاوەکو بۆ

دواجار چاوەکانی تێر بن لە بۆنی ڕەنگەکانی نیشتیمان، سروشتەکانی دوا نیگای تەواو بوون، شەونخونی شەوێکی دوور و درێژی چاوەنواڕی گەشت، بەرە بەیانی سارد، سارد وەک ناخی، هەر لە دەرگاکە بەو دیوا چوو هەستی دەکرد ئەوە لوولەیەکی ئاسنینە و پێیدا دەڕوا، ترپەی پێیەکانی بە ئاسنی چوارگۆشە لاری ورد وردا دەنێ، وا هەست دەکات غلۆر دەبێتەوە، هێندەی زانی لە دەرگای فڕۆکەکە بە ژوور کەوت و هەڵوێستە و سەر سمی دا، ئا لەم ڕووناکییەدا کچێکی شۆخ و شەنگ و بەرگ سوور و سپی سڵاوی بە خێرهاتنی لێکرد و شوێنی دانیشتنەکەی نیشاندا، دانیشت و پەردەی پەنجەرەکە کە لادرابوو لەوێوە دیقەتێکی دەرەوەی دا، جگە لە ترومبێلە سەیرەکانی فڕۆکەخان و گڵۆپە سەوز و سوورەکانی گۆڕەپانی فڕۆکەکان و دەشتاییەکی تاریک و چەند کەسێک کە لێرە و لەوێ بە دەوری فڕۆکەکانەوە دەسووڕانەوە، هیچی دیکەی نەدەبینی، بەر لە جوڵەی فڕۆکەکە یەکێک لەو کچانەی لە ناوەوە ڕاژەیان پێشکەشی سەرنشینەکان دەکرد، بە ئاماژە وهێما و جوڵەی دەست و پەنجەکانی ئەو زمانەی بڵندگۆکەی وەردەگێرا کە لە فڕۆکەکەوە بە سەرنشینان دەوترا بۆ خۆپارێزی ڕێوشوێنەکانی پاراستن بگرنە بەر، کاتێک بڵند گۆکە گوتی لە کاتی هەر ئەگەرێکی لە ناکاو پێویستە یەکەمجار مشووری منداڵەکان بخورێ و ڕزگار بکرێن، ئیدی هەستیار ترسی لێنیشت، دەستی یرد و پشتوێنی دڵنیایی بەست، فڕۆکەکەیش وا دەجوڵێ و بەرە و ڕاستە ڕێی هەڵفڕین ڕێدەگرێ، هەر کە گەیشتە سەر ڕاستە ڕێیەکە، کابتنەکە بە تەواوی تیژرەوی فڕۆکەکە ئاژووتنی خۆی کرد و هورد هورد لە زەوی بەرز بۆوە، تا دەهات لوتی لە ئاسمان دەنا و پاشڵی ڕوو لە زەوی، هەستیاریش بەو جۆرە بە پشتا لێی کەوت .

( 7 )

نیشتیمان یادەوەرییەکانی خۆی لە ئاسمان دەگێڕێتەوە، لە تەک بایەقوش و قەلەڕەشەکانا هاوتەریبن، ئەوە نیشتیمان نییە هاوەڵی ئافات و نەهامەتییەکانی مرۆڤ بێ، ئەوە بێگەردی نیشتیمان و قێزەونی ئەو مرۆڤانە نیشان دەدا نیشتیمان ئەتک دەکەن، ئەو خاکە نابوت و ناشیرین دەکەن، ئەو مرۆڤانەی بەرامکردن و ڕاوکردنی باڵندەکان سوکناییان نایەت، ڕاوە مرۆڤ دەکەن، مرۆڤیش وەک ئاژەڵ و باڵندە هەڵدێ بە ئاسمانا دەگەڕێ، وا دەزانێ وڵات دۆستی باڵندەکانی وەیشومەی شەڕن، نیشتیمان بە سروشتی خۆیەوە بە یادگاری منداڵی و هەرزەیی و گەورەییەوە جوانە، تەڕبوون بە باران و شەڕەبەفر و پەنجە تەڕکردن بە نافورەکانی و پیاسەی سەر شەقامەکانی و بازبازێن و سێ باز و ڕمبەڕمبی سەر دیواری باخچەکانی هەموو بوونە ڕابردوو و لە پشتەوە جێمان، ئیتر تەنها لە لاپەڕەکانی هزردا دەمێننەوە لە وێناکێشانا سڕاوەن، ئەو یادگارانە باخچە و کۆڵان و شەقام و گوزەر و یاریگا و کۆڕ و کۆبوونەوەی ئێواران و گەڕانی ناو شار بوونە ڕابردوویەکی وشک تەنها فرمێسکەکانن تەڕیان دەکەنەوە .

لە پەنجەرەی فڕۆکەکەوە دەیڕوانیە دیمەنە ڕەنگاو ڕەنگەکانی پایتەخت، ئەو تیشکی گڵۆپانەی بە ستوونەکانەوە ڕووناهی ڕەنگ زەرد و سپی و سوور و شین دەکەنەوە خەرمانە دەکێشن لە حەواوە وێنایەکی جوان دەنەخشێنن، شەقامە جوانەکانی ڕازاندۆتەوە و قەشەنگتری کردووە، لە گەڵ دیقەتدانی ئەو دیمەنانەی خوارەوە لە سەر زەوین، لە بێ ئاگاییەوە دەستێک بە گیرفانی چاکەتەکەیدا دەکا، مۆبایلە گالاکسیە دیارییەکەی بەردەست دەکەوێ یەکسەر ئاخێکی هەڵکێشاو لە دڵی خۆیدا گوتی (( نازانم ئەوە چۆن بوو زەنگێکم بۆ غەمین نەکرد و لە هەواڵی گەیشتنیان دڵنیا نەبوومەوە ))، ئیدی غەمین بیر و ئەندێشەکانی قۆرخکرد، ئەمسەر و ئەوسەری پێدەکرد، لە بن لێوەوە (( خۆ ئەویش تلێکی بۆ نەکردم)) ترسا نەبا لە ڕێ نوستبێ و شتێ ڕووی دابێ، ئیدی ئارامی و ئۆقرەیی لێ برا، ڕەنگی سیما و ڕووخساری شێوا، وەک ئەوەی گرینگترین کاری لە دەست دابێ، شڵەژاوی پێوە دەرکەوت و کەسی

ئاسایی هەستی پێدەکرد، کوڕێکی گەنج لە تەنیشتییەوە ڕۆنیشتبوو خۆی بە باشی گۆڕی بوو، دەستووری وڵاتانی کیشوەری سەوز و هەر وەک گەنجانی ئەوی وابوو، رووخساریشی سوور و سپییەکی قژ زەرد بوو، سەیرێکی هەستیاری کرد و پێی بە جگەری خۆیا ناو بە زمانی خۆ وڵاتی زمانی لە گەڵدا پژاند و گوتی :

ئارۆ : ئەرێ بەڕێزتان خەڵکی خۆ وڵاتین.

هەستیار : ئەرێ .

ئارۆ : من ناوم ئارۆیە، ئەی ئێوە.

هەستیار : هەستیار، دەتانەوێ شتێک بڵێن.

ئارۆ : نەخیر هەست دەکەم شتێکت لێ ون بووە، یا کێشەیەکت بە پرتاو بۆ دروست بوو.

هەستیار : هاورێ و برا و خیزان و منداڵی منی گەیاندە فڕۆکەخانە، ئیدی بە هۆی خەمەوە بۆم نەکرا تلی بۆ بکەم، ئەویش تلێکی بۆ نەکردم.

ئارۆ : تۆ بۆ خۆت ڕەنگە گەشتی خۆشی بکەی ئیتر بۆ خەمی لێ دەخۆی.

هەستیار : ئیتر هەر یەکە و بە دید و بۆچوونێک لەم ڕۆژگار و دونیایە دەڕوانێ.

ئارۆ : ئێوە جاری تر هاتوون بۆ ئەم شارە.

هەستیار : ئەرێ.

ئارۆ : کەواتە شارەزاییەکتان هەیە لەو شارەی بۆی دەچین.

هەستیار : بێگومان.

ئارۆ : دەکرێ هاوکارم بی تا خزم و ناسیاوک بە هانامەوە دێن.

هەستیار : بە چاوان.

هێشتان قسەیان دەکرد خانمە کارەکەرەکەی ناو فڕۆکەکە بە خۆی گالیسکەیەک خواردنەوە یەک هەنگاوی مابوو پێیان بگا، هەستیار بە ئاماژەیەکی دەستی تێی گەیاند کە خواردن هات با وەری بگرین، لە گەڵیا جوڵەیەکی کرد و خۆی ڕاستەوە کرد، وەک ئەوەی بڵێ نۆرەی خواردنم هات، ژەمەنانێکی نێو شینایی ئاسمان بخۆم دەیزانی نزیکەی چوار هەزار پێ بەرز بوونەتەوە و لە سەروو هەورەکەدان، دەستی برد و تەختەمێزی بەردەمی خۆی کردەوە، ڕوویەکی بۆ پەنجەرەکە وەرچەرخان جگە لە تاریکی هیچی بەدی نەکرد بەردەکەی دادایەوە، خانمە ناسکۆڵەکەیش گەیشتبووە ئاستی، بە ڕوویەکی گەش بە بزەیەکەوە ژەمە خواردنێکی سووکی دایە دەست، لێی وەرگرت و لە تەختە مێزەکەی بەردەمی دانا، داوای چایەکی کرد و لە پەرداخێکی یەکبارخەرجا دایە دەست، لە تەک پەرداخێک ئاو، دیقەتێکی خواردنەکەی دا و بە بیریدا هاتەوە، ئەم خواردنە لە ماڵەوە بایە دەبووە تەنها یەک پاروی، هێشتان چیت دیوە ئەمە بەرایی ڕێیە و ناو فڕۆکەیە و خواردنی وایش خواردنی شاهانەیە، خواردنەکەی خوارد وەلێ تاو نا تاوێک هەستی دەکرد ئێڵنجی دێتەوە، دانی بە خۆدا گرت، بە خواردن و خواردنەوە خۆی مژۆڵ کرد، چایەکە مێشکی هێور کردەوە، لە گەڕانەوەدا خانمە خانەخوێ و بۆیەکە گالیسکەکەی ڕادەکێشایەوە، داوای ساردییەکی بیبسیی لێکرد، ئەویش پەرداخێکی وێدا، بێ وەستان ڕێک نای بەبینیەوە دەم و دەست چۆڕی لێ بڕی، هەستی بە ئاسوودەیی گەدەی کرد، کەمێک بێ دەنگ بوو ئێڵنجەکەی چاکبۆوە، سەری نا بەپشتی جێ دانیشتنەکەی، دەیویست پشوویەک بدا یا سەر خەوێ بشکێنێ هەموو شەو نەنوستووە، لە پڕ کوڕە گەنجەکە دەمی کردەوە..... :

ئارۆ : بەڕێز زۆرمان ماوە.

هەستیار : نەخێر، نیو کاتژمێرێکی دیکە لە فڕۆکەخانەکە دادەبەزین، تا پاسەپۆرتەکان وەردەگرینەوە چاوەڕێت دەکەم.

ئارۆ : ئاخۆ کرێ تاکسی لەم شارە گران بێ . پێیان گوتوم شۆفێرەکانی فڕۆکەخانە قۆڵبڕ و ساختەچین.

هەستیار : خەمت نەبێ تۆ لە گەڵ منی، بە تاکسی نارۆین، شارەزای ترامەکانی میترۆم، لە بەرامبەر فڕۆکەخانەکەیە دوور نییە لەوێوە یەکسەر دەچینە نێو جەرگەی شارەوە .
ئارۆ : دەڵێن کاتی خۆی هەندێ لە شاعیرانی کۆنمان هاتوون بۆ ئەم شارە و لێی دانیشتوون. و زۆر بە زەحمەتیش هاتوون.
هەستیار : ئەرێ.
ئارۆ : ئێمەیش وا بە سانایی پێی دەگەین ئاخۆ ئەوان ئەم رێگایەیان چۆن بڕی بێ.
هەستیار : بە چەند شەو و رۆژێک، چەندین فرسەخیان بڕیوە.
ئارۆ : فرسەخ چییە.
هەستیار : دەتوانین بڵێین قۆناغە رێیە .
کوڕە گەنجەکە بێ دەنگ بوو، ئینجا هەستیار لێی پرسی.
هەستیار : بە نیازی بۆ کوێ بڕۆی .
ئارۆ : ئینگلستان، دوورە ... بەڵام ئەو خزم و کەس و کارەم لەم شارەوە دەمبەن.
هەستیار وەک وەڵامی کوڕە گەنجەکەی بە دڵ نەبوو بێت، رووی کردەوە پەنجەرەکە و پەردەکەی لا دایەوە، کەمێک رۆشنایی بەدەرکەوت، هورد هورد گڵۆپی لادێ و شارەدێ و شارۆچکە و شارەکانی خوارەوە بە دەرکەوتن، فڕۆکەکە نزم ببۆوە، لە تەک هەڵەت و دۆڵ و چیا و لاپاڵ و نسار و تەلان و رووبار و گۆم و قەڵبەزە و رێگا و شارێگاکان دیمەنێکی جوان و قەشەنگ بوون، دەفکرا و لە هزری خۆیدا (( ئاخۆ نیشتیمانی ئێمەیش وا خۆش و جوان و رازاوە بێ ))، فڕین و دەنگی فڕۆکەکە تا دەهات قورستر دەبوو، ئەوەیش ئاماژەکانی نیشتنەوەن، هووڕە هووڕی فڕۆکەکە زۆریکرد، جارجاریش فڕۆکەوانەکە فڕۆکەکەی دەخستە سەر تەنیشت لە پەنجەرە بچوکەکەوە باڵەکانی بە دەردەکەوتن، کەمێک بەرز دەبوونەوە.
هەستیار : کەمێکی دی دەگەینە فڕۆکەخانە.
لە قسەکەی تەواو نەبوو، بڵندگۆی فڕۆکەکە دەنگی لێ بەرز بۆوە، بە چەند زمانێک ئاخاوت جگە لە زمانی هەستیار نەبێ، دەیگوت (( خۆتان ئامادەبکەن و پشتوێنی خۆ پارێزی ببەستنەوە لە نیشتنەوە نزیک بووینەتەوە )) هەموو کەوتنە خۆ و پشتوێنەکانیان لە کەمەر گیر و توندکرد و قیت بوونەوە، هەستیار سەیرێکی کوڕە گەنجەکەی کرد، رەنگی هەڵبزرکا بوو، وەک ئەوەی یەکەمینجاری بووبێ بە فڕۆکە گەشت بکا، لێوەکانی بە یەکدیدا دەهاتن، ئیتر نە دەزانرا نزا و پاڕانەوە بوو یا لە ترسانا چەقەیان لێوە دەهات.
فڕۆکەکە سەر بە هێڵە نایاب و چاکەکانی ئەم وڵاتە نەبوو، کاتێک کەوتە سەر زەوی بۆ نیشتنەوە تەکانێکی زۆری دا، ترسی چاند، لە سەر رێڕەو و خانەی نیشتنەوەکەی خۆی زۆر تیژرەو بوو، نەزانێک بیدیبا دەیگوت ئیدی ئەم فڕۆکەوانە فڕۆکەکەی بۆ ناگیرێتەوە، هێندە تیژ بوو، کوڕەگەنجەکە تا دەهات ترسی زێتری پێوە دیار بوو، هەستیار لە پەنجەرەکەوە دیقەتی ناو فڕۆکەخانەکەی دەدا، فڕۆکەیەکی زۆر و زەوەند لە باڵەفڕەکە نیشتبوونەوە، هەمە چەشنە و هەموو جۆر، هێدی هێدی تیژڕەوییەکەی کەم دەبووەوە، بەرەو خاوبوونەوە دەچوو، لە راوەستان نزیک ببۆوە، هەستیار هیلاک و ماندوو و شەونخون، بۆ خۆیشی سڵی لە سواربوونی فڕۆکە دەکردەوە، بە منالّی چەند لە سواربوونی کەرەشێتەکەی مالّی مامەحاجیی دێیەکەی خۆیان دەترسا هێندەیش لە سواری فڕۆکە، چاریشی ناچار بوو، کە لە ئاسمان دەبوو، بیری لەوە دەکردەوە کە دوو سەد کەس و ئەو هەموو تۆنە ئاسنە بەو حەواوەیە بێ ئەوەی بە شتێکەوە گیر بێ درێژترین مەودایش بە کورتترین ماوە دەبڕێ، ئەوەیش زانست و تەکتۆلۆژیا کە ژیانی مرۆڤی ئاسوودە کردووە، هەندێجاریش هەر تەکنۆلۆژیا دەبێتە مایەی وێرانکاری، فڕۆکەکە زۆر بە ئاسایی دەڕۆیشت و هەستیار پشتوێنەکەی کردەوە و کوڕە گەنجەکەیش هەمان کاری ئەنجام دا، کەمێکی تر رۆیشت و ئیتر فڕۆکەکە وەستا.....

( 8 )

نیمچه تەمتومانێک و کزەبایەکی سارد سارد تەواوی باڵەفڕخانەکەی گرتۆتەوە، پەنجەکان دەرچێنێ بەفر ئێرەو ئەوێی شار و ئەم شوێنەی داپۆشیوە، گوێچکەکان سوور سوور دەبنەوە و دەتەزێن سەرما کار لە ئەوکەکان دەکا و سڕی دەکا و دەکزێنەوە، جوڵەیەکی خێرا و زۆر و زەوەند باڵەفڕخانەکەی تەنیوە، دیمەنێکی جوان و گەورەی بازرگانی بە وڵات بەخشیوە، لە بازاڕێکی جەنجاڵی کڕین و فرۆشتنی کاڵا و کەرەستە دەچێ، هەر فڕۆکەیە سەرنشینی خۆی لە یەکێ لە خانەتایبەتییەکانی خۆیەوە دادەگرێت، خەڵکێکی دیکە بە پێچەوانەوە بەرەو فڕۆکەکان دەچن و سەر دەکەون، گالیسکە درێژ و فلاتەکاتی باڵەفڕخانەکە کەرەستەکان دەگوازنەوە، وەک چۆن خەڵکەکە سەردەکەون بە هەمان شێوە کەرەستەکانیان لە فڕۆکەکان بۆ دەئاخنن، ئەوانیشی گەیشتوون کەرەستە و کۆڵ و کەلوپەلەکانیان بۆ هۆڵی وەرگرتنەوە بۆ دەگوازنەوە، بزاوتنێکی سەیر و بێ وەستان هەیە، مرۆڤ پێی سەرسام دەبێ، ئەوانی ئاشناو شارەزا ببوون هەر لە ناو فڕۆکەوە پاڵتۆ و ساقۆ و جلی گەرم و پۆشتە و ملپێچ و کڵاویان پۆشیبوو، وا هەستیار لە پێپلیکانەی فڕۆکەکە دێتە خوارەوە ئارۆیشی بە دواوەیە، تەنها چاکەتێکی لە بەرە و سەرما شپڕێوی کردووە، لەو سەرمایەدا خەڵکەکە بە ریز دێنە خوارێ دیمەنێکی جوان نیشان دەدات، لە بەردەم دوا پێپلیکانە و چەند مەترێک بەولاوە بوزێک وەستاوە، هەر کە دادەبەزن خۆ دەهاونە نێو بووزەکەوە، هەستیار و ئارۆ بە گورجی لە دەرگای پشتەوە خۆیان بە نێو بووزەکەدا کرد، هەر بە پەلە پاڵتۆکەی لە کۆڵەکەی دەرهێناو لە بەریکرد، جێی دانیشتنیان بۆ نەمابووەوە هەر پێوە وەستان، هەردوو ناو لەپی بەیەکدا دەدا و هەڵی دەگلۆفتن، پشتی بە ستوونی ناوپاسەکەوە دابوو پێیەکانی بەبڵاوەیی لە خوارەوە گیرکردبوو تا نەکەوێ، ئارۆ سەیرێکی کرد و....

ئارۆ : زۆر ساردە.

هەستیار : نەمزانی ئێرە هێندە ساردە، تۆ سەرمات نییە.

ئارۆ : چۆن، ئەرێ سەرمامە.

هەستیار: باش ئاگات لە خۆت بێ نەخۆش نەکەوی.

نێو ئۆتۆبوزەکە گەرەلاوژەیەک بوو، کەس لە کەس تێ نەدەگەیشت، دیار بوو هەموو باسی سەرمایان دەکرد، کەمێک ناوەوە بە هۆی هالاو و قەڵەباڵغییەوە گەرم ببۆوە، وەلێ تەزوی ساردی هەر مابوو، گەیشتە دوا وێستگە و پێیان گوتن هەر یەکە و بەرەو بەر پەنجەرەی وڵاتی خۆ بڕۆن، تاوەکو تۆماری هاتنە ناوەوەی خۆیان ئەنجام بدەن، ئاپۆڕایەکی سەیر و جوڵەیەکی خێرا لە ڕاڕەوەکانەوە هەبوو لە بازاڕە میللیەکانی خۆ وڵاتی جەنجاڵتر و قەڵەباڵغ تر بوو، گەرەلاوژێیەکی بێکۆتا بوو شەو و ڕۆژ هەر وابوو، پێشتر هەستیار هاتبووە ئێرە، لە گەڵ هەنگاوەکانی چاوی بە نێو خەڵکەکەدا دەگێرا، لە هەموو زمان و نەتەوە و نیشتیمانێکی تێدا بوو، لە ڕەش ڕەشتر و لە بەفر سپیتر و لە گەنمڕەنگ گەنمڕەنگتری تیابوو، خەیاڵی بەرەو دونیایەکی دیکە لە شەققەی باڵی دەدا و دەفڕی، ئیتر لێرە بەها و ئاکارە کۆمەڵایەتییەکان هیچ بوونێکی نامێنێ و بەهای ئاکارە ماددیەکان جێی دەگرێتەوە، وڵاتی فرۆشتن و کڕین، کڕینی هەموو کاڵا و کەرەستەیەک تەنانەت وڵاتی کڕینی جەستەیشە.

لەش و لار و جەستەی خانمانی ئێرە بە هۆی بەفر و سەرمای بێ سەروبەر پۆشتەی پۆشتەکراون، تەنانەت سەرباری ئەو هەموو جلپۆشییە دەسکێشی چەرم و گۆرەوی ئەستووریشیان پۆشیوە، دەنا جۆرێکی دی دەبوون، لەم وڵاتە ئایین وەک نیشتمانەکەی ئەو بەمیرات نەماوەتەوە لێی بترسن و کڕنوش

بۆ بتخانە بەرن و روو لە وەهم بكەن، ئەو چوارشێوە پڕ ِلە ترسەی ئەو نیشتیمانەی داگرتووە لێرە وانییە، دایک و باوکەکان بە تۆبزی لە عەقڵی ساوایی مناڵی نائاخنن، لە وڵاتی هەستیاردا هەر لە گڕوگاڵییەوە خوا وەک دێوەزمەیەک نیشانیان دەدرێ، گەر پێ لە پارچە کاغەزێکی بنێن کە بەنەزەری ئەوان پیرۆزە و وتەی خواییە، ئیدی ئەو خوایە چاویان کوێر دەکا، کابە کەچ بووە و تاوان و گوناهێکی مەزنیان کردووە، ئەو خودایە لەو نیشتیمانە لە چاوەنواڕی ئەو تاوانەیە بۆ ئەوەی بە پەلە بکەوێتە نابیناکردنی چاوی مناڵێکی پڕ لە جوانی و بەرائەت، ئێ ئەم مەملەکەتەیش هەمان ئاییني هەیە کەچی خوایەکەیان جیاوازە، خوای ئێرە مرۆڤدۆست و بەخشندە و میهرەبان و لێبوردەیە، لێرە خوا لە چاوەنواڕی ئەو مناڵە سپی و بێگەردانە نییە تاوانێک ئەنجام بدا و چاوەکانی هەڵکۆڵێ، لە خواکەی وڵاتی ئەو ناچێ، ئەم سۆز و بەزەیی و بەخشندەیی هەیە، ئەویدیش سیفەتی تۆڵەکەرەوە، هەستیار بیر لەو کارانە دەکاتەوە و ئاوەزی خۆی پێ ئالوودە کردبوو، ئیدی سەرنجی دایەوە جوڵەی خەڵکەکە، بەردەم هەر پەنجەرەیەکیش جۆرێک لە زمان و نەتەوەی پێوە ئاڵا بوو، سەیری دەکردن و ڕێی دەکرد، هێندەی نەزانی وەبەر تەکانی زەلامێکی کەڵەگ و کەتەی دوو هێندەی خۆی کەوت، ڕاچڵەکی و زێتر وەئاگا هاتەوە، لە بن لێوەوە بە پەلەیی گوتی (( ئای ئەگەر وڵاتی خۆم دەبوو دەمزانی چیم پێدەکردی – کوێر، نابینا ، گەمژە، حۆلە، تەنیشت و .....تاد - کەچی لێرە نازانم چ زمانێکی و بە چ زمانێک بدوێم )) لە گەڵ ئەم خەیاڵەدا دیقەتێکی کابرای کەتەی دا، نەیدەزانی چۆن لە گەڵی بدوێ تەکانەکەی هێندە توند بوو مەترێک دووری هاویشت، لە گەڵ ئەوەیش یەکەمجار و لە گەڵ فڕێداندا هاوارێکی کرد، کابرای کەتە و زلە جانتایەکی گەورەیشی پێ بوو بە دوای خۆیەوە پەلکێشی دەکرد، دوای کەمێک ڕۆیشتن وەک بە ئاگا هاتبێتەوە شتێکی بچوکی بەرکەوتبێ ئاوڕێکی دایەوە، وا خۆی نیشان دا کە داوای لێبوردنی لێ دەکا، هەستیاریش وا حاڵی بوو بۆی دەگەڕێتەوە، لە پڕ بە زمانی ئینگلستانی گوتی ( sory sory ) کابرایش دەستێکی بۆ هەڵبڕی ئەمیش ئاهێکی پێدا هاتەوە، ئینجا هەستیار ئاوڕی دایەوە دیقەتیدا وا ئارۆ کۆڵەکەی وەک بارێکی قورس وەرسی کردووە، بە ئاماژەی سەر لەقاندنێک وەک بیەوێ پێی بڵێ خێرا بکە بەر پەنجەرەی وڵاتەکەمان چۆڵە تا خەڵکی نەهاتوون کارەکانیان مەیسەر بکەن، لە بەر پەنجەرەکە تەنها کەسێک وەستا بوو هەر کە ئەو تەواو بوو، خانمەکەی ئەودیو پەنجەرەکە بە دەست ئاماژەیەکی بۆ هەستیار کرد، ئەویش چووە پێشەوە و پاسەپۆرتەکەی دایە دەست، لێی وەرگرت و گوتی....

فەرمانبەر : بە خێر بێن بۆ وڵاتەکەمان، هیوای کاتێکی خۆشتان بۆ دەخوازین، بچۆ ژوورەوە کە تەواو بوو پاسەپۆرتەکەت بۆ دەگەڕێنەوە .

چووە ژوورەوە و لە چاوەنواڕی وەرگرتنەوەبوو، پاش ئەو ئارۆیش چووە لای خانمەکە و بە هەمان شێوە ئەویش چووە ژوورەوە، لە تەک کارمەندەکانا کیژێکی جوان و شۆخ و شەنگ کە بە هۆی سەرماوە پۆشتە بوو، هاوار و دەنگە دەنگێکی دروستکردبوو داوای کۆڵ و جانتاکەی دەکرد، ئیدی لە ژوورەوە کارمەندێک هات و بە هێمنی تێی گەیاند کە کەمێک لەولاتر لە هۆڵە گەورەکە کەرەستەکانی لە خانەی وڵاتی خۆی وەردەگرێتەوە، کپبۆوە و لەولای ئارۆوە دانیشت و بێدەنگ بوو، هەستیار پاسەپۆرتەکەی وەرگرتەوە کەچی ئارۆ جانتایەکی بچوکی بەشانەوە بوو بە وردی دەستیان بە پشکنینی کرد و گرفتیش لە ناوەکەی هەبوو کەمێک دواکەوتن، دوای نیو کاژێرێک ئەویش پاسەپۆرتەکەی وەرگرتەوە، پێکەوە ڕێیان کرد و چوونە هۆڵە گەورەکەی کەرەستە و کۆڵ و جانتا وەرگرتنەوە، نەیاندەزانی چۆن کۆڵەکە وەربگرنەوە، خانەی وڵاتی خۆیان پێ نەدەزانی، لە کارمەندێکی فڕۆکەخانەکەیان پرسی و پێی گوتن کەرەستەی ئێوە لە خانەی ژمارە یەکە ئەوانیش بەرەو هەمان خانە ڕۆیشتن.

هەر خانەیەک دوو ستونی بۆ کرابوو، پارچە چەرمێک بە سەر ڕۆڵەیەکەوە بوو دەخولایەوە و کەرەستە و کۆڵ و جانتاکانی لەسەر بوو بە دەوری دوو ستونەکە دەسووڕایەوە هەر یەکە و لای خۆی ڕادەوەستا و بە سووڕانەوەی پارچە چەرمەکە کەرەستەکان دەهاتنە بەردەستی، هەر یەکە و دەستی دەدایە کۆڵ و جانتای خۆی و دەڕۆیشت، هەستیاریش هەر کە جانتاکەی هاتە بەر دەست دەستی دایە و ڕۆیشت،

هەروەک بیانییەکان جانتاکەی لە کۆڵ ناو دەستەکانی لە گیرفانی نا نەبا سەرمایان بێت، بەڵام کۆڵەکەی قورس بوو، جا رووی کردە ئارۆ کە تا زووە بڕۆن و ئێشیان لێرە نەماوە، هەتا ئەو سەری هۆڵەکە رۆیشتن رێگەی دەرچوونی نەدەزانی گەڕایەوە شوێنی خۆی، ئارۆ سەیرێکی کرد و....

ئارۆ : ئەوە چیت لێ ونبووە، دەڵێی رێگای دەرچوون نازانیت.

هەستیارخۆی نەشکاندەوە گوتی : با بە باشی دیقەتێکی ئێرە بدەین نەک جارێکی دیکە بۆی بگەڕێینەوە.

پاساوێکی باش بوو، سەیرێکی خەڵکەکەی دەکرد لە کوێوە دەردەچن دەرگاکەی دیتەوە و دوایان کەوت، وەک ئەو خەڵکە ملی رێگای گرت، کەچی کەوتنە هۆڵێکی گەورەتر و بازاڕیش بوو، زەنگی مۆبایلە گالاکسیەکەی زوو زوو جیکەیەکی مسجی بۆ دەهات، تەماشای دەکرد، هێڵی مۆبایلی ئەم وڵاتە بوو بەخێرهاتنی دەکردن، ئارۆ بە هەستیاری گوتبوو کە دەبێ هێڵێکی مۆبایلی چنگ بکەوێت تا پەیوەندی بە خزم و ناسیاوەکانییەوە بکات، پارەی ئەم وڵاتەی پێنەبوو، لە جێفرۆشی مۆبایلدا دوو سەد دۆلارێکی هورد کردەوە، هێڵێکی کڕی و شارەزایش نەبوو هەستیار هەمووی بۆ مەیسەر کرد، ئەوجا ئارۆ گوتی

ئارۆ : ئێستا شۆڤێرەکانی فڕۆکەخانە پارەیەکی زۆرمان لێ وەردەگرن .

هەستیار : وتم خەمت نەبێ بە تاکسییەکان ناڕۆینە چەقی شار.

ئارۆ : ئەی چۆن و بەچی دەڕۆین لێرەوە .

هەستیار : ئێستا دەچینە دەرەوە و دەپەڕینە ئەو بەر و لە میترۆکەوە سواری ترام دەبین و بە ( 5 ) لیرە دەگەینە جێ مەبەست.

هەر کە لە هۆڵە بازاڕییەکە دەرچوون ئەم شۆفێر و ئەوی دی رێیان پێ دەگرتن و دەیانگوت (( وەرن با بتانگەیەنین کوێتان دەوێ )) ئەمانیش خۆیان لێ گێلکردن و روویان لێ وەرچەرخاندن ولە راستە رێی شەقامەکە پەڕینەوە، هێشتان خۆر بە تەواوی خۆی بە ناو شاردا نەکردبوو، بولێڵییەک باڵی خۆی کێشابوو بە سەر شاردا، کە چوونە ئەو بەرەوە لە میترۆکەوە سواری ترام بوون، هەستیار بە پارەی خۆی بلیتی ترامی بۆ ئەویش بڕی، پێکڤە سەرکەفتن، ناو ترامەکە جەنجاڵ و قەڵەباڵغ بوو بە پێوە وەستان، تاوێک ترامەکە رۆیشت سەر زەوی کەوت، دەشت و دەر و خانوو و باڵەخانە و ئەپارتمان دەرکەوتن، هەموو بەفر داپیۆشی بوون، چەند وێستگەیەک بە پێوە بوو، ناو بە ناو هەستیار و ئارۆ باسی سەرما و بەفری ئەم شارەیان دەکرد، دیمەنەکانیشی جوانکردبوو، ترامەکە جار جار دەکەوتە نێو میترۆ و جار جاریش سەر زەوی دەکەوتەوە، هەستیار جێی بۆ بوو و دانیشت، کەسێکی هاوتەمەنی خۆی لە تەنیشتییەوە بوو، گوێی بۆ قسەکانیان رادەدێرا، لێیان تیدەگەیشت ئەویش هاو زمان و خەڵکی ئەم شارە بوو، یەک دوو وێستگەی دی ترامەکە رۆیشت، کابرای هاوزمان دیقەتێکی هەستیاری داو گوتی :

کرمانج : دەڵێی ئێوە نامۆن.

هەستیار گەشایەوە بە بزەیەکەوە گوتی : ئەرێ.

کرمانج : باشە خێرهاتن، چما شارەزانە.

هەستیار : پچەک، چەقی شار چەندی مایە.

کرمانج : ئەز ڤێ ڤێستگەها دهێمە خارێ، ئێڤە پشتا دووە ڤێستگەهان دن رێنە خارێ.

هەستیار : گەلەک سپاس پس مام زەحمەتە هەوە دان.

کرمانج : نەه چ زەحمەتەک نینە.

ترامەکە کەمێک رۆیشت و وەستا کابرای کرمانج دابەزی، خوا حافیزی لێکردن، ئارۆ هاتە جێی کابرای کرمانج و لە تەنیشت هەستیارەوە دانیشت، هەندێ لە خەڵکەکەی ناوترامەکە دیقەتیان دەدان، جانتاکانیان قورس بوو، رەنگە لە ناو ئەو خەڵکە کەسی وا هەبووبێت بیری لەوە کردبێتەوە بشێ ئەو جانتایانە پارەی تیا نەبن، بۆ نا خۆ ئەوانە نامۆن بەم وڵاتە، بۆیە بیریان دەکردەوە بە چ جۆرێ جانتاکانیان بڕفێنن، ئیدی سەیر کردنی خەڵکەکەیان لا ئاسایی نەبوو، بۆیە جانتاکەی لە نێو هەردوو لاقی توند کرد و

ئارۆیشی تێ گەیاند وریا و ئاگای لە خۆی و گیرفانەکانی بێ، نەبا قۆڵبڕ بن، بە بێدەنگی مانەوە، لەم کاتەدا زەنگی مۆبایلەکەی هەستیار لێی دا:

هەستیار : بەڵێ فەرموو.

غەمین : سڵاو چۆنی ، ها هەستیار گەیشتی.

هەستیار: بەڵێ ئەی تۆ گەیشتی زۆرم خەم بوو، دەنگت هەر نەبوو، گوتم خوانەخواستە لە ڕێگاو بان شتێک نەبووبێ.

غەمین: : بەڵێ بەڵێ ، سوپاس بە سەلامەتی گەیشتم، تۆ کەی گەیشتی.

هەستیار : منیش وا لە ناو ترامم بەرەو چەقی شار دەڕۆین، تازە گەیشتووین، دەنا بۆ خۆم وام دانابووکە بگەمە هوتێل تەلەفۆنت بۆ بکەم.

غەمین : دەباشە مادام بە سەلامەتی گەیشتووی دوایی ئاگامان لە یەک دەبێ.

هەستیار : دەی باشە بە هیوای خۆشی و بە ختەوەریتان.

غەمین : ئاسودە بن.

بڵندگۆی ترامەکە دەنگی لێ بڵند کردو جاڕی دا وێستگەی دادێ وێستگەی چەقی شارە، هەستیار کۆڵەکەی هەڵگرت و ئارۆی تێگەیاند ئەویش خۆی ئامادە بکات، هێندەی پێنەچوو ترامەکە وەستا، خەڵکێکی زۆر دابەزین، بەرەو پێپلیکانەکان سەرکەوتن و ئەمانیش دوویان کەوتن، هاتنە سەرەوە بۆ ناو شار و سەر زەوی، بایەکی کەمێک بەهێز و ساردی هەبوو، دەست و پەنجەی دەرچاند، هەر لە دەرگای میترۆکەوە ئارۆ تەلەفۆنی بۆ خزمانی کرد و پێیان گوت، تۆ لەوێ بە ئێمەیش وا دێین بۆلات مەجوولێوە .........

( 9 )

فریشتەکان خۆ لە باڵ رۆحی جوان و بەرائەتی پەروانەوە دەئاڵێنن، لە تاریکستانی جەنگەڵەوە گوزەر دەکەن، ئەو دەمانەی پەروانە لە دووری روناهی گۆشەگیر دەکرێن، باڵەکان تەنک تەنک دەبنەوە، هەست بە نغرۆ بوونی مەرگی شەوانە دەکەن، رۆژیش گوڵ و خونچە و چرۆکان نوقمی ژاراوی سەختی زەمەن دەکرێت، سەرمەست و بێ ئاگایانە لە سۆراغی کەنارە جوانەکانی ژیانن بۆ کەناری ئارامی پڕ سێبەری ئۆقرەیی عەوداڵن، لە کنەی نسێی فێنکی دڵدانەوە و حەوانەوەی ئەبەدین، ئەو دەمەیش لە نەبوونی پاکی و بەرائەتی گوڵ و رۆشنایی چنگ ناکەون و بە گژ دێوەزمەدا دەچنەوە، شەققەی باڵە ناسکەکانیان لە هەر لەمپەرێ گیر بێ، بە بارتەقای زۆرانبازی ئەژدیهایا جەنجاڵ دەبن، لە ئاقاری هەر پەڕە گوڵێکدا بن پشووەکانیان تەمەن درێژ ناکاتەوە، کورتبینی زەمەن بینەقاقای هزر و دیدی ئاسۆکانیان لێڵ تاریک دەکات.

ژیان قوربانییەکانی لە دایک دەبێ و ئاسۆکانی سەردەبڕێ، ئێرە مەملەکەتی بێ سەوادی ژیانە، نیشتیمانی پاسارییە دەم شڕەکانی تەمەنە، ئێرە لە جوانی و پاکی و نەشونمای لاری و لاولاوی خۆیان ناڕوانن، هەمیشە بە گژ وەهمێکا دێن کە ناتوانن بە ئەندازەی ئەژنۆیەکا هەڵبزنێن، هەوەسەکانیان ئیرەیی جەستە بە شەوانی تەنیایی دەبا، بۆیە لە شەوە جووتەکانا لە تۆڵەی هەرزەییدا خۆ لوول دەکەن، شەوێکی جووت بوون لە گێژەڵوکەی تۆڵەدا شەتەک بوونی ئەو دیو سێبەری خۆر جاڕ دەدا، وەڕسبوون لە دەم برسێتی گەلە گورگەوە هاوێر دەبێ، لەو دیوی تەنیاییەوە مانگ بە خەمەکانی خۆر دەسپێردرێت، لە پەلاماری سێبەر و گەلاوەریوەکانا شاتاوڵێکی هەڵاتوی دەم گورگە و بێزارکەری رمبازێنی سوارەی سەر زین و ئەسپە، بەگژ مەرقەدەکانی پەرستنیشا دەچێتەوە، بەهاکانی ژیان لوول دەکا، لێرەوە سەرەڕۆ و سەرەڕێی ترس و جەرگ هەژێن دەبێ، کۆست و کۆڤانەکان سەر لە بەر و سەر لەنوێ نۆژن دەکاتەوە،

تەلاری خەمەکانی هەڵدەچنێ و لە تخۆبب َکیدا دەست لەملی تەنیایی ئەبەدییەت دەنێ، ئەو ساتانەیش چاوەکان دەبنە روبارێک و جگە لە خود کەس گوێ لە ناخی بریندار ی پڕ هەوەس و غەریزەی شەوە شێواوەکانی ناگرێت، ئەمە شەرمکردنی ژیانە لە دەمچریکاندنی بێمروەتی، زمانێ بۆ تەمەن کلۆمدرابێ، ئەرێ کردەنییەکانی بە دەنگ دێن، شەرم لە گریانی پاسارییەکان ناکات، بەزەییەکانی وەک ئاکار تووڕ دەدا، نایەوی چیتر لە بن چەپۆکی دابونەریتەکانا بچەوسێتەوە، دەیەوێ هەر ڕۆژەو پاسارییەک لە قەفەسی سینگیدا جووت بکات ئەو دەمانەی پاسارییەکی لێ هەڵدەکەوێ و لەو کۆتە ئەڤینداریە هۆگر و ئاشقی دەبێ، ئاشق بە شەرمکردن و ئاشق بە دوورکەوتنەوەی زمان و کاری تۆڵە، ئاشق بە هۆگری پانتایی بیر و هزر، لە ئاوێزانی پاشایەتی غەریزە و هاوتەریب بوونی سەفەری تەمەن کە گوڵەکان ببنەوە چرۆ، بۆنی ئەو خانمە گوڵانە لە شەیدایی بوونی فریودانەوە دەبنە شەیدایی بوونی ژیان.

لێرەوە هەڵاتن دەبێتە تاکە مەنفەزی ژیان، هەڵاتن بە رووی بێ بەهاکردنی پاساری، گوێ نەگرتن لە هەنسک و قوڵپی گریان، تەماشا نەکردنی فرمێسک، بێ دەربەست بوون لە هەڵپە و خەمخۆری و عەوداڵ بوونی پەرش و بڵاوی پوش و پەڵاشی هێلانە، وێرانە بوونی لانە و رەقبوونەوە لە بەر کرێوە و تەرزە و شاتاوڵی سەرمای زمستان و سوتانەوەی هەناوی هەڵقرچاو بە دەمگڕە گەرمای هاوینەوە، تا ژیان لە مانا راستەقینەکانی خۆی بگەرێت، هێشتان راستی و دروستی خۆی نەدۆزیوەتەوە، چۆن دەبێتە فریادڕسی رۆح لەبەران، با ژیان رێزگرتنی یەکدی وەک شنەبایەکی سپێدە، ئاونگێکی دەم بەیان ببارێنێت، ئەو دەمە رۆح لەبەران هەڵنایەن، نیشتیمان بە گڵۆپە رەنگاورەنگەکان جوان دەبێتەوە، تەنانەت گوڵ پێ دەگات و مۆمیش رۆشنایی دەخاتەوە، ئەوە ئێمە نین ونبین و خۆ نەدۆزینەوە، ئەوە ژیانە نامادۆزێتەوە و مەرگە هەناسەمان نابرێت، ئێمەیش عەوداڵ و سەرەڕۆ و لاسارین، هێشتان پاسارییەکان نازانن چۆن لانەکان ناشێوێنن، هەمیشە لە ژیانا بە ڕکبوونەوە و هەڵگەڕانەوە رایی بوون، دەرفەتەکانی پیاو دەبنە هەڵ و دەقۆزرێنەوە، بۆ شەڕی باڵا بوون شەرم لە بێدەنگی ناکەن، شەڕی هەیبەت و دەسەڵات، گریانەکانی پاساری بەزەیی و سۆز دەبارێنێت، کەچی لە بن ئەو گریانانەوە نەخشە رێژن و دێوەزمەیەکن لە دژی ژیان.

( 10 )

هەناسەکانی نامۆبوون گڕو هاڵاوی تەنیایی زێتر بە ئاگردانی پشکۆیا دەکا، خەمەکان گەورە دەبن بست بە بست باڵا دەکەن، لێرەوە هەنگاوەکانی تەنایی و نامۆبوون بێ ئەوینی دادەهێنن و سەر بە کۆشی دڵا دەکەن، مرۆڤەکان ناتوانن زێد بکرن وەلێ دەتوانن نامۆیی بدۆزنەوە، گەر خەم دوێنێ شنەبایەکی ئەزەلی دابونەریت بوو بێت، نها ناسۆری بە بارتەقای سروشت و ئاسمان و هەسارە مەڵاس دراوە، لەم تەمەن و رۆژگاری جەنجاڵییە مرۆڤ ناتوانێت گۆرانی بۆ ئیشق بڵێ بەڵام دەکارێ ئاوازەکانی غوربەت بدۆزێتەوە، ئیشق سەرە مەرگی خۆی نیشان دەدا ئیتر نازانی لە سۆراغی پاروە نان بێت یا مەئوایەکی ئارام و پڕ ئۆقرە، ئۆقرەیی زۆر ئەستەمە لە ئامێزی نامۆ بوونا بسەکنێت، ئۆقرەیی ئامێز بۆ ئیشق دەکاتەوە، ئیشقیش ماناکانی ژیان جوان دەکا، جوانیش تەمەن درێژ دەکاتەوە، زۆر هەوڵدرا بە سامانە نەگریسەکان لە دەروازەکانی ئیشق بدەن و بچنە هەناوییەوە و ئەویش قۆرخ بکرێت، سەد شوکر نابەڵەد بوون و لە دەروازەی ئۆقرەییەوە غلۆر بوونەوە بەرەو فەنا بوون، ئیدی ترس و رارڕیی و دڵەڕاوکێ هەناویان دەخوا، جورئەتەکان لەرزۆک و ترسنۆکن لە دەرگای ئیشق بدەن، زەمەن ناسۆری و وەیشوومەی بۆ لە بوخچە و مەلۆتکەی تەمەن ئاڵاندوو.

ئارۆ لە دەروازەی میترۆکەوە دابڕا، هەستیار دەست و پەنجەکانی تەزی بوون، جانتاکەی حمەتاڵ پێی دابوو لە کۆڵکردبوو، دەستەکانی هەر سەرمای ببوون و رچیوون، بەفر و ئەو بایە بەهێزە سیمای سروشتی شێواندبوو، پێشتر لەم شارەدا حەوتەیەک مابۆوە پێی سەیر و نامۆ نەبوو، بە پەلە بۆ ژووانەکانی جارانی هەنگاوەکانی گورجتر دەکردەوە، لێ مەخابن هێشتان سپێدەیەکی زووە و کەس وەئاگا نەهاتۆتەوە، خەسڵەتی ئێرەیش وایە شەونخونی دەکەن و سپێدان درەنگانێک هەڵدەستن، تەنانەت نەیدەتوانی کەرەستەی خۆپارێزی سەرمایش بکڕێت، تا ئێستا دوکانەکان نەکراونەتەوە، قەدەرێکی دیکە رۆیشت و یادگارییە کۆنەکانی چەند ساڵی رابردووی وەبیر هاتنەوە، ئەو هوتێلەی لێی مابۆوە، نوسینگەی ئینتەرنێت و پەیوەندی تەلەفۆنی و ژووانی نانخواردنی ئێواران و بەر دەرگای هوتێلەکە و پیاسە و ترپەی هەنگاوەکانیشی، هەموو ئەو ناوەی پشکنی وەک ئەوەی بیەوێ بڵێت پێنج ساڵان تەمەن بە زایە و هەدەر چوون، وا ئێستا گەڕاوەتەوە خاڵی هیچ و دیسانەوە لێرەوە دەست پێدەکاتەوە، سەری خۆی داگرت و چاوەکانی لە بەر پێی گیر کرد نەبا بەم سەبای ساڵحانە لە سەر گازەرەی پشت لە سەر ئەو شەختەبەندانە بخلیسکێ و بکەوێت، بە ئاسپایی رێی دەکرد، بنی پێڵاوەکانی باش بوون لە بەفرەکە گیر دەبوون، خەمی نەبوو دەیزانی ناکەوێت، لە تەک غەمین ئەو پێڵاوە تازانەی کڕی بوون، هەر دەڕۆیشت و بیری کۆنی دەکردەوە، قورسایی کۆڵەکەی هەم ماندووی کردبوو هەمیش بە نێو بازاردا پێی وابوو دیمەنێکی نامۆیە، پێویستە خۆی لەو ستایلە قورتار بکات، بیرکردنەوە و تێفکرینی وەرچەرخا و بە هزریدا هاتەوە باشترین کار ئەنجامی بدات شوێنێکی حەوانەوە پەیدا بکات، لە هوتێلێکدا پشوو بدات، گەڕایەوە نزیک دەرگای میترۆکە، لە رێگایش کڵاوێکی چەرمڕەشی پڕ فەروی کڕی کە تا گوێچکەکانی دەهاتنە خوارێ، کەمێک گەرم بوونەوەو دەستکێشێکیشی کڕی و پەنجەکانی تێدا حەشاردا، ئۆخەیەکی پێدا هات و کەمێک گەرمبوونەوە. ئیدی لە میوانخانەیەک نزیکبۆوە، خۆی بە ژووردا کرد، سەرە تەقێیەکی لە زمانی ئەم وڵاتە دەکرد لە تەک خاوەن میوانخانەکە دوا، داوای ژوورێکی پوختە و پاک و تەمیزی لێکرد، میوانخانەیەکی پۆشتەو پەرداخ و رێکوپێک و جوان وپاک دیاربوو، خاوەن هوتێلەکە گوتی خاوەن میوانخانە: کەرەسەتەکانت لێرە دابنێ و بچۆ دیقەتێکی ئەو ژوورە بدە بزانە بە دڵتانە.

سەرێکی بۆ لەقاند، مێرمنداڵێکی لە تەنیشت نارد و هەستیار ویستی لە پێپلیکانەکەوە سەر کەوێت، کەچی کۆڕێژگەکە، دەستی بۆ بووشی ئاسانسەرەکە برد کە تەنها دوو مەتر لە شوێنی نوسینگەی میوانخانەکەوە دوور بوو، کە دەرگای ئاسانسەرەکە کرایەوە کوڕێژگەکە فەرمووی لێکرد، لە نهۆمی یەکەم دابەزین، داڵانێکی تەنگ بوو دیوارەکان تازە بۆیە کرابوون، هێشتان بۆنی لێ دەهات، چەند شەقاوێک دوور کەوتنەوە و دەرگای ژوورێکی پوختە و قنجی بۆ کردەوە، ناو ژوورەکەی نیشاندا شتەکانی بۆ شی دەکردەوە، بالکۆنەکەی نیشاندا کە دەیڕوانییە سەر شەقامە سەرەکییەکە، دیقەتێکی مێردمناڵەکەی دا و سەری رەزامەندی بۆ لەقاند، جێگایەکی دوو کەسی، مێز و ئاوێنە و دۆڵابێکی پاک و زەوییەکی رەنگ فستقی و دیوارەکەی هەمان رەنگ، ستایلێکی جوانی نەخشێنراو، پوخت و رێکوپێک ژوورێک مرۆڤ تێیدا ئاسوودە دەبوو، دەست شۆر و WC و جێی خۆشۆرین بێگەرد بوو، ئاوی سارد و گەرم، هەر کە یەکەم جار بە ژوور کەوت مرۆڤ هەستی بە گەرمی دەکرد، چونکی شۆفاشی گەرمییەکە کاری دەکرد، وا بیری دەکردەوە رەنگە کرێی شەوانەی زۆر بێت، ئیتر سەری رەزامەندی تەواوی بۆ کوڕێژگەکە لەقاند و چوونە دەرەوە و هەر بە ئاسانسەرەکە گەڕانەوە بۆ خوارەوە، لە گەڵ خاوەن میوانخانە قەدەرێک پێکەوە قسەیان کرد و وەستان، دواجار قایل بوو بە (100) لیرە تێیدا بمێنێتەوە، ئەو هێشتان لە پارەی ئەم وڵاتە حاڵی نەببوو لێ لێکیدایەوە بۆ ( 24 ) کاتژمێر دەکاتە ( 44) دیناری خۆ وڵاتی، لای پەسەند و باش بوو، ئەمجارەیان مێردمنداڵەکە کۆڵەکەی بۆ هەڵگرت و کلیلی ژوورەکەیش بە دەستی خۆیەوە گرت و سەرکەوتن و بەرەو ژوورەکە رۆیشتنەوە، کە کەرەستەکانی بۆ دانا هەستیار ( 10 ) دە لیرەیەکی بە مێردمناڵەکەدا، ورد ورد خۆی کردەوە و لە کۆڵەکەیدا جلپۆشی حەوانەوەی دەرئانی و خاولی گرتە دەست و ئاوێکی بە رووخسار و سیمایا کرد و دەرگاکەی کلۆمداو بەو سپێدەیە لە سەر تەختەی نوستنەکە لێی

راکشاو نوست.....لە گەرمەی نوستنا هەستی بە کەمێ سەرمابوون کرد، پێخەفەکەی راکێشا و خۆی لوولکرد و زیاتر چووە نێو خەوەوە، شەوی رابردوو بە هۆی سەفەرەکەیەوە نە لە نێو فرۆکە نە لە پایتەخت خەوی لێ نەکەوتبوو، زۆر هەستی بە ماندوو بوون دەکرد، ئەم شارەیش گەلێک سارد بوو، چاوەنوارییەکانی بۆ سەرما و بەفرێکی وا زۆر و ئەو بایە نەبوو، بە هەر حاڵ ئێستێ لە ژووری خۆش و ناو جێی گەرما ماندوو بوونی خۆی دەرکرد و پشوویەکی باشی دا.

چاوەکانی کردەوە، گوێی لە غلبە غلب و دەنگەدەنگی بازارەکە بوو، دەستێکی بۆ مۆبایلەکەی برد و دیقەتی کاتژمێرەکەی دا، کات یەکی نیوەڕۆی تێپەڕاندبوو، لە بالکۆنەکەوە دیقەتێکی ناو بازاڕەکەی دا، جمەی دەهات لە خەڵکی هەموو بەدەرەوە بوون، گەڕایەوە ژوورەکە و لە خۆشۆرەکە خۆی شۆری و پاشان گەرم گەرم خۆی پێچایەوە نەبا سەرمای بێت، دەرچووە دەرێ و پێش دەرچوون لە هوتێلەکەیش سڵاوێکی لە خاوەن میوانخانەکە کرد، چێشتخانەیەک شارەزا بوو برسیشی بوو، رێک ملی ئەوێی گرتەبەر، بە بازارەکەدا بەخێرایی دەرۆیشت وەک ئەوەی کاری دیکەی بە دواوە بێت، لە لۆقرتەخانەکەدا نۆبەتی گرت و سینی و قاپەکانی لە خواردن و نان و ئاو و ماستاو پڕ کرد، بە هەمان شێوە بە پەلە نانەکەی خوارد و هەر لەوێش چایەکی خەستی بەسەردا کرد، کە خۆی هەمیشە حەزی بەو جۆرە چایانەیە، ئیتر خەمی ئەوەی خوارد پێویستە هێڵێکی مۆبایلی ئەم وڵاتە بکڕێ، چونکە هێڵەکەی وڵاتی خۆیان کە لێرەیش کار دەکات گرانتر لە سەری دەکەوێت و ناشزانێت چۆن باڵانسی پڕ بکاتەوە، هەر کە هێڵەکەی گڕی و کەوتە کارەوە پەیوەندی بە جانۆوە کرد، جانۆ ئەو کوڕە جەربەزە و چوست و چالاک و سەردەرکردووە بوو دەیزانی خەڵک چۆن بەرەو دونیای دیکە بگوازێتەوە بە رێگای نایاسایی، دوای سڵاو و هەواڵ پرسین گوتی (( ئەوە من گەیشتم، تۆ لە کوێی )) چەند مانگێک بەر لە ئێستا رێککەوتبوون لێرەوە قورتاری بکات،جانۆیش ژمارەی مۆبایلێکی پێدا پەیوەندی پێوە بکات، ئەو دەیگەیەنێتە لای جانۆ........

( 11 )

بە تەنها لەم شارە چەتە و قۆڵبڕ نین بەڵکە خاوەن دوکانەکانیش پڕ فرت و فێڵن، لێرە هەمیشە گەمە بە ژیانی مرۆڤەوە دەکرێ، گەمەیەک خەڵکەکە بۆ خۆی خولیای بووە نەک دەسەڵات ئاوی ڕشتبێت، وەک ئەو وڵاتەی دی، مرۆڤێک بە دووی سەرگەردانییەوە بێت وەک لەم شارە بەسۆراغیدا بێت، مرۆڤخۆرەکانی زەمەن و مێژووی رابردوو رۆژگاری شەرەفمەندانەیان تۆمارکردووە، مرۆڤخۆرەکانی ئێرە جگە لە ئابروو تکاندنی مرۆڤایەتی و ئەتککردنی مافەکانی چیدی لێ سەوز نابێت، گاڵتەجاری لێرە بە ژیان دەکرێت، بێ بەهاکردنی ئینسان، کەچی زۆرێک لەوانەی فانتازیا بە ژیانەوە وێنا دەکەن، لە بیری خۆیان بردۆتەوە کە لێرەوە گوزەریان کردووە، لێرەوە بە دەستی باندە جۆراو جۆرەکانەوە ریسوایی تەمەنی خۆی دیتووە، ئیدی سروشتی مرۆڤ واهەڵکەوتووە راستییەکانی ژیانی خود بشارێتەوە، ناشیرینەکانی سەرەونگوم بکا کارە جوان و رۆژگارە بەر دەستییە باڵاکانی بە وێنایەکی گەشەوە نیشان بدا، رەوا بوونی هەر خواست و مافێک لە خودەوە چەکەرەی پێبکە، مرۆڤ کە نەتوانێ رەوابوونی خۆی جاڕ بدا ئیدی چۆن دەتوانێت لە گەڵ دۆراندۆر و نزیکەکانی راست رەوایی بجوڵێتەوە و هەڵسوکەوت بکات، خۆڵکردنە چاوی خود لای رۆژهەڵاتیی وەک ئەوان لە خۆرسکییەوە هەناوی داگیر کردون، ئەو مرۆڤانەی سەر لە وڵات دەدەنەوە لێوانلێون لە فانتازیا و خۆ سەپاندن و خۆ فەرزکردن بە سەر دۆست و ناسیاو و خزم و هاوڕێکانیانەوە کەم دەرایی خاکەڕاییان نیشان دەدات، گاڵتە بە دوێنێی خۆیان دەکەن یا هەر لە بیری دەبەنەوە، کە لە بن دەستی سەرۆک باندەکانی مرۆڤخۆرییەوە تێپەڕیون و بە ئەمڕۆ گەیشتوون.

هەستیار بۆ بە مەرام گەیشتن و پەڕینەوە بۆ دونیای بەهەشتی خولیای دۆزینەوەی ئەو خاوەن ژمارە بوو جانۆ پێی دابوو، زەنگێکی بۆ کرد وەڵامی نەبوو، نەخێر پاش کەمێک زەنگێکی تری بۆ کرد هەر وەڵامی نەبوو، ڕێی گرتە بەر و خەمێکی پاڵتۆ چەرمەکەی بخوا، چووە دوکانێکی کۆنە فرۆش، بە نیاز بوو پاڵتۆیەکی تر بکڕێت، گەلێک گەڕا شتێکی وای دەست نەکەوت بە کەڵکی ئەو بێت، دیار بوو خاوەن دوکانەکە سەر راست بێت لە قوڵبڕەکانی ئەم شارە نەدەچوو.

دوکاندار : ئەوە بۆ چ دەگەڕێیت.

هەستیار : پاڵتۆیەکی باش.

دوکاندار : ئەی ئەوەی خۆت چ عەیبێکی هەیە زۆر باشە.

هەستیار : راست دەکەی بەڵام زنجیرەکەی داناخرێت.

دوکاندار : بیهێنە ئێستا بۆ چاک دەکەمەوە.

کابرای دوکاندار زۆری هەڵپە و هەوڵدا چەند جارێک چووە نهۆمی سەرەوە و کەرەستەی بۆ هێنا و ماندوویش بوو زۆر زۆر ، تاوەکو ئاقیبەت بە نیوە چڵی هەر چاکی کردەوە، ئیتر لە گەڵ کابرای دوکاندار زۆریان پێکەوە قسە کرد، دیار بوو ئەویش غەوارە بوو لە وڵاتێکی دییەوە هاتبوو، سۆزی بۆ هەستیار جوڵا بوو بۆیە بڕە پارەیەکی زۆر کەمی لێوەرگرت، هاتە دەرەوە و ماڵئاوایی لێکرد و گەلێک سوپاسگوزاری بوو، دەیویست کەمێک کات بە سەر ببات، تا تلفۆنێکی دیکە بۆ ژمارە مۆبایلەکە بکاتەوە، چووە سەنتەرێکی پەیوەندی تەلەفۆنی و لە گەڵ غەمین هەندێ هەواڵ پرسین و جێ و ڕێی خۆی پێگوت، کات لە دەوروبەری سێی پاش نیوەڕۆ دەبوو هێشتا بەفرەکە بە سەر گەڵا و چیمەن و دارەکانی پارکەکەوە کەم کەم مابوون، بایە ساردەکەیشی هەر مابوو، کڵاوە چەرمەکەی سەر و گوێچکەکانی پێگەرم کردبۆوە، بە مۆبایلەکەی خۆی جارێکی تر تەلەفۆنی بۆ کردەوە، ناوی رۆژە بوو روونیان پێدەگووت، نەخێر دیسانەوە هەر وەڵامی نەدایەوە، ناچار ئینجا تەلەفۆنێکی بۆ جانۆ کردەوە، پێی گوت ئەوە چەندجارێکە تەلەفۆنی بۆ دەکات وەڵامی ناداتەوە، ئەویش تێی گەیاند کە پاش کەمێکی دی وەڵامی دەداتەوە، دە خولەکێک تێپەڕی زەنگی مۆبایلەکەی لێیدا، جانۆ بوو پێی گوت کە ئێستا تەلەفۆنی بۆ بکات، ئەمجارەیان ئەوکی پاککردەوە و زەنگێکی بۆ کرد، دووجار لێی دا و دەنگێک هات و.....

رۆژ : بەڵێ قوربان ، ئێوە مامۆستا هەستیارن.

هەستیار : بەڵێ بەڕێز، ئەی ئێوە کاک رۆژن.

رۆژ : بەڵێ، ناسراو بە روون وەک رۆژی روون واین درۆ لە گەڵ خەڵکی خۆمان ناکەین و کارەکان بێ پێچ و پەنا دەبیەنە سەر، گلەییتان نابێت. تۆ وەرە لای نافوری ئاوەکەی نێزیک دەرکی میترۆکە، منیش پاش چەند خولەکێکی دیکە دەگەمە لاتان.

هەستیار : بەڵێ قوربان گیان منیش چایەک دەخۆم و دێمە جێ مەبەست .

چایخانەکە نزیکی بوو دوو چای بەسەر یەکەوە خوارد ودوای ئەوە بەرەو نافورەکە بەرێکەوت، ئینجا پەلەی کرد نەبا روون گەیشتبێ، گەیشتە نافورەکە هەڵوێستەیەکی کرد و کەسی وای نەبینی کەمێک لەولا ترەوە کوڕێک و کیژۆڵەیەک وەستابوو، لە رووخساریانا وە دەردەکەوت ئەوانیش غەوارە بن و لە چاوەنواری یەکێکدا بن، لە پێشدا رووی نەدانێ، دواتر بە هۆی نەهاتنی روون خۆی لێ نزیک کردنەوە.

هەستیار : وا پێ دەچێت ئێوەیش چاوەڕوانی کەسێک بکەن.

سالار : ئێمەیش ماوەیەکە لێرە وەستاوین و ژوانمان لە تەک کەسێک هەیە بە ناوی رۆژ.

هەستیار : بەڵێ بەڵێ ، روونی پێ دەڵێن ، گوتی ئێستا دێم بچۆ ئەوێ چاوەڕێم بە .

سالار : بە ئێمەیش وای گوت، نیو کاتژمێر زیاترە لە چاوەڕوانین .

هەستبار : کەواتە منیش لێرە ئاوی پێم دادێ، ئەو کچە لە گەڵ تۆیە چیت دەبێت.

سالار: برا گیان ئەوە هاوسەرمە.

هەستیار : خوا لە یەکتان نەکات، هێشتان هەردووکتان زۆر مناڵن.

سالار : نەخێر برا خێزانم دوو گیانە......
لەم قسانەدا بوون روون پەیدا بوو، یەکتریان ناسی، سڵاویان لە یەک کرد و روون بە پەلەیەکەوە گوتی...
روون : دوام بکەون با لێرە نەوەستین باش نییە بە پەلە با بڕۆین ئەم شوێنە گوماناوییە.
سەیرە کە گوماناوییە بۆ ژوانی ئێرەی داناوە، پەیتا پەیتا دەڕۆیشت و هەنگاوی گورج و گورجتری دەناو تاو نا تاوێکش پێی دەوتن (( کەمێک پەلە بکەن ))سەیرە ساختەکان لێرەوە دەست پێدەکا تا دەگاتە مرۆڤخواردن، بەر لە هاتنی روون شوێنێکی ئارام و بێکێشە و بێوەی بوو، نە پۆلیس و نە جەندرمە و نە پیاوی چاودێر دیار بوون، بە هاتنی روون شوێنەکە بووە دۆزەخ لێیان و ها ئێستا نا قەدەرێکی دی قۆڵ بەست دەکرێن، هەر یەک لە هەستیار و سالار و هاوسەری رەنگیان زەرد هەڵگەڕا، رەوشەکە بە تەواوی تێکچوو خۆ ئێستێ چ لە ئارا نەبوو بۆ وای لێهات، هەر بەدەم رۆیشتنی پەلە و هەناسەسوارییەوە....
هەستیار : ئەرێ نەمپرسی تۆ ناوت چییە.
سالار : سالار.
هەستیار : خۆشحاڵبووم. منیش هەستیارم ناوە ئەوە بۆ کوێمان دەبا....
سالار : نازانم سەرمان بە کام کونا دەکات، باشە جێی خۆمان هیچی نەبوو بۆ لە پڕ و بە هاتنی ئەو بووە گوماناوی.
روون خۆی کرد بە کۆلانێکا شەقامێکی کەمێک پان بوو تەنگە بەر نەبوو هەر شەش حەوت مەترێک دەبوو، قاوەخانەیەکی تیا بوو روون خۆی کرد بە قاوەخانەکەیا، هەر کە لە دەرگای جامەکە چوونە ناوەوە سێ کوڕی گەنج دەورو پشتی روونیان گرت، وەک ئەوەی پاسەوانی بکەن و خزمەتکاری بن، یەکێکیان بە هەستیار و سالار و هاوسەرەکەیان گوت....
ئامانج : ئێوە وەرنە لای ئێمە.
روون : ( ئاوڕێکی دایەوەو ) با مامۆستا هەستیار بێتە لای ئێمە لە گەڵ خۆم دەبێ، ئەو دووانەی تر با لای ئێوە بن.
قاوەخانەکە قەف قەف دووکەڵی جگەرە و نێرگەلە پەنگی تیاخواردبۆوە، هەستت دەکرد خەڵکەکە سەرمەست بن، ئەو هەموو دووکەڵە مرۆڤی وەڕس دەکرد، خاوەن قاوەخانەکەیش هاتە سەر مێزی روون دانیشت و شاگرد و وەستاکەی بانگکرد خزمەتیان بکەن، شاگردەکە هاتو روون داوای قاوەیەکی کرد و هەستیاریش چایەکی ویست، ئینجا روون روویکردە هەستیار و گوتی....
روون : نابێ ئێوە لێرە بمێننەوە دەبێ هەر ئەمشەو بە فڕۆکە ئەمشارە جێبێڵن و بەرەو باشوور و سەر دەریا بڕۆن. مانەوەتان لێرە سەلامەتی نییە، رۆیشتن باشترین چارەسەرە.
هەستیار : جا چۆن بەم پەلە پەل و دەست و بردە بڕۆین من پێویستیم بە هەندێ کەرەستە و دەرمان هەیە، زەروورم بیانکڕم.
روون : نەجات، کورە نەجات، وەرە هەتیو لە گەڵ مامرستا هەستیار دەچی بۆ بازاڕ چی پێویستە دەیکڕێ و رێ نیشاندەری بە، بە پەلەیش دەگەڕێنەوە.
نەجات : زۆر باشە ئەمر دەکەی هەر ئێستا.
هەستیار : تۆ مۆڵەتێکم پێ بدە کۆڵ و کەرەستەکانیشم لە هوتێلەکەیە بیهێنمەوە.
روون : نا نا بە قوربان شتی وا نەکەی، با لەوێ بێت ئەو هەموو کۆڵ و جانتایە بێتە ئێرە دەبێتە مایەی ئەوەی چاو بخرێتە سەر ئێرە و دەگیرێین، ئەو کات ریسەکەمان لێ دەبێتەوە بە خوری.
سەیرە نازانرێ رێسی چی کردووە تا بکرێتەوە بە خوری، هەمووی نیو کاتژمێرێک دوو سەد مەترێک پێکەوە بوون، لە نافورەکەوە بۆ قاوەخانەکە، ئیتر هەموو گیر و گرفت و چەرمەسەری خۆی بە سەر ئەوانەدا دەدات کە دەگەنە بن دەستی، لێزانانە رەفتار دەکات، بە چوست و چالاکی دەبزوێ، وا نەبێ بە پەلە دەکەوێتە داوی پیاوانی پۆلیس و یاساوە، ژیانی سەرەو ژێر دەبێتەوە، رەنگە بۆ خۆیشی بڵێ نان پەیدا دەکەین و ماڵ و منداڵ بە خێو دەکەین، ئەمە گەمە و یاری کردنە بە ژیانی مرۆڤەکانی دی، هەست

دەکرێ لێرەوە ژیان دەکەوێتە بەر نەعرەتەی فڕکان فڕکان، تەمەن لە حاڵەتێکی نائاساییا دەبزوێ، بە زەحمەت خود قورتار دەکرێت، کە لە ناو قاوە خانەکە دادەنیشی هیچ لە ئارادا نییە کەچی لە دڵەڕاوکێیەکی بەردەوامدای، وا دەزانی ئێستا نا کەمێکی دی پۆلیس و جەندرمە و ئاسایش و پیاوانی یاسا پارێز دەدەنە سەرتا و قۆڵبەستت دەکەن، مرۆڤ هەر لە خۆیەوە سڵ دەکا و دەترسێت، زۆرجار هەستیار بیری دەکردەوە دەیگووت (( چیم بە خۆمکرد، ژیانێکی ئاساییم هەبوو لە خۆم تێکدا))، ئیتر خەیاڵ و ئەندێشەکانی دەفڕینە لای ئەو فرنە گوڵ و بنە باڵایانەی ناو کۆمەڵ کە هەر لێرەوە ڕۆیشتبوون و کە دەگەڕێنەوە بۆ وڵات و لە چینە بەرەو ژوورەکان خۆ نیشان دەدەن و فەرز دەکەن، بە منەتیشەوە بە سەر خاکەکەی خۆی ڕێ دەکا، ڕەنگە بە ڕێگای قورستر و ناخۆشتریشا ڕۆیشتبن، هەستیار دەیگووت ( چیم لە ئەوان کەمترە، ئەم ڕێیە دەگرم تا پێی دەگەم، کە ڕێمگرت مل بۆ هەموو سەختی و ناخۆشی و بێ یاساییەک دەدەم، ئێرە و ئەوێ هەر مردنە). مرۆڤ لێرە دەبێت خۆی بداتە دەست مرۆڤگەڵێکەوە کە مرۆڤ دەخۆن بوودەڵەی کۆمەڵ و دز و جەردە و قۆڵبڕ و ساختەچین، ئیتر کاری ئەوان وایە، ئەویشی ئەم ڕێگا دەگرێت بە سوپاس و پاڕانەوە بەم خەڵکانە دەگات، لە دەرگای کەسیشیان نەداوە بە زۆر خەڵکی لە گەڵ خۆیان بەرن و پەلکێشی مەرگی بکەن، کەسەکە خۆی مەیلی لێی هەیە، لانی کەم وا لە سۆراغ دەبێ کەسێکی ساغلەمت دەسبکەوێ قورتارت بکات، هەندێک گوێیان لێی نییە تەنها ئەوە گرینگە لە وڵاتەکە دوور بکەونەوە، گرفتیان نییە ئەگەر ژیانیشیان تیا بچێت، ئەمانە لە وڵاتیکەوە هەڵدێن جگە لەوەی مەرگ لە دەرگایان دەدات، پۆخڵەوات و بێ یاسایی و بودەڵەیی و گەندەڵی تا بینەقاقا هاتووە، باشترە لەم ڕێگایە سەری دابنێت و تیا بچێت نەک بگەڕێتەوە بۆ گوێگرتنی ئیهانە و بێڕێزی مناڵە بێ سەواد و نەخوێندەوارەکانی ببنە مامۆستا و ڕێنیشاندەر، تەنها بە هۆی ئەوەی ساڵانێک لە غەوارەیی هاوسەفەری دەسەڵاتدارانی ئیمڕۆ بوون ئیدی دەبێ خوێنی خەڵکی تر بخۆن و لە سەر ئێسک و پروسکیان هەڵپەڕن و خانوو و ماشێن و پلە و پایە و موچەی خانەنشینی باڵا و گەورە وەدەست خەن و ئافاتێک بن بۆ ئەو دوای خەڵکی، ئەو بڕوانامەی کوڕە هەژارێک بە شەونخونیی خوێندن و بێ خەرجی و کارکردنی هاوینان و پشوەکان وەچنگی دەکەوت، هەتا ئەو هەموو ساڵە بە سەرکەوتوویی تەواو بکات، لەولایشەوە خەڵکانێکی دواکەوتوو دەبنە خاوەن بڕوانامە و دواتر ماستەر و دکتۆراە و مامۆستای زانکۆ و تەڕەماش و نازانم تەڕەساس، بێبەهاترین ئینسان ئینسانەکانی ئەو وڵاتەی ترن، کەرامەت دەڕووشێت، هێندەیش بە شان و شەوکەتی سەرۆکەکانا هەڵدەدرێت، کە خودی سەرۆکەکان بۆ خۆیان بەوە قایل نین، دەزانن دونیا چ باسە کەچی هەر گەلە دیکتاتۆر دروست دەکات و بەدیموکراسیشی دەناسێنێت، وەک ئەوەی لە سەر گۆی زەمین لەوان دیموکراسیخوازتر نەبێت، ئەوانیش خۆ بە مرۆڤ دەزانن بەڵام لای خەڵک لە ناخەوە دڵڕەش و پیس و دیکتاتۆرترینن، مرۆڤ لەوێوە هەڵدێ کە بۆنی ساتە ئاساییەکان بۆگەن بووە، لێرەیش هەستیارەکان خۆ بە دەست دیکتاتۆرە بچوکەکانەوە دەدەن، لە بەرامبەر بڕە پارەیەکیش لەو جەنگەڵستانە خۆ دوور دەکەنەوە جا مەرگ بێت یان ژیانێکی ئاسوودە، بەو جۆرە ناچارە ریسەکە نەکاتەوە بە خوری و بەرگەی کەمتر بگرێت، هەر بۆیە بڕوای بە گفتەکانی روون دێ و لەپی بەلا ملدا دەکێشێ گەواهی راستی بۆ دەدا و نوتق لە خۆ دەبڕێت، پێی بڵێ هەر ئێوە پیاوی چاکن و تا قورتار بوون بە شان و باڵی سەرۆکە دیکتاتۆرە بچوکە تازەکەیدا هەڵ بدات، لەو لایشەوە جەنابی مەعالی سەرۆکی باندی مرۆڤخۆر و دیکتاتۆرە بچوکەکە، دەسەڵاتدارانی خۆ وڵاتی سووک و ریسوا دەکات، باس لە یەک بە یەکی ناعەدالەتییەکان دەکات کە کاروانسەراکان بۆیان گێڕاوەتەوە، بەردەوام دەڵێن ژیانیان لە خەڵک تێکداوە، خەڵکی نانی دەست ناکەوێ بیخوا، ئێمە لێرە خزمەتی ئەو خەڵکە دەکەین، لە ماڵ و جێی خۆمان دەیانحەوێنینەوە، ئامۆژگاریان دەکەین لەو وڵاتانەی سەرە رێیان چۆن رەفتار دەکەن، ئێمە فریشتەنین لە هەموو دەردە سەرییەک قورتارتان بکەین هەرچی لای خواوە بێت خۆشە، ئەمە ڕێگای مەرگ و ژیانە، بەڵام دەسەڵاتی خۆماڵییە خۆ وڵاتییەکەمان دەتوانێ ژیانی هەر تاکێک باش بکات، بە درێژایی مێژوو دەسەڵاتی وا بێفەڕ و بێخێر نەهاتۆتە سەر کورسی، شەقامێک قیرتاو دەکەن بە جۆرەها ڕەنگ و دیمەن و وێنە پێمان دەفرۆشنەوە، لە

راستیشدا بەر لەوەی شەقام بۆ خەڵکی چاک بکەن سەرەتا بۆ ترومبێلەکانی خۆیانە، سەرۆکی باندیش ناهەقی نییە بەو جۆرە قسان بکات، ئەو بۆ خۆی چاک دەزانی چۆن چۆنی خەڵکی لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و پارەیان پێ پەیدا دەکات، بە هەق زمانجوانێکی وەک خەڵکی ئەم شارە هەڵکەوتووە، ئەویش بازاڕی خۆی بەو جۆرە گەرم دەکات، هەر کەسێکیش لەم رێگای هات و نەهاتە قورتار بوو، ئەوا دەبێتە شایەری ئەو سەرۆک باندەی قورتاری کردووە و گۆرانی بە سەرا دەڵێ و ئەویش ناو و ناوبانگ دەردەکات.

******************

قاوەخانەکە دوو بەش بوو، بەشی خوارەوە و بەشی سەرەوە، بەشی خوارەوە رووەو سەر شەقامە سەرەکییەکە بوو، بەشی سەرەوەیش بە پێنج پلیکانەیەک لەسەرەوە بوو، هەر چوار و پێنج کەسێک یان هەندێجار تا هەشت کەسیش دەگەن لە دەوروبەری مێزێک دادەنیشتوون، سەر دەکەنە یەک و هەموو چرپەیانە، لەبەشی نهۆمی سەرەوە و لە پشتەوە حەوشەیەکی گەورە هەیە و باخچەیەکی خۆشە و دیار بوو شوێنی دانیشتنی هاوینانە، هەر لە سەرەوە شوێنێکی تایبەتی وەک چێشتخانە هەیە، روون و پیاوەکانی هەر یەکە و سەر مێزێکیان گرتووە لە گەڵ ئەو خەڵکانە قسە دەکەن کە رێی سەفەریان گرتۆتە بەر و قورتاریان دەکەن، هەر لە سەرەوە ولای چەپیشەوە ژوورێکی خێزانی لە قاوەخانەکەدا هەیە، خێزانێکی دیکەیش لە وێ هەبوون، روون بایەخ و گرینگی پێ دەدان، ئەم سەرۆک باندانە کاری وەهایش دەکەن شەو رابواردنیان دەر بچێت، شەوانەیش تا درەنگانێک لە ئامێزی ژنە لەشفرۆشەکانی ئەم شارە یا رووتێکردو دەبن، هەندێجار لە گەڵ ئەو ژن و کچانە دەمێننەوە کە بە تەنها روو لە کیشوەری سەوز دەکەن، هەستیار ئەم کارانەی بەلاوە ئاسایی بوو، دەیزانی ئەوە بە مەبەستی دامرکاندنەوەی غەریزەکانیانە، کەچی سالار ئیرەیی پێدەبردن، هەر لای سەرەوە بەشێکی قاوەخانەکە تەرخانکرابوو بۆ ئامادەکردن و لێنانی قاوە و چای نیسکافە و شیر و کاپوچینە و محەلەبی و کاستەر و خواردەمەنی و هەرچی لە قاوەخانەکە هەبایە، لە تەنیشت پێپلیکانەکانەوە دۆلابێک دانرا بوو خانەخانە بوو بە پارە دەکرایەوە بۆ پرکردنەوەی تەزووی کارەبا بوو بۆ پاتری مۆبایلەکان مۆبایلەکەی لێدادەنرا و کلۆم دەدرا، هەر کەسە کلیلەکەی لە باخەڵی خۆ دەنا تا پڕ تەزوو دەبوو، لێرە قسەکردن و سڵاوکردنیش هەر پارەی تێدەچوو، لە شوێنی دانیشتنی هاویناندا کلوە بەفر دەباری، بەفر بارین وردە وردە دەستی پێکردەوە، روون لە گەڵ هاوسەرۆکەکەی سەرقاڵی باسکردنی پەڕینەوە و نۆبەت و خەڵکی بە بەلەمی ئاسایی و یەخت و چوپ و قایخ و شتی وابوو، هەر یەکە و پاڵەوانێتی خۆی لە بەر چاوی ئەو خەڵکە نیشان دەدا، ئیتر قسەی وایان دەکرد و مەزندە و گرەوی وایان دەهێنایە پێشەوە ئەو خەڵکەیان ئەبلەق کردبوو، هەر یەکە و چەند ئازا و بلیمەت بوو خەڵکی ئەم بکێشێتەوە و بە پێچەوانەیشەوە، ئەو خەڵکەی ئەم باندانە دەیانپەڕیننەوە لە دەریا یان بە رێی وشکانی ناوی نەفەریان لێناوە، هەموو ئەوانەی لە وڵاتی خۆ هەڵاتوون و بۆ کیشوەری جوانی دەچن هەموو نەفەرن، ئەوانیشی پێشتر چوون وەک ئەوانەی ئێستا هەر نەفەر بوون، تەنها کەسە خوا پێداوەکان و کەسانی نزیک لە بەرپرسانی دەسەڵاتی ئەو وڵاتانە نەبێ، کە زۆر بە ئارامی و بە خۆشی و لە سەر باڵی فڕۆکە جوان و قەشەنگەکانی هێڵە ئاسمانییە باڵاکان دەچن و دەبنە خاوەن رەگەزنامە و مافی پەنابەرێتی پێ دەدرێت، ئەوانە بە سانایی بەو سروشتە جوانەی دونیای سەر زەوی دەگەن، خەڵکانێکی دیکەیش گەرەکە ئەم رێگای مان و نەمانە بگرێ، هەمیشەیش گوێی لەوە بێت کە مامەڵەی پێوە دەکرێت، دەکڕدرێت و دەفرۆشرێت و ئاگای لە خۆیەتی یان نا، لە گەڵ ئەوەیش نازانن تا چەند سەرکەوتوون یان دۆڕاون و تیا دەچن، دەبنە خۆراکی نەهەنگ و ماسییە زەبەلاحەکانی ئەو دەریا بێ متمانەیە.

هەستیار هێشتان نەرۆیشتوەو دیقەتێکی روونی دا ویستی قسەکانی پێ ببڕێت، بە دەست ئاماژەیەکی دا یانی بێدەنگ بە جارێ، بێدەنگی لێکرد، هەر کەتەواو بوو، ئینجا هەردوو دەستی لە مەچەکەوە بۆ پەنجەی لەپەکانی ئاوەڵا کرد بە واتا قسەکانی بکات.

هەستیار: ئێستا کۆڵەکەم هەر نەهێنم.

روون : کوره نەجات چیت لێهات، بانگم نەکردی کێوە چووی، وەرە مامۆستا دەبەیە بازار و بە زوویی دەگەڕێنەوە، کات درەنگە هاااااا.
نەجات : جا چ دەڵێن کۆڵەکەی بێنێ.
روون : هەتیو دە وتم نا، کە دوایی رۆیشتن لەوێوە با بچێت بیانهێنێت.
هەستیار سەیرێکی کردن و سەری بۆ لەقاند، ئەمانە هەموو شت دەزانن، کاری رۆژ و دووان و ساڵ و دوو ساڵ نییە بەردەوام ئەمە ئیشیانە دەزانن چی دەبێ و چی نابێت، سەر سوورمانی ناوێ دوای کەوە و بزانە چی دەبێت، نەجات لە پێپلیکانەکە چووە خوارەوە هەستیاریش دوای کەوت، نەجات کوڕێکی لەڕ و لاواز و گورج و زیت بوو بە پەلە رێی دەکرد، چاوەکانی کراوە و سەیری هەموو دەوروبەری دەکرد، نەبا تووشی گرتن بێ تاوەکو هەڵ بێت، کە لە دەرگای جامخانەی قاوەخانەکە وەدەرکەوتن، هەستیار رووی تێکرد و...
هەستیار : هەر ئێستا ئێمە بۆ کوێ دەڕۆین.
نەجات : تۆ شتەکان چیت پێویستە پێم بڵێ تا هەر لێرەوە رێگاکەی دەست نیشان بکەم، تۆیش بە ئارەزووی خۆت کەرەستەکانت بکڕە .
هەستیار : مەبەستم ئەوەیە ئەمشەو بەرەو کوێمان دەبەن.
لەو بەری شەقامەکەوە هاوتەمەنێکی خۆی بانگی کرد دوای ئەوەی داوای یارمەتی یەک خولەکی لە هەستیارکرد، پەڕیەوە بۆلای.... دیسان هەر باس باسی نەفەر بوو، هەستیار گوێی لە دەنگیان بوو، ئەویان دەیگوت ئێمە باشین و نەفەرمان زۆرە ئەمیتر دەیگووت نەخێر ئێمە باشترین، ئەو دەیگووتەوە ئەم رۆژانە بازاڕ گەرمە کەسابەتەکە باشە، ئیتر بەدەم گاڵتە کردنەوە، هاورێکەی گوتی.
هاورێکەی نەجات: زیاتر مەبەستم شەو بوو، ئیمشەو لە کوێ دەبی.
نەجات : جارێ نازانم روون دوو سێ ژنی لە ژوورەکەی پشتەوەی قاوە خانەکە داناوە، پێ دەچێ ئیمشەو ئەوان میوانمان بن، شتی زۆر نازدار و جوانن.
هاورێکەی : یانی لە گەڵ ئێمە نابیت.
نەجات : بۆ کوێ کورە من شتی وام دەست بکەوێ بە دونیای ناگۆڕمەوە.
هاورێکەی : کەی دەیان نێریت.
نەجات : نازانم وتی بچۆ بە عەلی بڵێ لە ماڵەوە جێگای هەفتەیەکمان بۆ چاک بکات. یانی ئەوانەی لە ماڵن بەرێیان دەکەین و ئی تازە دێنین گەوجە.
هاورێکەی : ئەی بۆ لای ئێمە کەی دێیتەوە.....
نەجات : تا هەفتەیەکی تر خوا حافیز.........
هاتەوە بەری شەقامەکەی هەستیار چاوەڕوانی دەکرد، بۆ ئەوەی باسەکە بگۆڕێت و والێکی بداتەوە کە هەستیار ئاگای لە هیچ نییە، رووی تێکرد و وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە کە لێی کردبوو بەر لەوەی بپەڕێتە ئەو بەری شەقامەکە.
نەجات : مامۆستا گیان ئەمشەو ئێوە بەرێ دەکەین و دەڕۆن بەرە و شارێکی تر، کە لە سەر دەریاوە نزیکە. لەوێ خانووی خۆمان هەیە و شەو لێی بخەون و پشووی تیا بدەن و سبەی بەرەو سەر دەریا بەرێتان دەکەن.
هەستیار : هەر سبەینێ بەرێمان دەکەن و لە دەریا دەپەڕینەوە.
نەجات: نەخێر ، ڕەنگە دوو سبەی بێت، چۆن ئێستا ئێمە لێرە ئامادەکاریتان بۆ دەکەین، سبەینێش برادەرانی ئەوێمان ئامادەکاری دەکەن و بەرەو سەر دەریاتان دەنێرن و دوو سبەی پەڕینەوەیە.
ژیانیان بەو درۆیانە بەرێ دەکەن، خەڵکی فریو دەدەن و ئەوانیش نەزانن و نازانن لەولا چ باسە، لە شەقامەکەوە سەرەو خوار بوونەوە، هەندێ کەرەستە و خواردنی کڕی، جلی پشووی بۆ نوستنی شەو کڕی، تا هەستیار ئەو شتانەی کڕی نەجات تەلەفۆنی بۆ عەلی کرد و لە راسپاردەکەی روون ئاگاداری

کردەوە و پێی ڕاگەیاند، لەوێشەوە بە کۆڵانێکی تەنگەبەردا سەرکەوتن و لە پێچێکدا دەرمانخانەیەکی لێبوو، هەندێ حەب و کەبسول و شروبی سەرما و کۆکە و نەخۆشی کڕی نەبا پێویستی بێت، چەند پاکەتێک و شووشەیەک بوون بە دەستییەوە گرتن لە گەڵ کەرەستەکانی دی، لە گەڕانەوەمیش پێداویستی ریش تاشین و دەمودان شۆرینی کڕی و بەرەو قاوەخانەکە گەڕانەوە........

( 12 )

با ریسەکە نەبێتەوە خوری هێشتا کوڵ و جانتاکەی لە هوتێلەکە نەهێناوەتەوە، روون تەلەفۆنێکی بە دەستەوەیە، سێ هاندی هەیە هەر جارەو دانەیەکی زەنگ لێدەدات، هەر باشە پێڕادەگات، پێدەچوو ئەم مۆبایلانە ناو بەناو پێی بێت دەنا تەلەفۆنی خۆی تایبەتییە، لە گەڵ قسەکانی لە تەلەفۆن دەیگوت (( برا گیان ئەو قسانە و ئەو شتانە لە تەلەفۆن ناوترێت بۆ خۆیشت ئەوە دەزانیت، فەرموو وەرە بۆ ئێرە و لە خزمەتتانین هەموو شتێک پێکەوە باس دەکەین،)) روون تەواوی ناونیشانەکەی پێدەگوت، جار جار لە ژێر لێوەوە شتێکی دەدرکاند هەستیار کە تازە هاتبۆوە ژوورەوە دەیویست بزانێت چی دەڵێ کەچی دیقەتی دەداو نەیدەهێشت و ئەویش خۆی لێگێل دەکرد، رووی وەردەچەرخاند بەلام گوێ و هەستی هەر لای بوو، ئەویش لە ژێر لێوەوە مرەی لێوە دەهات و خۆی گێف دەکردەوە، هەستیار کەمێک تێگەیشت لەوەی کە گوتی (( ئاااى ئەگەر دەکەویتە بەر دەستم قەسەم بەخوا یەک مانگ تراتێنی ئەمشارەت پێدەکەم و پارەت پێخەرج دەکەم و دەبێ ممنونیش بیت.((

ئای کە گەمە کردن بە بە هەستی ناسک و پاک پڕ بەرائەتی خەڵکی چەند سانا و ئاسایی دەڕوات، لە وڵاتێک کە ئارەقەی تەمەنت بۆ رشتووە و ئولفەتت پێوە گرتووە، خۆ هەڵدەکەنی و دەکەویتە دەستی کەسانی وا هەستی ئینسانیان مردووە. چ جای نەتەوەیی و نیشتیمانی، ئەوانە نا نەجیبەکانی وڵاتن، دەبنە دێوەزمە و خێو بە سەر خەڵکی کە راستترینن، ئەو لە وڵاتی خۆ ئۆقرەی بە فرمێسک و خوێنەوە گرتووە، پاداشتیشی هەڵاتنە هەڵاتنیش کەسانی زۆر لەمە خراپتری دێتە ڕێ، زۆر داخ و کەسەر دەیانگرێتەوە ئالوودەی چی بوون، کەچی هەر رکیان لە پێڵاوەکانیان دەبێتەوە کە بەو نیشتیمانەوە گرێی داون باجی دۆڕاندنی تەمەنی تیا جێهێشت، ئێستا قێز لە هەموو تەمەنی رابردوو و ئێستای دەکاتەوە، وێنا و یادگارەکانی لە مێشکدا دەسڕێتەوە، قێز لە دایک و باوک وخۆی و جگەر گۆشە و خاک دەکاتەوە، قێز لە خۆشبەختییەکانی دەکاتەوە، لە خۆشەویست و ئازیزانی، ئەمە چ ئافاتێکە رووی لەم مەملەکەتی کوژاڵک و هەنگوینە کردووە، ئەمە چ جەستە و هزر و عەقڵێکە بە ئاگری سڕی غوربەتەوە لکاوە و دەسوتێت.

زۆریش لەو بەرپرسانە ناسیاو و کەسیان لێرەوە تێپەڕین و ریسوا بوون، خەڵکێک هەن لە خۆ وڵاتی ئافات لە دەرگای دەدات و لێرە بەخت، لەو دیو پێڵاو دانەر بوو لێرە پێڵاوی بۆ دادەنرێت، زەمەن و شوێن مرۆڤەکان ئاوەژوو دەکاتەوە، ئیتر دونیا بەو جۆرە دێتەگۆ، روون بانگێکی ئامانجی کرد هەر ئێستا بڕوات و سێ بلیتی فڕۆکە ببڕێت بۆ ئیمشەو و هەر ئێستایش بگەڕێتەوە، مەبەستی لەم شارە دەریان بکات زۆر هۆکار هەبوون شار جێهێشتن لە بەرژەوەندیدا بوو، ئەم شارە دووەمین گەورەترین شاری وڵاتە لە پاش پایتەخت ئێرە دێت زۆرجاران کاڵفام وادەزانێ ئێرە پایتەختە، چونکی زۆر لە دیدار و کۆنفراس و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان لێرە ساز دەکری، پایتەخت کەمتر ناوی لە نەوانە، روون دەزانێ لەم شارە گەورەیە چۆن کار دەکا و چۆن خەڵکی بە خۆیەوە پەیوەست دەکات.

نازانرێ لەو دیو گەوجانە لە ژیان گەیشبوون یا ژیان گەوجاندبوونی، لەوێ دەگوترا ئاکار وا لە نێو گەلادایە کەچی بەهاکانی نێو گەڵ لێرە بێئەرزشن، مرۆڤ وێ َلی رەفتارێکی جوانە بەدی ناکرێ ئەوە ئاکارە و ونبووە لێرە لە سۆراغیدان، بە ئاستەم بەردید دەکەوێ کەواتە نەئاکار ناو گەڵ بوونی هەیە

نەئاکاری رەفتار ئاااای خودا، ئەمە چ گەمەیەکە بە ژیان دەکرێت، هەڵسوکەوت، رەفتار، راستگۆیی، رێزگرتنی هەناسە لە نەبووندان، تەنیا ئاکار لێرە ماددەیە، هەموو کارێ لە پێناو ماددە، ناوگەڵ بۆ پارە دەفرۆشترێت، ئەو بەهایەی لەو دیو پڕ بایەخ بوو لێرە ئەتککراوە و دەکرێت، پیاوە کۆنەکانی ئەو لا ئێرەیان بدیبا تفیان لە خۆ دەکرد کە مرڤن.

پەیوەندییە مۆبایلییەکان رەوتی ئاسایی ئەم قاوەخانەیە بە پەلە دەشێوێنن، کاری باندەکان وەک پێویست مەیسەر دەکات، نها هەستیار حاڵی بوو ئەو دۆلابی وزەبەخشی ئەلەکتریکە چ بایەخێکی بۆ باندەکان هەیە، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بۆ روون هات، هەندێ چەپی گرت، نەخێر دوورکەوتەوە و چووە حەوشەکەی پشتەوە، بە پەلە گەڕایەوە و بە تەواوی شڵەژان و تێکچوونی پێوە دیار بوو، لەو کاتەیش ئامانج گەڕایەوە...

روون : نەجات ... سەگباب وەرە، ئەو بلیتانە لە ئامانج وەربگرە و بە پەلە هەر ئێستا مامۆستا هەستیار دەبەیتە میوانخانەکە و کۆڵ و باری دێنێت و راست بەرەو فرۆکەخانەیان دەبەیت، ئامانج تۆیش ئەو بلیتانە بدەرە نەجات و هەر ئێستا ئەو ژنانە دەبەیتەوە ماڵ و لەم ناوە خۆت ون دەکەیت.

پیاوەکانی خاوەخاویان دەکرد، نەڕاندی بە سەریانا.....

روون : کوڕی ئاسمان پەلە بکەن، هەر ئێستا پۆلیس و جەندرمە دەگەنە ئێرە، وان بەڕێوە.

هەر کە ناوی پۆلیس و جەندرمە هات پیاوەکانی خۆیان تێکدا و نەفەرەکانیش بەرەو دەرەوە و دووری قاوەخانەکە هەڵهاتن، کە رۆیشتن نەجات گەیشتە هەستیار و بەرەو خوار بوونەوە، سالار و سانیای هاوسەریشی بەرەو دەروازەی میترۆ و ترامەکە هەڵاتن، نەجات پێی گوتبوون بەرەو ئەوێ بچن، روون و نەژادیش سەرەو ژوور بە ناو کۆڵانە پێچاوپێچەکان تێیان تەقاند.

ئەم شڵەژان و هەڵاتنە تەنها روونی گرتەوە خەڵکی تر لە قاوەخانەکە لە شوێنی خۆیان نەبزوان، وا پێدەچوو ئەمەیش جۆرە گەمەیەک بێت، ئەم خەڵکەیش کە نەشارەزا و بێئاگان لە کاری ئەم وڵاتە لە حاڵەتی وادا سەریان لێ دێتەوە یەک، دەنا هەموو بە یاسایی هاتوونەتە ناو وڵاتەکەوە، ئەم ترس و دڵە راوکێیە لە پای چی..... درۆیەک بوو پڕ بە کاتەکەی خۆی، کات بەرەو خۆرئاوابوون دەڕۆیشت، لە بەردەم ئەو سەرما و کەمە بەفربارینە سالار و هاوسەری لە چاوەنواڕیدا بوون. گرمۆڵە ببوونەوە، پەنجەکانیان تەزی ببوو، ناودەستەکانیان هەڵدەگلۆفی، قەدەرێکی باش وەستان هەتا هەستیار کۆڵ و جانتاکەی لە میوانخانەکە هێنایەوە، هێشتایش هەر دەترسان، کە گەیشتە ئامێری بلیتی ترامەکانی میترۆکە، نەجات رووی کردە هەستیار پێی گوت....

نەجات : کارتەکەم پارەی تیا نەماوە بەڵکو پارەی ئەو بلیتانە بدەیت.

هەستیار : ئەوە کێشەیەک نییە با زوو بڕۆین و ئەم دەوروبەرە جێبهێڵین. چەند دەکات.

نەجات : بیست لیرە.

پارەکەی دایە دەست نەجات و ئەویش بلیتەکانی هەمووی بڕی و جانتاکەی هەستیاری دایە کۆڵی خۆیا و رووی بەرەو پێپلیکانەکان وەرچەرخاند ناو پێپلیکانەکە پۆلیسێکی لێ بوو ، پرسی....

پۆلیس : ئەو جانتایە چی تیایە.

نەجات : کەرەستەی خۆمن جل و پۆشاک.

پۆلیس : تیرۆر نییە.

نەجات : نەخێر ئێمە خۆمان لە دەستی تیرۆر هەڵهاتووین.

پۆلیسەکە رێی دا و بە پەلە بەرەو خوار بۆ میترۆکە دابەزین، وێستگەکە زۆر زۆر قەڵەباڵغ بوو، کەمتر لە خولەکێک شەمەندەفەرەکە ( ترامەکە ) گەیشت و هەر چواریان بە پەلە سەرکەوتن، لەم وڵاتە بە پلیتەکە دەرگای چوونە ژوورەوە بۆ ترامەکان دەکرێتەوە، بێ بلیت ناکرێتەوە، ئەمەیش جۆرێک لە یەکسانی نیشان دەدا، بۆ ئەو کەسانەی تەنها بە ترام هاتوچۆ دەکەن، چاوپۆشی لە ئەم و لە ئەو ناکات هەموو وەک یەکە، هێشتا چەند وێستگەیەک مابوو بگەنە فرۆکەخانەکە، نەجات هەواڵی وێستگەی

فرۆکەخانەی لە خەڵکی دیکە دەپرسی، بە راستی چاوساغێکی باشیان لە گەڵدا بووە، بۆ خۆی نەشارەزا بوو، جا وەرە فرۆکەکەبش ئەوەندەی نەماوە هەڵفرێت، ترامەکە گەیشتە وێستگەی فرۆکەخانەکە و نەجات داینەبەزاندن، لە وێستگەی دواتر هاتنە خوارەوە، شەقام و پارکێکی سەرنج راکێش و پاک و جوان بوو، باڵەخانەیەکی گەورەی بازرگانیشی لێ بوو، هاتنە خوار و بە نێو ئەو شەقام و پارکانەدا رۆیشتن، بەرەو لای تەلارە بازرگانییەکەوە دەچوون، هەرچەند هەستیار گوتی (( ئێرە ئەو جێیە نییە )) سوودی نەبوو دوای تێپەڕبوونی پانزە خولەک ئینجا نەجات هاتە سەر ئەو بڕوایەی بە هەڵە هاتوونەتە خوارەوە، کات دەڕوا و کاتی هەڵفڕینی فرۆکەکەیش نزیک دەبێتەوە، زۆر بە پەلە رایان دەکرد، دواتر گەیشتنەوە وێستگەکە، ئەوانیش بە پەلە بە دووی نەجاتەوەن، کە گەیشتن نەجات کارتەکەی دەرهێنا و بلیتی هەر چواریان بڕی، هیچ شەرم و شوورەییەکیشی نەکرد کە پێشتر گوتبووی کارتەکەی پارەی تیا نەماوە، بە دەم رێی پەلەوە ئاگای لە قسەکانی پێشووی نەبوو، هەر دەیگووت با بەپەلە بڕۆین و فریا بکەوین، نەبا فرۆکەکە هەڵفڕێت، سالار لایەک لە دەسکی جانتاکەی پچڕا بوو، چەکەچەکی بوو بە دەست کۆڵەکەیەوە خێزانیشی دوو گیان بوو نەیدەتوانی هیچ هەڵبگرێت، هەناسە بڕکێی بوو، جار ناجارێکیش نەجات وای تێدەگەیاندن کە کات ماوە و پەلە نەکەن، بەڵام ئەوەندە درۆیان لێ بینین بڕوایان بە قسەکانی نەما، هەر کە ترامەکە گەیشت سوار بوون، ئەو فارگۆنەی ئەمانی تیابوون دوو کەسی دیکەی تیا بوو، نەجات هەواڵی وێستگەکەی لە یەکێکیان پرسی، پێی راگەیاند کە ئەم وێستگەیەی ترە، کە ترامەکە وەستا نەجات ئاماژەی پێکردن بە پەلە دابەزن، دابەزین و هەر بە سووکە راکردن رێیان دەکرد، ئەو ژنە بەستەزمان بوو نە دەیتوانی رابکا نە شتی بۆ هەڵدەگیرا، سالاریش حەوسەڵەی لە بەر بڕا بوو، لە شەقامەکە ترومبێلی تاکسییەک وەختەبوو بیانکاتە ژێرەوە، بە زەحمەت قورتاریان بوو، لە پێپلیکانەیەک سەرکەوتن هەر لە دەرگاکەوە کەوتنە وێزەی پشکنینیان بە پەلە لە راڕەوەوە خۆیان کردە نێو فرۆکەخانەکەوە، پاسەپۆرت و پلیتی فرۆکەکەیان نیشاندان کەرتێک لە پلیتەکەیان کردەوە، لێرە ماڵئاواییان لە یەک کرد و نەجات وەستا و ئەوان لە سەر رۆیشتنی خۆیان بەرەو گۆڕەپانی فرۆکەکان بەردەوام بوون، کۆڵ و جانتاکانیان هەر پێ بوو، لە رێڕەوێکی تەسکدا پێچیان کردەوە دیوی دەرەوە و گۆڕەپانەکە بوو، پاسێک وەستا بوو، جمەی دەهات لە خەڵکی هەستیار لە یەکێکی پرسی ئاخو ئەم پاسە بۆ فرۆکەی گەشتی ژمارە 517 دەچێت، تێگەیشت بە هەڵە نەهاتوون، هێشتا لە قسەکانی تەواو نەببوو پاسەکە کەوتەڕێ، هەر بە پێوە وەستا بوون، پاسەکە دە خولەکێک رۆیشت و گەیشتە فرۆکەکە، هەموو هاتنە خوارەوە و خەڵکەکە بە خێرایی بەرەو پێپلیکانەی فرۆکەکە دەچوون، ناو فرۆکەکەیش جمە دەهات، ئەوە دوا پاس بوو سەرنشینەکان بۆ فرۆکەکە بهێنێت، زیاتر لە سێ سەد کەس لە ناو ئەو فرۆکە بوون، فرۆکەیەکی زەبەلاح بوو، هەستیار و سالار و سانیای هاوسەری جێیان دەست کەوت و رۆنیشتن،جانتاکانیان لە سەرەوە دانان، ناو فرۆکەکە پڕ بوو لە کیژانی قژ زەرد و چاو شین و سەوز و سوور و سپی رەنگ و یاڵا بەرز، زۆربەیان قوتابی کۆلێژەکان بوون، یا پارێزەر و کارمەندی فەرمانگەکان بوون، دیار بوو پشووی هەفتە بوو بەرەو باوان و ماڵ دەچوونەوە، تەنها ئەم سیانە غەوارە بوون و بەرەو نادیار دەچوون، تەلەفزیۆنی بەردەمی خۆیان هەڵکرد و فرۆکەکەیش کەوتە جوڵەو بەرەوە راستە رێی بەرزبوونەوە و تیژ ڕەوی رۆیشت و هەڵفڕی......

( 13 )

دیمەنی شار گەلێک بە جوانی خۆی نیشان دەدا، ئۆتۆبان و رێگاکان وا بە جوانی دروستکراون مرۆڤ هەقە شانازیان پێوەبکات، داهێنانی وا جوان و قەشەنگ کەموێنەیە، دەستکردەکانی مرۆڤ لەم شارەدا لە دیمەنی بەهارێکی سروشتی جوان دەچێت، هەرچەندە زستان بوو لێ رازاندنەوەیەکی ناوازەیە، تەلار و شەقام و رێگاوبان و نافوورەکان هەموو واتێکەڵ بە یەک و ئەو سروشتە خواییە لە دۆڵ و چیاکان بووە،

سەرنجی مرۆڤ رادەکێشن و ئاوەز ئارام و هێمن دەکەنەوە، باڵەفڕخانەیەکی کپ و بێدەنگ و هێمن لە باڵە فڕخانەکەی دی نەدەچوو، سەرما ئێرەیشی تەنی بوو، خەڵکەکە پرزەیان لە بەر بڕابوو، بە جل پۆشتە ببوون، وەک جێگاکانی دی تەواوی کەلوپەلی زستانەیان پۆشی بوو بەڵام پۆشتەتر لەوە دەچوو ئێرە ساردتر بێت، لە گەڵ تاریکی شەوا رۆشنایی گڵۆپەکان و تەمتومانی ئەو هەورەی بە کۆڵان و شەقامەکانا پەخش ببوو، دیمەنێکی سەیر و سیحراوی دەبەخشی، شارێک تەواو ئارام، هەرچەند هێشتا سەر لە ئێوارە بوو، رێبواران وایان مەزندە دەکرد خەڵکی شار نووستبن، وەکی وڵاتی سالار و هەستیار نەبوو ئەم دەمانە گەڕەلاوژەی گەڕانەوەی دەسگێڕ و عارەبانەکان بێت، پاکو خاوێنی لە جوانترین نەسیمەکانی سپێدە دەچوو، ئەو هێمنی و کپییە هەر لە فڕگەخانەوە تا سەری ئەو سەری شاری گرتبۆوە، پێدەچوو بە هۆی گەشتیارییەوە فڕگەخانەکە ئەو ئاپۆڕایەی دروست نەکرد بێت لە هاوینانا حەشامات رووی تێبکات و سیحرێکی دیکە بخاتە سەر ئەم وێنا سیحراویانە، وا پێدەچێت خولقاندنی ئەو سروشتە دەستکردە بە هۆی زۆری گەشتیارانەوە بۆ ئەم شارە بوو بێت، لە زۆربەی وڵاتانی دونیاوە رووی تێدەکرێت، فڕگەخانە زێتر لە دەکیلۆمەتر لە شارەوە دوور بوو، شۆفێری تاکسییەکان گەنج و شیک و خۆش مەشرەب و دەم بە خەندە و بزەوە بوون، مرۆڤ نەیدەزانی ئاخۆ هەر خەسڵەتی خۆیان وابوو یان بە هۆی سەیرانکارانەوە نواندنیان دەکرد، ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە خەڵکی ئەم شارە هەر بۆ خۆیان وا خولقابن و مرۆڤدۆست و خۆشەویست بن.

لە تەک ئەو دیمەنە سیحراوییەی تەمتومان و سروشتدا، فڕۆکەیەکی زەبەلاح رووی لە فڕگەخانەکە کرد، سەر باڵەکانی پشتەوەی بە سوور نەخشێندرا بوو، بە هێڵێکی سووریش ناوی کۆمپانیای هێڵە ئاسمانیەکەی لە سەر نوسرابوو، لە راستە رێی نیشتەوەی خۆی نیشتەوە و بێ ئەوەی لەرەیەک بکا و سەرنشینەکان هەستی پێبکەن، زۆر بە تیژی بە سەر زەوییەکەدا دەڕۆیشت و پێوەی دیار نەبوو تا دەهات خێراییەکەی کەمتر دەبۆوە، تا گەیشتە شوێنە تایبەتەکەی خۆی و هێور هێور وەستا، دوای ئەوەی پێپلیکانەی ترومبێلیان هێنا و لە دەرگاکانیان جووتکرد، هەردوو دەرگای پێشەوە و پشتەوە بۆ سەرنشینەکان کرایەوە تاوەکو دابەزن، لە ئاست هەر پێپلیکانەیەکیش پاسێک بۆ ئەو سەرنشینانە وەستا بوو، هەرچی دادەبەزی سواری پاسێک دەبوو، هەستیار و سالار و هاوسەری لە پاسی دووەم سوار بوون و لە شوێنێکەوە رۆنیشتن، بە هۆی ئەوەی گەشتی ناوخۆیی بوو پاسەکان سەرنشینەکانیان هەتاوەکو شوێنی وەرگرتنەوەی کۆلڕ و جانتاکانیان هێنان، ئیتر هەر کەسە و دەستی دەدایە کەرەستەی خۆی و رێی دەرەوەی فڕگەخانەکەی دەگرت، کەم فڕۆکەخانە هەڵدەکەوت وا کپ و پاک بێت، هەرسێک بەرەو دەرگای دەرەوە رۆیشتن و لای تاکسییەکان وێستان، زمان و شوێنەکەیان نەدەزانی بۆ کوێ بچن، زەنگێکی بۆ نەجاتکرد، پێی راگەیاند وان لای تاکسییە زەرد و بچوک و خڕەکان، بۆ ئەوەی لە گەڵ یەک لەو شۆفێرە رووخۆشانە بدوێ و بیانگەیەنێتە جێ مەبەست.نەجات لە گەڵ شۆفێرێکی زۆر گەنج قسەی کرد و ئاماژەی بۆ کردن سوار بن، ئەوانیش کەلوپەل و کۆڵ و جانتاکانیان لە پشتی ترومبێل ناو سوار بوون، دیسانەوە هەستیار پارەی تاکسیەکەی دا، ئەمیان بیست لیرەیەک بوو، ئەو گەنجە رووخۆشەی ترومبێلەکەی دەئاژوت زۆر تیژڕەو بوو، هێشتان پاش نیو کاتژمێر گەیشتنە شوێنێک وەک گۆڕەپان دەبوو و گۆڕەپانیش نەبوو، وێستگەیەکی پاس و چەند تاکسیەکیش وەستابوو، هەر بە تەنیشت شوستەکەی لێی دابەزین دیوارێکی نزم و ئاسنپەرژین کرابوو لەو دیوەوە باخچەیەک پاشان مزگەوتێکی گەورە دیاربوو، شۆفێرەکە بە خۆشیەکەوە تێی گەیاند کە پێی گوتراوە بۆ ئێرەتان بهێنم. دابەزین هەستیار ژمارە مۆبایلی کورێکی پێ بوو ناوی کرمانج بوو، تەلەفۆنێکی بۆ ژمارەکە کردو پێی گوت ئەوان لای مزگەوتەکەن، پاش پێنج خولەک کوڕێکی گەنجی رووخۆش سوورەیەکی ریشنی کورتەباڵای گۆشتن گەیشتە لایان و بە پەلە ئاماژەی پێدان کەرەستەکانیان هەڵبگرن و دوای بکەون. ئەو کارەیانکرد و لە شەقامەکە بەدوایەوە پەڕینەوە، ریزە دوکانێک بوون داخرابوون، نزیکەی بیست مەترێک لە بەردەم ئەو دوکانانەوە رۆیشتن و هەر بە دەستە چەپدا شەقامێکی لاوەکی بوو خۆیان پێدا کرد، پانزە بیست مەترێکی تر رۆیشتن

چایخانەیەک بوو کۆمەڵێ خەڵک لێی دانیشتبوون، تەنیشت چایخانەکە شوێنێک بوو وەک کوخ دەرنەدەچوو، دەرگایەک لەو تەنیشتەوە بوو کورە گەنجەکە کە ناوی کرمانج بوو دەرگاکەی کردەوە و پێی گوتن بە دوایەوە سەرکەون، هەر لە نهۆمی یەکەم دەرگای ماڵێکی کردەوەچوونە ژوور و کەسێکی تر لەوێ بوو ناوی رەنج بوو، رەقەڵەیەکی درێژی باریک کەم گۆشت، رووەمەتەکانی بۆ ناوەوە قوپا بوون مل درێژ و سەرشێت و زۆربڵێ و بێسەر و بەری پێوە دیار بوو، کەرەستەکانیان لە لایەکەوە دانا و هاتن سڵاویان کرد و دانیشتن.

ئەم ماڵە هۆڵێکی مام ناوەندی و دوو ژوور و ناندینێک توالێت و گەرماو بوو،بالکۆنێکیش دەیڕوانییە سەر شەقامی کۆڵانەکەوە، هەرکەسێک بچوبایەتە بالکۆنەکەوە یەکسەر چێشتخانەیەکی بەدی دەکرد کە دەکەوتە بەری ئەوبەری شەقامەکەوە، لە تەنیشت دەرگا سەرەکیەکەی بۆ ژوورەوە دەچوو دەرگایەکی دیکە هەبوو کە ئەوە ژوورێک بوو بە تەنیشی بالکۆنەکەوە، هەر لە هۆڵەکەیشەوە رێ بۆ بالکۆنەکە هەبوو، بەلای دەستە راستا دەرگای توالێت و گەرماوەکە بوو، رێک بەرامبەری ژوورێکی تر بوو، لە نێوان هەردووکیشیان ناندینەکە بوو.هۆڵەکە دوو تاک کورسی چەرمی تیا بوو، هەر یەکە و جێی سێ کەسی دانیشتنی لێ دەبۆوە، بە شێوەی پیتی ئینگلیزی ئێڵی کابیتاڵی بوو، بە تەنیشت یەکەوە بوون، رەش رەشی قەترانی، لە ناوەندیش مێزێکی تەختەی رەش و جامێکی هەر رەشی بەسەرەوە هەبوو، بە تەنیشت دیواری ژووری تەنیشت ناندینەکەوە یانی لای سەرەوە مێز و کورسی نان خواردن دانرابوو، ئەویش هەر رەش بوو، بە تەنیشت دیواری ژوورەکەی سەر شەقامەکە واتا لای خوارەوە تەلەفزیۆنێکی پلازمای رەشی 50 گرێی لێبوو، لە سەر مێزێکی رەش دانرابوو، پەردەیەکی رەنگ کاکاوی بە سەر پەنجەرەی بالکۆنەکەوەبوو، ئالەمنیۆمی پەنجەرەکەی رەنگ زەرد بوو، یەک دوو تابلۆی هونەری لە ئەمبەر و ئەو بەری دیوارەکە هەڵواسرا بوو، ئەم ماڵە جێ حەوانەوەی جانۆ بووە و ئەم دوو کەسە بە هیچ جۆرێک نەیاندەتوانی تێیدا سەرپشک بن بە مەیلی خۆیان کاری تیا بکەن.

رەنج تاو نا تاوێک بە زمانێکی شڕوشەقی عارەبییەوە بە مۆبایلەکەی قسەی لە گەڵ ژنە عارەبێک دەکرد، سۆز و میهرەبانی بۆ دەنواند، جارجار رۆمانسیانە دەدوا کەچی لێی نەدەزانی، ژنەکەیش زۆر مەیلی پێدابوو، کرمانج گاڵتەی بە عەقڵی دەهات بەزەیی پێدەهاتەوە بەخڵەفاوی دەزانی، سالار زۆر حەزی بە رەفتارەکانی رەنج دەکرد خۆی لێ نزیک دەکردەوە، هەر زوو بە زوو تێکەڵی یەکدی بوون، هەستیاریش لە تەک کرمانجدا رێکبوو و یەکتریان دەدواند و پێکەوە قسەیان دەکرد، سالار هاوسەرەکەی لە ژوورێک جێهێشت و لە گەڵ رەنج لە پێپلیکانەکان دابەزین و چوونە خوارەوە بۆ جگەرە و نیرگەلە و تلیاک کێشان و کرمانجیش پێ دەچوو ماندوو بووبێت بە رۆژ لە گەرماوەکە ئاوێکی بە خۆدا کرد و گەڕایەوە لای هەستیار، سەریان پێکەوە ناو کەوتنە قسەوباسی دوور و درێژ و باس هەر باسی پایتەختی خۆ وڵاتی بوو کرمانج خەڵکی پایتەخت بوو، سەریان بۆ قسەکانی یەکدی دەلەقاند و یادگاری خۆیان لە پایتەختدا بۆ یەکتر دەگێڕایەوە، تاو نا تاوێکیش باسی ئیشق و ئەوین و جوانی ژن دەهاتە پێشەوە و دەردە دڵیان بۆ یەک دەڕشت.

شەو بەرەو درەنگان دەچوو، سالار و رەنج هەر نەهاتنەوە، زەنگی مۆبایلەکەی کرمانج لێی دا، هەستیار گوێی لێ بوو کەلە گەڵ جانۆ قسە دەکات، دیار بوو پێی گوتبوو رێزی مامۆستا هەستیار بگرن، و لە ژوورەکەی خۆم بخەوێت و جێ و رێی گەرم بێت و سەرمای نەبێت، کرمانج لە قسەکردنی تەواو بوو، دەنگی تریەی پێ دەهاتن لە پێپلیکانە سەربکەون، لە پڕ دەرگاکە کرایەوە، رەنج و سالار بوون هاتنەوە، سیما و رووخساریان تێکچوو و هەڵبزڕکاو مەستت ببوون، رەنج چەن دەنگ زل و هەڵەشە بوو، خراپتری لێهاتبوو، بە پێکەنینەوە گرتبووی هەر لە خۆڕا پێدەکەنی.

ئەمجۆرە مرۆڤانە هەمیشە لە ناو کۆمەڵ تەریک و دوورن و راستەرێی خۆیان ونکردووە و نایدۆزنەوە، هەمیشە بە ئەو کۆڕو کۆمەڵ و کۆبوونەوەکانی دابونەریتی خۆ وڵاتی و ئاکارە کۆمەڵایەتییەکان نامۆن، بۆیە هەمیشە هەڵوەدای دوورە پەرێزی و بەرەڵایین، نایانەوێت لە گەڵ کەسە

نزیکەکانیان تێکەڵ بن، هەمیشە حەز بە ماچکردنی دەستی نەیار و بێگانە بە خۆ دەکەن، ویستەکانیان ئەوەیە لە پێناو شوێنی حەوانەوە و نوستن و خواردن و خواردنەوە نۆکەری ئاغابن، داواکردنی پول و پارە لە لای ئەو جۆرە کەسانە لە هەر کەسێک بێت بە لایانەوە ئاساییە چونکی بەهای مرۆڤایەتی لە دەست داوە، لە خەڵوەتی بێ بەهایی خود دا عیزەتی نەفسیان دۆڕاندووە، ئەمانە هەرگیز بە خواست و مەرام و خەونەکانیان ناگەن هەمیشە وێڵی سەر شەقام و ڕێگاو بانی وڵاتانن، زۆر کەمیان بە ئاگا دێنەوە یان فریادرەسێک قورتاریان دەکات، دەنا دوا دوای تەمەنیان لە کونجی ئەم میترۆ و ئەوی دیکە بە سەر دەبەن، یا لە داڵانی ئەم باڵەخانە و ئەوی دی دەبن و لە ماناکانی ژیان ناگەن، ڕۆژگار تووڕی داون و لە بەردەرگای ئەم و ئەوا پاشماوەکانیان دەلێسنەوە، مەست بوون و بێ ئاگایی دوا خەون و خولیایانە، قێز لە ئامێزی ئۆقرەیی ژن دەکەنەوە، لە هەڵوەدای سۆزانیا بە هەڵپەن، بە خەیاڵیش شازادەترین ژن هاوسەریانە، ژن هەرگیز ئولفەت بەم جۆرە ژیانانەی ئەمانەوە ناگرێت، لە گەڵ مرۆڤگەلی وا هەڵناکەن، ژن بە دووی سوارچاکی خەونەکانی عەوداڵە، ژن نیوەکەی ڕۆحی بە باڵابوونەوە دەوێ عیزەتی نەفسی نزم نەبێت، ئەم جۆرە هەرزاکارانە زوو خلیسکاون و وەچنگ ئەو سەرۆک باندانە دەکەون کە مانای ژیان لە هزریاندا دەسڕنەوە، تەمەنی ئاڵتونیان سووک و بێ بەها دەکەن، تەنانەت جارجار کاری ڕابواردنی شەوانیشیان بۆ مەیسەر دەکەن.

شەرم لێرە تەواو ئابرووی تکاوە، کەچی فزولیەتی خۆ دەنوێنێ و سەر شوڕکردن بۆ بڕە پارەیەکی ڕەزیل قەتماغەی برینی قوڵ هەڵدەداتەوە، هەردووک داوایان لە هەستیار نەکرد بوو کەچی لە سالار بەشی خۆیان چنگ کەوتبوو، تەواوی مەشروب و تلیاک و چی و چیتر خەرجکرا بوو، سالار مەیسەری کردبوو، لە بەرامبەر فریودانی بە چوونە لای سۆزانی، سالار کەسێک بوو چاو لە دەر هاوسەری خۆی لە تەک بوو چاوی لە دەر بوو.

کرمانج بە تووڕییەوە لە گەڵ ڕەنج دەدوا، پێشتر هەستیار بە کرمانجی گوتیوو کە گەیشتە لای جانۆ ڕەفتار و کردەوەکانی ڕەنجی بۆ باس دەکات، ئەویش بەو تووڕە بوونەیەوە بە ڕەنجی گوت کە ( جانۆ پەیوەندی پێوە کردووە و دەبێ مامۆستا هەستیار لە شوێنەکەی جانۆ بخەوێت)، ڕەنجیش وەک چۆن سەرمەستە بە تووڕییەکەوە چووە ژوورەوە و دوو پەتۆی هێناو لە هۆڵەکە ڕایخست.

ئەمجارەیان کرمانج زیاتر لە ڕەنج تووڕە بوو و پێی گوت چای لێ بنێت، بە پەلە و بەو گێڕو گەواڵییەی خۆی چوو چایەکی لێنا وئامادەی کرد، هەموو لە دەوری مێزی نانخواردنەکە کۆبوونەوە وچەرەز و چا دەخورا، بەو شەوە درەنگە زەنگی مۆبایلی ڕەنج لێی دا، کەسێکی دیکە لە هەمان ئەو شوێنەی هەستیار و سالار وەستا بوون گەیشتووە و چاوەڕێ دەکات یەکێکیان بچن بۆ ماڵەوەی بهێنن، دەرکەوت ئێرە وێستگەی گەیاندنی نەفەرە، منەتیش بە سەر ئەم و ئەو دا دەکەن و دەڵێن لە ماڵی خۆمان و لە سەر جێی خۆمان خەوانووتمان، ڕەنج چوو ئەویشی هێنا و لە سەر مێزی نانخواردنەکە بوون بە شەش کەس و لە چایی خواردنەوە و چەرەسات بەردەوام بوون، دواتر هەستیار و تازە هاتووەکە پێکەوە بەرەو ژوورەکەی لای سەرەوە ڕۆیشتن و سالار و هاوسەریشی لە ژوورەکەی دەرِوانێتە سەر شەقامی کۆڵانەکە و کرمانج و ڕەنجیش لە هۆڵەکە مانەوە و نووستن........

( 14 )

هەستیار خەسڵەتێکی سەیری هەبوو، شەوانە زوو یا درەنگ بنووستبا سبەینان بەر لە گزنگ بە ئاگا دەهاتەوە، بەر لە هەموو شتێک پەردەی پەنجەرەکەی لادەدا و دیقەتێکی دەرەوەی دەدا، لە ماڵی خۆیشیان هەروا بوو، ئەوجا سەرێکی بەدەرەوە و هۆڵ و حەوشەکەدا دەکرد و دەگەڕایەوە جێی خۆی و دەنوستەوە، ئەم سپێدە بە هەمان شێوە سەرێکی بە هۆڵەکەدا کرد و کرمانج و ڕەنج پرخەی خەویان دەهات، بە ئاسپایی

بۆ ئەوەی خەویان نەزڕێنێ و شەوێش ماندوو بوون و تا درەنگانێکیش بە ئاگابوون گەڕایەوە نێو پێخەف و شوێنی نوستنەکەی، بە جیا لە جاران و رابردووی ئەم بەیانییە خەوی لێ نەکەوتەوە، ئەندێشە و خەیاڵەکانی دەفڕین ئاخۆ چ چارنووسێک چاوەنواریان دەکات و بە دەم کام نەهەنگ و ماسییەوە دەبن، ئەمە سەرهەڵگرتنێکە بۆ خۆیشی سەری لێدەرناکات، جارجار هەنسک ئەوکی قۆرخ دەکرد، ئاخۆ لەو دیو دەریاکەوە ژیان دەبینێ، یان بۆنی مەرگی خۆی بە دەم نەهەنگ و جانەوەرە دەرياییەکانەوە دەبێت، بە ئاستەم تروسکایی رۆشن لەو بەرەوە بە دی دەکات، دەنا تاریکستانێکە مەحاڵە قورتار بوونی، دەمانێک رادەچڵەکی وەک ئەوەی خۆ لە دەمی نەهەنگەکان رابپسکێنێت، هەر گێنگڵی دەدا و بیری رێگا و ئایندەی دەکردەوە، لە هزریدا ئەم باندانە بوونە مۆتەکە مەحاڵە قورتار بوون لە چنگیان، بە هەر حاڵ ناتوانێت پاشگەز بێتەوە و خۆ لە گەڵ خەڵکانی دی ساغ بکاتەوە، جانۆ خوارزای هەڤاڵبەندێکی گیانی بە گیانی بوو، ئەویش لە کیشوەری کەسک دەژیا، هەموو خەیاڵەکانی وا دەڵێ لای ئەو بگیرسێتەوە، کەچی ناهومێدی تەواو گرفتاری کردبوو، بیرکردنەوە لە زەمەنی رابردوو و ئێستای خەیاڵدانی توند و ئاڵۆز کردبوو، گەرمی ژوورەکە وەڕسی پێدەبەخشی، کەمێک پێخەف و بالیفەکانی لە خۆ کردەوە، دواتر زانی کەس دادی نادات و نابنە فریاد رەسی و بۆ ئەوەی نەخۆش نەکەوێت بە پەلە خۆی لە پێخەفەکە ئاڵاندەوە، کات چێشت تەنگاوی تێپەڕاند و هەر کپی ماڵەکەی گرتوتەوە و کەس جوڵەی لێوە نایەت، بە تەواوی لە نێو جێیەکە بێزار ببوو، چاریشی نەبوو، لێ گەڕا کات دەچوو ئەوان هەر نوستوو ئەمیش بە ئاگا، لە هەموویشی بێزارکەر تر ئەو کەسەی ژوورەکەی بوو پرخەی زۆر بوو وەختە بوو لە گیانی خۆی بێتە دەرێ، هەستی دەکرد سەری ئاوساوە، کات یانزە و نیوی تێپەڕاند، گوێی لە دەنگی دەرگای دەستشۆرەکە و خووڕەی ئاو بوو، بە پەلە هەڵسایە سەر پێ و خۆی کرد بە هۆڵەکەدا کرمانج بوو بە ئاگا هاتبۆوە، کەمێک لە هۆڵەکە دانیشت و کرمانج لە دەستشۆرەکە هاتە دەرەوە و سڵاویان لە یەک کرد، ئیدی کرمانج بەر بووە وێزەی رەنج و رەنجیش بەدەم خەوەوە دەیگوت....

رەنج : ئەمشەو هەر نەنوستووم، ئەو قەحپەیە نەیهێشتووە بخەوم.

کرمانج: تۆ خۆت حەزت بەوەیە، ئەگەر تۆ شەڕی پێنەفرۆشیت، ئەویش وا هەراسانت ناکات.

رەنج تێگەیشت کاری بەدواوەیە، بە ناچاری هەستا و خۆی گورج کردەوە، ئەو هەڵسوکەوتەی ئەم بەیانییەی رەنج گورج و گۆڵ و چاپوکانە بوو، هەموو کارەکانی بە گورجی راپەڕاند، هەستیار بڕێک پارەی وێدا بچێت خواردنی سپێدەیان بۆ بێنێت هەرچەندە کاتیش نیوەڕۆ بوو، دە نان و قاپێک ماستی گەورە و چەند هێلکە و شتی دیکەی هێنا، تا ئەویش هاتەوە کرمانج چایی و شتەکانی دی ئامادەکرد و لە سەر مێزی نان خواردنەکە داینا و ئەوانی دیش هەستان و ئامادە بوون و هەموو پێکەوە لە سەر سفرەی خوانەکە بوون، نانەکان کەم بوون و خواردنەکەیش وەک بەرکوڵێک بوو، لە نەبوون باشتر بوو، پاش ئەوە هێدی هێدی کەوتنە خۆ و کەرەستەکانیان ئامادە کرد و پێچایەوە، ئامادە و ساز بوون بۆ رۆیشتن، کرمانج خۆی گورجەوە کرد بەمەبەستی ئەوەی تا تەرمیناڵیان ببات.

*********************

جموجوڵی ترومبێل لە ناو شەقامەکان هێشتا کەم بوو، تاک و تەرا هاموشۆی دەکرد، هەر دوو سەد یا سەد مەترێک ترومبێلێک بڕۆیشتبا، زۆربەی هەرە زۆری دوکان و کافتریا و چێشتخانە و کافی و چایخانەکان کرابوونەوە، هەندێ لەو شوێنانە پڕ لە خەڵکیش بوون، دەشێ هۆکارەکەیش پشووی هەفتە بووبێت، بێدەنگی باڵی بە سەر شاردا داگرتبوو، لە پێپلیکانەکان هاتنە خوارەوە و بە بەردەم چایخانەکەوە رۆیشتن و کەرەستەکانیش بە دەست و کۆڵەوە، چایخانەیش جمەی دەهات لە خەڵکی، بە زۆری یاری کۆکەنیان دەکرد، بۆ هەمان شوێنی شەوێ رۆیشتن کە لێی دابەزین، کۆمەڵێک تاکسی وێستا بوون، هەموو سواری تاکسییەک بوون و جێیان بووەوە، دیسانەوە هەستیار پارەی تاکسییەکەی دا و ( 35 ) لیرەی خستە دەستییەوە، راستە پارەیەکی کەم بوو، لێ ئەوانی دی وایان هەژمارنەدەکرد، بەرەو تەرمیناڵ کەوتە رێ، بە نێو دیمەنەجوان و دلفرێنەکانی شار و ئۆتۆبانە فراوانەکان رۆیشتن و دڵ پێی دەکرایەوە، ئەمجارەی

پێچەوانەی هاتن ڕۆیشتن، زۆر دووری بردن، لە ڕۆخی شار بوو، گەلێک دوور بوو، کەشەکە نیمچە هەتاو نیمچە هەور بوو، بەڵام بایەکی بەهێزی زۆر ساردی هەبوو، ژیانێکی خۆش بۆ شارەکە فەراهەم ببوو مرۆڤەکان سەرقاڵی کار و بژێوی بوون، لە گەڵ ئەوەی ڕۆژی پشوو بوو، وەلێ جموجۆڵی زۆر هەبوو، بازار گەرمی پێوە دیار بوو، تاوێکی باش بە نێو شار و جێی چۆڵەوانی و دواتر شار ڕۆیشت، ترومبێلەکە هەر لە بەری ڕاستی خۆی لە ئۆتۆبانێکی جوان و ڕازاوە وەستا، کرمانج پێی گوتن دابەزن و ئەوانیش دابەزین و دوای کەوتن، هەستیار و سالار و محەمەد ( ئەو کوڕە بوو شەو درەنگ پێیان گەیشت) دیقەتی ئەملاوئەولای خۆیان دەدا نەک بۆ پەڕینەوە لە شەقامەکە بەڵکو دیمەنەکان سەرنجیانی ڕاکێشابوو، هەوڵی دەدا لە زهنیدا وێنایان بکێشێت، هەر بەلای ڕاستی ئۆتۆبانەکەوە دارستانێک بوو، کە دەکەوتە خۆرئاوای تەرمیناڵەکەوە، لە خوار دارستانەکەوە چەندین دوکان و گازینۆ و چێشتخانە و کافتریا هەبوون، پشتی دارستانەکە و خودی دارستانەکەیش بە قەد چیایەکەوە بوو کە هەموو بەری خۆرئاوای داگرتبوو،ئێوارانیش سێبەر ئەو دیمەنانەی فێنک و خۆشتر دەکرد.

چەقی نیوەڕۆژە، خۆرەکە بە هیچ جۆرێک تیشکی گەرمی نییە، بایەکی بەهێز و ساردی هەیە، هەستیار قۆپچەی ساقۆکەی لە سەرما داخست، محەمەد و سالار و هاوسەرەکەیشی بەهەمان شێوە خۆیان پێچایەوە، لە دەرگای سەرەکی تەرمیناڵەکەوە وە ژوور کەوتن کۆمەڵێک پاس و ترومبێلی لێبوون، لەو دیو ئەم گۆڕەپانەوە چەندین دەرگا هەبوون دەچوونە هۆڵێکی گەورەوە، کرمانج خۆی بە دەرگای چوونە ژوورەوەدا کرد و ئەوانیش دوای کەوتن، کرمانج لە ناوەڕاستی هۆڵە گەورەکە وەستا و داوای لێکردن هەر کەسە و پارەی خۆی بدات بۆ ئەوەی بلیتی پاسیان بۆ ببڕێت و بەرەو سەر دەریا بەڕێ بکەون، پلیتەکانی بۆ هێنان و ئاگاداری کردنەوە کەئۆتۆبوزەکە پانزە خولەکی تر دەکەوێتە ڕێ و ئینجایش گوتی.....

کرمانج : ڕێگاکە دوو کاتژمێر و نیو دەبێت، لە ڕێگاوبان دەوەستێت، کاتژمێر یەکی تەواو دەکەوێتە ڕێ ئێوە بۆ کاتژمێر سێ و نیو دەگەنە لای جانۆ، لە ڕێگا لە نزیک کافتریا و قاوەخانە و چێشتخانە دەوەستێت ئێوە دەتوانن پشوو یەک بدەن، ئەگەر جگەرە دەکێشن لە ناو پاس جگەرە کێشان لەم وڵاتە قەدەغەیە، لەوێ دەتوانن جگەرە بکێشن، کاتێکیش گەیشتن لە تەرمیناڵەکە دابەزن و پەیوەندیم پێوە بکەن، تاوەکو بە شۆفێری تاکسییەکە بڵێم بۆ کوێتان ببات.

هەستیار ( 35 ) لیرەی گەڕانەوەی بە کرمانج دا تاوەکو پێی بگەڕێتەوە ئەو لە بەر ئەمان هاتووە، ناکرێ ئەو کارە نادیدە بکرێت، ماڵئاواییان لە یەک کرد و چوونە نێو ئۆتۆبووزەکەوە، کات یەکی تەواو کرد، هەموو سەر نشینەکان لە جێی خۆیان ڕۆنیشتبوون، بزوێنەری ترومبێلەکە کاری دەکرد، شۆفێرەکە لە شوێنی خۆی دانیشت و مێردمنداڵێکیش لە پشتی باسەکەوە ئاماژەی بۆ شۆفێرەکە دەکرد بگەڕێتە دواوە بە چەند جارێکی گەڕانە دواوە و چوونە پێشەوە ئۆتۆبووزەکە دەرباز بوو و ڕێی دەرچوونی گرتە بەر، لە دەرگای تەرمیناڵەکە کۆنترۆڵی لێ بوو، بلیتی دەرچوونی بۆ دەبڕین هەر ترومبێلێکیش باجی ڕێگا و بان و سەندیکای دەدا و دەردەچوو، قەڵەباڵغی بوو، دوای نزیکەی دە خولەک ئەوسا دەرچوون و بەرەو سەر شەقامە سەرەکییەکە و ڕێی گرتە بەر، لە شار دەرچوو زیاتر لە کاتژمێرێک بەڕێوە بوون، مێردمناڵەکەی ئاماژەی بۆ شۆفێرەکە دەکرد، لە ناو پاسەکە بوو، ئاو و چایی و شیر و نیسکافە و بسکیت و پاروە نانی بە سەر سەرنشینەکانا دەگێڕا، هەر یەکە و چی بویستبا پێی دەدا، دیمەنی دەشت و دەر و چیا و دۆڵ و رووبار و ئاوی جۆگەلە کشتوکاڵییەکان و خەڵکی دێهاتەکانیان سەرنجی هەستیاری ڕاکێشا و کامیراکەی دەرهێناو وێنەی ڤیدیۆیی ڕێگا و بان و دیمەنی ئەو سروشتە سەوز و جوانانەی دەگرت، ئۆتۆبانێکی ڕێکوپێک و بێ گرێ و گۆڵ، مەرمەزەکانی چەڵتوک زیاتر سەرنجی ڕاکێشابوو، ئەندێشەی بەرەو لای گوندەکەی خۆیان دەچوو، لە ناو پاسەکە ئافرەتێک ئێلنجی دایەوە و هەستیاری لەو خەیاڵانە دەرکرد، ژنەکە کەوتە ڕشانەوە، ئیدی ئارامی ناو پاسەکەی تێکدا، ئۆتۆبووزەکە لە شەقامە سەرەکییەکە ماوەیەک لای دا و پێدەچوو بەرەو شارۆچکەیەک بچێت، گەیشتە شارۆچکەکە و پێی ڕاگەیاندن هەر کەس دەتوانی

پشوو بدات و بچێتە خوارەوەو جگەرە بکێشێت ئەوە دەستشۆر و شتی تریشی لێیە، کەمێک لەولاترەوە تاکسییە خڕە بچوک و زەردباوەکان وەستا بوون، شۆفێرەکان هەر چاویان لە ڕێ بوو ئاخۆ کەسی دی دادەبەزێت تاوەکو کرێیەکیان دەست بکەوێ و بۆ جێ مەبەست بیانگەیەنن، کەمێکی دی وەستا و مێرد منداڵ و شۆفێرەکە داوایان لە سەر نشینەکان کرد سواربنەوە دەکەونەوە ڕێ، بەرەو سەر شەقامە سەرەکییەکە کەوتەوە جوڵە و بە هەمان ڕێی هاتنە شارۆچکەکە گەڕایەوە و لە شەقامە سەرەکییەوە وەک پێشوو تیژڕەوی خۆی دەست پێکردەوە، بەرەو هەورازێک کە زۆر سەخت نەبوو پێچی کردەوە و ڕۆیشت رووی لە خۆرئاوابوون کرد و بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن، لە هەورازەکەوە سەردەکەوت کە لە ملەکەوە بەو دیو کەوت دەریاکە دەرکەوت، لە پڕ سالار و هەستیار و محەمەد دیقەتێکی یەکدیان دا وەک ئەوەی بە یەکتر بڵێن لەو دەریایەوە دەپەڕینەوە، هەستیار سەیری دەریاکەی کرد و خەیاڵی لە نێو دەریا نوقم بوو، لە هزریدا وا ئەو یەختەی پێی دەپەڕنەوە نغرۆ دەبێت و شین و واوەیلا دەست پێدەکات، و دەبنە ژەمە بچوکێکی ئەو پەلەوەرانەی دەریا، لە هاوینی رابردووەوە ئەم دەریایە بە سەدان مرۆڤی لووشداوە، ترس و دڵەڕاوکێ دایگرتن تا دوور بوون باشتر بوون، ئێستا سامناکییەک مێشکی قۆرخ کردن، دەڵێن ئاو و ئاگر ئامانیان بۆ نییە، بەڵێ شەڕ لە گەڵ کارەساتە سروشتییەکانا ناکرێت، ئەوە دەریایە و شەپۆلەکانی بە دڕندەیی گوژم و شاڵاو دێنن، لێ کەسانی شارەزا دەزانێ دەریا کەنگێ مت و کپ و بێدەنگە و کەنگێ سەرشێتانە هەڵدەچێت و پەلاماری کاروانەکانی ناو دەریا دەدات.

ترومبێلەکە سەرەخوار ملی ڕێگای گرت تیژتر دەڕۆیشت، گەیشتە نزیک شارەدێیەک بە نێو کۆڵانەکان و شەقامە پاک و پڕ دار و ڕازاوە و جوانەکانی دەڕۆیشت، لە ناو شارۆچکەکە رووی لە باشووری ڕۆژهەڵات کرد، تاوێک پاسەکەی ئاژوت و گەیشتە چوار ڕێیانێک و ئینجا بە تەواوی بەرەو ڕۆژهەڵات وەرچەرخا و ماوەیەک و گەیشتە تەرمیناڵێک، تەرمیناڵێکی تازە و پشتگوێ خرا بوو، پەرژینی نە بە ئاسن و نە بە دیواری هەبوو، شۆستە و شەقام بە ئاستەم لێک جیا دەکرانەوە شۆفێرەکان بۆ خۆیان لێکیان دەکردەوە بۆیە گەیشتە جێگەیەکی تایبەت بە خۆی و وەستا، سەرنشینەکان دابەزین ئەوانیش تێگەیشتن دوا مەنزڵە دەبێ دابەزن، وەک فڕگەخانەی شارەکە ئەمجارەیان تەلەفۆنی بۆ کرمانج کرد و ئەویش بە شۆفێری تاکسییەکەی گوت و سوار بوون و ڕۆیشتن، شۆفێرەکە زۆر بە توندی تاکسییەکەی دەئاژووت وەک ئەوەی بیەوێت بۆ کاروانی دیکە فریا بکەوێت، لە بەردەم میوانخانەیەک وەستا وتی....

شۆفێر : ئێوە بۆ ئەو میوانخانەیە دەچن فەرموو دابەزن، ناوی ئوچ مەسیفە.

هەستیار لە پێشەوە دانیشتبوو پارەکەی پێدا بیست لیرە بوو، ئەوانیشی تێگەیاند کە پێویستە دابەزن ئیتر تەواو گەیشتنە جێ مەبەست، لە بەردەم میوانخانەکە تابلۆکەی خوێندەوە بە ڕێنوس و زمانی ئەم وڵاتە نوسرابوو، ئوچ مەسیف، مۆبایلەکەی دەرئانی زەنگێک بۆ جانۆ بکات، زەنگەکە لێی دا، جانۆ دایخستەوە و هاوارێکی لێکردن.......

جانۆ: وەرنە ژوورەوە وا لە ناو میوانخانەکە دانیشتووم.

دەستیان دایە جانتا و کوڵەکانیان و بەرەو ناو میوانخانەکە ڕۆیشتن، حەوشەیەکی شەش مەتر پان و دوانزە مەترێک درێژ بوو، هوتێلەکە روو لە باشوور بوو، لای خۆرئاواوە حەوشەیەکی تەنیشی یەک مەتر و نیو بە دەمەتر دەبوو، لە سەری ئەو سەر و ناوەوە ئاماژەیەکی ( wc ) دیار بوو، لە دەرگای سەرەکی سەر شەقامەکەوە بەرەو لای چەپ لە ناوحەوشەکە نافوورەیەکی ئاوی لێبوو، ڕەنگی شین و جوان بوو، ئەم نافورە چوار بە دوو مەترێک دەبوو، هەر لە بەرامبەر دەرگای سەرشەقامەکە و بە تەلارەکەوە دەرگایەکی جامی سەر سکە هەبوو، دەرگای سەرەکی چوونە ناو هوتێلەکە بوو، لای ڕاستی دەرگای سەرشەقامەکە حەوشەیەک بوو سەری گیرا بوو، دوو مێز دانرابوو و چەند کورسییەک بە دەوری هەر مێزێکیانەوە بوو، لەو دیو دەرگای تەلارەکەوە نوسینگەی پێشوازی میوانان بوو، پشتی نوسینگەکە بەلای سەرەوە کۆگای کەرەستە بوو لە تەنیشتیشەوە ڕاڕەوێک بوو بەرەو چەند ژوورێک دەچوو بە ژمارەکای ( 101 و 102 و 103 و 104 و 105 و 106 ) ژمارە سەد و یەک وەک کۆگای پێخەف

بوو، لە پشتی کۆگاکەی ترەوە ئاشخانەبوو، بە تەنیشت کۆگا و نوسینگەکەوە لای ڕاستەوە جێی دانیشتنی کاروانسەرا و میوانانی هوتێلەکە بوو بۆ نانخواردن، بەردەم نوسینگەکەیش دوو تاک قەنەفەی لێ بوو بۆ پێشوازی میوانان. نهۆمەکانی یەکەم و دووەم ژووری زیاتر بوون .

دوای سێ مانگ زیاتر لە پەیوەندی تەلەفۆنی هەستیار بۆ جانۆ بۆ دواجار بە یەک گەیشتن، باوەشیان بە یەکدا کرد، جانۆ هەستیاری لە تەنیشت خۆوە دانا ، کۆمەڵێک خەڵک لەدەوری جانۆ کۆببوونەوە، هەستیار و محەمەد و سالار سڵاویان لە هەموو کرد و ئەوانیش تێگەیشتن کە ئەمانە چوار نەفەری تازەن و لە سەفەر و پەڕینەوەکە هاوڕێیان دەبن، واپێ دەچوو جانۆ قسەیان بۆ بکات بۆیە لە سەر درێژەپێدانی قسەکانی بەردەوام بوو، باسی لە کارە چاک و سەرکەوتووەکانی خۆی لەم بواری خەڵک ناردنە کیشوەری سەوز و ئەم بەهەشتی جیهانییە دەکرد، هەندێ لە قسەکانی وا دەردەکەوت ئیتر لەم شارۆچکە تەواو باڵا دەستە و هەموو شتێکی بەدڵی ئەو خەڵکە دەبێت کە لە دەوروپشتی کۆبوونەتەوە بە بێ ترس و دڵەڕاوکێ و ئازادانە لە سەر دەریاکە سواری یەخت و بەلەمی خۆیان دەبن و دەپەڕنەوە ئەوەیشی لای خواوە بێت خۆشە و دەسەڵات نییە، هەستیار وەک حکومەتۆکەکەی لای خۆیان وەبەرچاو دەکەوت هەروەک ئەوان بە شان و بازووی خۆدا هەڵدەدا، ئیتر ئەم خەسڵەتە خووە و هەمووی گرتۆتەوە، جانۆ ئاقڵ بوو تێگەیشتبوو کە گەمەیەکی نێو دەوڵەتی لەم بوارەدا هەیە و ئەم وڵاتە چاوپۆشییەک دەکا ئەوەی بە هەند دەقۆستەوە و بۆ چاکی خۆی دەگەڕاندەوە، ورەی لای خەڵکەکە دروست دەکرد پێی دەگوتن ئازادانە کوێتان دەوێ بۆی بچن ڕێگریتان لێ ناکەم و کەسیش دەست ناهێنێتە ڕێگاتان، ئەو باشی دەزانی هەموو لە رووی یاساوە ساغلەمن و کەسی نایاساییان تێدا نییە و پۆلیس و جەندرمەیش بیانگرن کە پاسەپۆرتیان کێشەی نەبێت وەک گەشتیار مامەڵەیان لە گەڵ دەکرێ چونکە شارۆچکەیەکی تەواو گەشتیارییە، بەڵام خودی خەڵکەکە بۆ خۆیان لە ناخەوە باش لەوە بە ئاگابوون کە بۆچی گەیشتوونەتە ئەم شارۆچکەیە، ئەمە گرێیەکە نەدەڕەوییەوە بۆیە تاک تاکی ئەو خەڵکە دەترسان، پۆلیسیان بدیبا خۆیان دەشاردەوە و ڕەنگ دەبزرکان، هەموو مەبەستیانە لەو دەریا بپەڕنەوە، روون و جانۆ لە کارەکانیان هاوبەش بوون، ئەو کەسەی لە ڕێگەی ئەمانەوە دەڕۆیشتە ئەو بەری دەریاکەوە یان نەفەری ئەم دووە بان لە میوانخانەکە پارەی مانەوەیان نەدەدا، تەنها پارەی نانخواردن نەبێت، هەموو ئەوانەی لە گەڵ روون و جانۆ دەپەڕینەوە لە دوو هەزار دولار کەمتریان نەدابوو، مناڵەکانیش هەر دووان بە نەفەرێک هەژمار دەکرا، ئیتر کرێی میوانخانەکە ئەوە بۆ خۆیان ڕێکەوتبوون، جگە لەوەی بەم زستانە میوانخانەکە جمەی دەهات و چێشتخانەکەیانیش ئیشی باشی هەبوو دەجووڵایەوە. جانۆ درێژەی بە قسەکانی دەدا.....

جانۆ : من بۆ خۆم ناسنامەی وڵاتێکی ئەو جیهانە خۆشەم هەیە کە ئێوە بۆی دەچن، پارەم زۆرە و پێویستیم بە پارە نییە، بەڵام بۆ خۆم حەزم بە سەرەڕۆیی و سەرکێشی و ترسناکی هەیە، هەر یەکە ئارەزوویەکی هەیە ، ئەمە ئارەزووی منە...

یەکێک قسەکانی پێ بڕی و هەستیاریش وەک ئۆپۆزسیۆنە نەزانەکەی وڵاتی خۆی بەرچاوکەوت، کەسەکە وتی.

سورکێو : ئەرێ کاکە تۆ پێمان بڵێ ئێستا کەی لەم دەریا مرۆڤلووشە دەمانکەیتە ئەوبەرەوە.

جانۆ : برام تۆ سەیرت خۆشە، نابینی ئاو لەو کەنار دەریایە چەند بەرز بۆتەوە و شەپۆل دەدات، ئەوە لە ناوەڕاستدا شێت بووە و هەموو شتێک لووش دەدا، من لە بەر خۆمم نییە لە بەر تۆمە نابێ کەمێک دەریا کپ ببێتەوە، خۆ من ناخنکێم تۆ دەخنکێی، بۆ من هیچی تێناچێت ئەوە یەخت و بچۆ بپەڕێوە، دەخنکێن. جارێ تا سبەینێ و دوو سبەینێش چاوەڕوانی هیچ مەبن، کەمێکی تر دەچمەوە ژوورەکەی خۆم و لە ئینتەرنێتەوە سەیرێکی دەکەم هەر کە زانیم شەپۆلەکان کپ بوونەتەوە دەتانێرمە ئەوبەرەوە.

هیوا قسەکانی پێبڕی و گوتی : بە خوا دەمێکە لێرەین و نانخواردن هەڵیتەکاندووین.

جانۆ : ئەریٚ ئێوە چیتان نەکراوە ئەوە منم زیان دەکەم، پێویستە شەوانە کرێی هوتێلی هەمووتان بدەم چەند زووتر بڕۆن بۆ من باشترە، چونکە خەڵکی تر دێنمە شوێنتان. بەس ئارام بگرن هەمووتان دەپەڕێنمەوە تەنها پەلەم لیٚ مەکەن.
هەستیار چاوی بە دەوروبەرەوە بوو بزانیٚ لە نێو ئەو خەڵکە خۆ وڵاتی و خۆ شارییەدا کەسی ناسیاوی تێدا نییە بیناسی یان بیناسن، کەسێکی وایان تیا نەبوو، جانۆ لە قسەکانی تەواو ببوو هەریەکە و قسەیەک و بە جۆرێک دەدوا، جانۆیش لە گەڵ هەستیاردا کەوتنە دەم و دووکردن، لەو کاتەدا کوڕێکی لەڕ و لاواز و باڵابەرز و قژ درێژ لەوێوە تێپەڕیٚ، جانۆ بانگی کرد و.....
جانۆ : بزانە ژوورێک بۆ مامۆستا و محەمەد دیاری بکە، ژوورێکیش بۆ ئەو خێزانە تەنها ژن و مێردێکن.
بەرەو ناندینەکە رۆیشت و هەر بەدەم ڕۆیشتنەوە نوزەیەکی لێوەهات دیار بوو کاری هەبوو، کە گەڕایەوە چووە نوسینگەکە دانیشت و دیقەتی تۆماری ژوور و ناوەکانی دا لە نهۆمی زەمینی ژووری یەکەمی بۆ هەستیار و محەمەد دەستنیشانکرد، ئەوانیش کۆڵ و جانتاکانیان هێنا و هەستیار لای پەنجەرەکەی گرت و محەمەدیش جێگاکەی دیکە ئەم ژوورەیش تەنها دوو جێی تێدابوو، محەمەد کوڕێکی ئارام و هێمن و لە سەر خۆی منداڵ کارە بوو، جێگای سالار و هاوسەرەکەیشی بردە نهۆمی سەرەوە کە خێزاندارەکانی لیٚ بوون، ژوورێکی بۆ دابینکرد و ئەوانیش چوونە ژوورەکەی سەرەوە، هەستیار و محەمەد خۆیان گۆرٍٍِِی و نوستن، دوای زیاتر لە کاتژمێرێک هەستان، هەستیار تەماشای محەمەدی کرد.......
هەستیار : تۆ برسیت نییە. بچینە کافتریاکە بزانین چییان هەیە نان بخۆین.
محەمەد : زۆرم برسییە وابزانم فاسوڵیا و برنجیان هەیە.
هەردووکیان چوونە کافتریاکە و نانەکەیان خوارد و چایەکیان بۆ هێنان چایەکەیان خوارد و لە گەڵ کەس قسەیان نەدەکرد، لە پشت محەمەدەوە کەسێکی کەتە و قەڵەو و سەر زل دانیشتبوو، هەرچی لە دڵی بوایە لە سەر زمانی بوو، لە دونیا نەگەیشتبوو، خۆیشی زۆر بە زیرەک دەزانی ناوی بژارە، ئەمە ئەو بژارەیە کە هاوشاری هەستیارە و بە هۆی هەرەشەوە هەڵهات و لە دام و دەزگا ئاسایشییەکان کاری دەکرد و لە گەڵ خێزانی رێک کەوتن و دەرچوون وا لێرە گیرساوەتەوە بۆ پەڕینەوە، منداڵەکانی لە دەوروپشت بوو هاوسەرەکەی و کچەکەی لەویٚ نەبوون، زوو زوو لە منداڵەکەی تووڕە دەبوو و بە چەپۆک دەیکێشا بەسەریا، منداڵە ناوەنجیەکەیشی کە لێی دەدا فرمیسک و چڵمی تێکەڵ ببوو بۆ ناو دەمیشی شۆڕ ببووەوە، محەمەد لە دەنگە بەرزەکەی ئاوڕی دایەوە و رووی کردە بژار و....
محەمەد : ئەوە بۆ وا لەو مندارەی دەکەی گوناعە کەمێک دەم و لیٚی بسرە .
لەو کاتەدا کچەکەی هاتە خوارەوە دەساڵانێک دەبوو هەر بانگی باوکی دەکرد و وەڵامی نەدەدایەوە دوایی نەڕاندی بە سەر ئەویشا...
بژار : هااا چیت دەویٚ روحتان دەرکردم.
هاژە : باوکە دایکم گوتی نانمان بۆ بێنێتە سەرەوە.
بژار : ( بە تووڕە بوونەوە ) دایکیشت لەو دوورەوە هەر بۆ خۆی ئەمر دەکا، بچۆ پێی بڵیٚ فایۆڵیا و برنج هەیە بزانە دەخوات.
کچەکەیش هەڵەشە دیار بوو وەک باوکی، بە راکردن بەرەو پێپلیکانەکان رایکرد، بژاریش تاو نا تاوێک بە دەستی ئەم منداڵ و ئەوەی دیکەیدا دەکێشا، هەرە بچوکەکەیشی بە نازەوە لە ئامێز گرتبوو، سەرێکی بەرز کردەوە و وەک ئەوەی هەست بکا هەموو ئەوانەی لە کافتریاکە بن تەماشای بکەن، رووی تیکردن و بە دەنگێکی بەرز....
بژار : وەڵڵا خۆم و منداڵەکانم باشترین ژیانمان دەبێت بابڕۆینە ئەو وڵاتە.
زەنگی تەلەفۆنەکەی لێدا، دیار بوو دۆست و ناسیاوی بوو لە شارەکەی خۆیانەوە، دوای هەواڵ پرسین..

بژار :  وەڵڵا ئێرە ئەوەندە سارد و خۆشە، گۆرانیەکەت نەبیستووە دەڵێ ( دیدەم دیدەم دیدەم ) ئێمە واین لەوێ، کورە وەڵڵا ئەوەندە خۆشە نەبێتەوە، ئەوە چۆن لەو شوێنە کەلاوەیە دەتوانن بژین، وەرن بۆ ئێرە پێکەوە دەڕۆین. ( تا دەهات دەنگی بەرزتر دەکردەوە.(
کەسێک لە پشت هەستیارەوە دانیشتبوو خۆی و هاوسەری و دوو منداڵی بوو، دەستێکی بۆ راوەشاند و
هیوا :  برا بۆ وا دەنگی لێ بەرز کردیتەوە، لۆ خۆت قسان بکە.
لەو دیو بژارەوە واتا لە پشتییەوە بەرەو شەقامە سەرەکییەکە کوڕێک خۆی و خێزانی و دوو منالّی دانیشتبوون، قەڵەو و بە خۆوە بوو چوارشانە سەکسۆکییەکی ریشی دانابوو، کەسێکی هێمن و سەلار و لە سەر خۆ، خاوەن هەیبەت و شکۆ پێ دەچوو کەمێک رۆشنبیریش بێ، ناوی سەوەند بوو کپ و بێدەنگ نانی خۆیان دەخوارد و حەزیان نەدەکرد کەس گوێی لە دەنگیان بێت، جارجار سەیرێکی بژاری دەکرد و سەری بۆ دەلەقاند وەک ئەوەی لە رەفتارەکانی و دەنگە بەرزەکەی ناڕازی بێت، نەیدەتوانی پێی بڵێ کەمێک لە سەر خۆبە، دیار بوو خزم و ناسیاوی بژار بوو بەڵام هەر یەکە و خاوەن خێزانی خۆی بوو، پێگەیەکی بۆ خۆی دەپاراست نەبا بەگژیدا بچێتەوە، ناچار بە کپ و بێدەنگی دانیشت و کەوتە نان خواردنی خۆی، سەر بادانەکەیشی ئاماژەی ناڕازی بوونی بوو لێی.
سەرما پرزەی لە هەموو بڕی بوو تا ئێوارە درەنگتر دەبوو سەرماکە زێتری دەکرد، هەر یەکەیش بە جۆرێک خۆی پۆشتە کردبوو تا سەرمایان نەبێت، لە ناخیشەوە هەموو دەکوڵان تا سێ رۆژی دیکە چی لێرە بەسەری دەبات، ئێرە بۆ ئەم کۆمەڵە خەڵکە چۆڵەوانییە، هەندێک مەرگ پەلەی لێدەکا و هەندێکیش بەخت.
دیمەنی ئەم شارۆچکە بەم زستانە گەلێک سیحراوییە، هەموو شەقام و کوچە و کۆڵانەکانی وەک وڵاتە پێشکەوتووەکان فەرشئاسا راخراوە، ئەم سەرمایە سەر شەقام و کوچە و بانی چۆڵکردبوو، کەسێک کارێکی پێویستی نەبا نەدەهاتە دەرێ، دیمەنێکی ئەفسوناوی و مەست، ئەم زستانە چاوی خوماری ئێوارەی بولێڵییەکی پۆشیوە، هەر لە گەڵ ئاوابوونی خۆرا شەبەیخونی بە بەرۆکی ناخی دانیشتوانی شار دەگرێت، دیمەنەکە گەلێک جوان و مایەی ئەندێشەی شەوانی یانەکانی سەما و مەیخواردنەوەیە، لەم دیمەنە هەستیار و سیحراوییە مرۆڤ سەرسام دەبێت، کۆشک و تەلار و باڵەخانەکان بەرز و بڵند و رەنگین، شارێکی تەواو گەشتیاری، هاوینان تەواوی ئەو میوانخانانە و ماڵانیش پڕ دەبن لە گەشتیاری و شەوانە نوستن سەر شەقام و کەنار دەریا دەتەنێت، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم شارە بە تەواوی هوتێل قۆرخ و داگیری کردووە، هاوینان بازاڕێکی گەرم گەرم جوڵەی بازرگانی بە ئەندازەیەکی زۆر سەیر، داهاتێکی باشی هەیە، نها و بەم زستانە کۆمەڵێک سەرۆک باند ژیانی ئابووریان بۆ کەمێک لە میوانخانەکان گێراوەتەوە، بوژاندنەوەیان بۆ خولقاندون، دەنا کپ و مات و خامۆش، رەنگە داهاتی هەر نەبێ، بەشێکی زۆری میوانخانەکانی دی بە تەواوی لەم زستانە دەرگاکانیان کڵۆم دراوە، رۆژانی کەم داهاتی زستانە، رۆژانی شاهانەی پڕ داهاتی هاوینان دێنێت، خەڵکی ئەم شارە کارزان و سەر دەرکردون هاوینان پاشەکەوتی زستانە دەکەن، هاوکات سووکە کارێکی لە گەڵدا دەکەن، زەوی بەرئاو و کشتوکاڵیان زۆر و بەرهەمیان دەبێت، ژیان لێرە جوانە بە بارتەقای ئاوابوونی خۆر لە نێو دەریاکەوە. لە نێو ئەو سەرماو سۆڵە و دەست و پەنجە ڕچینەدا بژار هەڵیدا و....
بژار : وەڵڵا بابچینە سەر دەریاکە، وەڵڵا جانۆ راست ناکات، ئەوە چەند رۆژە لێرەین فریومان دەدات.
کەس وەڵامی نەدایەوە، هەر دەیگوت و دەیگوتەوە، هەستیار دوای نانی ئێوارە کەمێک لە بەر دەرگای هوتێلەکە هاموشۆی دەکرد، بیرێکی لەو دونیا جەنجاڵ و سەیر و سەمەرەیە دەکردەوە، ئەوە دەڵێن سەرۆکی باند زۆر کەم کەم دەبینرێت و خۆ نیشان نادات، کەس نازانی شەوان روو لە کوێ دەکات، ئیدی خۆی و خوای خۆی، هەستیار یەکەم ئێوارەیە لێرە و هەست بە بێزاری دەکات، شەوی رابردوو ماندوو بوو، ئەمرۆیش هەر ماندوێتی و هیلاک بوون، جانۆیش خۆی ونکرد، نازانێ چارەنووس چی چاوەنواڕی دەکات، گەڕایەوە کافتریاکە و لە یەکێک لە مێزەکان دانیشت، تا هەستیار رۆیشت و گەڕایەوە بژاریش

خواردنەکەی بە هاژەیا بۆ خەرمانی هاوسەری نارد، سەوەند و بژاریش لە مێزێکی دیکە تاوڵەیان دەکرد، هەر مشتومڕیان بوو، ئەویش دیقەتی دەدان و گوێی لێدەگرتن، بژار هەر لە سەر ڕەوتی دەنگ بەرزکردنەوەی بەردەوام بوو، جارجار مشتومڕێکیان لە سەر گەمەکە دەبوو، ناچار سەوەندیش جارناجارێک دەهاتە دەنگ. هەستیاریش لە شوێنی خۆی هەستا و بە دیار مێزەکەیانەوە قەدەرێک وەستا و ....

هەستیار : یاریکردن بۆ خۆشی و عەقڵ ئاسوودە کردنە، نەک بۆ بێزاری و مێشک ئاڵۆزکردن.
هەردووکیان سەرێکیان بەرز کردەوە و وەک بیانەوێ بڵێن ئەم کابرا بۆ خۆی هەڵقورتاندە نێوانمانەوە...بژار دەمی کردەوە....
بژار : وەڵڵا نۆبەی تۆیە زارەکەت هەڵگرە.
هەستیاریش رووی وەرچەرخان و بەرەو ژوورەکەی بەرێکەوت، چووە ژوورەوە و محەمەد گوتی
محەمەد : ئەو دەرگا کڵۆم بدە ماندووین دەنوین..
هەستیار دەرگاکەی داخست و پەردەکەی دادایەوە و گڵۆپەکانی کوژانەوە و سپلیتەکەیش هەر بەردەوام ئیشی کرد و لە سەر جێگاکەی ڕاکشا.... نوستن......

( 15 )

بایەکی بەهێز هەموو دەڤەرەکەی تەنی بوو، شەختەبەندانێکی کەموێنە بوو لە سەراپا شار بڵاوببۆوە هەندێک شوێن گوێسەبانەکان چلوورەی گرتووە، بەفری چەند ڕۆژی ڕابردوو لە سەر شۆستەکان بەستوێتی، سەرمایەکی بێ ئەندازە، لێرە کەم کەس سپێدە لە خەو هەڵدەستێت هەستیاریش وەک پیشەی لە سەر بە ئاگابوونەوەی پێشوەخت هەر بەردەوامە، خەڵکی شار بە هۆی کارو کەسابەتەوە زوو لە خەو هەڵدەستن، ئەمڕۆژە تەنانەت کارگوزارەکانی کۆمپانیاکانی ڕێگاوبانیش بە هۆی سەرماوە و بەستنەوە گرێدەر و بلدۆزەر و شۆفڵەکان درەنگتر وەکار و ئیشکەوتن، لە شەقامەکاندا زۆر بە دەگمەن ترومبێل دەبینرێت، نەمازە تاکسی، لە نێوان هەر چارەکە کاتژمێرێک یا نیو کاتژمێرێکدا ئەگەر ڕێبوارێک بە خیابان و ڕێگا و کۆڵانەکاندا تێبپەڕێت، ئەو بایە بەهێزە لە هەناوی ئەو شەختە و بەفرەوە دەردەچێت، ئەو بەستنی شۆستانە شەقامەکەی نەگرتۆتەوە، شەقامەکان لێرە بەخشت و پاهینی ( بەرزی و نزمی زۆر ) دروستکراون کە نەیبەستێت، ئەگەر بیشی بەستێت ترومبێل ڕابگرێت و نەخلیسکێت، خۆر بەدەرەوەیە، تیشکەکەی لە دەریاکە دەدات و چ سوودێکی نییە چونکە سەرماکەی لە ئەندازە بە دەرە، کپی و بێدەنگی هەموو لایەکی شارۆچکەکەی گرتۆتەوە، کات نزیکی دەی بەیانییە، ئەو ڕێبوارەیشی دەبینرێت هەردوو دەستەکانی لە گیرفانەکانی ئاڵاندووە، ئەو بایە جگە لەوەی بەفرەکە دەبەستێت کاریگەری لە سەر شەپۆل و بەرزبوونەوەی ئاوی دەریاکەیش هەیە، پەڕینەوە لە ڕۆژی وەهادا مەحاڵ دەکات، لەم جۆرە کەشوهەوایە شەپۆلی دەریا لە قوڵاییدا بەلەم و یەخت و چوپ و کەرەستەی ئاسایی ناو دەریا بەرگە ناگرن و لە گەڵ خۆیدا لووشیان دەدات، هەر ئەمەیش وایکردووە خەڵکێکی زۆر لە پەلە کردنیان بۆ پەڕینەوە بخنکێن، ئەوە بای نەهامەتی ئەجەلە بانگیان دەکات.
ئۆچ مەسیف هێشتان لە بن سێبەری تەلارە بەرزەکانی بەرامبەری قورتاری نەبووە و تیشکی هەتاوی پێ نەگەیشتووە، لە ڕاڕەوو کافتریای میوانخانەکەوە غەڵبەغەڵب و دەنگەدەنگێکی کەم دەبیسترێت، هەستیار دەمێکە بە ئاگا هاتۆتەوە و سەرسامی ئەو سەرمایە محەمەدیش خۆی سەرقاڵی مۆبایلەکەی کردووە، پێدەچێت نامە و نامەکاری لە گەڵ کەپڵەکەی بکات، هەستیار لە بن جێگاکەیەوە خۆی دەرکرد و بە محەمەدی گوت..
هەستیار : دەی تۆیش وەرە دەرەوە لە ناو جێگا و چرکەچرکی مۆبایل بەسە، بابڕۆین پاروە نانێک بخۆین.

ژوورەکەیان چاک گەرم داهاتبوو، تا سپێدە سپلیتەکەیان کاری دەکرد، خۆی و محەمەد بە دوو تویی فانیلەیەکەوە نوستبوون، خۆی ئامادە و ساز کرد تەواو بە باشی خۆی پێچایەوە هەرچەندە ئاگاداری سەرماکە نییە بەڵام خۆی بۆ ئامادەکردووە کە زۆر ساردە، محەمەدیش بە هەمان شێوە خۆی پێچایەوە، هەموو دەترسان بە هۆی سەرماوە نەخۆش بکەون، پێکەوە چوون بۆ کافتریاکە و نان و ماست و چاییان خوارد، لە مبەزەکەی پشتیانەوە هیوا خۆی و خێزانی و سامان خوارزای دانیشتبوون بەرچایی بەیانیان دەخوارد، هێلکە و رۆن و چایی و نان، هیوا کوڕێکی کەمگۆشتی کەڵەگەتی ناوشان پان بوو، هاوکاری خوارزای رەقەڵەیەکی گورج و گۆڵی مل باریکی باڵا ناوەندی بوو، بە پێچەوانەوە سەوەند ئەم بەیانیە خۆی و خێزانی و دوو مناڵەکەی لای سەرەوەیان گرتبوو و نانیان دەخوارد لە تەنیشت تەلەفزیۆنەکەوە بوون، سالار هاتە خوارەوە و بەرچایی بەیانی لە سەر سینییەک بۆ هاوسەرە دووگیانەکەی برد، لای خوارەوە و لە بەر دەرگاکە کابرایەکی بە تەمەن ناوی حجو خلف بوو لە گەڵ کوڕەکەی بە ناوی هەڤاڵ و بوکەکەی بە ناوی نازەنین و وخێزانی فاتیمە لە سەر مێزێک دەوری یەکدیان دابوو، حجو خلف ناوبەناو کۆکەیەکی سەخت دەیگرت، هەستیار و محەمەد سەرقاڵی نانخواردن بووون، هەژان بە دەستی بژاری باوکییەوە بوو هاتنە خوارەوە، بێدەنگی تەواوی کافتریاکەی گرتبۆوە، بژار تەوقی بێدەنگی شکاندو بە دەم رۆیشتنەوە بەرەو ناندینەکە دەستەکانیشی رادەوەشاند....

بژار : وەاڵا یەکساردێکە، رەشەبایە رەشەبا بە هەفتەیەکی تریش خۆش ناکاتەوە، وەڵڵا لێرە دەڕزێین .

بە دەم قسەکانییەوە خۆی کرد بە ناندینەکەدا، ئەوی دانیشتبوو هەموو سەری بەرز کردەوە و دیقەتی بژاریان دەدا، هەر یەکە و لای خۆیەوە قسەیەکی دەکرد، یەکێک بە پشتگیری و ئەوی تر دژی، ئەوی لە کۆنەوە لەم ئوتێلە پێکەوە بووبن یانی هەفتە و دە رۆژێک پێشتر هاتبن، پشتگیریان دەکرد، دەیانزانی ناو دڵی پاکە و رک و بوغز و کینە نازانی چییە، ئەوانەی تازەیش بوونایە دەیانگوت: دەیەوێت ماسی بگرێت و قوولی تەڕ نەبێت.

ئەوی نانی تەواو دەکرد دوای دانیشتنێک لە سەر مێزەکەی خۆی هەڵدەستا و دەچوو لە ناو حەوشەو هۆڵەکە پیاسەیەکی لێ دەکرد، بە زۆری بە هۆی سەرماکەوە خۆیان گرمۆڵە دەکرد، هەتاوەکە دەرچوو بوو وەلێ تینی نەبوو، سەرماکەی زۆرتر بوو، لەمیس و نەجم لە هۆڵی نوسینگەکە دانیشتبوون تاوڵەیان دەکرد، ئەو میوانخانە تەنها ئەو تاوڵەی تیابوو دەبوایە بە نۆبەت یاریان بکردبا، هێشتا خاوەن میوانخانەکە نەهاتبووە سەرکار، کات یانزە و نیوی پێش نیوەڕۆی تێپەڕاندبوو، هەستیار مەبەستی بوو کارت بۆ هێڵە مۆبایلەکەی بکڕێت و باڵانسی تێبکاتەوە، بەر لە رۆیشتن لە گەڵ بژار و سەوەند خۆیان بە یەکتر ناساند چونکە لە ناو هەموو نەفەرەکاندا ئەم دووانە و هەستیار و سالار هاوشاری بوون، بژار گوتی....

بژار : سەوەند وەڵڵا من دەچم بۆ دوکانی ئینتەرنێتەکە، باڵانس پڕ دەکەمەوە، تۆ دێیت.

) هەستیار هەڵیدایە و قسەی کرد ) : من دێم ، لە کوێیە.

سەوەند : مادام مامۆستا دێت منیش دێم.

هەموو پێکەوە رۆیشتن، زۆر بە ئاسپایی و لە سەرخۆ دەڕۆیشتن، لە رێگا بژار هەرچی دەگوت سەوەند بەرپەچی دەدایەوە دەیگوت وانییە، هەستیاریش گوێی دەگرت، محەمەد و سالاریش پێکەوە چوونە دەرەوە، گەیشتنە دوکانەکە لە ناوبازاڕەکە بوو، هەر یەکە و باڵانسێکی تێکرد و هێڵی ئینتەرنێتیان بۆ بوو، بە مەیلی خۆیان تەلەفۆنیان بۆ وڵاتی خۆ دەکرد، هەموو رۆژانە پەیوەندییان بە کەسوکاریانەوە دەکرد، هەستیاریش بە غەمینەوە، لە گەڕانەوەدا سەوەند داوای لە هەستیار کرد تا سەر دەریاکە بچن، ئەوە یەکەمینجارە هەستیار دەریا ببینیت، سەری رەزامەندی لەقاند و رۆیشتن و بژاریش لە گەڵیاندا رۆیشت، گەیشتنە سەر دەریاکە لە کەنارەوە شەپۆلەکان زۆر شێتانە بەرەو رۆخی دەریاکە دەهاتن، لە ناوەوە ئەو ئاوە سەمای دەکرد بایەکەی رۆژهەڵاتی بوو، مرۆڤ کە دەیبینی هەترەشی لێدەچوو، تا چاو بڕی بکردبا بەرەو باشووری خۆرئاوای شارۆچکەکە ئەو دەریا هەر شەپۆلی دەدا، ئەو سەر دەریایە لە گەڵ ئەوەی لەنگەرێکی باش و گەورەی بۆ کەشتییە گەورە و ناوەندییەکان هەبوو لە باشوورەوە تا باکوور هەر گازینۆ

و چێشتخانە و پارک لە سەر دەریاکە بوون، لە تەنیشت دەریاکەوە بە شێوەی پێچ و کەوانەیی شەقامێکی جوان و رێکوپێک هەبوو لە تەنیشت شەقامەکەیشەوە دەیان کافی و گازینۆ و بار و میوانخانە و چێشتخانەی لێ بوو، ئەوانەیش هاوینان جێیان نابێتەوە خەڵکی دابنیشن، لە سەر چەوی رۆخ دەریاکە ماسیگرە و پۆڕی دەریایی سپیرەنگ و خۆڵەمێشی بە دۆرادۆری پیاوێکەوە بوون کە پاشماوەی چێشتخانەکەی هێنابوو بۆی رۆدەکردن و قیژ و هارێکیان بوو دەنگێکی خۆش و ساز لە گەڵ شەپۆلەکە تێکەڵببوون، وا پێدەچوو ئەم کابرایە زوو زوو ئەو پاشماوانەیان بۆ بێنێت، بۆیە هەندێ لە باڵندەکان وەک سۆز و ئەوین نواندن جار جار لە سەر شانی کابرا دەنیشتنەوە، پیاوێکی بە تەمەن و ریش چەرموو کورتەیەکی کەمگۆشت بوو، ئیتر ئەو کابرا کە باڵندەکان وایان دەکرد وای دەزانی باڵندەی هومان و بە سەر شانییەوە دەنیشن و تاجی شاهانە لە سەر دەنێت، ناو بەناو بە خەڵکەکەی دەگوت کە لای ئەوەوە نەرۆن  با باڵندەکان تار نەبن، هەر سێکیان دیقەتی ئەو دیمەنەیان دەدا و سەوەند گوتی...

سەوەند  :  تەماشا تەماشا ئەو دەریا چۆن هار بووە، شەپۆلەکانی تووڕە و سەر شێتن، جانۆ ناهەقی نییە، براینە ئەم کابرا راست دەکات نەفەرەکانی خۆی خۆشدەوێت، دەنا دەتوانێت بەیانی چوپێک بکرێت و هەمووی بەری بکات.

بژار  : وەڵڵا کاکە من بە چوپ برۆم نایەم بۆ لای جانۆ، لای بەشار بووم بە چوپ رۆیشتین خەریک بوو خۆم و ماڵ و مناڵم تیابچین، چۆن بە چووپ دەڕۆم.

هەستیار : ئەو ناڵێ بە چوپ بمانبات، ئەو دەڵێت ئەگەر مەبەستی بێت، ئێمە لە ناو بچین، سبەی یا هەر ئەمشەو دەمانباتە رۆخی دەریاکە و بە یەختێکی شڕ دەمان نێرێت، ئیتر چیمان لێ دێت یان نایەت، وەک هەڵماتێن دەڵێ سەر و حەج.

بژار : چووزانم، وڵڵا من بە چوپ ناڕۆم تۆبەم کردووە، خەریک بوو مناڵەکانم بخنکێن، جەندرمە فریامان کەوت و لە مردن رزگاریان کردین.

سەوەند : ئێستێ من وتوومە بە چوپ برۆی، تێنەگەیشتن لە بەڵای خوا خراپترە .

حاڵی بوون لە دەریا چ باسە، شەپۆلەکان چۆنن، بەرزن یا نزم، بە نائومێدی بە بەسەر کردنەوەی چەند دوکانێکی ناو بازارەکە دوای بە سەر بردنی کاتێکی زۆر بۆ میوانخانەکە گەڕانەوە، لە رێگا و بەر لە گەیشتن بە هوتێلەکە مناڵەکانی بژار لە جۆلانە و خلیسکانێی ئوتێلێکی دیکە گەمەیان دەکرد، بژار بە دەنگێکی بەرز...

بژار  :  کچێ هەژان ئەو مناڵانە با نەگرین چییان دەوێ بۆیان بکە .

هەژان  : ئەو کوڕە ناهێڵێت سواری جۆلانەکەیان بکەم .

رووی خۆی لە مناڵەکە گرژ کرد و بەستەزمانە هەر لێی تۆقی و رایکرد لەو ناوە نەما....

بژار  :  ئێستا دادە دەتانکاتە ناو جۆلانەکەوە، مەگری ...... دەی دەی وەرنەوە نان دەخۆین .

ئیتر گەڕانەوە پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ بوو، هەموو لە کافتریاکە کۆببوونەوە، بژار وەک خەسڵەتی هەمیشەیی خۆی رووی تێکردن و گوتی....

بژار :  وەڵڵا تا یەک هەفتەی دیکە بە ئومێدی هیچ مەبن، ئەو ئاوە وا یااااری دەکات، زەحمەتە وا زوو بنیشێتەوە، تازە لێرە گیرمانخواردووە، بۆ خۆتان چیتان نەکراوە هەر برنج و شلەی فاسوڵیا بخۆن بە حەوت لیرە، چایی گەرمیش هەیە، بۆ خۆمان لێرە دەمێنین تا بۆ خۆی کپ دەبێتەوە، بەس وەڵڵا زەحمەتە وا زوو.....

ئەوی ئەمڕۆ نەچوو بووە سەر دەریا و شەپۆلەکانی نەدیبوو کێچ کەوتە کەوڵیانەوە، هەراسان و بێزار بوون، ناهەقیان نەبوو، خەڵکی وای تیا بوو پارەی پێ نەبوو نان بخوات، یەک یەک و دوو دوو رێی سەر دەریاکەیان گرت، بۆ دیدەنی ئەو شەپۆلە سەر شێتانەیە، حەوسەڵەیان نەما بوو، لای خۆرئاوا بوون تاک و تەرا دەگەڕانەوە، ناهومێدی سەر و سیمای داگرتبوون، هەموو رووخسار تورشاو بزەیشیان نەبوو، کە هاتنەوە بۆ ئوچ مەسیف کەوتنە نانخواردنی ئێوارە و سەر مێزەکانی کافتریاکەیان تەنییەوە، ئەویشی

دەهاتەوە لە گیوپلن داوای نانی دەکرد، گیوپلن ئەو ژنە روح سووک و ئیشکەرە بوو هەر خۆیشی نانەکەی لێدەنا و خزمەتیشی دەکرد، خێزانی خاوەن میوانخانەکە بوو، کە خواردنەکەی دادەنا مەمکەکانی دەلەرینەوە جووڵەیەکی سێکسی جوان و سەیری هەبوو، زۆر بە تەمەنیش نەبوو، ئەوەی لە میوانخانەکە بوون بە خێزاندار و سەڵتەوە مەستی گیوپلن ببوون، ئەویش زوو زوو بزەیەکی پێکەنینی دەکرد، بە زۆری شەوان قاقای پێکەنینی زۆر بوو، دەیانگوت و لە ناو نەفەرەکان وا قاو بوو گوایە جانۆ شەوانە لە ژوورەکەی خۆی یان لە ماڵی گیوپلن پێکەوە دەبوون .

هەستیار و محەمەد گومانی نەفەر و پەڕینەوەیان لێ نەدەکرا، بۆیە لە یەکەمین ژووری نهۆمی زەمینی دانرابوون، جانۆیش لە دواهەمین ژووری نهۆمی سێیەم بوو، تا لە هەر ئەگەر و رووداوێکدا فریای خۆی بکەوێت و هەڵبێت و دەرباز بێت، ئیتر ئەو خەڵکەیش ئارەزووی خۆیەتی، چۆن قورتار دەبن یان نا، ئەوە کێشەی جانۆ نەبوو، هێدی هێدی شەو لە گەڵ خۆیدا سەرما زیاد کرد و هەستیار و محەمەد گەڕانەوە ژوورەکەی خۆیان و کۆنترۆڵی سپلیتەکەیان دیار نەما بوو خاوەن میوانخانەکە شاردبوویەوە چونکێ شەوی رابردوو هەمووی کاری کردبوو، ئەو شەوە محەمەد و هەستیار تا بەیانی لە سەرما هەڵلەرزیون، خاوەن میوانخانەیش وای پێ دەگووتن کە ئەوان کۆنترۆڵەکەیان ونکردووە، دەبێت بیکڕنەوە، لەو نێوەندەدا دوو شەو سەرمایان بوو، دواتر لای جانۆ گلەیی و سکاڵایان کرد و خاوەن میوانخانەیش بەو مەرجە هێنایەوە ناو بەناو کاری پێ بکەن و کارەبا زیادە خەرج نەکەن، ئەوانیش بە قسەیان کردن و کەمێک پۆشتە و گەرم بوونەوە.

## ( 16 )

حجو خەلەف بووە سەر وێردی هەموو ئەوانەی لە ئوچ مەسیف بوون، کابرایەکی بە تەمەن و بە ساڵا چوو، تەنانەت هەژانی بژاریش باسی دەکرد و دەیگوو ئەم پیاوە بەم تەمەنەوە بۆ کوێ دەچێت، کەفتەکار و نەخۆش، کۆکە و تەنگە نەفەسی هەراسانی دەکرد و لە شەرای مەرگا دەیگەڕاندەوە، هەروەک خۆی دەیگێڕاوە چەندینجار بەهۆی نەخۆشییەوە هەموو ئەو وڵاتانە گەڕاوە کە نها ژیانی خۆی بۆ دەخاتە مەترسییەوە، نەخۆشییەکەی کوشندە بوو، لەڕ و لاوازی کردبوو، ریشێکی سپی، سەری تەواو بەفری لێنیشتبوو، ساقۆیەکی چەرمی قاوەیی لە بەردەکرد، لە رووخساریا تەواو پەککەوتنی پێوە دیار بوو، نەخۆشییەکەی زۆر کاریگەری لێکردبوو، کوڕە گەورە و گەنجەکەی زۆر خۆشدەویست، دڵی ئۆقرەی نەدەکرد لێی جیابێتەوە، هەڤاڵی کوڕی لە رووی ئاوەزەوە کەمێک لاواز بوو، تەواو شێت نەبوو تەواویش عەقڵدار نەبوو، ناوشان پانێکی ئاسایی بوو، ژنێک هێشتان مۆرکی گەنجێتی زۆر پێوە دیاربوو لە تەمەن چل و پێنج ساڵان دەبوو، کەس نەیدەزانی ئەمە هاوسەری حجو خەلەفی بەتەمەنە، سەرەتا واتێگەیشتبوون کە ئەمە کچێتی، دواتر دەرکەوت ئەوە هاوسەری حەجو خەلەفە، ژنە زۆری خۆشدەویست و هەمیشە بەدەورویشتی حەجۆوە بوو، حەجۆ جارێک دەکۆکی فاتیمەی ژنی هەزارجار خۆی بە قوربان دەکرد، چەندین کەڕەت لە بەرچاوی خەڵکەکە دەیگووت بریا من وام لێبهاتبا و حەجۆ تۆ هیچت لێنەهاتبا و سەلامەت بای، پیرە دەوڵەمەندێکی بێ ئەندازەبوو، دەیویست وەک ئەو خەڵکە لە دەریاکە بدات، باسی لە سامانی خۆی دەکرد کە خاوەنی چەندین کامیۆن و گەراج و زەوی وزارە، هەموو موڵکی خۆی بوون، فاتیمە منالی لە حەجۆ نەبوو، کەسیش نەیدەزانی ئەوە چەندەمین ژنێتی، کچێکیان لە گەڵدا بوو تەمەنی لە بیست و پێنج ساڵێک دەبوو، زوو زوو فاتیمەی وای بە گوێی خەڵکەکە دەدا کە بیست ساڵە بۆ خۆی ئەم کچە بە خێو دەکات، ئەویش کە دایکی نەماوە ئولفەتی بە فاتیمەی باوەژنییەوە گرتووە، هەر بە دایکە بانگی دەکرد، کچە باوەژنەکەی زۆر خۆشدەویست، فاتیمەیش بە هەمان شێوە، ئەم ژنە وەجاغ کوێرە

خۆشەویستییەکی زۆری بۆ کچەکە و هاوسەرەکەی هەبوو کوڕەکەی خۆشنەدەویست، کەس لەم نەهێنییە تێنەدەگەیشت، لە گەڵ بوکەکەی جارجار بە پێکەنینەوە دەدوا، جارێکیان لە کافتریاکە دانیشتبوون حەجۆ خەلەف دەیگووت.

حەجۆ خەڵەف : چ بۆ هەوە بەحس بکەم، ئەز چ مەجبیر نیمە لڤێ بەحرێ ببورم، ئەڤ کوڕا بەرکا من گرتییە، بچتە بەحەشتەکا ڤێ خەلکی دچێتێ. ئەگەر بەحسا خو بۆ هەوە بکەم .....

ئیتر خۆی بۆ نەگیرا و دایە پرمەی گریان، بیری لە سەردەمی خۆی و ئێستای دەکردەوە بە دەست نەخۆشییەوە چۆن رەزیل بووە، کچەکەی زۆر زۆر جوان بوو، باوەژنەکەی هەمیشە لە تەنیشت خۆیەوە دایدەنا، بەردەوام بۆی دەبووە سایە، لە چاوی گەنجەکانی بە دوور دەگرت نەبا پەیوەندییەک بکەوێتە نێوانیان، باوەژنی وا زۆر کەم بوو یا هەرنەبووە، گریمانە و ئەگەرە زۆرەکانی ئەو نهێنییە هەر لە بوخچەیەکدا پێچرابۆوە و نەکرایەوە، ناو بە ناو لێرە و لەوێیی میوانخانەکەدا گوێبیستی پەیوەندییە تەلەفۆنەکانی فاتیمە دەبوون، تەنها بۆ براکەی تەلەفۆنی دەکرد، ئیتر پەیوەندی بە کەسی ترەوە نەدەکرد، بە رۆژێک پێش ئەوەی بۆ وڵات بگەڕێنەوە، بژار گوێی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی ژنەکە دەبێت بۆ براکەی و بە چرپەیەکەوە پێی گوتبوو: (( دەگەڕێینەوە کارەکەی تۆ ئاسانتر دەبێ )) ئیدی لەم قسەیەوە کە بژار بە ناویاندا بڵاوی کردبۆوە، هەر یەکە و مەزندە و بۆ چوونێکی خۆی بۆ دەکرد، ئێوارەیەک پیرەمێردەکە ( حەجۆ خەڵەف ) لە کافتریاکە دانیشتبوو، ئیدی ئەوی لە وێ بوون دۆرادۆریان دابوو، ئەویش قسەی بۆ دەکردن، بە سەرهاتی خۆی و دەوڵەمەندی دەگێرایەوە، دیسانەوە خۆی بۆ نەگیرا و دەستی کردەوە بە گریان، کۆکەو تەنگە نەفەسی تەنگی پێهەڵچنی، تەنها فاتیمەی هاوسەری بە دەنگییەوە چوو، دەیزانی چی لێ بکات، هەندێکیش وایان دەزانی ئەو دەردە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێتەوە، بۆیە دوور خۆیان لێ دەگرت، وایش نەبوو، دوای هەوڵدانێکی زۆری فاتیمە پیرە هاتەوە سەر خۆ، ئیتر بە قسەکانی وای خەڵکەکە تێگەیان دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی، چیتر لە گەڵیاندا نامێنێت و ئەو کاروانەیان لە گەڵ تەواو ناکات، تەواو ئیتر بەرگە ناگرێت، پێی وابوو ئەو نزیکی مەرگە چاکترە لە ناو کەسوکاری خۆی بمرێ و بە قەدر و رێزەوە بەرێدەکرێت، زۆریان لە گەڵ هەوڵدا لە بڕیارەکەی پەشیمان بێتەوە بەڵام بێسوود بوو، دیار بوو لە گەڵ ژنەکەی کە لە ژوورێک پێکەوە دەنوستن وارێککەوتبوون بگەڕێنەوە، بۆیە قسەی کەسی دیکەی وەرنەدەگرت، کوڕەکەیشی حەپۆلەیەک بوو هەر جگەرەی دەکێشا، حەجۆ پێی وابوو بڕواتەوە و لە ناو کەسوکاری خۆی و بە ئاگاداریان وەسیەت بکا ئەو سامانەی چی لێبکەن، دەنا شەڕەکەی واترلو دەکەوێتە نێو خانەوادەکەی، پیرە ئەو ئێوارە هەر دەگریا کۆکەکۆکیشی بوو، هەر کە سبەی هەستان چێشت تەنگاو بوو جانتا و کۆڵ و کەرەستەکانیان لە نوسینگەکە دانا، لە گەڵ یەک ماڵئاوایی کرد و دەگریا، یادگارێکیان لە پشتی خۆیان بە جێهێشت و بۆ خۆیشیان کۆمەڵێک لە رووخساری ئەو خەڵکە و ئۆچ مەسیفیان وەک بیرەوەری ئەم شارۆچکەیە لە گەڵ خۆ بۆ نیشتیمان بردەوە.

( 17 )

جموجۆڵێکی گەرموگوڕ سەراپا میوانەکانی ئوچ مەسیفی گرتۆتەوە، بە خۆشی و بەختیارییەکی ئەندازەبەدەر نانەکەیان دەخۆن، لە گەڵ نانخواردنەکەیاندا سەیرێکی ئاڵای سەربانی تەلارەکەی بەرامبەریان دەکەن، نووزە بایەکیش نییە بیشەکێنێتەوە، ئیتر چاوەڕێ ناکەن ئەمشەو دەست بە پەڕینەوە دەکەن، جانۆ ئەم بەیانییە لە هەموو بەیانییەک زووتر بە ئاگا هاتۆتەوە و بەرەو ناندینی هوتێلەکە رۆیشت، لەژێر لێوەوە ورتە ورتێکی لێوەهات، بە پەلە هەڵوێستێکی کرد و گەڕایەوە و رووی کردە هەموو ئەوانەی نان دەخۆن...

جانۆ : ئەمڕۆ هەموو خۆتان ئامادە بکەن شەو پەڕینەوەیە و ناوی خوای لێ دێنین.
مقۆمقۆ و دەنگەدەنگی ناو کافتریاکە ناو هۆڵەکەیشی تەنییەوە، ئەمیان دەیگوت من لە کاروانی یەکەمم ئەوی دیکە دەیگوو نەخێر من لە کاروانی یەکەمم، پێدەچوو جانۆ کوڕی سێو لە باخەڵی پێ کردبن، بەڵێنی بە هەموو دابوو یەکەم کاروان و یەکەم نۆبەت بەڕێیان بکات، ئیدی بەزمی قسەی ڕۆژ کرایەوە و مەجلیس گەرم بوو، هەر یەکە و لە باراشێکی دەهاڕی لێکدانەوە و خەیاڵی وا سەیر سەیر دروست دەبوو هەر یەکە و بەهەشتێکی بۆ خۆی خولقاندبوو، هێمنیش کە تازە گەیشتبوو گوتی....
هێمن : ئەی ئەگەر کەوتینە دەریا و کەسمان دەرنەچووین ئەو کات خەیاڵەکانتان بۆ کوێ دەچێت.
بژار : منەتی کەس هەڵناگرم پارەم بە زیادەوە پێیە، مناڵەکانی خۆمی پێ پۆشتە دەکەم و دەیانگەیەنمە جێ مەبەست.
بژار هەر لە سەر خەیاڵەکە بوو، هەموو پارەی باشی پێ بوو دووان سیانێک نەبێت، کەسیش وەک بژار تەپڵی بۆ پارەکەی نەدەکوتا. خەڵکێک ناکرێ بێپارە بن چونکی ڕێ دوورە و پارە پێویستە و فریادڕەسە، بە پەلەپەل بەرچایی و نانی بەیانیان خوارد، ئومێدی پەڕینەوەی شەوی دادێ هەمووی کەیفساز کردبوو، بە نێو حەوشە و کافتریا و هۆڵەکە بە کەیف و کامەرانییەوە دەهاتن و دەچوون، لەو کاتەدا جانۆ هاتە دەرەوە و لە سەر مێزەکەی هەستیار دانیشت و هەموو هاتنە دەوری....
جانۆ : خوا قەدەر نەدات ئەمشەو هەمووتان دەپەڕێنمەوە، دوای نیوەڕۆ دەچمە سەر دەریا یەختەکەم تاقی دەکەمەوە و دەگەڕێمەوە، لە گەڵ ئەو کوڕەیش ڕێکبکەوم و بۆتان بئاژوێت و بە سەلامەتی بۆم بهێنێتەوە. هەر کەسێک لە ئێوەیش ئۆڤۆڵستەری نەکڕیوە بچێت بیکڕێت، باشە بۆ ناو دەریا لە خنکاندن دەتانگەڕێنێتەوە.
مقۆمقۆیەک لە ناو خەڵکەکەدا دروست بوو ئەو ئۆڤۆڵستەرە لە کوێ دەست دەکەوێت، یەکێک دەیگوت من دەزانم و ئەوی دی دەیگوت بابڕۆین و نیشانم بدە دەیکڕم، دەنگۆ و هەرا و باس باسی ئۆڤۆڵستەر بوو، هەموو کەوتنەخۆ و پەلەکردن نەبا دەستیان نەکەوێت، بڵاوەیان لێکرد هەر دووان و سیان پێکەوە بەرەو بازاڕ ڕۆیشتن، هەستیار و بژار و سەوەند و سالار پێکەوە ڕۆیشتن، لە ڕێگا سالار گوتی...
سالار : بە تەلەفۆن قسەم لە گەڵ باوکم کرد وتی کابرایەک لە سەر دەریاکەیە دوکانێکی هەیە، هەموو کەرەستەیەکی ناو دەریای هەیە، باوکم گوتی لە هەموویان هەرزان بەهاترە.
سالار ماوەیەک بەر لەو کاتە لێرەوە باوکی پەڕیبۆوە و ڕۆیشتبوو و گەیشتبووە جێ مەبەست، ڕێگایان دەبڕی و دڵخۆش بوون شەو دەپەڕنەوە و لێرە قورتار دەبن و دەردەچن، گەیشتنە سەر دەریاکە نیمچە گۆڕەپانێکی لێ بوو دوو دوکانیش بە تەنها روویان لە سەر دەریاکە بوو، کابرایەکی باڵا کەڵەگەت لەوێ وەستا بوو، ڕەشتاڵەیەک بوو، چاویلکەکەی ڕەش بۆ خۆیشی ئەسمەرێکی مەیلە و ڕەش دەچووەوە، لە خێڵی نەتەوە دیکتاتۆر و باڵادەستی نیشتیمان دەچوو، هەواڵی ئۆڤۆڵستەریان لەو پرسی، گوتی...
ئەبو جابر : ئەو دوکانە هەموو کەرەستەیەکی هەیە و ئەوەیشی لا دەست دەکەوێت، خاوەنەکەی بە کەمێک کار ڕۆیشتووە و هاکە هاتەوە.
سالار لە گەڵ پیاوەکە کەوتە دەمودوو و قسەیان لە گەڵ یەکدی کرد و وای تێگەیاند کە بەدووی دوکاندارێک وێڵە ناوی محەمەدە، هورد هورد چوونە بنج و بنەوانی باس و سۆراغەکە و ساغبۆوە کە ئەم دوکانەیە، ئەم کابرایەشی تێگەیاند کە باوکی هاتوتە لای و کەرەستە و بازاڕی هەر لای ئەم کڕیوە، کابرایش کەوتە قسەکردن و بە شان و باڵی خۆیدا هەڵی دەدا.
ئەبو جابر : ئەمشەو پێش ئەوەی تاریک دابێت نۆبەتێکم پەڕانەوە سەعات یانزەی شەو تەلەفۆنیان بۆ کردم وتیان ئەوە ئێمە لە کەیەوە گەیشتووین، دەمێکە، وتم بۆ زووتر تلفۆنتان بۆ نەکردم، وتیان هەر یەکەمان پشتمان بەوی دی بەستبوو، بە شەرەفی پیاوی مەرد هەر شەوێ کاروانێکی ترم حازر کرد و چواری بەیانی ئەوانیشم رەوانە کرد...
هەستیار هاتە گۆ : چۆن دەڵێن ئەم بەیانییە بایەکە کپ بۆتەوە.

ئەبو جابر : ئەوە چی دەڵێن ئێوە لە گوێی گادا نووستوون، کەس لەم شارۆچکە نەما ئەمشەو هەمووی پەڕییەوە، ئێستا پێش ئێوە کاتژمێرێک نابێت ڕەنگە هەر نیو کاتژمێر ببێت، کاروانی سێیەمم نارد....
بژار : وەڵڵا دەڵێم ئەم جانۆیە ئێمە ناپەڕێنێتەوە، لە گەڵ خاوەن هوتێلەکە ڕێککەوتووە، نەمانێرێت بۆ ئەوەی هەر نانی لا بخۆین. وەڵڵا من لە گەڵ ئەبوجابر دەڕۆم.
لەم قسانەدا بوون، کابرای دوکاندار هاتەوە و لە کەف و کوڵی ڕۆیشتن لە گەڵ ئەبوجابر ساردەوە بوون، هەموو چوونە ژوورەوە بۆ دوکانەکە، سەوەند بە بژاری وت....
سەوەند : بژە کەر مەبە تۆ ئەو کابرا ناناسیت چۆن لە گەڵی دەڕۆی، وا منالەکانت شتێکیان لێهات.
بژار : وەڵڵا باشە بە قسەت دەکەم...
سالار : باوکم هاتوتە لای تۆ و شت و کەرەستەی لای تۆ کڕیوە و ئێمەی ناردووە بۆ لای تۆ.
هەردوو پێکەوە ناونیشانی باوکی پێگوت و ئاشنای یەک بوون، هەستیار بەو پێیەی کەسێکی سەنگین و بە تەمەنیش بوو کابرای دوکاندار ڕێزی تایبەتی لێ دەنا.
سەوەند : ئەرێ ئۆڤۆڵستەری باشتان لایە، هەرزان بێ و خاتریشمان بگری ئەوە لە سەر قسەی باوکی سالاریش هاتووین.
محەمەدی دوکاندار : بەڵێ ئەوەی لە بازاڕەکە هەیە لای منیش ئەوە هەیە هەمووی یەک جۆرە .
سەوەند : نرخی چەندە...
دوکاندار : بە ( 80 ) لیرەیە بەڵام پلە یەکەکەیە یانی هەرە باشەکەیانە.
سالار : شتێک خاتر و خۆتری تیا بهێڵەوە....
سەوەند و هەستیار و بژار چەند دانەیەکیان کڕی، گەورە بوون لە سەر شانەوە هەتا بەر کەمەر دەهات، لە پشتەوە پارچە فلینەیەک بوو بە پارچە نایلۆنێکی تەنک پێچرابوو، لە پێشەوە بە هەمان شێوە بوو بەڵام وەک کراس دەکرایەوە و بە چەتاڵە پلاستیکییەکان لە یەک گیر دەبوون و دادەخرا، ڕەنگ پرتەقاڵییەکی فسفۆری بوو، لە دوور ڕا دەبریسکایەوە، بە هۆی گەورەییەکەیەوە کابرای دوکاندار نایلۆنی ڕەنگ ڕەشی گەورەی بۆ هێنابوو، چونکی ئەگەر پۆلیس یا جەندرمە بە دەستەوە بیانگرتبا لێپێچینەوەیان دەکرد و دەیانگرت، هەر یەکە و بەشی خۆی کڕی و لە ترسی جەندرمە و پۆلیس بە نێو کوچە و کۆڵانەکانا ڕۆیشتن، هەستیار جگە لە کرینی کەرەستەکە سەد دۆلارێکیشی لاکرد بە پارەی ئەم وڵاتە، کاتێک گەیشتنە ئوچ مەسیف ئەوی لەوێ مابوون لە دەوریان ئالان، پرسیاریان دەکرد لە کوێ و لای کێ کڕاون، کۆمەڵێک داوایانکرد دوکانەکەیان نیشان بدەن ئەوەیان ئاقیبەت گوتیان لە گەڵمان وەرن، سەوەند و هەستیار لە گەڵیاندا ڕۆیشتن، سالار هێشتا لەوێ مابوو و لە گەڵ کابرای دوکاندار قسەی دەکرد، ئیتر نرخیان بەلاوە گرینگ نەبووە، مەبەستیان بوو تەواو شەو دەپەڕنەوە، کەسیش نازانێت چیان لێ دێت قورتار دەبن یا دەکەونە بەر شەپۆلە سەرشێتەکانی دەریا، لەم ڕۆژانە و چەند مانگێکە شەپۆلی دەریاکان بە کۆمەڵ ئینسانەکان ڕاپێچ دەکات، بەرەو مەرگیان دەبات، بای ئەجەل بەرەو ئەم ئاوەی هێناون کە ڕۆحی خوا لێرەیش هەیە، هەموو ئۆڤۆڵستەریان کڕی لە گەڵ خۆ بۆ میوانخانەکەیان بە هەمان شێوە بردەوە، هەستیار و سەوەند تاوێک لە سەر دەریاکە مانەوە، بە شۆستەی شەقامەرێیەکەی سەر دەریاکە دەهاتن و دەچوون، باسی جوانی ئەو باڵندانەی کەنار دەریاکەیان دەکرد کە بەم خۆر هەتاوە دیمەنێکی جوانیان بەخشیوە، تا دەهات خۆریش ملی خۆی بەرەو ئاوابوون شۆڕ دەکردەوە، ئیتر ئەوانیش ڕێگای گەڕانەوەیان بەرەو میوانخانەکە گرتە بەر، لە ڕێگایش بە یەکدییان دەگوت (( ئێستا جانۆیش هاتۆتەوە)) کە گەڕانەوە لە سۆپەرمارکێتە هەرزان بەهاکە، ئاو و پرتەقاڵ و نان و هەندێ چەرەس و کەرەستەی دیکەی پێویستیان لە گەڵ خۆ بردەوە، ئەم سۆپەر مارکێتە هەر بە سەر دەریاکەی دەڕوانی و تەواوی ئەڵەمنیۆمەکەی سوورباو بوو، دوای ئەوە بەرەو ناو بازاڕ و دواییش ڕووە و خۆئاوا بەرەو ئوچ مەسیف ڕۆیشتن، محەمەدیش کەلە گەڵ هەستیاردا لە ژوورێک بوون لە گەڵ زەریای هاوشاری بەرەو بازارەکە ڕۆیشتبوون بۆ کەرەستە کڕین و خۆ ئامادەکردن، هێشتان نەهاتبۆوە، خۆر گەیشتە ئاوا بوون و جانۆ هەر نەهاتەوە، هێندەی

پێنەچوو جانۆ بە پەلە و کەیفسازییەوە خۆی کرد بە میوانخانەکەدا، بە دەنگێکی بەرز و پڕ خۆشییەوە گوتی...
جانۆ : یەک یەختی تازەم کڕی ئەوەندە تیژڕەوە و ئارام شوێن خۆشی هەیە، وەرگەڕان هەر نازانێت چییە. مۆبایلەکەی دەرئانی دایە دەست کرمانجەوە کە تازە لە شارەکەوە هاتبوو بۆ ئێرە، مۆبایلەکەی وەرگرت و کردییەوە، وێنە ڤیدیۆییەکەی ئیش پێکرد، یەختێکی مۆدیل بەرزی زۆر ڕێکوپێک، جانۆ دەرکەوتووە و لە تەنیشت کەسێکەوە دانیشتووە، یەختەکەیش زۆر تیژ بەناو ئاوەکەدا دەڕوات، شتێکی زۆر نازدار و جوان بوو، هەموو دەست خۆشیان لێکرد پێیان وابوو ئەوەندە تیژڕەوە جەندرمەیش نایانگرێتەوە.
ئەوە لە کارخانە گەورەکانی وڵاتە پیشەسازییە باڵاکان دروستکراوە، رووکەشی کەرەستەیەکی قایم و کوالیتیەکی زۆر باش، رەنگاو رەنگ مرۆڤ حەز دەکا تیایدا دابنیشێت، ژووری نوستنیشی تێدا بوو، یەکێک دەیگووت لە ژوورەکە نابم ئەوی دیکە پێی باش بوو لە ژوورەکە بێت، مشتومڕ و قسەکردن بووە ئەم باسە، لە نێو گەرمەی ئەو باسوخواسانەدا جانۆ هاتە قسەکردن...
جانۆ : لێرەدا کێشەیەکمان بۆ دروست بوو.
دووان سیانێک بە رووخسارێکی سەرسامییەوە دەرکەوتن و دڵیان داخورپا، بە جاری گوتیان(( کێشەی چی.((
جانۆ : ئەمشەو ناتوانم کەس بپەڕێنمەوە.
زێوەر : چۆن و بۆچی ، چی بووە،
جانۆ : بەڵی بە قەبری باوکم ناتوانم کەس بپەڕێنمەوە چوار دەوری شار جەندرمە و پۆلیس تەنیویەتییەوە، پۆلیسیان لەو شارانەوە هێناوە کە لە سەر دەریا نییە، ئەوانیش دەزانن ئەمشەو بای نییە و کپە تەواوی کەنار دەریاکەیان گرتووە، مەحاڵە یەکەس بتوانێت دەربچێت.
هێمن کە چەند رۆژێکە هاتووە و خۆی نیشان نەدەدا و تەنانەت جاری وایش هەبوو خێزانەکەی بۆ نانخواردن دەهات، ئەو ئێوارەیە لە خوارەوە بوو، دیار بوو ترسی هەبوو بمێنێتەوە کەسیش نەیدەزانی هێمن بۆ پەلەی پەڕینەوەیەتی، بە هەڵچوونەوە سەیرێکی جانۆی کرد و....
هێمن : باشە تۆ خۆت نەتوتووە من پۆلیس و جەندرمە و کاربەدەستانی ئەم شارۆچکەیەم وەک ئەڵقەیەک لە پەنجە کردوون و بە قسەم دەکەن و دەمم چەور کردون.
جانۆ : کاکە گیان ئەم دونیایە هەموو بەخشین و وەرگرتنە من چیت دەدەمێ و تۆ چیم بۆ دەکەی، رۆیشتووم لە گەڵ فەرماندەی باڵای ئەم شارۆچکەیە رێکەوتووم.
هێمن نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات، پێی بڕی و گوتی........
هێمن : ئێ باشە بۆ ئێستا ناهێڵی برۆین و بپەڕینەوە و لەم دەردی سەرییە قورتارمان بێت.
جانۆ : تۆ دەهێڵیت قسەکانم تەواو بکەم، بێ قەزابی ئەوەندە پەلەتە دەڵێی چێشتت لەو بەرەوە بە سەر ئاگرەوەیە، چییە ئەجەل هەڵیفڕاندوویت.
هێمن : بۆ من ناو ئاوەکە و ئێرە وەک یەک وایە، جا ئاوەکە بمبا و بمخنکێنێت باشترە کێشەم بە دواوە نابێت. دەی فەرموو قسەکانت تەواو بکە.
جانۆ : براکانم، پێش ئەوەی هەستم ئەو فەرماندەیە بە منی وت ( هەتیو ) چۆن قبوڵ دەکەم کەسێک شایستەی هیچ نییە پێم بڵێ هەتیو و کەرامەتم بروشێنێت، منیش پێم وت رێزی خۆت بگرە، تۆ بە پارە بۆ من ئیش دەکەی، بۆت نییە کەرامەتم لەکەدار بکەی، دوایی منیش لەکەدارت دەکەم و هەموو ئەم ئابرووچوونانەت جاڕ دەدەم و ریسوات دەکەم.ئیتر بوو بە شەڕمان و هەندێک پۆلیسی هێنا قۆڵیان گرتم فڕێم بدەنە دەرەوە، خۆم راپسکاند، وتم لاچن ئێوە بۆتان نییە خۆ لە نێوان من و فەرماندەکەتان هەڵبقورتێنن، ئیتر بوو بە شەڕمان و هاتمە دەرەوە.
بە جارێ هەموو ئەژنۆ شکاو بوون و بێ تاقەت و لەش داهێزراو هەر یەکێکیش لە دەرەوە دەهاتەوە، بژار پێی دەگوتن...

بژار : وەڵڵا ئەمشەویشمان هیچ ناپەڕینەوە، وەڵڵا راست ناکات، کۆمەڵی قسەی بە دوای یەکەوە ریزکردووە، وەڵڵا ئەبو جابر بچین بۆ لای ئێستا یان ئیمشەو دەمانپەڕێنێتەوە.

ئەو خەڵکە چاوی رەشیان کاڵ بۆوە، ئەو ئومێد و قلی قلیەیان بۆ ئیمشەو بوو مەحف بۆوە، هەموو سارد ببوونەوەو نە قسەیان بۆ دەکرا نە حەوسەڵەشیان هەبوو گوێ لە قسە بگرن، خوا دەزانێ سبەی بای دێتەوە یان نا... جانۆ هەر قسەی دەکرد.

جانۆ : کاکینە ئەو چییە و من چیمە، منیش جێگە و مەکانەتی خۆم هەیە، لە کەس قبوڵ ناکەم قسەم پێ بڵێت، لەم ئیشەی من زیاتر لە هەزار کەس نان دەخوا، هەر لە شۆفێری تاکسی و بانزینخانەوە بۆ دوکاندار و کۆمپانیای فڕۆکەوانی و گواستنەوە و میوانخانەکان و پاس و ترام و چێشتخانە و هەموو جومگەیەکی ژیان کە ئێوە پێویستتان پێی بێت، نان لەم کارەی من دەخوات، دەوڵەتیش رێگە لە ئێمەمانان ناگرێت، خۆ ئەو پارەیە بە تەنها بۆ من نییە، ئێوەش بازار دەجوڵێنن، ئێوە لەم میوانخانە چل کەس زیاترن، زۆربەی میوانخانەکانیش هەر خەڵکی وەک ئێوەی تیایە، ئەم شارۆچکەیەش بە گەشتیاری دەژی.

خەڵکەکە تا دەهات سارد دەبوونەوە و تاقەتی گوێگرتنیان نەمابوو، بژار و هەستیار دەستیان دایە تاوڵەکە و بەرەو ژوورەکەی هەستیار رۆیشتن، دڵتەنگیان پێوە دیار، سیمایان تووڕەیی پێوە دیار بوو، چارەکێک دەبوو دەستیان بە یاری کردن کردبوو، محەمەد هاتە ژوورەوە و.

محەمەد : ئەوە چییە دەڵێی پەڕینەوەمان کێشەی تێکەوتووە.

هەستیار : جا بڵێین چی محەمەد گیان، وا وای لێهاتووە.

ئیتر لەم شەوەوە ژوورەکەی هەستیار و محەمەد بووە جێ دانیشتنی هەمووان، مەجلیس گەرمی لێرە دەستی پێکرد، جانۆیش جار جار بۆ خۆی دەهاتە لایان و دادەنیشت و جێی قسە گەرم بوو....

( 18 )

دەڤەر و شوێن و وڵاتی ماددی، ساختەچێتی و قۆڵبڕین، بێ متمانەیی بەربڵاوە وراستگۆیی ون و تەنها پارە جێی هەموو بەها مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی گرتۆتەوە، مرۆڤ لێرە بە ترس و هۆشیارییەوە لە دونیا دەڕوانێت، هەموو سەرقاڵی پارە کۆکردنەوە و بە کردەنی ژیان سەختە، نەمازە بەم وەرزی سەرما وسۆڵەیە کە گەشتیاری کەمە یان هەر نییە، هەر تاکێک بە زەحمەت دەتوانێت وریایی خۆی بکات، دز و جەردەن و لە تەکتدا دەبنە پیاو چاکیش و زۆرجاریش گەرەکە منەتباریان بیت، ناشکرێ لێیان داببڕێیت چار ناچار هەر دەبێ لە گەڵیاندا هەڵبکەی، پێشتر خەڵکێک لێرەوە رۆیشتن وا ئێستا ئەم کاروانە دەڕوات و لە دادێشدا کاروانەکانی دیکە هەر لێرەوە دەپەڕنەوە، هەر کەسێکی ئەم شارە کە بە زار دێتەگۆ ئیدی هێندە بە خۆیا دەڵێ لەو چاکتر و پیاوتر لەم مەملەکەتە مەحاڵە کەچی پێچەوانەکەی راستترە، بونیادی پێکهاتەی جەستەیی و سۆسیۆلۆجیان لە سەر خشتی درۆ و گفتی بێ بنەما بونیادنراوە، تا لێرە زووتر قورتار بیت درەنگە، پێشتر و بە پەلەتر و بەر لە کەسانی دیکە راو و رووتت دەکەن، هاوڕەگەزی و هاونیشتیمانی و هاوشاری و هاودۆستی و هاوسەفەری هیچی داد نادات، هیچ رەواج و ئەرزشێکی نەماوە، ئێ هاونەتەوەیی زووتر و بەپەلەتر کاری جەردەیی خۆی دەکات، ئەو بەهایانە لێرە بڵقی سەر ئاون، ئەوی رۆحی خۆی بە بەر نیشتیمانێکی لەت لەت ئەنجن ئەنجن کراوا دەکات، لە خەباتی شاخ و چیاکانەوە رۆحی لە پێناودا بەخت دەکات تا نەتەوەیەک سەربەرز بژیت، لێرە ئەو هاونەتەوەییەت بەر لە بێگانەکە باشتر درۆ دەکات و پێشتر و زووتر دزی و جەردەیی، ئیتر خەسڵەتی ئێرە وایە هەرچی دێت ئەم هەنگاوانە دەنێت، کاتێک نەفەر دەگاتە ئێرە زمان نازانێت، نرخی کەرەستە نازانیت، لە بەهای گۆڕینەوەی پارە بێئاگایە، شوێن و کۆگا و بازار ئاشنا نییە، نامۆ بە خەڵکی و سروشتی ئێرە و ئێرەیش لە بۆسەدان.

ئەو محەمەدی دوکاندارەی سالار پەلکێشی کردبوون بۆ لای و باوکی بە پیاو چاکی دەزانی، سەرەڕای ئەوەی هاونەتەوەیی بوو، دەرکەوت کەسێکی سەرۆک باندیشە و نەفەر لەم سەرۆک باند و ئەوی دی دەفڕێنێت بە جۆرێکیش خۆی نیشان دەدا زۆر لەو کارەوە دوورە، کاتێک ئەم شەو جانۆ خەڵکەکەی نەپەڕاندەوە، بۆ رۆژی دوایی لە تەک میوانانی ئوچ مەسیف قسەی دەکرد لە قسەکانی دەیگوت:

محەمەدی دوکاندار : جانۆ درۆ دەکات ئەم شەو خەڵکێکی زۆر پەڕینەوە، من کاتژمێر هەشتی ئەم بەیانییە خەڵکم پەڕاندۆتەوە پەیوەندییان پێوە کردم بە سەلامەتی گەیشتوون، جانۆ بە چەند ئێوە دەپەڕێنێتەوە.

سالار : من و خێزانم بە چوار هەزار و پێنج سەد دۆلار.

بژار : وەالله من و هاوسەرم چوار هەزار دۆلار و هەر چوار منالەکەیشم چوار هەزار دۆلار.

هەستیار و سەوەندیش خۆیان لێ بێدەنگ کرد، محەمەدی دوکاندار زۆر ئیرەیی پێدەبرد نەیدەزانی چۆن ئەو خەڵکەی لێداماڵێت،بۆیە بە پچڕی و شپرزەییەوە گوتی...

محەمەدی دوکاندار : وەرن من بە 1300 دۆلار ناوەڵلا بە 1200 دۆلار ئێوە دەپەڕێنمەوە، ئەها بەو کەشتییە گەورەیە و هیچ مەترسییەکیشی نییە.

لەو کاتەدا کەشتییەکی زەبەلاح کە نەیدەتوانی لە رۆخی دەریاکە لەنگەر بگرێ و بە کەشتییە ناوەندییەکان کەرەستەیان بۆ دەبرد و خەڵکیشیان لێ دادەگرت و بۆ دەبرد، ویستی تەنها ئەم خەڵکە فریو بدا دەنا وا نەبوو، چونکی ئەو جۆر کەشتیانە بە کۆنترۆڵ بوو و بە بێ پاسەپۆرت مەحاڵ بوو خەڵکی سوار بکات، تەنها ئەوە مەبەستی بوو لە جانۆیان دابېڕێت دوای ئەوەیش بە مەیلی خۆی پارەی مانەوەیان پێ خەرج بکات و دواتریش بە چوپ بیان پەڕێنێتەوە، ئیتر ئەو خەڵکە چی بەسەر دێت بەلایەوە گرینگ نییە و کەسیش نایناسێت، وەک بەرزەکی بانانیش تێی دەقووچێنێت و هەڵدێت، هەستیار و سەوەند جێیان هێشت و لە ساختەچێتی و قۆڵبڕینی ئەم محەمەدە تێگەیشتن، دوکانێک بە تەنیشت دوکانەکەی محەمەدەوە بوو، خۆیان کرد بەو دوکانەدا، مامەڵەی گۆڕینی پارەی دۆلاریانکرد لە گەڵ محەمەدی هاونەتەوە و هاوزوبان ( 30 ) لیرە زیاتر بوو، مامەڵەی ئۆڤۆلستەریانکرد دیسان ( 20 ) لیرە کەمتر بوو، وردە وردە خۆیان لێ تەکاندەوە و دوور کەوتنەوە، ئیتر بژاریش هاتە لایان و بانگی سالاری کرد و گوتی...

بژار : وەڵلا سالار ئەوە قۆڵبڕە پیاوی چاک بە لێی دوور بکەوەوە، وەرە ئێرە ئەوانە ویژدانیان نییە دەتدەنە دەم ئاوەوە و جێت دێڵن، جانۆ بە هەموو خراپی و گەندەڵییەکانییەوە پێڵاوەکەی سەری ئەوانە دێنێت، چاکتر وایە دوا بکەوین و توشی ئافات نەبین.

سالار : بژار وەڵلاهی باوکم دەڵێ پیاوی چاکە و ئیشی بە پەلەیە، جانۆ ناتوانێت پەلە بکات هەموومانی تووشی سەر ئێشە کردووە، باوکم تەلەفۆن دەکات دەڵێم هەر لێرە ماوین، لای سەیرە دەڵێ خەڵک گەیشتە لای ئێمە ئێوە هەر لەوێن.

سەوەند : سالار ، بژار راست دەکات، ناڵێن دوور برۆ و دروست وەرەوە، جانۆ زۆر باشترە وەرە لە گەڵ ئێمە بە و وازی لێ بێنە.

بێ ئەوەی باسی گەڕانەوە بۆ میوانخانەکە بکەن هەر چواریان رێگەی گەڕانەوەیان گرت، لە هۆڵەکە نەوزاد ناوێکی لێبوو، ئەم نەوزادە کوڕێکی کورتە باڵای نە قەڵەو نە لەڕ بوو، دوو رۆژ بوو زوو زوو دەردەکەوت، دواتر دەرکەوت ئەویش سەرۆک باندە و کاروانی خەڵکی لە گەڵە و لە میوانخانەیەکی دیکە دەمێننەوە، کوڕێکی مەشرەب خۆش و تەنزئامێزی لە تەکدا بوو، ناوی جەمال بوو جەمال کەمێک قەڵەو و سوور و سپی قژ زەرد و باڵا ناوەندی بوو، ئەو جەماله وا خۆی نیشان دەدا کە نەفەرە و وەک ئەو خەڵکە دەیەوێت بپەڕێتەوە، زۆر ساویلکە و نەزانیش خۆی نمایش دەکرد، زوو زوو دەیگوت...

جەمال : پارچە زەوییەک و چوار هەزار دۆلار دەدەمە جانۆ لەم دەریایە بە سەلامەتی بمپەڕێنێتەوە.

هەر زوو خۆی لە هەستیار نزیک کردەوە لێزان و لە کارزان بوو، بە سانایی و ساویلکەیی خۆی نیشاندەدا باوەڕی بە خەڵکی دەهێنا بە قسەکانی، ناو بەناو بە هەستیاری دەگووت..

جەمال : تو سەری باوکت نازانم ماوە یان نا بە ساقەی چاوەکانت بم با لە نێوان خۆمان دەرنەچێت، ئەو وڵاتەی پێی گەیشتم و تیایدا جێگیر بووم، من و جانۆ پێکەوە چێشتخانەیەک دادەنێین، هاوبەشی یەک دەبین، من شارەزایی باشم لەو کارە هەیە، من زۆر دەوڵەمەندم بەشی خۆم بە زیادەوە هەیە.

نەوزادیش بە نهێنی و لە پشت جانۆوە هەوڵی دەدا خەڵکەکەی لێ دوور بخاتەوە و لە گەڵ خۆی بیانپەڕێنێتەوە، یاری بە ئاگر دەکرد و دەستی بۆ پشکۆکان دەبرد، جەمال یەکێک بوو کاری بۆ دەکرد بۆ ئەو مەبەستە، پاروە نان یا خۆ دەوڵەمەند کردن لە شەڕ دەچوو لە گەڵ نەهەنگ و شێر.ڕێک وا دەهاتە پێش چاو لێرە مامەڵە بە مرۆڤ و کوشتنی مرۆڤەوە دەکرا، سەرۆک باندەکان دەبووە شەڕیان، دوو خانەوادەی لە نەفەرەکانی جانۆ هەڵگەڕاندەوە و بۆ لای خۆی بردنی، هێدی هێدی جەمال قسەکانی لە گەڵ هەستیار زەق دەکردەوە جانۆ جێبهێڵێت و لە گەڵ نەوزاد و ئەواندا بپەڕێتەوە، بەڵام هەستیار هەر گوێشی لی نەگرت، تەنانەت تەلەفۆنی پەیوەندی بەردەوامیش لە نێوان جەمال و هەستیار دروست بوو لەو ڕێگایەشەوە هەوڵی لە گەڵدا، زوو پێکەوە دەچوونە بازاڕ و سەر دەریاکە و پێکەوە وێنەیان دەگرت، گاڵتە و نوکتەی خۆشی بۆ دەگێرایەوە، وێنە یەک دەگرێت و دەڵێی ئەم دەریایە مرۆڤ لووش دەدا و دۆزەخی ئێمەیە و لێی تۆقیوین، هەستیار هەموو نزیکبوونەوەکەی و قسەکانی کاریگەری بە سەرییەوە دروست نەکرد، پەیمانی بە خاڵی جانۆ داوە و هەر لە گەڵ جانۆ دەپەڕێتەوە، تەواو دەست بەرداری نابێت و چەند جارێکیش ئەوەی بە جەمال گوت، چەند جارێک هەستیار جەمالی هێنایە لای جانۆ و لە بن سایەیدا مایەوە کەچی لە پڕ هەڵدەهات و دەگەڕایەوە بۆ لای نەوزاد، دواتر کەسێکی دیکەیش لە گەڵ جەمال پەیدا بوو، زۆر ترسنۆک  ونەزان بوو، ئەو مرۆڤانە چارەنوسی خۆیان بە دەستی خەڵکی دیکەوە دەبێت و بە مەیلی خۆیان گەمەی پێدەکەن، جا نەمازە لە شوێنێکی وەهادا کە گەمەکرد بە چارەنووسی خەڵکی زۆر سانابوو، ڕۆح لای دڕندەکان هیچ بەهایەکی نییە، ئەو دڕندانە لە جەللادی دیکتاتۆرەکان زاڵمترن، بێ بەزەییترن، هەموو کارێکی دڕندایەتی لە پێناو گەرمکردنەوەی گیرفانەکان بوو.

تەنانەت چێشتخانەکەی ئوچ مەسیفیش بە هەمان شێوەی ساختەکردن کاری دەکرد، جگە لە کۆکردنەوەی پارە شتێکی دی لە ئاوەزیان نەدەبینرا، بیرێکی قۆرخکاری پول هیچی دی لە هەڵسوکەوت و رەفتاریاندا نەبوو، بەهایەک بۆ هاورێ بوون لەم شارۆچکەیە نەبوو، بەها پوولییەکان سەما و گۆرانی بۆ دەگوترا، دەرکەوت ئەوانیش بۆ هەر ژەمێکی خوارد چەند لیرەیەک زیاتر وەردەگرن و کەسیش نووزە ناکات، وردە وردە خەڵکەکە چاویانکرایەوە و زیاتر شارەزا بوون، نانخواردنیان دەبردە بازاڕ و شوێنی تر، رۆژێکیان چێشتخانەکەی ئوچ مەسیف بەو زستانە کە خواردن بۆگەن ناکات تەواوی خواردنی ئەو رۆژەیان فڕی دا، ئیتر وای لێهات کەس لەوێ نانی نەدەخوارد، شوێنی خواردنی هەرزان بەهایان دۆزیبۆوە، بەتایبەت ئەوانەی پارەیان لە کزی دابوو بە دووی هەرزانترین شوێن دەگەڕان و تەواوی خەڵکەکەیان ئاشنا دەکرد و شوینەکانیان پێ دەگوتن، خاوەن چێشتخانەکە زانیان خەڵکەکە چاویان کراوەتەوە، خواردنەکەیان لە حەوت لیرەوە کرد بە پێنج لیرە، هەر دادی نەدا ئیتر خەڵکەکە شارەزای هەرزان و باشتر بوون.

( 19 )

کەشوهەوا لەبار و شیاو و گونجاو، دەریا مت نوستووە، لە هەموو لایەکەوە ئامادەسازی بۆ دەرچوون و پەڕینەوە دەکرێت، دیسانەوە هەموو خۆیان ئامادە کردۆتەوە، خۆر لەو بەری دەریاوە دەمە و ئێوارەی وەک مرۆڤەکان لە نێو قوڵایی خۆدا نوقم کرد، هێدی هێدی تاریکاییش باڵ بە سەر شارۆچکەکەدا دەکێشێت، تێکرا خۆیان و کۆڵ و باریان پێچاوەتەوە، جانتا و کۆڵیان  جا یا لە بەر دەرگای خۆیان داناوە

یانیش بۆ نوسینگەی میوانخانەکەیان هێناوە، نەوزاد لە پڕ خۆی کرد بە ژووردا، ڕەنگی هەڵبزرکا بوو، ترسی لێ نیشتبوو، بە زمانێکی پڕ لە ترس و تەتەڵەکردنەوە.....

نەوزاد : جانۆ لە کوێیە.

خاوەن میوانخانە : لە ژوورەکەی خۆیەتی.

بە پڕتاو سەرکەوتە سەرەوە و قسەی لە گەڵ کەسدا نەکرد، کەمێکی پێچوو لە گەڵ جانۆ هاتنە خوارەوە، جانۆیش ڕەنگی هەڵبزرکابوو، گوتی..

جانۆ : ئەم کەرەستانە لێرە لابەرن، هەر یەکە و کەرەستەی خۆی بۆ ژوورەکەی خۆی بباتەوە، پۆلیس چۆنەتە سەر ئوتێلی گیولگویزال، ئێوەیش لە ژوورەکانتان خۆ قایم بکەن، هیچ نابێت مەترسن، تەنها داوای پاسەپۆرتتان لێدەکەن و هیچی تر بە ئاگا بن، لە ئوتێلەکەی نەوزاد و ئەوان خاوەن ئوتێلەکە و چەند کەسێکیان بردووە، هیچ نییە ئەوان لەوێ شەڕیان بووە بۆیە گرتوویانن، مەرجیش نییە بێنە ئێرە، تەنها بە ئاگابن و خۆ لە ژوورەکانتان بنێن، ئادەی بڵاوەی پێبکەن.

هەموو دەمی داچەقاند و لە ترسی پۆلیس و جەندرمە نووزەیان لێبڕا، ئەمشەویش پەڕینەوە هیچ، ئەمەیش جۆرێک لە گەمەکردن بوو بە عەقڵیان و بە گەوج زانینی ئەو خەڵکە بوو، فرتوفێڵەکان زۆرن و کەمیان وەگەڕخستوون، ئیتر هەموو خەڵکەکە ترس و دڵەڕاوکێ دایگرتن، هەر چی رووبدات دێنەوە سەر خاڵی هیچ، هەموو خۆیان ئامادە کرد پاش کەمێکی دی پۆلیس یان جەندرمە دەگات، جا هەر یەکەو لای خۆیەوە قسەی ڕێکدەخست وەڵامیان بداتەوە، شەوگار زۆر درەنگی کرد و هیچ دیار نەبوو نەپۆلیس و نەجەندرمە، جانۆ ئەمشەویش پەڕینەوەی نەبوو، ناچار پیلانێکی لە نێوان خۆی و نەوزاد دارشت و بەم جۆرە پەڕینەوەی لە بیر بردنەوە، دەنا پەڕینەوە ئامادەسازی باشی دەوێت ئەو نیشانە و ئاماژانە پێشوەخت هیچی دیار نەبوو، ئەمشەویش بەو فرتوفێڵە بەڕێکرا، دوای نیوەشەو تاک و تەرا جانۆ و کرمانج و نەوزاد هاتنەوە، ئەو شەوە نەوزادیش هاتەوە بۆ ئوچ مەسیف و لە ژوورەکەی جانۆ نوست تاوەکو گومان لە پیلانەکە نەکرێت، کە هاتنەوە میوانخانەکە تاریکستانێک بوو تەواوی گڵۆپەکان کوژابوونەوە، تاریکی هۆڵەکەیشی داگرتبوو، هیچ کەسێکیش لە هۆڵ و کافتریاکە نەما بوون، سیمای ئوچ مەسیف وا نیشاندرا کە بۆ ئەم زستانە چۆڵە و کار ناکات، ئەمە تەنها بۆ فریودانی خەڵکەکە بوو، دەنا لە رووی یاساییەوە ناکرێ بێپرسی پۆلیس و فەرمانگەی پەیوەنددار میوانخانە کراوە بێت، ئەو خەڵکە سەریان لێهاتبۆوە یەک دەمێک دەگوترا پۆلیس گەندەڵە بەرتیلیان وەرگرتووەو نامانگرن دەمێکیش کونە مشکیان لەو خەڵکە دەکردە قەیسەری لە ترسی پۆلیس و گرتن، وا سەریان لەو خەڵکە شێواندبوو، ئەوی شتێکیشی بزانیبا لە بیریان دەبردەوە، زۆر دوای نیوە شەو وردەوردە خەڵکەکە هەموو هاتنەوە هۆڵ و کافتریاکە، کەچی خاوەن میوانخانەکە کە هێشتا نەڕۆیشتبۆوە بۆ ماڵ چووە کافتریاکە.....

خاوەن میوانخانە : ئەری بەم درەنگانی شەوە پولیس نیەتی ئێرەیشی نەبێت ئێوە ببینێت دێتە ژوورەوە، دەی بڕۆنە هۆڵەکەوە هەرچۆنێک بێت ئەوێ چەپترەو دوور لە چاوە.

هەموو هاتنەوە هۆڵەکە و هەر یەکە و بە جۆرێ قسەیان دەکرد کە لە خۆیان تێنەدەگەیشتن، جارجاریش جانۆ ئەیدایە قاقایەکی پێکەنین، جۆرەها قسەیش دەگوترا نائومێدی پەڕینەوە تەواو باڵی بە سەریاندا کێشابوو، هەندێک پێی وابوو ئەم سەرۆک باندانە بە عەقڵیان پێدەکەنن و باش دەزانن چۆن ئیشی خۆیان دەکەن، ئەو شەوە تا نزیکی خۆر هەڵاتن کەس لە جانۆ دوور نەکەوتەوە، لێکدانەوەی وایان نیشان دا تەواو ئیتر هەڵیە دەکەن و لە گەڵ سەرۆک باندێکی دیکە دەپەڕنەوە، تەنها هێمن رای جیاواز بوو گوتی..

هێمن : براینە ئەمن لە کاک جانۆی جیا نابمەوە، بە خۆم دەزانم و بیستوومە ئەم پیاوە تا ئێستێ کەسی بە دەستەوە نەخنکاوەو خەڵکی خۆ بە سەلامەتی گەیاندۆتە ئەوبەری ئاوەکەوە.

بژار : وەالله کاکە ئێوە چی دەڵێن مەیل و ئارەزووی خۆتانە دەنا وا خەڵک گەیشتنە ئەوسەری دونیا،کەچی ئێمە هەر لێرە ماوینەتەوە، وەالله ئەم کابرا کەسی نییە و دەستی دەستیمان پێدەکات، پارەی زۆری خۆم هەیە و منەتم بەکەس نییە و ئەم نا یەکێکی تر.

جانۆ شارەزایی ئەو جۆرە خەڵکانە بوو، دەیزانی راست ناکەن، بۆیە وەڵامی کەسی نەدایەوە، ئیتر هەموو بەرەو ژوورەکان چوون و خەوتن، سبەینێ کە رۆژبووەوە، هەروەک رۆژانی دی لە کافتریاکە کەوتنە بەرچایی خواردن و دوور نەکەوتنەوەلە جانۆ، بە کرمانجیان دەگوت پەلەی لێیکات، کە بۆ نانبردن هاتبۆوە خوارەوە، ئەوانیش دوای نان و چای کە درەنگتر لە رۆژانی تر وەئاگا هاتبوونەوە، بەرەو بازاڕ و سەردەریاکە بەرێکەوتنەوە، ئەو رۆژەیشیان بەرێکرد، عەسرێکی تەواو ببوو، بژار بە پارەکەیەوە دەیناسی و خۆی بادەدا، کۆمەڵێک پارەی دەرهێنا ..

بژار : ئەوە هەمووی پارەیە،( کێشای بە سەر مێزەکەیا ) هەر یەک دوو رۆژیتر چاوەڕوان دەبم، پەنجا رێگا هەیە دەچمە لای یەکێکی تر ئیتر منداڵەکانم ناهێڵم رەزیل بن، ئەمە چییە هەر رۆژی شتێک دەڵێن.

جانۆ هەستیکرد بژار بەراست پارەی پێیە تەنها هاشوهوشی دەم نییە، داوای برە پارەیەکی لێکرد، بژار بە بەرچاوی خەڵکەکەوە، خەجاڵەتی کرد و پارەکەی پێنەدا و گوتی لە رێگاو بان پێویستی پێ دەبێت، کەمێکی پێچوو جانۆ رووی کردە هەستیار و داوای لێکرد تا کۆگاکە لە گەڵی بچێت کاری پێی هەیە، ئەویش رۆیشت و

جانۆ : پێویستیم بە سێ سەد دۆلارێک هەیە دواتر بۆت دەگەڕێنمەوە.

هەستیاریش بێ سێ و دوو پێنج سەد دۆلارێکی بە جیا دانابوو لەو برە پارەیە سێ سەد دۆلاری دایە جانۆ، دیار بوو ئەم برە پارەیە و ئەم هەڵوێستە وای لە جانۆ کرد یەکەم کاروان و یەکەم یەخت هەستیار ئاودیوی ئەو سنووری دەریا بکات و بیگەیەنێتە لای خاڵی و شەرمەزاری ئەویش نەبێت.

ماوەیەکی تر دانیشتن و هەر یەکە برسییایە نانی ئێوارەی دەخوارد و خۆی دەکردەوە بە ژوورەکەیدا، دنیا کپ و خامۆش و بە هیچ جۆرێک باسی رۆیشتن نەبوو، شەو تاریک داهات و ژوورەکەی هەستیار جمەی دەهات، زۆربەیان لەوێ کۆببوونەوە، سەرقاڵی تاوڵە و قسە کردن بوون، کات گەیشتە نزیکی دەی شەو جانۆ خۆی بە ژووردا کرد و زۆر بە ئاسپایی...

جانۆ : کەس خۆی تێک نەدات و مەشڵەژێن بە سەر یەکا و دەنگە دەنگیشم ناوێ گوێم لێ بێت، هەموو یە ئاسپایی بچن کەرەستە و جانتا و کەلوپەلەکانتان کۆبکەنەوە ئەمشەو دەپەڕێنەوە.

ئیتر وەک دار بکرێ بە کونە زەردەواڵەیا هەموو دەرپەڕین و جموجۆڵێکی سەیر کەوتە نێو میوانخانەکە، هەموو بە پەلە حازر بوون، کات گەیشتە یانزەی شەو و یەکەمین ترومبێلی تاکسی گەیشت و هەستیار و محەمەد و سالار و خێزانی و زەریا سوار بوون و کەل و پەلەکەیان لە پشتی تاکسی نا و ترومبێلەکە وەک کیچ دەرپەڕی، دوای ئەویش بەریز تاکسی دی هاتن و خانەوادەی بژار و سەوەند سەرکەوتن و بەم جۆرە چوار چوار و پێنج چێج لە تاکسی نران و بەرەو سەر دەریا بەرێکەوتن، لە نزیکی دەریاکە ئۆتۆبانێکی دوو سایدی هەبوو، جوان و خۆش بوو، بە گڵۆپە زەردەکان رازێندرابۆوە، لە دوور ڕا گڵۆپە شینەکانی پۆلیس دەبینران، ئەمانیش تاک تاک ترومبێلەکانیان بە نێو شەقامەکە دەئاژوت و بەشەقامی گڵەکە گەیشتن، شۆفێرەکان لە ترومبێلەکانی پۆلیس دەترسان چونکی سزای زۆریان دەدان، بۆیە تیژرەوتریان دەکرد، تا لە چاوی پۆلیسەکان ونبن، گەیشتە شوێنێک راوەستا و بە پەلە شۆفێرەکە لە چاوترووکانێکدا هەموو کەرەستەکانیانی فڕێدایە سەر شەقامە چەوڕێژەکەو بەپەلە گەڕایەوە....یەکێک لە چاڵێکەوە دەرکەوت و بە چرپەیەکەوە بانگی کردن...

شەوێکی خامۆش و کپ، شوێنەکەیش زۆر کپ بوو، شەقامە چەوڕێژەکە گڵێکی شینکە بوو، بە بارانیش تێک نەدەچوو، نێوان شەقامە شینکەکە و دەریاکە کیلۆمەترێک زیاتر دەبوو، ڕێیەکی باریکی ماشێنی تراکتۆر هەبوو، هەندێ شوێنی قووڕ و لیتە بوو، بە دووری نۆسەد مەترێک هەڵەتی بچوک و چاڵ و رێگایەکی بەردەڵان و لمە سوورکە بوو، هەندێ جێگا کۆتەرە داریشی لێ بوو، پانتایی شوێنەکە زیاتر لە سێ کیلۆمەتر دەبوو، لەو شوێنەی ترومبێلە تاکسییەکان دەوەستان، دوو رێگا هەبوون، یەکێک بەرەو خۆرئاوا ئەوی دی بەرەو باشوور هەردوو رێگاکەیش بۆ سەر دەریاکە دەچوون، تەواوی ئەو دەشتەبەردەڵان و هەڵەتە بچوکانە بنچکە دڕکی تیا رووا بوو، مانگەشەویش بوو بنچکەکان دەبینران،

لەهەندێ جێگایش کە ڕۆنیشتبوو گۆمە مەنگی بچوکی ئاو هەبوو، مرۆڤ کە بەم شوێنانە ڕێی دەکرد دەسانتیمەترێک پێیەکانی ڕۆدەنیشتە زەوی، لە دوای ئەو نۆسەد مەترەوە کۆمەڵە دارێک بەدی دەکران لە دارستان دەچوون، ناو دارستانەکە کەمێک ئارامتر پێویستە تازووە بگەنە دارستانەکە، ئەو دەشتاییەش لە نێوان وشکایی و شێداری تەڕ و قوڕوچڵپاودا بوو، بنچکە دارەکان لە وشکەوە بوو دەچوو، دڕکەکانی تیژبوون لە سەر جلەکانەوە لە لاقەکان گیر دەبوون، کارەکەیش وا ئەرێنی بوو بەرێگای تراکتۆرەکەدا نەڕۆن نەبا ئاشکرا بن، چونکێ لە دوور ڕا پۆلیسەکان پریژیکتۆرەکەیان لەو دەشتە دەگرت، ئەو ناوە هەموو ڕۆشن دەبۆوە، ئەو کەسەی بە چرپە بانگی خەڵکەکەی دەکرد تەواوی خەڵکەکەی لە نێو چاڵێکی بچوک کۆکردەوە و ڕێنمایی کردن کەس لە ڕاستە ڕێیەکەوە نەڕوات و بە ئاراستەی خۆرئاوا برۆن، ئەوە دەریاکەیە، لەو دیوی دارستانەکەوەیە، بە جارێ هەموو کەوتنە ڕێ کەس گوێی بە قسەی کابرا نەدا، پێیەکانیان ئەزیەتی پێ دەگەیشت، سالار لە گەڵ داگرتنی جانتاکانی قوڵفی جانتاکەی پچڕابوو لە کاتی ڕۆیشتندا چەکەی دەهات، محەمەد هاوکاری دەکرد بێسوود بوو، ئەوەی بە نێو هەڵەتەکاندا ڕۆیشت قاچەکانی زامار دەبوو، هەر کە تیشکی پریژکتۆری پۆلیسەکە دەسووڕایەوە بۆ سەر دەشتاییەکە بە جارێ هەموو خۆی بە عاردیدا دەدا، جا ناو قوڕبایە یان وشکانی یانیش بەردەڵانی پڕ دڕک، هەریەکە و بە جۆرێک ئازار و ئەزیەتی دەکێشا، ئەو ئافرەت و پیاوانەی منداڵیان پێ بوو زۆر شەکەت و ماندوو ببوون، زەریا لە گەڵ گەیشتنی یەکەم تیشکی پریژیکتۆرەکەی پۆلیسان خۆی بە نێو ئاو و قۆڕاوێکدادا، بەر سکی و تا ئەژنۆی تەڕ و قوڕاوی بوون، دەستەکانی بە سمتیا هێنا وشکیانکاتەوە، پەتی پێڵاوەکەی پسان و بەچەکە و ملچەی قوڕاو کەوتە ڕێ، هەنسکی هاوسەری سورکێو لە کەوتنا زنجیری جانتاکەی تێکچوو و جانتاکەی لە کۆتەرە دارێک گیر بوو و دڕا، هەموو جلەکان کەوتنە زەوی، سوورکێو دەمی ماکسییەک و قۆڵەکانی داخست و جلەکانی کردە ناو ماکسییەکەوە بە کۆڵی خۆیدا دا، نەخێر ڕووناکییەکی بەهێز تا دەهات نزیک دەبۆوە، کەوتنە ڕاکردن هەریەک بەلایەکدا بڵاوەی لێکرد، هەر یەکەو لە چاڵێکدا خۆی مەڵاس دابوو، بێدەنگ بێدەنگ، ڕۆشناییەکەیش تا دەهات نزیک دەبۆوە و تیشکەکانی دەهاویشتە چاڵەکانەوە، لەگەڵ کوژانەوەی تیشکەکە دیسانەوە کەوتنەوە ڕۆیشتن، هەستیار و سامان و سالار و هاوسەری بە پێدەشتە بەردەڵانەکەدا ڕایاندەکرد، هەستیار تەواو هەناسە بڕکێی تێکەوتبوو لە خۆی و جانتاکەی وەڕس ببوو، سالاریش بە هۆی ژنی دووگیان و جانتای ناتەواوەوە لە پەل وپۆکەوتبوو، سامان زیتەڵەیەکی باریک بوو هێشتا هەر بەگوڕبوو پەلەی دەکرد، سانیەی هاوسەری سالاریش بەتەواوی ماندوێتی جەستەی گرتبۆوە، بۆیە جارێکی تر هەموو خۆی بە زەویدا دا، ژێوار هەرچۆنێک بوو خۆی و منالی گەیاندە ناو دارستانەکەوە، هیوا کە ڕایدەکرد منالەکەی بە باوەشەوە بوو بەمدیو وئەودیوا دەکەوت جانتاکەیش باری گرانکردبوو، هێمن کۆڵەکەی باش هەڵگرتبوو منالێکی لە باوەشبوو ئەوی دیشی بە دەستەوە بوو بۆ خۆی دەڕۆیشت بەستەزمانە چاو خەواڵوو نەیدەزانی ئەم هەرایە چییە، بژار و خەرمانی هاوسەری و منالەکانی لە دواوە بوون، خێزانی قاچی شکابوو نەیدەتوانی ڕێبکات، هەر یەکە و بەلایەکدا هەڵاتبوون، هەستیار و سامان و سالار و هاوسەری لە پەسارێکدا خۆیان مەڵاس دابوو، هێندەیان زانی تیشکەکە زیادی کرد و بوو بە دوو تیشکی بەهێز و لە نێوچاویان درا و شەوارە کران، هەر چواریان دەسگیر کران، وەک گرتنی کەروێشک وابوو، یەکێک لەوان پرسیاری کرد

کەسی ژمارە 1 : کوان چەند کەسن .

هەستیار : من نازانم ئێمە چوار کەس بووین لە ترومبێل دابەزین خەڵکی ترمان لە گەڵن نازانم کێن.

هاورێکەی بەملاوئەولادا دیقەتی دەدا چاویان بۆ ئیتر دەگێڕا دیار بوو کەسێک جوڵەی کرد، گوتی.

کەسی ژمارە 2 : ئەها ئەوەتا لەولاوە بچۆرە سەری با ڕانەکات بزانین کێن.

کەسی ژمارە 1 : ئێوە کێ ناردوونی.

هەستیار : ئێمە لە گەڵ شۆڤێرێک هاتین نایناسین.

کەسی ژمارە 1 : سەرۆکی باندەکەتان کێیە، و خەڵکی کوێیە؟

له گەڵ گرتنی ئەم چوار کەسەدا بە نێو هەڵەتەکاندا بەپەلە دەگەڕان و سالاریش بە هۆی پچرانی قوڵفی جانتاکەیەوە هەر چەکەی دەهات، لەم کاتەدا ئەو کەسەی بە چرپە بانگی خەڵکەکەی دەکرد ناوی مەحموود بوو، لە تاریکییەکە هاتە دەرو لە گەڵیاندا کەوتە قسەکردن، تەواوی خەڵکەکە هاتنە دەرەوە و بە ئاشکرا کەوتنە قسەکردن، بەڵام هێشتا خەڵکە کە پێیان وابوو پۆلیسن و لە بەرگی سیڤیلدان.

مەحموود : ئێمە نۆبەتی خۆمان هەیە و کارمان بە سەر شوێن و رێی ئێوەوە نییە، سەرۆکیشمان هەر خەڵکی نەک ئەم وڵاتەیە بەڵکو خەڵکی خودی شارۆچکەکەیشە.

کەسی ژمارە 1 : ئەی کەوایە بۆ رادەکەن و خۆتان دەشارنەوە.

مەحموود : ئەوانەی لە گەڵمانن نەشارەزان، وایانزانی ئێوە پۆلیسن.

کەسی ژمارە 1 : کەواتە نزیکی شوێنلەنگەری بەلەمەکانی ئێمە مەکەونەوە.

مەحموود : نەخێر ئێمەیش شوێنی خۆمان هەیە .

له یەک جودا بوونەوە و جار جار مەحموود هاوارێکی لێ هەڵدەستا (( لەو لاوە مەڕۆن کەمێک ئەملا بگرن)) مقۆمقۆیەکی سەیر لە ناو خەڵکەکە دروست بوو، خۆ ئەوانیش باندێکی دیکە بوون لێمان بوون بە پۆلیس و جەندرمە، یان دەیانگوت کار وەک ئەوان دەبێت چاوتان لێ بوو چەند رێکوپێک بوون، ئیش هەر لە خۆیان دێت، ئێمەیش بەرەڵا کراوین، دیار بوو سەرۆک باندەکان ئەو کەنار ئاوانەیان بۆ خۆ دابەشکردبوو، کەسیش رێگەی نەدەدا خەڵکی دیکە بە شوێنلەنگەری ئەوان بپەڕێتەوە، بەدەم قسەکردن و بە کۆمەڵەوە لە نێو دارستانەکەوە بەرەو کەنار دەریاکە رۆیشتن، لە ناوەراست و لە دوور کەشتییەکی زەبەلاح دیار بوو، پێیان وابوو ئەو کەشتییە پاسەوان و ئێشکگری کەنار دەریای وڵاتەکەیە، گەڕانەوە و لە ناو دارستانەکە مانەوە هەندێ گەنجی سەرکێش کە لە گەڵیاندا بوون، مۆبایلەکانیان هەڵکرد و گۆرانی هەڵپەڕکێیان لێداو کەوتنە هەڵپەڕین، نەخێر لای خۆرهەڵاتیانەوە کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر زیاتر لە سەد کەسێک دەبوون لە رێگاکەی بەرەو باشوور کە بۆ سەر دەریاکەدەڕۆیشت بە دوای یەکەوە ریزیانگرتبوو، بە هۆی مانگە شەوەکەوە دیار بوون، زۆری پێنەچوو دەنگی ئیش پێکردنی بزوێنەری چوپەلەم بیسترا و کەوتنە رێ، لێرەیش هەر لە هەڵپەڕین و نوکتەگێڕانەوەدا بوون، پاش قەدەرێک مەحموود بانگی خەڵکەکەی کرد سواری یەختەکە ببن بۆ پەڕینەوە،هەموو گەیشتنە سەر دەریاکە، کەشتییە زەبەلاحەکەی ناوەڕاست دەریاکە نەمابوو رۆیشتبوو، یەختێک لە ناو ئاوەکەوە دیار بوو سی مەترێک لە کەنارەوە دوور بوو، کەس نەیدەتوانی یا لە بەر ساردی ئاوەکە جورئەتی نەدەکرد بۆ لای یەختەکە بچن، زەریا کە ئاودامانی قوڕاوی ببوو، خۆی کردە ناو دەریاکە و بەرەو لای یەختەکە رۆیشت، خەڵکەکە داوایان لێکرد ئیشی پێ بکات، هەوڵی دا لە گەڵی ترپەترپی لێدەهات و دەکوژایەوە ئاقیبەت کاری کرد هەندی رۆیشت و ویستی بەرەو رۆخی دەریاکەی بهێنێت جارێکی تر کوژایەوە زەریا هاواری لێ هەڵسا....

زەریا : ئەمە بە هیچ جۆرێ بە کار نایەت، دوو سەد مەتر ناڕۆین دە کوژێتەوە و هەموو دەخنکێین، یەک کەسێکمان ناگاتە ئەو بەرەوە.

هیوا مۆبایلەکەی دەرئانی تەلەفۆنی بۆ جانۆ کرد

هیوا : ئەرێ تۆ بە نیازی ئەو هەموو خەڵکە بە کوشت بدەی، بۆ خۆتیش بۆی دەرچیت، ئەوە چییە، کوا یەختی دوا مۆدێل و رەنگاورەنگ، کوا ئەو تیژڕەوییەی نیشانت داین، با پێت بڵێم ئێمە کەسمان بەم عارەبانەیە ناڕۆین.

جانۆ : باشە ، باشە مەڕۆن هەر ئێستا ترومبێلە تاکسییەکان دەنێرمەوە بە شوێنتانا، ئێوەیش بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنەی لێی دابەزین.

هەموو بە شەکەت و ماندووبوونێکی زۆرەوە بەرەو سەر شەقامە شینکەکە گەڕانەوە و تەواو هیلاک و ماندوو ببوون و بێزاریان پێوە دیار بوو، هێشتانیش هیچ نەبووە و هەر لە شوێنی خۆیان و کاتیش بەرەو چواری بەیان نزیک دەبێتەوە، تا ئەمان گەیشتنە سەر شەقامەکە ترومبێلەکانیش پەیدا بوونەوە و بەرەو ئوچ

مەسیفیان بردنەوە بەڵام هەر یەکە و لەرێگا و کۆڵانێکەوەگەیشتنەوە و لە ژووری خۆیان شەکەت و ماندوو لێی نوستن....

( 20 )

خامۆشی و بێدەنگی ئوچ مەسیفی داگرتبوو، تەنها خاوەن میوانخانە و چێشت لێنەر و کارگوزارەکان لە جوڵەدابوون، خۆر هەڵاتبوو گەیشتبووە ناو قەدی ئاسمان و بەشی خۆی تینی گەرمای هەبوو، هێشتان کەس لە خەو رانەببوو، ئەگەرچی هەڵیشسابن لە ژوورەکانی خۆیان سەرگەرمی خۆشۆرین و جل پاککردنەوەی ناو قوڕ و لیتاوی شەوی رابردوون، ماوەیەک لەم میوانخانەیە لەشیان سست و تەمبەڵ ببوو تەنها خەو و خواردن کاریان بوو، شەوی رابردوو بەتەواوی ماندوو ببوون، ئازاری تەواویان چێشت، لەشیان بە سەریەکەوە داهێزرابوو، ماسولکەکانیان کەوتبۆوە بزاوتن لەو چرچی و گرژ بوونەوەیە رابببوو، زەریا هەر زۆر ماندوو و شەکەت ببوو، لە نێو پێخەفەکەیەوە گێنگڵی دەخوارد، کەسیش وەهانای کەسەوە نایەت، هەر یەکە و لە خەمی خۆی و مناڵی خۆیدایە، زەریا ئەو کوڕە رەش ئەسمەرە کورتە باڵا چوست و چالاکە بوو، حەزی دەکرد چاکە لە گەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکە بکات کە پێکەوەن، شەوی رابردوویش هەر بۆ ئەو مەبەستە چووە ناو ئاوەکە و لە یەختەکە دڵنیای کردنەوە کە بە کەڵک نایەت، جەغار ئەوانیش هێندە روویان پێ نەدەدا، کوڕێکی رۆح سووک حەزی دەکرد هاوەڵەکانی خزمەت بکات، هەستیار پانتۆڵێکی خۆی پێدا چونکێ جلی پێ نەبوو خۆی پۆشتە بکاتەوە، لە نێو جێگەکەی نرکەنرکی بوو پێی وابوو فریای دەکەون.

کاتژمێرێک دوای نیوەرۆی تێپەڕاند، هەر یەکە و دەهاتە کافتریاکە سڵاوێکی دەکرد، تاک تاک و دوو دوو دەهاتنە کافتریاکەوە، هەر چەند کەسێک و لە سەر مێزێک دادەنیشتن و داوای برنج و فاسۆڵیاکەیان دەکرد وەلێ بە نرخێکی هەرزانتر، لە دەرگای نوسینگەکەوە زەریا وەدەرکەوت و هەر نرکە نرکی بوو، بە دەست ئازار و سەرما بوونەوە ئاخ و ئۆفی بوو.

سەوەند : ئافەرین زەریا بەڕاستی خەمخۆری و سەلماندت، ئەو هەمووەت لە مردن رزگار کرد.

زەریا : کورە گشت گیانم بە سەر یەکەوە تێکشکاوە.

سەوەند : هیچ نییە چاک دەبێتەوە.

خۆی بێدەنگ کرد و لە تەنیشت هەستیار و محەمەدەوە دانیشت، زۆرجار هەر پێیان دەگوت سورچی، بە دەم ئازارەوە نانەکەی خوارد، هەستیار رووی تێکرد.

هەستیار : لە خوارەوە ترومبێلێکی ئەمبولانس وەستاوە ئەوە نەخۆشخانەکەیە، بچۆ سەرێکیان لێ بدە شتێک چارەسەرت دەدەنێ با لێت قورس نەکات. بە محەمەدیشی گوت تۆیش لە گەڵیدا بچۆ.

محەمەد : ئەمن لە گەڵی دەچم بەڵام بۆ خۆی نایەڵێ لەگەڵی بم.

زەریا : نەخیر محەمەد راست ناکەی، ئەوە لای خۆی خەڵکی یەک شارین کەچی هەمیشە قۆڵ لە قۆڵی سالاری دەکات و پێکەوە دەڕۆن و جێم دێڵێن.

هەستیار : محەمەد وا نابێت ئێوە خەڵکی شارێکن هەمیشە پێکەوە بن و فریای یەکدی دەکەون.

محەمەد : باشە بە قسەت دەکەم دەزانم بۆ چاکەی ئێمە قسە دەکەی.

ئەوان چوون بۆ نەخۆشخانەکە نزیک بوو تا ئەوان هاتنەوە ئەمانیش لە نانخواردن کۆتاییان پێهات و هەر یەکە لای خۆیەوە سەرەباسێکی رووداوی شەوی رابردووی کردەوە و گرێکوێرەکەی رۆیشتن کرایەوە و هەر یەکە بەسەرهاتی خۆی دەگێڕایەوە، ناهومێد بوونەوە، سەوەند قاقا پێدەکەنی و بە پشتا دەکەوت و قسەی بۆ نەدەکرا...

))به دەم پێکەنینی زۆرەوە)) سەوەند : مامۆستا هەستیاریان وەک سوێسکە شەوارە کرد و یەکەم کەس ئەویانگرت ئەویش هەمووی بەدەستەوەدا.
هەستیار : کاکی برام من هەر خۆم نەبووم، سالار و خێزانی و سامانیشم لە گەڵ بوو، بەڵام من بەر لە ئەوانەوە دانیشتبووم کە من گیرام ئیتر ئەوان بۆ خۆیان هەستان و خۆیان بە دەستەوەدا، راستتان پێبڵێم سامان دانی نا بە هەمووتاندا و ئێوەی بەدەستەوەدا.
سامان : براینە من زانیتم ئەوانە پۆلیس نین بۆیە گوتم خەڵکی دیشمان لە گەڵن.
قریوەی پێکەنین هەمووی گرتەوە، ئەم باس و خواسی خۆی دەگێڕایەوە ئەوی دی سەرهاتی برادەرەکەی پێدەکەنین. هێمن قسەکەی پێبڕین و....
هێمن : هەر ئێستا ئەو کورە هاتەوە، ئەوانی شەوێ لە ڕێگای باشوورەوە ریزیان بەستبوو و ڕۆیشتن، نزیکەی سەد کەسێک دەبوو، دەڵێ هەموویان خنکاون و تاقی دەرنەچووە.
بە پەلە تەلەفزیۆنەکەیان هەڵکرد، هەواڵێ بە پەلە هەبوو، ( ئەمشەو حەفتا کۆچبەری نایاسایی لە دەریاکە خنکاون و ئەگەری بەرزیوونەوەی ئەو ژمارەیەش لە ئارادا هەیە ))،هەموو سوپاسگوزاری زەریا بوون دەنا ئێستا ئەمانیش خنکا بوون، ژیانیان فۆرمات کرایەوە، هەبوو لە جێی خۆی راست دەبووەوە و دەچوون زەریایان ماچ دەکرد و دەهاتنەوە جێی خۆیان، دیار بوو هێشتان پاروە نانێکیان لە ژیاندا بۆ ماوەتەوە و دەبێ پێی بگەن و بیخۆن، لە کەناڵێکی دیکەوە و نزیک لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان، هەمان هەواڵی بە گیان لە دەستدانی ( 67 ) کەس و رزگارکردنی ( 34) کەس جاردا، ئاقیبەتیش هەواڵەکانی دونیا پشتیان بەم هەواڵە بەست و وا دەرچوو، دواتر هەموو ئەوانەی لە کافتریاکە بوون لە سەر ئەوە کۆک بوون ئەگەر ئەمشەو پەڕینەوە هەبوو نەچن چونکی زۆر ماندوون، لەم کاتەدا جانۆ خۆی کرد بە ژوورا...
جانۆ : من خۆم دەمزانی ئەو بەلەمە ناتانباتە ئەو بەر بۆیە بە خاوەن بەلەمەکەم گوت مەحاڵە بڕۆن، من نەفەری خۆم خۆشدەوێت بە کوشتیان نادەم، دڵنیا بن بە سەلامەتی دەتانپەڕێنمە ئەوبەرەوە، تا ئێستا یەک کەس چییە لای منەوە نەخنکاوە، ئەمشەو ( 150 ) کەس خنکاون من چۆن دەهێڵم هیچتان لێ بێت.
شنە و شێنێ دوو کچی تەمەن 18 و 20 ساڵان و کچی ژێوار بوون، زۆریان لە باوکیان دەکرد کە ئەمشەو بێت بیان پەڕێنێتەوە، ماندوو نین و کێشەیان نییە، جانۆ گوتی..
جانۆ : کاک ژێوار ئەوە چی دەڵێن کچەکانت.
شێنێ : دەڵێین بماندە دەم ئەو ئاوەوە.
جانۆ لیترێک ئاوی بەدەستەوە بوو دەیخواردەوە، ئاوەکەی تێگرت و...
جانۆ : ها ئەوە ئاو باشە.
شنە : ئەو ئاوە ناڵێین ئاوی دەریاکە دەڵێین با ئێمەیش بپەڕینەوە بۆ ئەو دونیا بەهەشتییە.
باس و خواسی قسەی دانیشتنەکە بووە دونیای هەندەرانی بەهەشت وخۆشییەکانی، لە شارۆچکەکەوە هەندێک لەو خەڵکەی ئۆچ مەسیف لاسایی ستایل و بەرگی ئەوانیان دەکردەوە و پۆشیان، حەزیان دەکرد لێرەوە ستایلیان وەربگرن تا هەڵگرتنی کەلتووریان سانا بێت، ئەو هەڵدێرانە لە نێو گوڵدانی ژیانەوە بەرەو خەرەندی هەزار بە هەزار بۆوە، پێیان وایە ژیان تام و چێژی هێندە خۆشتری تێدایە کە ئەوە دێنێت زوو هەڵگەڕێنەوە و لە خۆ بگۆڕدرێن، کپبوون و متکردن و دەستەمۆیی مێینە و نێرسالاری لەو بەرەوە بە کۆتا دێت بە پانتایی بەرفرەی ئەو ئازادییە دەگەن کە تەمەنناى بۆ دەکەن، لەو کۆتوبەندە دەرباز دەبن کە بە گەردنی ئازادیانەوە نراوە وباوک و مێرد و برا سالاری لە گۆڕ دەنرێت لە نێو کۆمەڵگای یەکسانی مرۆڤەکان بۆ ئەو دوای تەمەن بزە دەگرن، سەرچڵی هەنگاونان بەرەو ئەو دەقە لە داماڵینی ستایلی بەرگپۆشی خۆ وڵاتییەوە دەستی بە گۆڕان پێکردووە، لای هەندێکیش شوێن خەسڵەت و خولیا و عەقڵەکان ناگۆڕێت .

جارێکی دیکە شەو پریاسکەی خەمەکانی دەکاتەوە، لە نێوان ڕۆیشتن و مانەوەدا دەیان تونێلی تاریک و هەزاران ئاسمانی بێ ڕۆشنایی و ئەستێرە و پانترین دۆزەخی تەمەن هەیە، لە نێوان مانەوە و کۆچ هەزاران چاوی ناهومێدی لێک دەنرێن، هەزارانیش غوربەتی ئاوێزان دەبێ، لە نێوان شەو و ڕۆژ تەنها من و تۆی خوێنەر لە واتاکانیان دەگەین، ڕەنگە هۆڵەکانی ئاوەز هەرگیز بەرگەی نەگرن، لە نێوان شەو و ڕۆژ ، مانەوە و کۆچ، مانەوە و ڕۆیشتن، بە ملیۆنان چیرۆکی نەخوێنراوە هەن، ئەوە کێیە دەینوسێ ئەو مرۆڤانەیش کامانەن دەیخوێننەوە، شەو جارێکی دی خەمی پریاسکەکەی ئەم سەفەرە کرایەوە، چیرۆکی هاتن و نەهاتنی پۆلیس و جەندرمە بۆ سەر میوانخانەکان بۆوە وێردی سەر زبان و زەندەق چوونی میوانان، جاڕدانەوەی مانەوە و لە گۆڕنانی سەفەر خۆی بە بەردەرگای هەموو ژوورەکانا کرد، لە نێوان ترس و گوێنەدان، پشتگوێخستنی لە قاڵبی هزردا جێگیر بوو، هەموو لە ژووری هەستیار و محەمەد خۆیان کۆکردەوە، ژاوەژاو و دەنگی کەوتنی زاری تاوڵە و خلیسکانی بە نێویدا و جارجاریش جیڕەی دەرگاکە هەموو پێکەوە ئاوێتە ببوون، سەمفۆنیای سەفەر بوون، سەفەری هەڵکڕوزان بە دەم تەزووی سەرمای زستانەوە، زەریا و بەلەمەکە و ناو ئاوەکە و ترپە ترپی کارنەکردنی بزوێنەری بەلەمەکە، قاقایەکی پێکەنینی لەنێو ئەم تابلۆ ریالیستییەدا جێکردەوە، دیسانەوە بەزمی من یەکەم کەس دەپەڕمەوە بووە سەر چڵەی باسەکان،ژێوار بە چرپەیەکەوە بە گوێی جانۆی دایەوە..

ژێوار : جانۆ ...! من یەکەم کەس دەربکە هەر دوو کچەکەم لە خەڵتانی حەزی دەریا و ئەوبەرەوە نوقم بوون، دەیانەوێ رزگاریان بێت.

رزگار بوون لە چی رزگار بوون لە هەناسەدان و ئۆقرەگرتن بەلای نوستنی ئەبەدییەتەوە،یا رزگار بوون لە نێوان مانەوە و نەماندا، دەشێ هەڵبژاردن و کۆتایی هێنان بە ژیان بڕیارێکی وا سانا نەبێت، زۆر دەمێکیشە دەگوترێ بێچاوی خۆشترە لە چاوەڕوانی، لێرە لەم چاوەڕوانیەدا مرۆڤ تاریکایی و سڕینەوەی ڕۆژ و داهێنانی شەوگاری بێ ئەستێرە پەسەندترە، کەچی جانۆ بە ئارامترین و لەسەر خۆترین دوانەوە....

جانۆ : برا گیان هەموو ئارەزوو و مەیلیانە لە زووترین کاتدا دەرباز بن، بپەڕنەوە، دڵنیابە هەموو پێکەوە دەنێرم.

وەک شەوی شەوان تا درەنگانی پشت نیوە شەو لە ژوورەکە نەمانەوە، بەر لە نیوە شەو ماندوێتی و بێ ئارامی چاوەڕێ بوون و بە سەر بردنی کات لە ناو خێزان و مناڵەکانیان زۆر بەر لە نیوە شەو ڕۆیشتن و ژوورەکەیان جێهێشت، محەمەد و هەستیاریش ژوورەکەیان پاککردەوە محەمەد لەو جەنجاڵی و قەڵەباڵغیە بێزار ببوو کەچی هەستیار بە پێچەوانەوە حەزی پێدەکرد، ئەمەیش سووکە ناگونجاندنێک پێکەوەی گرێدەدان، ئەمانیش نەیانویست وەک شەوانی رابردوو تا دەمە و بەیان لە چاوەڕوانی پۆلیس و جەندرمەدا بن، لە سەر جێگاکانیان ڕاکشان، هەستیار هەر خۆش باوەڕ بوو، ناو بە ناو پەردەی پەنجەرەکەی ڕادەماڵی و دیقەتێکی دەرەوەی دەدا، دواجار لای خۆیەوە پەنجەی بە بوشی کارەباکەدا ناو سەراپا ژوورەکەی تاریک کرد، ئەو خەوت و محەمەدیش بە سەرقاڵبوونی نامەی مۆبایلەوە مایەوە، پێدەچوو دەنگۆی هاتنی جەندرمە و پۆلیس باشترین شێواز بوو بێت بۆ چۆڵکردنی کافتریا و هۆڵەکە، ئیتر لە پشتی ئەوەوە مەرامەکانیان بەدی دەهێنا هەرچی بایە.

چرکەسات و ڕەوتی ڕۆژانە بووە دووبارە کردنەوەی هەڵخلیسکاندنی ئەندێشە و بیرکردنەوەکان، بە بادانی مەیل و مەرام و ئارەزووەکان و هاتنەوە سەر خاڵی دەسپێک، وەک ڕۆژان دیسان بەرچایی بەیانیان و ڕۆیشتنی سەر دەریا و بێزار بوون تەنانەت لە وێنەگرتنیش، کار و ڕەوتەکان چەند بارە بوونەوە بوو، ئەبو ماجد و محەمەدی دوکانداریش لە فریودان و لە ڕێ دەرکردنی نەفەری جانۆ کۆڵ نادەن و هەر ڕۆژە و بە جلپۆشێکی نوێوە دەیانەوێ لە خشتەیان بەرن، بەڵام عەقڵ بە هۆشهاتەوە و هەوڵەکانیان بووە بڵقی سەر ئاو، وەک ڕۆژانی دی زەوی لە سوورنەوەی خۆی نەکەوت و شەو داهاتەوە، ڕۆژێکی دیکەیش لە تەمەن کشا و وا ژیان هەر لە پێکوتەدایە، لە گەڵ تاریک پۆشین، جموجۆڵێکی نائاسایی ئوچ مەسیفی گرتەوە، هەستیار محەمەدی هۆشیار کردەوە کەلوپەلی خۆی بپێچێتەوە و لە ئەگەری پەڕینەوە دەچێت،

هەردووک ئامادەبوون، بە بڕوای ئەوان میلی کاتژمێرەکە وەک پێشتر ملی کاتی لە دەمە تیژی خۆی نەناوە، زۆر بەخاوی رێ دەکات، تۆ بڵێی ئەم پەلە کردنە مەرگ بێ هەڵپێچابن، دەرئەنجامی چاکە لە دەرگایان بدات و پەنجەرەکانی والا بن بۆ فڕینی نائومێدییەکان، پێناچێ وابێت، هەمیشە پەلەکردن ئافاتی لێکەوتۆتەوە، رەوتی ژیان وابووە و هەر وایش دەبێت، کات زۆر لە دەی شەو دوور کەوتەوە دەنگی ترومبێلێک بیسترا وەستا، هەستیار لە پەنجەرەکەوە دیقەتی دەدات، ترومبێلێکی مینی بووز بو وا دوو خێزان سەرکەوتن هیوا و بژار، لە دەرگایاندرا، پێیان گوترا خۆیان و کەلوپەلیان بۆ ناو ترومبێلەکە بەرن سەفەر دەستی پێکرد، مینی بووزەکە تەنها ریزە کورسی دوای دواوەی تیابوو ئەو دوایی بی َکورسی بوو، دوو هێندە و بەرامبەر بە رێژەی یاسایی خەڵکی تیا ترنجاند، کاتێکیش دەرچوو هێند تیژرەو بوو هەندێک پێیان وابوو ناگەنە کەنار دەریاکە و لێرە تیا دەچن، هەر رووداوێکیش کارەساتێکی دەنایەوە، سەرنشینەکان دەنگیان لێ بەرز بۆوە بە هۆی بێ جێگاییەوە کاکی شۆڤێریش تێنەدەگەیشت و لە سەر ئاژووتنی خۆی بەردەوام بوو، بە هۆی تیژڕەوی و تاسەکانەوە جوڵەیەکی زۆر بە خەڵکەکە دەهات یەکێک شان و جەستەی بەر ئاسنەکانی بەدەنی ترومبێلەکە دەکوت و یەکێکی تر سەری بەر سەرەوە دەکەوت و یەکێکی کەسێک کەوتووە بەسەریا و ئەوی دی قاچی لە ژێر لەشی یەکێکی ترەوەیە یەکێک مناڵەکە بە هەموو هێزی خۆی دەگری، ئەوی تر هاوار دەکا (( مناڵەکەم خنکا )) هەر یەکە و لە ئازاری خۆیدا ناڵەی لێ بەرز بۆتەوە، شۆڤێرەکەیش وەک ئەوەی گوێی لە هیچ نەبێت و هەموو خەمی ئەوە بوو پۆلیس نەیگرێت، ترومبێلەکە بە هەمان جووت سایدە خۆشەکەی ئەو شەوەدا دەڕۆیشت وەلێ ئەمجارەیان لە ناو شارۆچکەکەوە بەرەو سەر دەریاکە نەڕۆیشت بەڵکو بەرەو باکوور لە شارۆچکەکە دەرچوو، زیاتر لە دەخولەک بەو تیژرەوە لە شارەوە دەرچوو گەیشتە نێزیک باغاتێک، بە پەلە ترومبێلەکەی سووڕاندەوە و وەستا و خەڵکەکەی داگرت، و ئەوانیش بە چرپە و بێدەنگییەوە بەرەو ناو دارەکانیان بردن، بەڵام سەد مەترێک بەرەو خوارتر و بەوبەرەوە دەرگایەکی گەورە و حەوشەیەکی پان و بەرین و لە دووریش خانویەکی زۆر خۆش لەو دیو دەرگاکەوە هەبوو، پیاوێکی بە تەمەنیش لە پشت دەرگاکەوە سەیری ئەو خەڵکەی دەکرد بۆ وا بەم نیوەشەوە ماتەماتیانە، زۆری پێ نەچوو ترومبێلێکی دیکەی مینی بوز لە هەمان شوێن وەستا و خەڵکێکی دیکەی داگرت، ئەم شوێنە بەری خۆرئاوا و بەلای دەریاکەوە بوو بۆ ماوەیەکی دووریش دارستان بوو، بەرامبەر لە ئاستی راگرتنی ترومبێلەکان سێ ماڵێک دەبوون بە هەمان شێوەی ماڵی پیرە پیاوەکە لەو دیو دەرگاکەوە بوو، هەموو کۆبوونەوە لە ناو دارستانەکە، لە دووری دوو سەد مەترێک خانوویەک هەبوو پێ دەچوو فەرمانگەی فەرمی بێت، لە نێوان ئەو خانووە و خەڵکەکەدا شەقامێکی ترومبێل هەبوو بۆ سەر دەریاکە، رۆخی دەریاکەیش بە هەمان شێوە بە مەودای پانتاییەکی زۆر شەقام بوو، کەسی تێدا نەبوو، دارستانەکە لە بەرزییەکی زیاتر لە سێ مەتری لە دەریاکەوە دەبوو، لە ناو دەریاکەیشەوە پاپۆڕێکی زەبەلاح هەبوو و ناو بە ناو پریژیکتۆری روناکییەکەی لە ناو دەریا و کەنارەکە دەدا و بە دۆراندۆری خۆی دەیسووڕێنێتەوە، هێدی هێدی تیشکەکە کەم دەبووەوە و پاپۆڕەکە دوور دەکەوتەوە، بە کۆمەڵی کەم کەم لە دارستانەکە دابەزینە خوارەوە و لە بن دارەکان و لە رۆخی دەریاکە بە کەرەستەکانیانەوە چیچیک دانیشتن، بە دووری سی و پێنج مەترێک لە خەڵکەکەوە چەند گەمییەیەک وەستابوون و یەختێیشی لە خۆ دەگرت، هەستیار لە پێشەوە و نزیکی گەمی و یەختەکان بوو، هەستیار و محەمەد و زەریا و سورکێو و مناڵەکانی یەکەم کەس بوون بەرەو دەریاکە بڕۆن و سواری یەختەکە بین، لە پڕ تیشکی ناو دەریاکە رووی تێکردنەوە خۆیان لە پالٌ گەمییە و بەلەم و یەختەکان مەڵاس دایەوە، بە دی نەکران، کە تیشکی پریژیکتۆرەکە رەوییەوە ئەمانیش هەستان و بەرەو یەختەکە بڕۆن لە پشتەوە و لە ناو دارستانەکە و لە شەقامە رێکەی ترومبێلەوە بۆ سەر دەریاکە ترومبێلێک دەرکەوت و لایتەکەی تێگرتن و هەموو دەرکەوتن و ئاشکرا بوون، پاشان جەندرمەکان دابەزین و هەموویان دەست بەسەر کردن، سالار و سانیای هاوسەری نەبێت لە ناو دارستانەکە خۆیان مەڵاس دا و قورتاریان بوو و توانیان خۆ لە دەستی جەندرمە رزگار بکەن، بە چوار جەندرمەوە ئەو دواییەکەیان راپێچ کردن و بەرەو سەر شەقامە

سەرەکییەکەی بردن، ئەفسەرەکە لە سەر شەقامە سەرەکییەکە چووە لای پیرەمێردەکەی پشت دەرگاکە و سوپاس گوزاری پەیوەندی کردن و ئەو سیرەی سیخوڕییەی کرد، ئەفسەرەکە گەڕایەوە و پەیوەندی بە قوولەکەوە کرد و مینی بوزێکی جەندرمە هات و بە دوو کاروان هەمووی بەرەو قوولەکە بردن، لە رێگا ئەوانی پێشتر پۆلیس گرتبوونی رێ و شوێنیان نیشانی ئەوانی دی دەدا، وەک ئەوەی ناو و تەمەنیان خوازرا و بێت و راستییەکەی نەڵێن، پاسەپۆرت بە دەستەوە نەدەن و هیچ ناسنامەیەکیان پێ نەدەرێت، ئەو شەوەیش بایەک و کزەیەکی سەرمای بەهێزی هەبوو، دیار بوو رۆیشتنیان بە زیان دەشکایەوە چونکی ئەو بایە لە قوولایی دەریاکە زۆر زیاترە، ئیتر بۆ خۆیانیش پێیان وابوو ئەو پیرەمێردە فریادرەسی تەمەنیان بوو بێت، کاتێکیش گەیشتنە قوولەکە، کەرەسە و بار و کۆڵ و جانتاکانیان پێ لە شوێنێک دانان و ئۆڤۆلستەرەکانیشیان لە لایەکی دیکەوە، خۆیانیشیان لە ژوورێکی پێنج بە پێنج زیندانی کرد، لە ژووری نوستنی جەندرمەکان دەچوو، کەرەستەی دیکەی تێدا بوو، سەرەتا ترس هەموویانی گرتبۆوە دواتر و هێور هێور شتەکان دەرکەوتن و جا خەڵکەکە بە گاڵتە پێکردنەوە لە گەڵ جەندرمەکان دەدوان، ناوی هەموویان تۆمار کردن هەر یەکە و ناو و تەمەنێکی خوزراو و نزیک لە تەمەنی خۆی پێ گوتن، کەسیش لە هەواڵی دیکۆمێنت وەک ناسنامە و پاسەپۆرتیان نەپرسی، ئەم گاڵتە کردن و پێ رابواردنە بووە باو و بە تەواوی ترس شکا، لە گاڵتە و گەپ ترازا و یەک دووانێک گەیاندیانە لاساری نواندن، بردیانن و ( wc ) یان پێ پاککردنەوە، هەر لە ناو ژوورەکە ئەوانی گاڵتەیان دەکرد، هەستیار و سەوەند پێکەوە قسەیان دەکرد و ئەوانی دی بۆ خۆیان قسەیان دەکرد بەڵام زۆریش گوێیان لەم دووانە دەگرت...

هەستیار : ئەمە چەندجار بگیرێین.

سەوەند : ئەمە دووجار،

هەستیار : نەخێر سێ جار، ئەو شەوەی سەر دەریا و ئەمشەو و سبەی شەویش.

قاقای پێکەنین ژوورەکەی گرتەوە، ئەویشی تێنەگەیشتبوو تێیان گەیاند و پێکەنین، ئینجا هەستیار رووی کردە کرمانج و ویستی بیدوێنێت.

هەستیار: باشە وەرە بە پیادەو لە سنووری وشکاییەوە دەرمبکە.

کرمانج : جارێ ئێرە کاتی نییە و با لێرە دەربچین بزانین رزگارمان دەبێت یا نا، ئەو لا رێی وشکانی بە نرخێکی ترە.

هەستیار : وەرە تەقەی مامەڵەت بێت، و لەوێوە بە چەندی دەرمان دەکەی. (سەیرێکی ناو ژووری زیندانەکەی کرد و لە سەر قسەکەی بەردەوام بوو) دەی کێ لەوێوە لە گەڵما دێت.

کرمانج : وتم بارجارێ لێرە دەربچین ئێستێ کاتی نییە.

هەستیار : وەرە با ئێستا مامەلەکەیش تەواو بکەین.

کرمانج برا گیان بڕۆ ئەولاوە با جەندرمەکە لێمان تێ نەگا و بە شتی دیکە لێکی نەداتەوە.

لەم قسانەدا چەند کەسێک لە گەڵ ئەوەبوون لە وشکاییەوە بڕۆن ئەم رێگا ترسناکەی دەریا نەگرن، بۆیە کرمانج هەڵیدایە.....

کرمانج : ئەوە ئێوە چی دەڵێن لەوێشەوە زۆر لێرە ترسناکترە، گەر سانا با خەڵکی هەموو لەوێوە دەچوون.

جەندرمەکان سەرێکیان بە ژوورەکەدا کردەوە، بۆ دڵنیا بوون یەکێکیان هاتە ژوورەوە و ناوەکانی دەخوێندەوە، ئی وا هەبوو وەڵامی نەدەدایەوە جەندرمە وای دەزانی هەڵهاتووە ئەویش ئەوە ناوی خوازراو بووە و لە مێشکیدا تۆماری نەکردبوو، دەبووە بێنە و بگرە تا بە ئاگا داهاتەوە کە ئەوە ناوی خوازراوی خۆیتی، یەکێک لە کوڕەکان ناوی خۆی نابوو کوێخا ئەولای توتن، هەر ناوە و بە شێوەیەکی تەنز ئامێز بوو، ناچار بە پێکەنین قسەی خرشەوە جەندرمەکە رۆیشت و ناوی کەسیان ئاشکرا نەبوو و کەسیش ون نەببوو، بەرپرسەکەشیان ئەفسەرێک بوو دوای تەواو بوونی ناوەکان گوتی:

ئەفسەری قەرەقوولڕ : تەلەفۆنمان کردووە پاس بێت و ئازادتان بکەین.

هەموو بە تەواوی دڵنیا بوون و ئاهێکی سەرد بە هەناویانا هات و ئینجا لە هەوڵ و کۆششی ئەوە بوون باسەکە بەرەو شارۆچکەکەی خۆیان بیانباتەوە نەک بەرەو پارێزگا، زۆری نەبرد ئەفسەرەکە هاتەوە و ریزی کردن بەرەو دەرەوە لە حەوشەکە باسێک راگیرابوو، هەر یەکە کۆڵ و بار و جانتاکەی هەڵدەگرت بەرەو ناوپاسەکە دەڕۆیشت، دەستیان بە سەر ئۆڤۆلستەرەکاندا گرت و بۆ خۆیان بردن، پاسەکە هاتبووە ناو حەوشەکەوە، هەر کەسە کە سەردەکەوت پارەی کرێی پاسەکەیان لێ وەر دەگرت، هەستیار لێرەیش پارەی خۆی و محەمەدی دا، هەموو سەرکەوتن پاسەکە کەوتە رێ، لە دەرگا بەرەو لای راست و بەرەو باشوور رێی کرد هەموو ماندوو بوونیان حەوایەوە زانیان بەرەو شارۆچکەکەیان دەباتەوە، کات لە هەشتی بەیانی نزیک بۆتەوە و پاسەکەیش بەرەو تەرمیناڵی بردن و لەوێشەوە هەر یەکە تاکسییەکی گرت و بەرەو ئوچ مەسیف شۆڕ بوونەوە.....

( 21 )

سەرگەردانییەکی تازە، کۆست و ئافاتێکی گەلێک ناخۆش، هەرگیز لە چاوەنواڕی ئەم رۆژە نەبوو، هەموو دونیای لە بەرچاو تاریک ولێڵ ببوو، بەر سۆمای چاوەکانی تارماییەکی رەش رەش دایگرتبوو، بە بێ ئاگاییەوە بە کوچە و کۆڵان و شەقامەکانا رێی دەبڕی، هێندە دەزانێت بەرەو رۆژئاوای شار ملی رێگای گرتووەو نازانێت چ چارەنوسێک چاوەڕوانی دەکات، ماڵێک لێوانلێو بە کەرەستەکانییەوە جگە لە خەم دەریایەک کێشە و گرفت، لە ناخەوە رۆشنایی بۆ ئەو دوای تەمەنی بەدی ناکات، دیمەنەکان سەرەو ژێر بوونەوە خەونەکان راستیان لە گەڵ نەگوت، نازانی بە کام لای راستییەکانا گەواهی بدات، زۆر زەحمەتە ژیان لە چاوتروکاندنێکا تێک بچێت، لە پڕ لە خەونێک بە ئاگابێیتەوە بۆ وەیشومەیەک چاوەڕوانی لێ نەکەی، بە بێ پرس و راوێژ کوانووی ماڵ خامۆش ببێتەوە، خەم لە چی نەخوات، هەموو دونیا بۆتە بارێک و بە سەرشانیدا تەنراوە، خەمی ناوماڵ و پەرتەوازەیی، بە چ دید و تێڕوانینێک بگەڕێتەوە بۆ ژیانی چەند ساڵی رابردووی، ئەوکات هەر لە خەمی خۆی بوو، چی وەڵامی ئەو داب و نەریت و بارە کۆمەڵایەتییە سەقەت و تێکشکاوە بداتەوە، بە چ زمانێک بۆیان بدوێ، هێندە بیر لە تانە و تەشەری ئەم و ئەو دەکاتەوە هێندە لە خەم و بیرکردنەوەی کۆستەکە نییە، دەبێ کۆمەڵی باوکسالاری بۆ هێندە بێ بەزەیی بن، نەبوونی بەزەیی هەمووی گرتوتەوە هەر بەو جۆرەیش لە وێزە و لەعەلەی مرۆڤەکان دەڵێن، لە هیچە شت دروست دەکەن جا وەرە گرفت و ئاریشەیەکت هەبێت، بەم کارانە ئازارەکانی مێینە زۆرتر دەکەن، ئۆقرەیی و ئۆخەیی لە هەناو و ناخیاندا دەتارێنن، هەمیشە بێخەمی و خەمی خود سەر تۆپی بیرکردنەوەکانی پیاوە، پیاو لەم مەملەکەتە بەواتا دیکتاتۆری ژیان و خاوەن کلیلی تەمەنی بەهاری و پایزی، لە داخستنی دەروازەیەک پەنا بۆ دەیان دەرگای دیکە دەبات و بە دەستییەوە دەکرێنەوە و واڵا دەبن، ئەو خۆشگوزەرانیەی تەمەن لە وڵاتە بەهەشتییەکان بۆ مێینە مەیسەرە هێندە بۆ پیاو شکۆداری نییە، لەم وڵاتە مێینە کۆیلەیە بۆ ژیان ملکەچە بۆ دڕندەیی پیاو تا کۆچی کۆمەڵایەتی نەبێتە خانەخوێی، لێرە بەزەییەکان خوار و خێچ بوون، ویژدان لە تەک گڕی شەهوەتیا هاوتەریب دەبن یان دەمرن، دەمانێک کە غەریزەکان مت دەبن و نوقمی ساتی پڕ هەنگوینی دەبن، ئەو دەمانە ژیان سادەیە و گوزەرانی مێینە هەرزان بەها دەبێت، ئیدی بونییەی پێکهێنەری مرۆڤەکان بە دیوێکی ئەوتۆ لەو کۆمەڵە نەشونمای کردووە، هەردەم بۆ دامرکاندنەوەی غەریزەکان گیر بخوات.

ماوەیەکە لە سۆراغی لەتەکەی دی ژیانێتی، دەرگا نەما وێنەی پەنجەکانی بە هەڵواسراوەیی رەنگڕێژ نەکات بەسەرییەوە، بە هەر کەسیش دەگات لە پرس و سۆراغ دەبێت، کەسێک نییە گوێی بۆ رادێرێت لە هەموو لایەکەوە لە هەمبەر ئەو پرسە کڕوکپی دەنوێنن، شێت ئاسا چمکی لێهەڵماڵیوەو دەشت و دەر لە سۆراغدایە، لەو دونیا پان و بەرینەدا سەروژێری دەکات نووزەی تروسکایی رۆشناییەک شک نابات، لە

نێو جەنجاڵی خەما نوقم بووە، وا زیاتر لە هەفتەیەک تێدەپەڕێت و هیچ وەڵامێکیشی بە چنگ نەکەوتووە، جگە لە سوورایی چاوەکانی بە هۆی فرمێسکە سوێرەکانییەوە چۆڕایی ئەو سوێرییەشی لێ بڕا، بەردەوام بە چمکێکی لەچکەکەی یا دەسماڵێک دەستی بەسڕینەوەی چاوەکانییەوە بوو، ئەوە قەدەرێکە و هاتووە چارەنووسێکی نادیاری لە پێش داناوە، چ ئەنجامێکی لە هەستیارەوە و لەبارەیەوە چنگ نەکەوت، ناچار بەو دەردی کۆستەوە خەمێک لە پەرتەوازەکردنی ناوماڵەکە بخوات و ڕۆژانە شتێک لە کوڵ بنێت چیتر بارگرانی کرێی ماڵیشی نەیەتە ئەستۆ، ژیان بە بارتەقای خەرەندی چیاکان سەخت بووە، پاروە نان بە سانایی لەم ڕەوشە ئالۆسکاوییە پەیدا نابێت، باشترە ڕووەو باوان بگەڕێتەوە، هیچ پەڵپ بوونێک لە خودا شک نابات تا ماڵی قەڵب سەر بە ساحێبی بێت، کردەکانی خۆی بە بیردا نایەتەوە، تەنها کارە جوانەکان دەبینێت، مرۆڤ هەروا ئەو دەمانەی ڕۆشنایی جیهانی پان و بەرین دادەگرێت دۆراندۆری خۆی و تا دوور مەودا بە باشی دەبینێت، نایەوێت لە تاریکیدا چاوەکانی ماندوو بێت لێکی دەنێت، وەک ئەوە شتە ڕۆشنەکانی خۆمان ببینین و چاو لە ئاست تاریکییەکان بنوقێنین، لە هزریدا ڕاگرتنی ماڵێکی پوخت و ڕێکو پێک و بە نەزەری خۆی خواردنی پڕتام لەزەتی پێ بەخشیوە، ماندوو بوونی کاری دەرێ و هاتنەوەیش ئیشی ماڵ تەواوی ماندووبوونی ئەژماردووە، پێی وا بووە خۆ ماندوو کردنی نێو ماڵ لە ترۆپکدا بووە و جێی قایل بوونی هاوسەری بووە، بەو جۆرە دیدەکانی ڕۆشناییەکانی دەدیت، ئەو ئەندێشانە پانتایی هزر و ئاوەزی ژیانی قۆرخ کردبوو، بشێ هەڵاتن لە چییەوە سەرچاوەی گرتبێ، ئەمە پرسیارێکە و وەڵامەکەی لە هەگبەیەکدایە و لە بن زەریاکان حەشار دراوە، پێویستی بە نوقمۆکەی ورد بین و پشکێنەر هەیە عەودالی بێت و وەڵامەکە چنگ بخات.

بەردەوام چاوەکان سوور هەڵگەڕاو و تا فرمێسک هەبوون فرمێسکاوی، کوانوو و ژووانی جاران سارد و سڕ هەر کە لە گەڕەک و شەقام و منداڵان نێزیک دەبێتەوە قوڵپی گریان ئەوکی دەتەنێت و قسەکانی بۆ تەواو ناکرێت، ماوەی چەند ڕۆژێکە سەر بە کۆڵان و گوزەر دەکاتەوە هەتا کەرەستەکانی ناوماڵ پەرش و بڵاو بکات، هەندێکی لە ماڵی ئازادی دراوسێ دانا، هەر کە دەچووەوە گەڕەک سەرێکی بە ماڵی ئازادی دراوسێیان دەکرد کە بەرامبەری یەک بوون، هەموو جارێک ئاشنای خێزانی ئازاد دڵنەوایی و دڵخۆشی دەدایەوە، بەڵام بێسوود بوو، چونکێ کە لە ڕوناکی پەنجەرەکەوە دیقەتی خانوەکەی دەدا، بە کوڵ دەگریایەوە، دڵنەوایی کردن کاری خۆی نەدەکرد، ئەمەیش دەلالەتی ئەوە بوو خۆشترین تەمەن و کاتی لە گەڵ هەستیاردا بە سەر بردووە، هەستیاریش لە ناخەوە بەرنامەڕێژی بۆ دووركەوتنەوە نەخشەرێژ دەکرد، هەڵاتنێک بێت کە ژیان بریتی نییە لە خواردنی باش و ناوماڵ ڕێکخستن، بەرماڵ و نوێژ و حیجاب پێ ٍ ٍش ئەوەی ئاسوودەیی بێت تێکدەری شیرازەی خێزانە، دەڵێن چێشت بە خوێ خوێش بە تام، ئەو جۆرە خۆ بە دەستەوەدانە بۆ ئایینێک کە هەمیشە جگە لە ماڵکاولی چ سوودێکی بۆ ئەو نەتەوە نەبووە، پەیوەست بوونیشی جگە لە دەلالەتی گەمژەیی هیچی دیکە ناگەیەنێت، ئەو خولیا و ئالوودە بوونە وەک ئەوەیە لە زەمەن و سەردەمی پێشکەوتنا ژن لە ماڵەوە هەمیشە سەرقاڵی کڵافە دەزوو و شیشی ڕستن و کەرەستەکانی بێت و کڵاو و گۆرەوی و کەل و پەل بۆ ناسیاوە نزیکەکانی بچنێت، بێگومان ڕووە تاریکەکان زۆر تاڵن و نەدەبینرێن و نەدەخوێندرێنەوە، هەستیار کەسێک بوو هەمیشە ڕێزی لە بەرامبەر دەگرت نەیدەویست بیشکێنێتەوە بۆیە ناڕاستەوخۆ زۆری دەدرکاند و ناحاڵی بوون وا دەکەوێتەوە، ئەگەر بهاتبا و بە زەقی ڕووداوەکان وەک بگێڕدرێتەوە ئەوا ڕۆشنا ناقایل دەبوو بە دیدگاکانی هەستیار بۆیە پشتکردن باشترین پەند و بە ئاگابوونەوەی زانی، بە ڕوئیایەکی ناشیرینەکانەوە هەر یەکێک دیقەت لە خۆمان بدەین یان کەمترین شت کەسێکی دیکە دیوە تاریکەکانمان بۆ ڕۆشن بکاتەوە مرۆڤ ئاقڵمەندێکی لێهاتووی کۆمەڵایەتی و شارستانیانە دەبێت.

چاوەکان بێ ئەسرین نەدەبوون، نەیدەزانی بۆ کام کۆتەڵستان خەم دابدا، خەم لە چ نەخوا هەموو شتێک تەنانەت هەناسەیش پڕ بوو لە خەم، تاوناتاوێک ئاشنای خێزانی ئازادی دراوسێ دەیدواند...

ئاشنا: ئازادیش گوتی دەڕۆم نەمهێشت، کەسوکارم لێ ئاگادار کردەوەو ڕێمان نەدا بڕوات، ئیتر بۆ خۆی مایەوە.
ڕۆشنا: دەڵێی چی تۆ ژنەکە، ئەها بەو قورئانەی بە زەیستانی ناوتەتە ژوور سەرتەوە پێی نەوتووم.هەر نازانم بۆ کوێ ڕۆیشتووە و هەواڵی هەر نازانم.
ئاشنا : سەیرە پیاوی وایش لەم دونیایە هەیە، من و ئازاد ئیرەییمان بە ئێوە دەبرد دەمانگوت بەختەوەرترین خێزانن.
ڕۆشنا : خوشکێ منیش ئەو بەختەوەرییەم لێتێکچوو، بەڵام نازانم ئەم کۆچە و ئەم ونبوونەی لە پای چی بوو.
ئاشنا : دەی خوشکم ڕۆشناخان گوێی مەدەرێ سەروسۆراغێکی هەر دەردەکەوێت، ئەی برا و کەسوکاری نازانن چی لێهاتووە.
ڕۆشنا : بە گیانی ئەو تاقە برایەت و بە چاوی تۆ کەسیان نازانن و پێمان ناڵێن.
ئاشنا : خوا کەریمە لەلایەکەوە سۆراغی هەر دەبێت.
ڕۆشنا : منیش چاوەڕێی دەرگای خوام لێمبکرێتەوە، بووین بە ئەرک بەسەر ئێوەیشەوە ئەو کەرەستانەمان جێی لە ئێوە سەغلەتکردووە.
ئاشنا : نانا خوشکێ گیان قەت وامەڵێ خوا دەکا کاک هەستیار سۆراغێکی دەبێت ئەمانە هیچ نییە.
قەدەرێکی دیکە دانیشت، دەردەسەریان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە، جار جاریش باسیان لە بێ وەفایی پیاو وسپڵەیی دەکرد، دواتر دوعاخوازی لێکرد و چووە ماڵی شیرین خانی دراوسێ و ماوەیەکیش لای ئەو دانیشت، هەندێ لە ناوماڵەکەیشی لای ئەو دانابوو، زۆر لەوێ دانەنیشت تەنها سوپاسگوزار و ماڵئاواییەکی لێکردن کە جێی هەندێ لە کەرەستەکانیان بۆ کردۆتەوە، پاشان ئەوێشی جێهێشت و سەرەو ژوور بۆ ماڵی حاجی سمایلی خاوەن خانوو ڕۆیشت، چاوی بە مەنیجی خێزانی حاجی سمایل کەوت و کلیل و کرێ خانووی ئەو چەند ڕۆژەی داپێی وویستی بڕوا مەنیج وتی...
مەنیج : ئەوە چییە خوشکم وا چاوەکانت سوور هەڵگەڕاون، ئێمە کەی پێمانگوتون بگوازنەوە، ئێوە وا خزمەتی خانووەکەتان دەکرد ئی خۆتانیش با هەر وا خزمەتتان دەکرد.
ئیدی دایە پرمەی گریان و قسەی بۆ تەواو نەکرا، پارەکەی دایە دەستی و بەرەو ماڵی باوان ڕێی گرتەوە .

( 22 )

نائومێدی پەڕینەوە باڵی بە سەر هەموویاندا کێشا، ئەوە دە ڕۆژ زیاترە گاڵتەجاڕی بە ئاوەزی ئەو خەڵکە دەکرێت و ساردبوونەوە پەخش و بڵاودەبێتەوە وەک ئینسان دیقەتیان نادرێت، خەرجێکی زۆریان کردووە، تەنها ئۆڤۆلستەر چەندجارێک کرِدرا، هەندێکی دەدران بڕێکیش پۆلیس و جەندرمە دەستیان بە سەردا دەگرت، ئەو خەرجییەیش هەڵناسووڕێ، ئەمڕۆ کەشەکەی خۆش و لە بارە، ڕۆژێکی تەواو هەتاو بوو دەریاکە کپ ببوو بەتەواوی هەڵچونەکانی دامرکابۆوە، نوستبوو ئارام ئارام لەرەی با بە سەر دەریاوە نەمابوو، هیچ جۆرە شەپۆلێک بەدی نەدەکرا، وەک پیشەی ڕۆژانە خەڵکی ئوچ مەسیف هاتبوونە دەرەوە و بە زۆری دڵیان بە دەریاکە خۆشبووە، لە ناخەوە خۆشیەکانیان قوڵپی دەدا و بە سیمایانەوە دیار بوو، ئەوە چەند ڕۆژێک بوو بەم کەیف و شادییەوە نەدەبینران، ئارەزووی وێنەگرتنیان لە سەر دەریاکە هەبوو، دەیانگوت ( دونیا ژیان و مردنە ) کە مردین ئەوا لە پاش خۆمان دەمێنێتەوە جیایش بووینەوە یادی ئەم ساتانە دەکەینەوە، عەسرێکی درەنگ داهات، سالار و ئەحمەد و بژار و سەوەند و هەستیار و زەربا پێیان چاکتربوو بگەڕێنەوە ئوچ مەسیف، ئاگاداری دەنگوباسی پەڕینەوە و ڕۆیشتن بن بزانن گەیشتۆتە کوێ، لە

سوچی خوارەوەی راستە شەقامی میوانخانەکە دەرکەوتن چی ببینن، دەنگە دەنگ و ژاوەژاو وحەشامات و ئاپۆڕایەک دەبینن کە تا ئێستا ئەو شەقامە شتی وای بە خۆیەوە نەدیتبوو، دەنگەکان بەرز دەبنەوە و جنێوی ناشیرین بە یەکدان و هەرچی ناشێ بە خوشک و دایکی یەکتری دەڵێن، وا دەبینن هەر دوو سەرۆک باندەکە جانۆ و نەوزاد یەخەی یەکتریان گرتووەو لە یەکتری دەسرەوێنن، جەمال پشتگیری نەوزاد دەکات و کرمانجیش پشتگیری جانۆ، گەیشتنە لایان نەوزاد خەنجەربۆکسێکی دەرئانی و بەرەو جانۆ شاڵاوی برد، خەڵکی ویستیان رێی لێ بگرن، نەوزاد هاواری کرد...

نەوزاد : هەرچی بێتە پێشم و رێم لێ بگرێت من بە ئەویدا دەکێشم لاچن لە سەر رێم.

هەتا نەوزاد قسەی کرد و خەڵکەکە خۆیان لادا، جانۆ تێی تەقاند بەرەو کۆڵانەکەی تەنیشت ئوچ مەسیف و بەرەو ژوور بە کۆڵانێکی تەسکدا هەڵات و خۆی ونکرد کرمانجیش بە دوایدا، لەملایشەوە نەوزاد مایەوە و هاواری بوو دەیگوت، (بە پۆلیس دەڵێم وەرەن ئەوە سەرۆکی باندێکە بیگرن) دونیایەکی سەیرە قەل بە قەلی دەگوت روو رەش، ناهەقیشی نەبوو، لاچاوەکانی شین و مۆر ببوونەوە و سەریشی خوێنی پێدا دەهاتە خوارێ، سەرەوخوار رایکرد و کاتیش بەرەو خۆرئاوا بوون دەڕۆیشت و نە نەوزاد دەنگ و رەنگی ما نە جانۆیش گەڕایەوە، ئیتر وردە وردە ئەو خەڵکەیش بڵاوەیان لێکرد و میوانەکانی ئوچ مەسیف کەنەفەری جانۆ بوون، بەرەڵا بوون و کەسێک نەبوو سەرپەرشتی رۆیشتن و پەڕینەوەیان بکات و بێ خاوەن مانەوە، هێمن زۆر شپرزەی پەڕینەوە بوو، تەلەفۆنەکەی دەست دایە بۆ روونی هاوبەشی جانۆ پەیوەندی کرد.

هێمن : ئێوارەتان باش.

روون : ئێوارەی خۆت باشتر.

هێمن : ئەوە جانۆ بە هۆی شەرەوە رۆیشت و جێی هێشتین، ئێمە چی بکەین.

روون : دەست لە خۆتان مەدەن هیچ کێشەیەک نییە، لە شوێنی خۆتان بمێننەوە من وام لە فرۆکەخانە بەرەو لای ئێوە دێم، سبەی دەگەمە لاتان و خەمێکتان لێ دەخۆم و بەرێتان دەکەم.

هێمن تەلەفۆنەکەی داخستەوە و قسەکەی بۆ ئامادەبووان گێڕایەوە، هەر یەکە و لە ئاوازێکی لێ دەدا، زۆر کەمیان نەرم بوون هەموو توند، هەستیار رووی تێکردن و گوتی....

هەستیار : براینە ئەری ئێوە چیتانە، دونیاتان لێ بووە بە چەرمی چۆلەکە، هەمووی دوو سێ کاتژمێرە جانۆ رۆیشتووە، بۆ واتان لێهاتووە هەمووی دەڵێی فریشکی چووە، جارێ ئەمشەو بخەون بزانن سبەی شەو چی دەبێت، ئەوا روونیش دەڵێ من وا لە فڕۆکەخانەم سبەی پێمان دەگا.

هەموو قسەکانی هەستیاریان لا پەسەند بوو بۆیە هەر یەکە و بەرەو ژووری خۆی یان نانی ئێوارە خواردن رۆیشتن، سەوەند و هەستیار چوونە ژوورەوە و وەک رۆژان دەستیان بە تاوڵە کردن کردەوە، ناو بەناو هەر جارە و یەکێک خۆی دەکرد بە ژوورەکەدا، تا وای لێهات زۆربەیان وەک شەوانی تر لە ژوورەکە کۆبوونەوە و جێی قسەوباسیان گەرم بۆوە، کات یانزەی شەو بوو بەپەلە دەرگا کرایەوە، جانۆ خۆی کرد بە ژوورا وگوتی...

جانۆ : هەموو بچن خۆ ئامادە بکەن، کاک هەستیار کەلوپەلەکانت لە گەڵ محەمەدا بکەنە ناو ئەو ترومبێلەی وەستاوە و هەر ئێستا دەڕۆن دەپەڕنەوە.

سەوەند : ئەی من.

جانۆ : تۆیش لە کاروانی دووەم هەر ئەمشەو دەتان نێرم.

ئەوەندە و جانۆ لە چاو ونبوو دیار نەما، کرمانج مایەوە و سەرکاری بەڕێکردنەکەی دەکرد، ئەوانیش چوونە مینی بوزەکەوە وەک شەوی دیکە زۆر زۆری تێکرد، ترومبێلەکە کەوتە رێ بە هەمان رێگای ئەو شەوە رۆیشتەوە کە جەندرمەکان گرتیانی چەند سەد مەترێک پێش ئەو شوێنە دابەزین، لە ناو دارەکاندا نیو کاتژمێرێک خۆیان مەڵاس دا، ترس هەموویانی داگرتبوو، کەوتنە بەستن و لە بەرکردنی ئۆڤۆلستەرەکان لە خۆ ئامادەکردندا بوون، کەسانی باندەکە لە نێو خۆیاندا چپە چپەیان بوو، دیقەتی ناو دەریاکەیان دەدا،

نەبا پاپۆری ئێشکگر لەوێ بن، دەریاکە دیار بوو، کپی باڵی بە سەر هەموو شوێنەکاندا کێشابوو، بێ چرپە و بە ئاسپایی هێور هێور دوو دوو خەڵکەکەیان بەرەو دەریاکە دەبرد، نەجم و لەمیس و شڤان و محەمەد و زەریا و شوان و سامان کە ئەمانە سەڵت بوون چوونە ژووری پێشەوەی یەختەکە، هێمن خۆی و ژینۆی خێزانی و دوو منداڵ هیوایش خۆی و خێزانی و دوومناڵ سورکێو بە هەمان شێوە سالار خۆی و خێزانی وشۆڤێرەکە و هەستیار لە نێو یەختەکە بوون، بژاریش گلەیی هەبوو دەیگوت
بژار : زۆرە و ناچمە نێو یەختێکی چوار مەتری وا نوقمی دەریاکە دەبێت.
کرمانج : برا گیان سوار بە دەنا دەچین خێزانێکی تر دێنین و تۆ دەگەڕێنینەوە و جێت دێڵن.
بژار و منداڵەکانی ناچار رێیانگرت و بەرەو یەختەکە رۆیشتن و سوار بوون، هەموو ئەوانەیشی لە بەشی پشتەوە دانیشتبوون.
یەختێکی جوانی سپیسپی بوو ستایلێکی ناسکی هەبوو، بۆ ئەوە دروست نەکرابوو ( 30 ) سی کەس سواری بێت، لمۆزی کەمێک تەسک و بەرز بوو، ژوورەکەی پێشەوە بۆنی بەنزین مرۆی وڕ دەکرد، هەشت کەسی بە زۆر تێکرا، لای پشتەوەی یەختەکە کەمێک پان بوو، بەڵام نارەحتی بۆ ئەو هەمووەی لەو پانتاییەبوون، یەختەکە بچوک بوو چاریش ناچار بوو بە دەست سەرۆک باند و فرتوفێڵەکانیانەوە مردن هەڵبژێردرا، چونکە گەڕانەوەیش هەر مردن بوو ئێرە ئەگەری قورتار بوونیان هەبوو، کات دوای نیوەشەوی تێپەرکردبوو، هەرکەسە و کەجێی خۆی گرت وەک موڵکی لێهات و کەس جێگەی خۆی بۆ ئەوی دی چۆڵ نەدەکرد یان نەیدەدا پێی، بەر لە جێگە گرتن مشتومڕێکی زۆر لە سەر جێگا هەبوو تا دواجار بەو جۆرە رێککەوتن، کێشەکە مان و نەمان بوو بۆیە هەموو بە جێگای خۆ قایل بوون، تەنها ئەو سەڵتەکان کە لە ژوورەکەوە بوون بە هۆی بۆنی بەنزینەکەوە دەنگە دەنگێکی زۆریان دروستکرد، کۆمەڵێک ترس هەمووی داگرتبوو، دەریا و جەندرمە و پۆلیس و ئێشکگر و یەخت و ترسی دیکەیش، بۆیە بێ دەنگیان لێکرد.
رەقەڵەیەکی باریکی گوپ قوپاوی ناوەوە و دەموچاوخوارێک کە لە لەڕ بوونا تەنها ئیسکت لێ بەدی دەکرد، دەستت بۆ ببردبا تەقەی ئێسک دەهات، لە پشت ستێرنی یەختەکەوە راوەستا بوو کە دەبێ بە پێوە بیئاژوێت، خۆی وەک کابتنی یەختەکە نیشاندا و...
کابتن: نزای خێر بکەن ئێمە دەکەوینە رێ، خودا یار بێت بە سەلامەتی دەتانگەیەنمە ئەو بەرەوە( یەخەتەکەی کردەکار و ) ناوی خوای لێ بێنن.
هەموو نزاکان و پاڕانەوە لە خوا بۆ ئەوە بوو بگەنە ئەو بەرەوە و سەلامەت بن، یەختەکە کەوتەرێ، ژنەکان کەوتنە قسە و منداڵەکانیش دەنگەگیان بوو، هەندێک ترسە پێکەنینیان بوو، هەندێکیش لە ترسانا مت ببوون، یەختەکە لە دەریاکەدا تیژ دەڕۆیشت ئەم حاڵەتە هەر بەر دەوام بوو، سالار دەنگی گۆرانی وتنی لێ بەرز کردەوە، لە مەترسی جەندرمە و ئێشکگری وڵاتی سوور دەرچووبوون، سێ چارەکە کاتژمێرێک دەبوو بە رێوە بوون، کابتنەکە دیقەتی پێش خۆی دەدا، لە ناکاو گوتی...
کابتن : من دەگەڕێمەوە ئەوە کەشتی ئێشکگری وڵاتەکەی دیکەیە، دەمانگرن و منیش و یەختەکە تیا دەچین.
هەموو دەستیان کردە هاوار وسەرەتا گوتیان خەمت نەبێ ئێمە دەربازت دەکەین ناهێڵین بگیرێیت، سوودی نەبوو ئینجا کردیانە هەڕەشە کردن سالار بە تووڕییەوە هاتە دەنگ...
سالار : ئەگەر نەڕۆی بۆ پێشەوە فڕێت دەدەمە ناو ئاوەکەوە و دەتکوژم.
کابتنیش تێگەیشت ئەوە جگە لە خۆ گێڤکردنەوە شتێکی دیکە نییە بۆیە بێ منەتانە هێواشی کردەوە و گەڕایەوە، ملی رێگای بەرەو هەمان شوێنی دەرچوون گرتەوە بەر، هەڕەشەکان دڵکارانە بوون گەیشتە پەلامار دان قایل بوو درێژە بە کاروانەکە بدات بە مەرجێک لە جی پی ئێسەکەوە نەخشەی دوورگەیەکی دیکەی بۆ دەست نیشان بکەن، لەمیس لە ژوورەکەوە لە سەر مۆبایلەکە نەخشەکەی دۆزییەوە و نیشانی کاپتن درا، ئەویش بەرەو خۆرئاوا بە تەواوی رێی گرت پێشتر رووەو باشووری خۆرئاوا دەڕۆیشت،

ئاراستەکەی گۆڕی و رووی وەرچەرخان و درێژەی بە کاروانەکەی دایەوە، بەو تیژرەوییە ئاساییەی خۆی بەردەوام بوو نیو کاژێرێکی دیکە رۆیشت، گوتی
کابتن : ئێمە ئێستا دەخولەکێک دەبێت چووینە ناو ئاوی هەرێمایەتی ئەو وڵاتەی بۆی دەچین.
لە سەر گەشتەکە بەردەوام بوو، بەهۆی بێکێشەییەوە هەموو پێکەنین و قسەی خۆشیان دەکرد وەلێ ترسیان هەرماوە، پێنج خولەکێکی تر رێی کرد، لە پڕ بزوێنەری یەختەکە کوژایەوە، ناوەراستی دەریایە کات لە دووی شەو نزیک بۆتەوە، تا چاو بڕ بکات هیچ شتێک دیار نییە، تەنها تروسکایی گڵۆپێک نەبێت لە تاوەری ناو دەریا دەچوو، رۆشنایی نییە، ناشزانن هۆکاری کوژانەوەی چی بوو، هەوڵ دەدرا بکەوێتەوە کار سوودی نەبوو، ئیدی هاوار و ناڵە وفیغان و قیژەی مناڵ و ژن یەختەکەی دەلەرانەوە و بە سەر دەریاکەدا دەڕۆیشت، کەسیش گوێی لێت نییە و ئەو وتانەی بەردی دەتوانەوە پاکی و بەرائەتی ئەو مناڵانە بوو کە بەزمانی زگماکی خۆیان کە کەسێک نزیکیش بایە لێی تێنەدەگەیشت و پێی وابوو هەموو دونیا بە زبانی ئەوان دەدوێن، هاواریان دەکرد و دەیانقیژان..(( یارمەتی ..... یارمەتی ..... یارمەتی فریامان کەون)) بەو جۆرە بەردەوام بوون، دەنگ و هاوار و نزاکان بۆ خوای تاک و تەنها بەرز دەکرانەوە، هەر یەکە و بە جۆر و شێوازێک دەپاڕایەوە بۆ قورتار بوون لەو میحنەتە، هیچ شتێک دیار نەبوو، زۆر گوترا و زۆر نزا کرا، بێ ئەنجام بوو، دواتر پەیوەندی بە جانۆ و روونەوە کرا حاڵەتەکەیان تێگەیاند، روون داوای کرد بە جی پی سی شوێنی پەککەوتنی خۆیان بۆ بنێرن هەتا پەیوەندی بە پۆلیسی وڵاتەکەی ترەوە بکەن، یان ئێشکگری ئەو وڵاتە بە هانایانەوە بچێت، کات دەڕوات و جگە لە هاوار و ناڵە و فیغانی ژن و مناڵی ناو یەختەکە هیچ دەنگ و رەنگێک لەو نزیکانە بە دەر نەدەکەوتن، جارجاریش نەهەنگەکان لە ناو دەریاکەوە خۆیان نزیک دەکردەوە، لە چاوەڕوانی ژەمە خۆراکێکی چەوردا بوون، نزیکبوونەوەیان لە یەختەکە بە مەبەستی هەڵگەڕانەوەی بوو، بەڵام ئەوانیش هیچیان پێنەکرا، نزا و پاڕانەوەکانیش بێ ئەنجام بوون، بژار مۆبایلەکەی دەرئانی و پەیوەندی بە سەوەندی ناسیاوییەوە کرد.....
بژار : ئەوە تۆ لە کوێی.
سەوەند : هێشتا سواری یەخت نەبووین، وا دەچین سوار دەبین.
بژار : بە قوربانت بم چاوەکەمی سەوەند گیان ئێوە مەیەن، وەڵلا ئەو باندانە هەموو درۆ دەکەن، کەس نەیەت هەموو بگەڕێنەوە،ئێمە تیا چووین با ئێوەیش تیا نەچن.
سەوەند : بۆ چی بووە.
بژار : وەڵلا یەختەکەمان لە ناوەڕاستی دەریاکە کوژاوەتەوە و هیچ کەسێکیش نایەت بە هانامانەوە، ئاوەکەیش وا خەریکە دەست بە شەپۆل دەکات ویەختەکەمان دەستی بە یاری کردن و جووڵە کردووە، ها ئێستا نا کەمێکی دیکە دەریاکە لووشمان دەدات، چاوەکەمی خۆت و مناڵەکانت وەک ئێمە تووش مەکە و بگەڕێوە، بەڵام هەرچییەکمان لێهات روون و جانۆ بە دەستەوە بدە، درۆیان لە گەڵ کردین.......
پەیوەندییەکەی پچڕا پاتری مۆبایلی لە نووزە کەوت، زۆر مۆبایلی تریش پاترییەکەی نوزەی تیا نەما و کوژانەوە، هاوار و ناڵەکان بەردەوام بوون، هەستیار لە سوچی پێشەوەی بەرامبەر کابتن دانیشتبوو، هاواری کردو.....
هەستیار : تکایە کەس هاوار نەکات، ئەوە هیچ دادێک نادات ئەو لایتانەی پێتانە لە گەڵ ئەوەی مۆبایلی باشە با لایتەکان بە چوار دەورەدا هەڵبکەن و بیکوژێننەوە، ئەوانەی لە دووریشەوەن دەمانبینن تێدەگەن لێمان قەوماوە و بە هانامانەوە دێن.
سێ کاتژمێر بە سەر کوژاندنەوەی یەختەکە تێپەری، هیچ فریادڕسێکیش دیار نەبوو، بە تەواوی ناهومێدی باڵی بە سەر هەمووودا کێشا، ئیدی هەریەکە و پارە و دیکۆمێنت و شتە گرانبەهاکانی لە خۆی قایم کرد و کەلوپەلیان پشتگوێ خست، ئۆڤۆلستەرەکانیان بە باشی لە خۆ بەست کە دەبێتە مایەی نوقم نەبوونیان لە دەریاکەدا، هیچ چاریش نەما تەنها ترسیشیان لە هەڵکردنی بایەک بوو یەختەکە سەرەوژێر بکات، هەندێجاریش شەپۆلی بەرز لێیان نزیک دەبۆوە، گەمەی بە یەختەکە دەکرد و زۆر دەلەقی ئا لەو

کاتانەدا هاوارەکان لە بێ ئاگاییەوە بەرز دەبوونەوە، ئەوی دەتوانێ بە باشترین شێوە مەلە بکات رەنگە بتوانێت خۆ قورتار بکات، ئیدی هەر یەکە و وەسێتی خۆی دەگوت، بەڵام وەسیەت چ دادێک دەدات هەموو وەک یەکن و وەسییەت ناگاتە جێی خۆی، ئیتر لەوێ جێگیر بوون و ترس هەڵیان دەلوشێت، ترس رەنگی هەمووی زەرد و هەڵبزرکاو کرد بوو، ناهەقیان نەبوو، دەڵێن رۆح شیرینە وایە، لێرەوە ئاماژە و هێماکانی ئەو دەلالەتە لە بێ ئاگایی خودەوە بەرجەستە دەبێت، دەرگا و مەنفەزەکانی ژیان داخران، کات لە بەرەبەیان نزیک دەبێتەوە و رۆشناییش تیشکی خۆی پەخش ناکات، ئەوا بۆ چەند کاتژمێرێک دەچێت ئەو یەختە چوارمەترییە بەر شەپۆلە سووکەکانی دەریا دەکەوێت دەنا شەپۆلە هارەکان بایە دەمێک بوو لووشی دابوون، رۆح سەختە و لە شوێنێک دەرناچێت، ئەمە گەمە کردن و زۆرانبازی رۆح و لە ناوچوونە، ئەم شەوە دەریا نوستبوو کەچی گەمەی خۆی بە یەختەکە هەر دەکرد، ئیتر هەموو لە ناو یەختەکە خۆیان کپ و بێ دەنگ کرد، تا جوڵەیان نەیەت بۆ ئەوەی یەختەکەیش نەجوڵێت و ئەمدیوئەو نەکات، لەو کاتی کپی و بێدەگییەدا هاوار وناڵەکان لە پڕ بەرز بوونەوە، لە دوور ڕا تروسکایی رۆشناییەک بەدی کرا، وەک پێیان گوترا بوو دەست بەرداری هاوار و گریان بن و لایتەکان کار بکات، ئەو کارەیان کرد تا دەهات رۆشناییەکەیش نزیکتر دەکەوتەوە، لەم کاتەدا سورکێو پەلەقاژەی بوو مناڵەکەی رزگار بکات و نەکەوێتە ئاوەکەوە بۆ خۆی پێیەکانی خلیسکا و کەوتە نێو دەریاکەوە بەڵام بە هەردوو دەستی لێواری یەختەکەی گرت، قیژان و گریان دەستی پێکرد، خێزانی سورکێو بە خۆیدا دەکێشا، هێمن و هیوا و سالار و بژار بە پەلە خۆیان پێگەیاند، ترسی نەهەنگەکانیش هەبوون پەیدابینەوە، زستانێکی ساردیش، بە هۆی کەوتنی سورکێو و رزگارکردنی ئاگایان لە رۆشناییەکە نەما، تروسکاییەکەیش تا دەهات شەبەقی روناکی گەورەتر و فراوانتر دەبۆوە، کابتن و سامان لایتەکانیان دەگرتە رۆشناییەکەو ئەوانی دیش سەرقاڵی دەرهێنانی سورکێو بوون، هەستیاریش دەیگووت...

هەستیار : خۆ تێک مەدەن و مەشڵەژێنن ئێستا سورکێویش دەردێ، سەریان لێ تێک مەدەن.

زۆر بە زەحمەت سورکێو دەرهێنرا و سەراپا باڵای تەڕتەڕ ببوو، رۆشناییەکەیش تەواو نزیک ببۆوە، کات شەشی سپێدە بوو لێ هەر تاریک بوو، دەنگی کەشتییەکی گەورە دەبیسترا، لە دووری چەند سەد مەترێک وەستا نەبا شەپۆلەکانی دڕدانی بە دەریاکە یەختەکە نوقم بکات، گوێبیستی دەنگیان دەبوون، یەکێک لە کەشتییەکەوە کە ناوی ئیڤان بوو و شیف بوو گوتی...

ئیڤان : دانیشن لە شوێنی خۆتان و نەجوڵێن ئێستا دێینە لاتان.

بژار : دەڵێ دانیشن، دەی هەموو دانیشن ئێستا رزگارمان دەکەن.

خۆشی و رووسووری و کرانەوە رووخسار و سیمای هەمووی گرتەوە، گویًبیستی دەنگن ئیتر تەواو بکەونە دەریاکەیش بە پەلە رزگاریان دەکەن، ئیتر هەر یەکە و نزای دەکرد داواکاری ئەو بێت یەکێک دەیگوت وڵاتی بەرامبەری ئەوی تر دەیگوت نەخیر ئەو وڵاتەن لێیەوە هاتین، بۆخۆیان هەر تاکە و لە دیدێکی تایبەتەوە دەیڕوانی، بە هەر حاڵ هەموو خوازیارن وڵاتی بەرامبەر بێت، ئەوانیش سەرقاڵی داگرتنی گەمیەی بچوک بوون تاوەکو بیانگوازنەوە بۆ کەشتییەکە، گەمیەیەکی سووری پانزە مەتری دوای کەمتر لە نیو کاتژمێک لە تەنیشت یەختەکەیانەوە جووت بوو، سالار و سامان جانتا و کەرەستە وکەلوپەلەکانی هەموویان فڕێ دەدایە سەر گەمییە بچوکەکە، لەوێشەوە لە ژوورێک جێیان کردنەوە، دوو گەمییەیان هێنا بوو بەشێک بە گەمییەی یەکەم رۆیشتن و لەو لایشەوە سەربازە جل شینەکان دەستیان دەگرتن بۆ ناو کەشتییە گەورەکەیان دەگواستنەوە، لەوێش هەریەکە لە هەوڵی دۆزینەوەی کەرەستەکانیان بوون و هیچی ون نەببوو، ئەوانەی لە سەر گەمییەکە بوون بە رووخۆشییەوە پێشوازیان لێدەکردن و وەک ئەوەی پێیان بڵێن لە مەرگ قورتارتان بوو، پێکەنینیان بۆ دەنواندن تاوەکو هەست بە ئارامی بکەن و ئەو ترس و دڵە ڕاوکێیەیان بڕەوێتەوە، ئیتر هەموو کەوتنە خۆشی نەمازە کە بە تەواوی دڵنیابوون کە کەشتی وڵاتەکەی دیکەیە بە هانایانەوە هاتووەو رزگاری کردوون.

لە سەر کەشتیە گەورەکە مرۆڤێکی رۆح سووک و هەمیشە لێو بەخەندە، سوور و سپی ئەگەر لە وڵاتی خۆیانبا رەنگبێ هەندێکیان بیانگوتبا نووری لێ دەبارێ، مرۆڤدۆستێکی سەیر بوو، هەمیشە ژیانی بەلاوە گرنگ بوو، لە تەندروستی تاک بە تاکی دەپرسییەوە، ئەم مرۆڤە گۆشتنێکی کورتە باڵا بوو، هەموو ئەوانەی دەگەیشتنە سەر کەشتییە گەورەکە دەستی دەگرتن و رێنوێی دەکردن بچنە هۆڵەکەوە دانیشن، لەمیس بە هۆی بۆنی بەنزینەکەوە لە هۆش خۆ چوو بوو، لە میدیکاڵی سەر کەشتییە لە ژوورێکی تایبەت چارەسەریان دەکرد.

کەشتییەکی زەبەلاحی دوو رەنگ بوو، لای سەرەوەی سپی سپی وەک بەفر خۆی نیشان دەدا، لای خوارەوەیشی شینێکی مەیلە و تاریک بوو، لە پشتەوە کەشتییەکە تەختاییەک هەبوو دۆراندۆری لێوارەکەیشی ئاسنپەرژێن کرابوو، لای چەپەوە هەر دوو ئەو گەمییەی خەڵکەکەی رزگارکرد و گەیاندنییە سەر مۆاس کە ناوی کەشتییە گەورەکە بوو هەڵواسرابوون بە ئاسن قایم و جێگیر کرابوون، دەرگایەک هەبوو خەڵکەکەی لێ چووە ژوورەوە بۆ ناو رارەوێک رۆیشتن لای چەپ بەتاڵاییەکی گەورەی چوار بە شەش مەتر دەبوو پاشان ژوورێکی دیکە بوو کە ئەوە ژووری میدیکاڵەکە بوو، بەرامبەر ئەو ژوورە هۆڵە گەورەکە بوو، ئەو هۆڵە وەک نێو هۆِڵەکان کورسی لە جۆری کورسی بەرپرسانی تێدا بوون، بەرەو لای پشتەوە هەموو کورسی بوو ، بە جۆرێک کە ئەو سی کەسە دانیشتن وەک ئەوە بوو زۆر چۆڵ بێت نزیکەی حەفتا کەسێکی دەگرت، لە ناوەندی هۆڵەکەوە بەرەو پێشەوە بۆ ژوورێکی دیکە دەچوو، پێ دەچوو خواردن و خۆراکی تیابوو بێت، لە تەنیشت ئەو ژوورە ( wc ) و سەر شۆری تایبەت بە هەردوو رەگەز و بە جیاجیا لێیبوو، لە بڵندترین شوێنی کەشتییەکە ئاڵا سپی و شینە ئاسمانیەکەی وڵاتیان هەڵدابوو، بە بای رۆیشتنی کەشتییەکە دەشەکایەوە.

مۆاس لە منداڵدانی مرۆڤدۆستییەوە هەڵقوڵاوە و بۆ مرۆڤدۆستیش درێ بە دەریا سەرسەختەکە دەدا و شەپۆلەکانی خۆی بە نێو دەریاکە پەرش و بڵاو دەکردەوە، مۆاس هەڵگری پەیامی مرۆڤایەتی و دۆستایەتی و ژیان خۆشی بوو، شەو و رۆژ لە دەریاکەدا هەم ئێشکگری سنوورە دەریاییەکەی وڵاتەکەی بوو هەمیش مرۆڤەگیر خواردووەکانی ناو دەریای قورتار دەکرد، ژیانی بۆ سەدان و هەزاران دەگەڕاندەوە ئومێد بەخش بوو، بە کورتی مۆاس کار و ئامانجی گەیاندنی پەیام و دۆستبوونی ئاشتی وڵاتەکەی بە ئەنجام دەگەیاند، وەک وڵاتەکەی ئەوان نەبوو نیشتیمانێک پڕ لە درۆ و وتەی بریقەدار و بێکردار، کردەوەکان خۆری خۆیان بە مرۆڤە نوێیەکانی ئەم کیشوەرە نیشان دەدا، لێرەوە کیشوەری ئاو و سەوزایی و ژیانی، مەرگی ژینگەی پیسی جاڕ دەداو گزنگی رۆژێکی نوێی لە چاوەکانیاندا دەڕواند، کیشوەری نان و ئازادی، کیشوەری رەوینەوەی خەم و داهێنانی خۆشگوزەرانی، کیشوەری جەژن و ئاسودەییان دەستی پێکرد، مۆاس پەیامە جوانەکەی خۆی بە سەرنشینەکانی راگەیاند و باشترین بەڵگەیش قورتار کردن و بەهاناوە چوونیان بوو، لە نێو هۆڵەکەوە قاقای پێکەنین و نوێبوونەوەی چرکەکانی ژیان دەستی پێکردەوە و سیمای ئاسوودەیی هەمووی گرتەوە، لە کەیفسازی خۆیاندا نوقم ببوون، لە نەهەنگ و چنگی ماسییە برسییەکانی شەپۆلی دەریا سەرشێتەکە رزگاریان بوو، بە نوێبوونەوەی ژیان تەنها ئەم کۆمەڵە لە واتا راستەقینەکانی تێدەگەن، لێ مرۆڤ گەلی ئەو خۆرهەڵاتییە تەنها ئەو ساتەیە ئیدی رابردوو لە بیر دەکەن و نرخی هەناسەکانی ژیان لای ئەوان وەک خۆی لێدێتەوە، ئەمە ساتەوەختی نوسینەوەی زەماوەندی ژیانە، ئەمە سەرفیراز بوونی رۆحە لە وەیشومەی ئافات، سەر لە نوێ لە دایکبوونەوەو شەقکردنی منداڵدانی مەرگ، پێکەنینە بەردەوامییەکانیان ئەو مانایانەیان دەبەخشی، ئومێدەکان گەورە و رۆشن بوونەوە، ئیتر بستۆکە خاکەکەی لە دادێدا تیایدا دەژین هەر کوێیەک بێت لای ئەمان گرینگ نییە، گرینگ لە کیشوەری سەوزی پڕ بەهان، لەم نێوەندەدا ئەوەی مات و خەمبار بوو کابتنی یەختەکەبوو، کەساس و دۆشداماو، ترسی گرتن و سزادانی گەورە، ئەم نیشتیمانە نوێیە بۆ ئەو هیچ واتا و مانایەکی نییە چونکی ئەو لە سەر خنکاندنی مرۆڤەکان راهاتووە، لە تەک باندە مرۆڤ فرۆشەکاندا هۆگر و ئاوێتە بووە، ژیانی بە ئەوانەوە گرێ

دابوو، ئێستێ بە تەواوی ترسی چارەنووسی نادیاری خۆی لێ نیشت، ئاخۆ ژیانی بەر کامە ئافات و زیندانی تاریک و ماڵوێرانی بئاخنێت.
مۆاس زیاتر سەرنشینەکانی تامەزرۆی مرۆڤدۆستی و پاراستنی ژیانیانی کرد، ئیدی مۆاس لە نێو ژیانی هەریەکێکیان بووە فێرگە و پەند و وانەی مێژوویی بۆ نەوەکانیان بگێڕنەوە، درکیان بە هەناسەدانی راستەقینەی خۆیان کردەوە، جارێکی تر لە جیهانی پڕ وانە فێر بوون خاکەڕایی و خۆش مەشرەبن ئالوودەی رێزگرتن و خۆشەویستی یەکدی بن.
لەو روانگەوە بەزەیی و سۆزی مرۆڤبوون دنەی هەستیاری دا ئەو مۆتەکەی خەمە لە سەر کابتن لا بدات چۆن مۆاس ژیانی پێدان ئەمانیش خۆشی بە کابتن بدەن، لە گەڵ هەموو سەرنشینەکانی یەختە بچوکەکە قسە بکەن ئاخۆ قایلن بەوەی کابتن لە دیلێتی و سزا قورتار بکەن بە مەرجێک جارێکی تر ئەم کارە نەکات، هەر چەندە لە رێگا ئازاری دان و رێگەکەی پێشووی تەواو نەکرد، بەڵام مۆاس بە جۆرێکی دی ماناکانی لێبوردەیی بۆ شی کردنەوە، ئەوە بوو سەراپایان قایل بوون تەنها هیوا نەبێت، دواتر ئەویش قایل بوو بۆیە ئەمە وەک یەکەمین هەنگاوی فێر بوون بۆ ژیانی مرۆڤەکان کاری چاکە بکەن، دەشێ خاوەن ماڵ و منداڵێکی زۆر بێت و تەنها سەرچاوەیان کابتن بێت، نەک بژێوی وەک کیشوەری سەوز بێت، هەر هەستیاریان راسپارد قسەی لە گەڵ بکات بەو مەرجەی دەست بەرداری ئەم کارەی بێت، ئەویش هەستا و چووە تەنیشتییەوە دانیشت و دڵنەوایی کردو.....
هەستیار : خەمت نەبێ ئێمە وەک تۆد ڕندە نین، لە گەڵ ئەوەی مرۆڤین لێرەیش و ئێستا وانەی خۆشەویستیان فێر کردین، وەک تۆیش هەرگیز بیر لە ئێستا و داهاتوومان ناکەینەوە، تۆ لە پێناوی خۆت و یەختەکە ژیانی سی کەست خستە مەترسییەوە، وەک تۆ و هاوەڵەکانیشت نە مرۆڤ دەکڕین وەنە مرۆڤیش دەفرۆشین، گەمە بە رۆحی کەسیشەوە ناکەین، دیقەتی ئەو مرۆڤانەی سەر ئەم کەشتییە زەبەلاحە بدە چۆن بە هانامانەوە هاتن و رزگاریان کردین، چ برە پارەیەکیان لە بەرامبەردا وەرگرت، بێ گومان هیچ، ئێوە و سەرۆک باندەکانتان بە پارە تەنانەت سڵاویشتان لێ نەدەکردین، هەموو شت لای ئێوە پارە بوو، مەترسە و خەمت نەبێ ئێمە وەک ئێوە نین و لە ئێوە ناچین، مۆاس فێری کردین مرۆڤمان خۆش بوێت، لە تەنگانە قورتاری بکەین و نەیخنکێنین، مرۆڤ ئاسودە بکەین نەک مرۆڤ بفرۆشین، هیچ خەمت نەبێ بە مەرجێک جارێکی دیکە توخنی ئەم کارە و هاوشێوەکانی نەبیتەوە.
کابتنەکە پەلاماری دەستی هەستیاری دا ماچی بکات، هەستیاریش لە ژیانیدا رێی نەداوە هیچ کەسێک دەستی ماچ بکات و دەستی کەسیشی ماچ نەکردووە، بۆیە دەستی خۆی راپسکان و رووی تێکرد..
هەستیار : فێربە لە ژیاندا دەستی کەس ماچ نەکەی، تۆ مرۆڤی و ئەزیش مرۆڤم، چ جیاوازییەک لە نێوان من و تۆدا نییە، تاکە جیاوازیش لە نێوانمان ئەو کات باڵا دەست بووی بەزەییت بە مرۆڤەکاندا نەدەهاتەوە، ئێستا ئێمە باڵا دەستین لێبوردە و بەخشندەین بەرامبەر بە دڕندایەتییەکەتان، بۆ ئەو مەستەیش دەست ماچ مەکە، ئەوا من قایل نیم دەستم ماچ بکەی بۆ ئەو دوای ژیانیشت کەلتووری دەست ماچ کردن تووڕ بدە.
کابتن : نازانم چۆن و بە چ زمانێک سوپاستان بکەم بە تەواوی قەرزار بارتان کردم، بەڵێن بێ و لە سەر دەستی ئێوە جارێکی دیکە من بە هیچ شێوەیەک نە ئەم ئیشە بکەم نە بە دووی ئیشی لەم جۆری بگەڕێم و دادەنیشم و ماڵ و منداڵی خۆم بە باشی پەروەردە دەکەم و بە خێویان دەکەم.
هەستیار : مناڵت هەیە.
کابتن : بەڵی چوار مناڵم هەیە و گەورەکەیان پۆلی سێی سەرەتاییە.
ئیتر هەستیار تێی گەیاند کە ئەوە تەنها رای خۆی نییە و هەموو بەو جۆرە بڕیاریان داوە، ئەویش سوپاسگوزاری کردەوە و هەستیار هەستا و رۆیشت و چووەوە شوێنەکەی خۆی دانیشت و کابتنیش یەک بە یەک سەرنشینی یەختەکەی بە سەر کردەوە و سوپاسی ئەو هەڵوێستەی کردن وەک یەکێک لە خۆیان تۆماری دەکەن، هاوکات کەسە سوور و سپییەکە هاتە ژوورەوە کە شیفەکە بوو، چاوێکی بە ناویاندا گێڕا و ئیڤان دەستێکی بۆ هەستیار درێژ کرد، و گوتی

ئیڤان :  زەحمەت نەبێ تۆ تا لای ئێمە نایەیت.
هەستیار :  ( دەستێکی بە سنگییەوە نا ) من دەڵێی ، من بێم.
ئیڤان  :  بەڵێ بەڵێ تۆ وەرە.
ئیڤان  :  ئینگلیزی دەزانی.
هەستیار : کەم.
ئیڤان :  زۆر باشە پێویستیمان بە تۆیە.
لە ژوورەکە چوونە دەرەوە بۆ ژوورەکەی بەرامبەر کە میدیکاڵ بوو، لەمیس لە سەر جێگایەک راکشا بوو ئۆکسجینیان پێ دەدا، پزیشکەکە پرسیاری لە هەستیار کرد.
پزیشک : ئەم کوڕە بە چی تەنگە نەفەس بووە و وای لێهاتووە.
هەستیار : ئەوە لە ژوورێکی پێشەوەی یەختەکە بوو کە بۆنێکی زۆری بەنزینی لێوە دەهات، ماوەیەکی زۆر لەوێ ماوەتەوە رەنگە ئەوە وای لێکردبێت.
سورکێویش لە سەر تەختەیەکی دیکە راکشابوو، بەڵام چاوەکانی زیت زیت بوون نیشانەکانی ترسی کەوتنە ناو دەریاکەی هەر پێوە دیار بوو، دیقەتێکی هەستیاری دا و بزەیەک گرتی، بزەی خۆشی و رزگار بوون بوو، ئینجا پێی گوت.
سورکێو :  بڕوا بکە من هیچم نییە، ئەمان وا هانمان دەدەن و فێرمان دەکەن، ژیان بایەخ و گرینگی خۆی زیاتر هەبێت.
ئیڤان : ئەوە چی دەڵێت.
هەستیاریش بۆی گێڕانەوە هەرچەند بە نیوە چڵیش بوو ئاقیبەت تێگەیشتن باس لە جوانی ئەوان و بایەخی ژیان دەکات لای ئەوان، ئیتر ئیڤان دەستی هەستیاری گرت و گەڕانەوە بۆ ژوورەکەی خۆیان لەو ناوەدا هەستیار هەر بە کابتن، کابتن بانگی ئیڤانی دەکرد ناچار ئیڤان گوتی....
ئیڤان :  من کابتن نیم، من شیڤم.
هەستیار :  ئەی ناوت چییە.
ئیڤان :  ناوم ئیڤانە.
هەستیار :  منیش هەستیار.
ئیتر تەوقەیان کرد وبە توندی دەستی یەکتریان گوشی و دوایش باوەشیان بە یەکدیدا کرد، لەولایشەوە کارگوزار و سەربازانی سەر مۆاس ئاویان دەدایە خەڵکەکە، هیوایش ئاگاداری هەستیاری کرد کە منداڵەکان و خۆیان برسیانە، ئەویش پەیامەکەی ئەوانی پێگەیاندن و بسکیتیان لە ژوورەکەوە بۆ هێنان و دابەشیان کرد بە سەریاندا، جارێکی تر بە بەرگێکی جوانەوە باڵاپۆشی ئەم مرۆڤانە بۆوە، ئەندامانی سەر پشتی مۆاس دەستکێشی پزیشکی لاستیکیان بۆ منداڵان هێناو فوویان تێدەکرد وەک میزڵدان دەیاندانێ گەمەیان لە گەڵ دەکردن، خەندەیان خستە سەر لێوی ئەو منداڵانەی زیاتر لە پانزەو رۆژ دەبێت لە مانای منداڵ بوونیان کاڵ ببوونەوە، خەرمانی خێزانی بژاریش بە هۆی ئەوەی قاچی شکابوو لە میدیکڵەوە وەک هەنگاوی یەکەم چارەسەرێکی سەرەتاییان بۆ کرد، لەولایشەوە ئیڤان جارێکی دی هاتەوە بە شوێن هەستیار و بردیەوە بۆ دەرەوەی هۆڵەکە، لای چەپی دەرگای هاتنە ژوورەوەی پشتەوە کورسی و مێزێک دانرا بوو، پێدەچوو بۆ پرسیار و وەڵام و لێکۆڵینەوە بێت لە رووداوەکە، پێش ئەوەی بگاتە لێکۆڵینەوەکە هەستیار داوای لە ئیڤان کرد لە سەر پشتی پشتەوەی مۆاس دیقەتێکی دەریاکە بدات، کە چووە دەرەوە ئەندامانی مۆاس بە سەر پشتی کەشتییەکە بڵاو ببوونەوە وهەر یەکە و لە لایەکەوە بە دووربینی شەو دیقەتی دوور و نزیکی خۆیان دەدا، نەبا خەڵکانی دی گیریان خواردبێ یا بەدکاران سنووری ئاوی وڵاتیان بەزاندبێت، هەستیار دیمەنەکەی لا جوان بوو، سەرمایش تەنگی پێهەڵچنی بۆیە هاتەوە ژوورەوە، راست لە سەر کورسییەکە دانیشت و لێکۆڵەرەکە دوای پرسینی ناو و تەمەن و کاری ئینجا داوای لێکرد وەڵامی

پرسیارەکە بداتەوە، ئەویش بە پێی ئەو شارەزاییە کەمەی لە زمانی ئینگلیزی هەیبوو ئەمەی بە ئاماژە و نیوە ئاخاوتن تێگەیاندن.
لێکۆڵەر : چۆن هاتن و شۆڤێری یەختەکە کێ ە و چی لێهات.
هەستیار : سەرەتا سوپاستان دەکەین ئێمەتان لە مەرگ رزگار کرد و واتایەکی دیکەتان بە ژیانی ئێمە بەخشی، ئێمە کە هاتین سەرۆک باندەکان ئێمەیان خستە ناو ئەم یەختەوە و بۆ خۆیان ونبوون، کە هاتینە ناو یەختەکە کەسێک لە پشتی ستێرنەکەوە بوو وتی من کابتنتانم تا ئەو کاتەی کوژایەوە، کە کوژایەوە پەیوەندی بە باندەکەی خۆیانەوە کرد و هەڵهات، هاتن بە شوێنیدا و بردیانەوە، گەلێک هاوارمان کرد دادی نەدا.
لێکۆڵەر : ئەو یەختە چۆن کوژایەوە و کێ کوژاندییەوە.
هەستیار : من سەرەتا نەمزانی چۆن کوژاوەتەوە، ئێستا دوای ئەوەی هاتینە ئێرە زانیم چۆن کوژاوەتەوە، هەشت کەسێک لە ناو ژوورەکەی پێشەوە بوون، دوو کێبڵی ئەستوور لە لای ستێرنەکەوە بۆ بزوێنەرەکە دەچوون، کە دواتر و لێرە پێیان گوتم ئەو دوو کێبڵە لەوێ هەبووە، ئەوانەی ژووریشەوە بۆنی بەنزینەکە وەڕس و بێزاری کردبوون، دەشێ لە بەر پەلەقاژەیان بۆ وەرگرتنی هەوای پاک ئەو دوو کێبڵە رەنگە گەرمیان گەیاندبێت پچراون، دەنا دواتر کە شۆڤێرەکە دەیویست بیکاتە ئێش هیچ نووزەیەکی لێوە نەدەهات، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنی وزەی کارەبای پچڕا بێت، بەڵام شتێکی تر زۆر بە سەرسامییەوە رزگارمان بوو.
لێکۆڵەر : ئەوە چی بوو.
هەستیار : لە ناو ئەو هەموو بۆنی بەنزینە یەکێک لە ناو ئەوانەی لە ژوورەکە بوو، ئاگری کردەوە و جگەرەیەکی کێشا، سەیرە چۆن نەتەقییەوە و نەسووتاین و تیا نەچووین.
لێکۆڵەر : سوباس بە سەلامەتی رزگارتان بوو.
هەستیار : ئێمەیش بە ناوی هەموو هاوڕێکانمانەوە سوباستان دەکەین لە مردن قورتارتان کردین و سەر لەنوێ ژیانتان بۆ نوسینەوە.
لێکۆڵەر : ئێمە کارێکی مرۆڤایەتیمان کردووە و هیچی تر.
هەستیار : ئیمەیش سەرسامین بەو کارە مرۆییانەتانەوە و وانەتان فێر کردین.
لێکۆڵەر : بە هیوای ژیانێکی ئاسودە.
هەستیار : لە سایەی باڵادەستی ئێوە و رزگارکردنمان.
ئیدی هەستیار گەڕایەوە و لە گەڵ هاوڕێکانی باوەڕیان بەوە نەبوو کە رزگار کراون، زیاتر لە کاتژمێرێک بوو هاتبوونە سەر پشتی مۆاس هەستیار بە لایەنی گاڵتە و بەراورد کردنی یەختەکە و مۆاس بە پێکەنینەوە بە هیوای گوت....
هەستیار : ئەرێ ئەم کەشتییە دەڕوا یان وەستاوە.
هیوا : منیش نازانم وادیارە وەستابێت.
هەستیار : پەنجەرەی نییە دیقەتێکی دەرەوە بدەین.
لەو نزیکانەوە پەنجەرەیەکیان دیتەوە و پەردەکەیان لادا، تاریکی شەو وا بەرەو ئاوا بوون دەچێت و تارمایی رۆشن وا سەری هەڵداوە و ئیتر نازانری کەشتییەکە دەڕوا یا وەستاوە، هێندە هێمن و لە سەر خۆیە. لەم کاتەدا ئیڤان هاتە ژوورەوە و هەستیار داوای لێکرد چەند وێنەیەک پێکەوە بگرن، زۆری پێخۆش بوو دەستی کردە ملی هەستیار و هەستیاریش بە هەمان شێوە دەستیان خستە سەر شانی یەک و هیوایش وێنەی گرتن، هەمووان لە گەڵ ئیڤان وێنەیان گرت، مۆاسیش دڕی بە دەریاکە دەدا و تەمەنی دادێی لە تەک خۆیدا واڵا کرد و بووە هەڵگری پیرۆزی سی رۆحی مرۆڤ..........

نیوە شەو تێپەڕی و هیچ سۆراغێکی برادەرانی ڕۆیشتوو نەبوو، دیارە جانۆ بەو نیازەوە کاری کردبوو ئەو یەختە بگاتە جێ و بگەڕێتەوە و ئەمانی تریش لە کاروانی دووەمدا بگوازێتەوە، یان مەبەستی دیکەی هەبووە، شەقامەکەی ئوچ مەسیف زۆر چۆڵ بوو جگە لە چەند ترومبێلێکی تاکسی و تیشکی گڵۆپە زەردەکان هیچی دی بە دی نە دەکرا، ئەو چراخانەیش دیمەنەکەی ڕەنگین و نەخشین کردبوو، شنەو شێنێ کە زۆر پەلەی پەڕینەوەیان بوو تا ئێستا هەر لە شوێنی خۆیان نەبزواون و لە چاوەنواڕیدان، ترومبێلەکان هاتوون وەلێ پێویستە سەر دەریاش ئامادە بکرێت پاشان بچن، فەرمانی دەرچوون نەگەیشتووە، ئەو ترومبێلانەیش باش نییە لەو سەر شەقامە پێکەوە وێستاون دەبێتە مایەی گومان کردن، پێدەچێت بۆ خۆیان ئەو کارە بزانن زۆر ورد بین و تێبینکاری دەکەن، دەنا ئەوە مەحاڵە بەسەریاندا بڕوات، سەوەندیش خۆی و خێزانی و دوو منالەکەی هەر لە چاوەڕوانین ئەوانیش بۆ کاروانی دووەم مانەوە، کات دووی شەوی تێپەڕاند و سۆراغی کاروانی یەکەم هەر نەگەیشت، سەوەند وەک بەسەر ئاگرەوە بێت وابوو بە نێو هۆڵ و کافتریاکەدا هاتوچۆی دەکرد و ئارامی لێبڕا بوو، دەمێک دەچووە ژووری خۆی و لە گەڵ خێزانی دەبوو دەمێکیش دەهاتەوە و لە گەڵ ژێوارا دەم و دوویەکی دەکرد لە ڕاڕاییدا دەژیا، ئەو ساتە وەختانە گەلەک ناخۆشە، شنە و شێنێ لەو پەڕی خۆشی خۆیاندا بوون پاش کەمێکی دی و ئەمشەو دەردەچن، لە هۆڵەکە دانیشتبوون لە گەڵ ئەندامانی خێزان، قریوەی پێکەنینیان دەڕۆیشت، جارجار ژێواری بابیان هۆشیاری دەکردنەوە کە شەوە و بەس پێبکەنن، پاش قەدەرێکی دیکە بە سەر شەپۆلەکانی ئەو ئاوە سەرشێتەوە دەپەڕنەوە، شێنێ لە بابی نزیک بووەوە و دەستی خستە سەر شانی ڕاستی و گوتی...

شێنێ : ئەرێ بابە ئەوە چی بوو بۆ نەڕۆیشتین خۆ ئەوان زۆر دەمێکە ڕۆیشتوون.

ژێوار : نازانم کچم با سۆراغێکیان بێت ئێمەیش دەڕۆین.

شنە : ئەی جانۆ دەڵێ چی.

ژێوار : کچم ئەو ترومبێلی ناردووە و چاوەڕوانن جانۆ پێیان بڵێ بابێن.

شێنێ و شنە دیقەتی یەکدیان دەدا چاوەکانیان خۆشی و بەختەوەری لێ دەباری، ئاسودە و کەیفساز بوون، گۆناکانیان سوور و سپی گەمەیان دەکرد قوت ببوونەوە لە گەڵ هەر جوڵەیەکیان دەلەرینەوە، وەک سێوە لاسوورە دەهاتنە بەرچاو، وا خەریکە بە ئومێدەکانیان دەگەن و دەست لە ملی سەفەر دەکەن، نازداری دایکیان ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ و نازدار بوو، هەرگیز وا پێ نەدەچوو دایکی پێنج منداڵ بێت، دیقەتێکی کچەکانی دەدا خەونەکانی کچێتی خۆی لە چاوەکانیان دەچنییەوە، جوڵەی شێنێ و شنە زیدی کرد و لە ئەندازەی خۆی ترازا، ناچار دایکی هاتە دەنگ.

نازدار : کچم کەمێک ئارام بگرن، ئەمشەو هەر دەڕۆین و دەچینە ئەو بەرەوە، ئیتر ئەو پەلە پەلەتان لە چییە، منیش وەک ئێوە پێم خۆشە.

ژێوار : منیش کەوتوومەتە پەلە پەل نازانم بۆ وام لێهاتووە.

ئیتر لە گەڵ سەوەند دەستی کردەوە بە هاموشۆ کردن، لەو کاتەدا زەنگی مۆبایلەکەی سەوەند لێی داو دەستی بە کەسکەکەیدا نا.

بژار : ئەوە تۆ لە کوێی.

سەوەند : هێشتا سواری یەخت نەبووین، وا دەچین سوار دەبین.

بژار : بە قوربانت بم چاوەکەمی سەوەند گیان ئێوە مەیەن، وەڵڵا ئەو باندانە هەموو درۆ دەکەن، کەس نەیەت هەموو بگەڕێنەوە، ئێمە تیا چووین با ئێوەیش تیا نەچن.

سەوەند : بۆ چی بووە.

بژار : وەڵڵا یەختەکەمان لە ناوەڕاستی دەریاکە کوژاوەتەوە و هیچ کەسێکیش نایەت بە هانامانەوە، ئاوەکەیش وا خەریکە دەست بە شەپۆل دەکات ویەختەکەمان دەستی بە یاری کردن و جووڵە کردووە، ها

ئێستا نا کەمێکی دیکە دەریاکە لووشمان دەدات، چاوەکەمی خۆت و منداڵەکانت وەک ئێمە تووش مەکە و بگەڕێوە، بەڵام هەرچییەکمان لێهات روون و جانۆ بە دەستەوە بدە، درۆیان لە گەڵ کردین.......
سەوەند گەلێک هاواری کرد و هالووو هالووو بوو، هیچ وەڵامێک نەبوو، هێڵەکە پچڕا، ئیتر سەوەند هەر قسەکانی بژار بە نێو هزریدا دەخولایەوە، خۆتان وەک ئێمە توش مەکەن، درۆیان لە گەڵ کردین، لە ژێر لێوەوە پرسیاری لە خۆ دەکرد ئەو خەتە بۆ پچڕا تۆ بڵێی نوقم بووبن، لە کاتی تەلەفۆنەکەدا جانۆ گەڕایەوە، هەوڵیدا قسەی لە گەڵ بکا هێڵەکە پچڕا....
جانۆ : ئەوە کێ بوو چی بووە.
سەوەند : بژار بوو دەڵێ یەختەکە کوژاوەتەوە و لە ناو دەریاکە پەکیان کەوتووە کەس بە هانایانەوە ناچێت.
جانۆ : ئەو قسانە چییە کێ دەڵێ وایە، ئێمە لە گەڵ روون پەیوەندیمان بە پۆلیسی ئەو بەرەوە کردووە بە هانایانەوە بچن، پرسیارەکەی بۆ هەواڵ پرسینی خەڵکەکە نەبوو، بۆ رۆحی پاکی پارەکەیان بوو، کە دەکاتە 50 هەزار دۆلار و تیا دەچێت، لە دەستدانی ئەو پارەیش بە شەوێک زۆر زۆرە و بە سانایش قەرەبوو ناکرێتەوە، هەموو ئەو قسانەیش دەیانکرد راستی تیا نەبوو چونکە دەیانزانی ئێشکگری کەنار هەیە و بەو شوێنەدا تێپەڕ دەبێت، ناچار بوو پەیوەندی بە روونەوە بکات،
جانۆ : یەختەکەی کاروانی یەکەم کوژاوەتەوە و کەس ناچێت بەلایانەوە وا دەڵێن.
روون : تۆ پێیان بڵێ ئێمە لە گەڵ پۆلیسی ئەوبەرەوە تەماسمان هەیە و بە هانایانەوە دەچن.
جانۆ : ئێ منیش هەروام گوتووە.
روون : تۆ ئەوە بۆ من جێ بیهَێڵە، سەرقاڵی ناردنی کاروانی دووەم بە، هیچ نەبێت با یەکێکیان بێتە بەر هەم، دەنا بە تەواوی سەرمانی تێ دەنێین .
جانۆ : باشە روون گیان هەر ئێستا ئەمانیش دەنێرم.
جانۆ کەوتە خۆ ئامادەکردن و هەڵپە کردن بۆ ناردنی کاروانی دووەم، چەند پەیوەندییەکی تەلەفۆنی کرد، ئیدی نیگەرانی و ڕاڕایی دایگرتن لە نێوان رۆیشتن و پاشگەز بوونەوە، جگە لە سەوەند و خێزانی و دوو منداڵەکەی کە خۆیان یەکلا کردەوە و تەواو سەفەر ناکەن و دەگەڕێنەوە وڵات ئەو دوای لە نێوان چوون و نەچوون گیریان خواردبوو، سەوەند چووە لای جانۆ...
سەوەند : کاکە جانۆ ئێمە نایەین و دەگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان.
جانۆ : نابێ چۆن دەبێ من چەند رۆژە خەرجی ئێوە دەکێشم و کرێی میوانخانەم بۆتان داوە.
سەوەند : برا گیان وەزعەکەیان تێگەیاندم و بە کەڵکی ئێمە نایەت قەولمان چۆن بووە ئێستا چۆنە، پێچەوانەی قسەکانە، چی خەرجیشت کردووە بۆت دەگەڕێنمەوە کە تەنها پارەی میوانخانەکەیە.
جانۆ : ئەمە زۆر عەیبە بۆ ئێوە و ئارەزووی خۆتانیشە.
ئیتر سەوەند قورتار بوو و بە یەکجاری بڕیارەکەی جێی خۆی گرت و پەشیمان بووەوە و گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی بۆ ئەوەی سبەینی کاروانی خۆی بەرەو گەڕانەوەی وڵات دەست پێ بکات. ژێوار و منداڵەکانیشی لە مشتومڕی نێوان رۆیشتن و نەڕۆیشتندا بوون، شنە و شێنێ زۆر سەوداسەر و پەرۆشی رۆیشتن بوون، شێنێ بە بابی گوت :
شێنێ : باشە دەکرێ هەر یەخت و بەلەمێک بڕوات نوقم بێت، چۆن وا دەبێت، ئەی ئەو خەڵکە چۆن دەگەنە جێی مەبەست.
شنە : باوکە راست دەکات، تۆ بڵێی ئەوەی ئێمەیش پەکی بکەوێت، خۆ لە هەموو هەورێک باران نییە.
ژێوار : ئاخر کچەکانم هەموو جارێکیش گۆزە بە ساغی لە کانی ناگەڕێتەوە.
شێنێ : راست دەکەی بابە گیان پەنا بە خوا با بچین.
نازدار : ( دیار بوو خۆیشی حەزی دەکرد ) ژێوار منداڵەکان زۆریان دڵ پێوەیە با بچین.
ئیتر مشتومڕی گەرم لە نێوان هەموو دەستی پێکرد، ئەوە جەدەلی نێوان مەرگ و ژیان بوو، مەرگ دەدوا و ژیانیش گۆرانی بۆ داهاتوو دەچڕی، مەرگ تاریکستانی دادەهێنا، نوقمبوون و کۆتایی، بنبڕی

هەناسە و گیان لە دەستدان، مەرگی خەونەکان، ئەو خەونانەی مرۆڤ بە درێژایی تەمەنی لە سۆراغیدایە و چنگی ناکەوێت، خەونی هەژارێک گەیشتنە بە ترۆپکی دەوڵەمەندی و بەختەوەری، خەونی سەرمایەدار گەیشتنە بە هەموو چێژ و لەزەتەکانی دونیا و گەڕان و سەفەر کردن بەرە و بۆشایی ئاسمان و هەسارەی تر، خەون بە دڵنیاییەوە دەبینێ خەونی یەقین بوون لە ژیان و دواتر، دوو خەونی جیاواز خەونێک عەودالبوون بە دووی ژیان و خەونێک لە سۆراغی خود، زۆری سەرکەش هەوڵی دا بگاتە یەقین جەغار حەسرەتی کێشا و بە ناهومێدییەوە سەری نایەوە، لێرە مەرگ ژووانەکانی خۆی پەیگیر دەکات و ژیان بۆ مردن دەگری، ژیان بەزەیی بە گەنجی دونیا نەدیتەدا دێتەوە، ژیان ئۆقرەیی خۆی لە بەردەرگای گیانەڵای گەنجێکدا دەگری و بەزەییەکانی دەبارێنێ، ئیدی جەدەلی ئەمشەوی ئوچ مەسیف بە کاروانی یەکەم دەستی پێکرد و دەرئەنجامێکی ناروون لە بەردەم کۆمەڵە مرۆڤێکی پاک و بەری، مرۆڤگەلێ جگە لە عەودالبوون بە دووی ژیان هەڵگری هیچ پەیامێکی رک و کینە و بوغز نین، مرۆڤگەلێ هەر یەکە و بە تێڕوانینی ئاسۆیەکەوە رێی مەرگیان هەڵبژاردووە، بۆ ژیانێکی جوانتر، ژیانێک دوور بێ لە قۆرخکاری مرۆڤەکان، لە جێیەک ئارام بگرن ماسییە گەورەکان بچوکەکان لووش نەدەن، لە وڵاتێکەوە هاتوون دابونەریتەکان ساتەکانی هەناسەیشی قۆرخکردووە، ئاینەکان جگە لە زمانی شمشێر چ لۆژیک و عەقڵێکی دیکە شک نابەن، وڵاتێک و کەسەکانی لە بێ تاوانییەوە خەڵتانی خوێن دەکرێت، وڵاتێک گریانەکانی لە بزە و خەندەکانی زۆرترە، وڵاتێک رەشپۆشی لە ئاڵووالا فراوانترە، شێوەن بە درێژایی مێژوو پێکەنینی ئەو وڵاتە بووە، نەوە دوای نەوە جگە لە چنینەوەی تەرم گوڵەوەچنێی خۆشەویستیان نەکردووە، ئەمە قەدەری ئەو مەملەکەتەیە لە خۆیان تێناگەن، سامانەکەی ئاگرە و لە وێزەی بەربووە، هەر ئەوانە بوونە مایەی زۆرانبازی و شەڕی مەرگ و ژیان دەستی پێکرد، لە گەڵ گزنگی خۆردا ئەو ململانێ و کێشمەکێشەی ئەمشەو یەکلا دەبێتەوە، گرەوی ژیان و مەرگ شەوانە لەم دەریایەدا دەست پێدەکات، لە نێو مەنگی و بولێڵی و بێ بەزەیی و ئایندە و کۆتایی دیاری دەکات، لە نێو ئەو گێژاوی ململانێیەدا، یەکێک لە ترومبێلە تاکسییەکان کە لە دوور راگیراون، لە بەر دەرگاکە بە گورجی وەستاو ژێوار خۆی و خێزانی بە پەلە سەرکەوتن و کاکی شۆفێر لە چاوتروکانێکدا دەرچوو و ونبوو، دوا بە دوای ئەویش دوو ترومبیلەکەی دی خەڵکەکانی دیکەی سەرخست و بە دوایاندا کەوت، تاکسییەکان بۆ هەمان شوێنی دەرچوونی کاروانی یەکەم رۆیشتن، لە هەمان سەرشەقامی کاروانی یەکەم داگیران، زۆر کپ و بێ دەنگ تەنانەت ترپەی پێیەکانیشیان نەدەهات نەبا ئاشکرا بن و بگەڕێندرێنەوە، وا بولێڵی بەیانیشی شەبەقی خۆی پەخش دەکات، بەر لەوەی بگەنە یەختەکە لە نێو دارستانەکە ئامادەسازییان کرد و ئۆڤۆلستەریان لە بەر کرد و ئامادە بوون، زۆر بێ دەنگیان دەنواند بە ئاماژە و جوڵە قسەیان لە گەڵ یەکدی دەکرد و یەکتریان حاڵی دەکرد، وەک یەکەم کاروانی پەڕینەوە بێت بەو جۆرە رەفتاریان لە گەڵ دەکردن، هێشتان ترس سیمای گەورەکانی بەرنەداوە، مناڵەکان بێ ئاگان گەنج و مێر منداڵەکانیش کە لە ژیاندا بەردی سارد و گەرم رێی لێ نەگرتوون لە قریوە و خۆشی بوون وەلێ بە کپی، نازدار لە ترسا هەڵدەلەرزی، ژێوار چاکەتێکی لە جانتاکە بۆ دەرئانی و لە بەریکرد، سەرماکەی ترسبوو، هێشتا چەققەی دانەکانی دەهات، قاچەکانی دەلەرزین و جورئەتی لێبڕا بوو، ترسێکی زۆر داگیری کرد بوو، کاتێکیش بەرەو یەختەکە رۆیشتن زۆر بە ئاسپایی و بێ دەنگی رێیانکرد، جگە لە هەڵگرتنی کەرەستەکان ژێوار لە ناوقەدەوە نازداری گرتبوو، گەیشتنە سەر بەردەکەی کە سەکۆی وەستانی یەختەکە بوو، ژێوار جانتاکانی دانا و نازداری لە ئامێزنا و سواری یەختەکەی کرد، لە یەختەکەیش لە ئامێزی گرتبوو، ژێوار هەستی بە بۆنێکی خۆشی نازدار کرد، لە هەموو بۆنەکانی شەوانی خۆیان جیاتر بوو، کاروان خۆی و خێزانی بە سەر یەختەکە کەوتن، ئەوانی دیش سەرکەوتن، ئەم یەختە چوارمەترییە ژووری نەبوو هەموو بە دۆراندۆر دانیشتبوون، زیاتر لە مەترێکی بۆ بزوێنەرەکەی بوو، ئەو سێ مەترەکەی دی جێی سەغڵەت کردبوون، لە ناو یەختەکە ژێوار هەر لای نازدار مایەوە و مناڵەکانیش لە دەوریان، ئەو دوایی خەڵکەکەیش بە زەحمەت جێگایان بۆوە، کەسێک لە پشت ستێرنی یەختەکەوە وەستا بوو، لە کەسێکی نەزان و نەشارەزا

دەچوو، دیار بوو هیچی لە سروشتی دەریا و گۆڕانکارییەکانی و شەپۆل و زریان و تۆفان نەدەزانی سەردەرکردن لەم لایەنە بلیمەتی گەرەکە، یا چۆنییەتی خۆ قورتارکردن لە شەپۆلی ئەو کەشتییە زەبەلاحانەی لە ناو دەریا رووبەروو دەبنەوە، تەنها ئەوەندە بوو لە سەر هەندێ شتی ءا ئاسایی و سەرەتایی راهێنرا بوو تەنها ئەوانەی دەزانی، کە تەواوی خەڵکەکە سەرکەوتن بەدەنگێکی کەمێک بڵند وتی..

غەفیر : سڵاوتان لێ بێت، من ناوم غەفیرەئەم بەلەمەی ئێوە دەئاژووم، خەمتان نەبێت بە سەلامەتی دەتان گەیەنمە ئەوبەرەوە، نزا بکەن و لە خوای میهرەبان بپارێنەوە بە سەلامەتی بگەین.

خەڵکەکە هەموو وەڵامی سڵاوەکەیان دایەوە و هەموو لێوی دەجوڵاندەوە کەس تێ نەدەگەیشت چ دەڵێن.

ژێوار رووی تێکرد و پرسی..

ژێوار : تۆ لە گەڵ ئاژووتنی بەلەم و یەختا چۆنی.

غەفیر : خەمتان نەبێت من زۆر باشم، گوتم بە سەڵامەتی دەتانگەیەنمە ئەو بەر ئێوە تەنها نزا بکەن.

ژێوار : ئێمە هەموو دەپاڕێ◌ِ◌َینەوە و خێریش دەکەین بە سەلامەتی بگەینە ئەوبەر.

غەفیر : من یەک داوایەکتان لێ دەکەم.

ژێوار : فەرموو..

غەفیر : ئەگەر گەیشتینە ئەوبەر یان توشی پۆلیسی دەریا هاتین مەڵێن ئەوە شۆفێرەکەیە، دەنا سزای زۆرم دەدەن و منیش خاوەنی ماڵ و منالێکی زۆرم و بۆ قووتی نانیان ئەم کارە دەکەم.

ژێوار : تۆ ئێمە بگەیەنە ئەوبەرەوە خەمت نەبێت.

غەفیر دەستی برد یەختەکە بکاتە کار چرکەیەکی لێوە هات و کوژاوە، چەند جارێکی دیکە هەوڵی دا بۆی هەڵنەکرا، یەکێک لە ئەندامانی باندەکە سەرکەوت و ئیشی بۆ پێکرد و دابەزییەوە، لە گەڵ ئەوەیشدا بە جوانی نیشانی دا کە چۆن هەڵدەبێتەوە، یەختەکە باش بوو شوانەکەی خراپ بوو، دەستی لە گەڵ یەکەم جوڵەدا یاری دەکرد، بۆ خۆیشی دەترسا، رەنگبێ بۆ خۆی بە بەتاڵی ئاژووبێتی، ئێستا کە پڕە جوڵە و لەرەی زۆر دەبێ و پێویستە شارەزای باش بیئاژوێت، خەڵکەکە نەیاندەزانی نەشارەزایە بۆیە سەرەتا بەکەیفسازییەوە دەرکەوتن، ئیتر لەو پێکوتەیەی ئوچ مەسیف دەرچوون و کۆتایی پێهات، رۆیشت بەرەو ناو ئەو دەریا رێی دەکرد، دوو گەنج لە پێشەوە لە بەرامبەر یەک وەستا بوون و بە دەم شنەبای رۆیشتنی پێدەکەنین و کزە سەرمایەکی سپێدەی ساردی هەبوو، چاوەکانیان ئاوی لێ دەهات، پێکەوە دەدوان و قسەی گاڵتە و تەنز ئامێزیان بۆ یەکتر دەگێرایەوە، یەختەکە دەڕوا و ئەوانیش لە قریوەی خۆیاندا نوقمبوون، یەختەکە بیست خولەکێک رۆیشت، هێشتان لە ئاوی هەرێمایەتی ئەم وڵاتە دەرباز نەببوون، شەپۆلێک یەختەکەی شڵەقاند و لە پڕ سەرەونگومی کرد، ئاوەکە سوێر بوو خەڵکەکەی نوقم نەدەکرد بەرەو سەر دەریاکەی فڕێی دەدانەوە، ئیدی هەموو کەوتنە بن یەختەکەوە، بە هۆی سوێری ئاوەکەوە مرۆڤەکان سەر ئاوەکە دەکەوتن، لە بن یەختەکەوە هەر مرۆ بوو دەهاتە دەرەوە، لەو نزیکانەیش کەشتییەکی گەورەی لێ بوو لە ماوەی کەمتر لە دە خولەک بە هانایانەوە هاتن و گەمییە بچوکەکانیان خستنە خوارەوە بۆ بەهاناچوونیانەوە، ئەرێ زۆریان قورتار کردن، لە رزگارکردنا گریان هاوار زیاتر بەرز دەبۆوە، وێنایەکی تراژیدیا لە مالباتی ژێوار شنە و شێنێ و نازدار لاشەیەکی شل و شێواو و خنکاوی دەریا بوو، دوو کوڕی دیکەیش بە ناوەکانی جوتیار و شەیدا هەناسەکانیان بە دەریا سپارد، لە بەر ئەوەی ئەو کەشتییە زلە پێشوەخت ئاگادار بوو بۆیە زێتر نەخنکان و ژیانیان بە لاشەدا کرایەوە، ژێوار ناڵە و شیوەنی بوو، کارەساتێک بوو کە شەوانە و رۆژانە لەم رێگای هات و نەهاتەدا چەند بارە دەبێتەوە، بە پەلە هەموویان گواستنەوە بۆ ناو گەمییە بچوکەکان و لەوێشەوە بەرەو کەشتییە گەورەکە بران، هەموو پۆلیس دەست بە سەری کردن بۆ بە دواداچوون و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە رووداوەکە، ماڵباتەکان لێرەیش کۆستیان دەکەوێت و کۆڤانێکی گەرم دادەبەستن، شین و گریان بەرد بە ئاو دەکات، ژێوار نەی دەزانی بۆ کامیان

بگری، ئینجا کەشتییە زەبەلاحە بە چواردە کەس و شەش تەرمەوە گەڕایەوە بۆ بنکەی سەرەکی و بەندەری کەنار گرتن........
**********************

رۆژێکی نوێ بوو دەمێک بوو خۆر هەڵاتبوو، کەشتییەکەی رزگار بووان و تەرمەکانی هەڵگرتووە تازە بە تازە لە بەندەر و سەکۆی خۆی لەنگەر دەگرێت، پێشوەخت ترومبێلی ئەمبولانس و تایبەت ئامادەکرابوو بۆیان، ژێوار هاوشانی ئەفسەرەکە رێی دەکرد و دوو منداڵەکەیشی بەدەستەوە بوو دادەبەزین، چاوەکانی سوورسوور ببوون، رۆژێکی سەخت هەرگیز لە دوێنێ ناچێت، رۆژێکە لە وێنەی نییە بارگاوی بە مەرگ بە ئافات بە داینەمۆی رۆحی باوکێک هەمیشە تەمەنی مۆمئاسا و خێوەتی ئارامیی جگەرگۆشەکانی بوو، ئەوانەی هەرگیز قسەیەکی پێ نەدەگوتن دڵیان گەرد بگرێت، ئەو منداڵانەی لە دارستانی جەنگڵستانێکدا بۆ وەیشومەی تەمەنی بێ دایکی مانەوە، ئیتر رۆحی خوا لە دەریاکەدا کۆتایی بە تەمەنی نەوبەهاری ئەو پۆلە هێنا، تەرمەکان کرانە ئەمبولانس و بەرەو نەخۆشخانەی شارۆچکەکە بران و ترومبێلە تایبەتەکانیش ئەوانی دی هەڵگرت و بەرەو بنکەی پۆلیسی بردن، هەر کە گەیشتنە بنکەی پۆلیس ژێوار بەرەو ژوورێکی تایبەت برا منداڵەکانیش بەردەوام لە گەڵیدا بوون، ئەو دوای خەڵکەکەیش بۆ ژوورێکی دیکە و غەفیریش لە کونجی زیندانی تاریک ئاخنرا، ئەفسەرەکە پۆلیسێکی بانگکرد ناوی یەڵدرم بوو، پاش قەدەرێک هاتو ئەفسەرەکە ئاماژەیەکی بۆ کرد لە پشتی کورسی و مێزەکەوە دابنیشێت، ئەویش کە دانیشت دۆسیەیەکی تایبەت بە رووداوەکەی ئامادە کرد و پاشان سەیرێکی ئەفسەرەکەی کرد و تێگەیشت ئامادەیە، رووی کردە یەڵدرم و وتی بنوسە....

ئەفسەرەکە: دۆسیەی ژمارە ( 50/ 20 – 16131 ) تایبەت بە خنکانی ( 5 ) هاوڵاتی لە ئاوی هەرێمایەتی وڵاتەکەمان، کە لە لایەن پۆلیسی ئێشکگری کەنارەکانەوە رزگار کراون و دەست بەسەر کران، بۆ ئەو مەبەستە و بە دواداچوون بۆ ئەم کێشەیە دۆسیەی لێکۆڵینەوە کرایەوە... سەری دێر.. سێ لەو خنکاوانە کە ژنن لە ماڵباتی کەسێکن بە ناوی ژێوارعەزیز محەمەد، تەمەن 1974 کاری کاسبکار، دوای پرسیار لێ کردن بەم جۆرە وەڵامی دایەوە...

ئەفسەرەکە : رووداوەکە چۆن روویدا ؟

ژێوار : بە قوڵپی گریانەوە، دەمە و بەیانی دونیا تەواو رۆشنی کردبۆوە نەمدەزانی کاتژمێر چەند بوو، لە رۆخی دەریاکەوە دەرچووین تەنها بیست خولەکێک رۆیشتین و لە پڕ شەپۆلێکی بە هێز یەختەکەی لە چاوتروکانێکا سەرەونگوم کرد. دواتر کەشتییەکەی ئێوە بە هاناوە هاتن، دەنا زۆر لەوە زیاتر دەخنکا کە ئێستا هەیە، ئێمەیش دەرنەدەچووین، سوپاستان دەکەین.

ئەفسەر : ئەو سەرۆکی باندە کێ بوو ئێوەی پەڕاندەوە، سکاڵاتان لە سەری هەیە؟

ژێوار: کەسێک بوو بە ناوی جانۆ، زۆری درۆ لە گەڵ کردین، بەڵێ سکاڵام لە سەری هەیە.

ئەفسەر : ئێستا ئەو لە کوێیە ؟

ژێوار : لە میوانخانەی ئوچ مەسیفە.

ئەفسەر : ئێستا ببیبنیتەوە دەیناسیتەوە.

ژێوار : بەڵێ قوربان چۆنی نا ناسمەوە چەندین رۆژ بەیەکەوە بووین.

ئەفسەر : ئێستا ئەگەر مەفرەزەیەک دەربکەین بۆ گرتنی ئامادەی نیشانمانی بدەیت.

ژێوار : بەڵێ ئامادەم.

ئەفسەرەکە بانگی کۆمیسەرێکی بنکەکەی کرد و داوای لێ کرد بە پەلە هەر ئێستا مەفرەزەیەک ئامادە بکەن بۆ دەسگیر کردنی کەسێک، بە پەلەیش یەڵدرمی رەوانەی لای دادوەر کرد یاداشتنانەی دەسگیر کردن بۆ جانۆ دەربکات، بۆ خۆیشی دڵنەوایی ژێواری دەدایەوە تا کارەکان ئامادەبوون، دواتر ژێوار بەرپرسی مەفرەزەکە و ترومبێلێکی پۆلیس و دوو پۆلیس لە گەڵ ژێوار بەرەو میوانخانەی ئوچ مەسیف

ڕۆیشتن، کە گەیشتنە نزیک میوانخانەکە جانۆ و کرمانج  لە کافتریاکەدا بوو هاموشۆی دەکرد و پێدەکەنی، کەیفساز بوو هەردوو کاروانی گەیشتۆتە جێ مەبەست، لە ناو ترومبێلەوە...
ژێوار : ئەو کەسەی پێدەکەنێت و لای ڕاستەوە خۆیەتی.
پۆلیس : باشە تۆ دامەبەزە ئێمە دەچین دەسگیری دەکەین و دەیهێنین.
 دوو پۆلیس ڕۆیشتن و دەسگیریان کرد و قۆڵبەستکرا و گەڕانەوە بەرەو بنکەی پۆلیس، ئیتر جانۆ خرایە زیندانەوە و تەرمەکانیش ڕێ و شوێنی تایبەت بە خۆیان لە گەڵ کرا، ژێوار کەسوکاری لە تەواوی ڕووداوەکە ئاگادار کردەوە و پێی گوتن سبەینێ تەرمەکان دەهێنێتەوە بۆ شار و وڵات....

( 24 )

دەریا سەر شێتەکە لەم ڕۆخی دوورگەیەدائارام و نووستوو، وەک منالێکی نێو جۆلانە لە باوەشی شنەبایەکدا ڕاکشاوە، لە دوور ڕا کەشتییەکی ئێشکگری ڕۆخی دوورگەکە بەرەنگی سپی و شینەوە دەرکەوت، و ئاڵا سپی و شینە ئاسمانیەکەی بایەکە دەیشەکێنێتەوە، خۆر دەمێکە هەڵهاتووە، کەشتییەکە هێدی هێدی دڕ بە ئارامی دەریاکە دەدات و لە پشتی خۆیەوە شەپۆل شەپۆل پاڵ دەنێت، دەریاکە هار دەبێت و بە گژ مەنگی و کپی و بێ دەنگی خۆیدا دەچێتەوە، وا لە دوورگەکە نزیک دەبێتەوە و شوتێکی بەهێزی لێ دا، ئەمە زەنگی خۆشی بوو، لە زەنگە ناخۆشەکانی تەرم هێنانەوە ناچێت، بە خەڵکی ئاوایی دوورگەکەی گوت وا دیسان هاتمەوە کۆمەڵێک ڕۆحم بە جەستەی ژمارەیەک مرۆڤی بێ دەرەتان و سەرگەردانی وڵاتان کردۆتەوە، خەڵکەکە ئاشنا ببوو دەیانزانی وا کۆمەڵێ مرۆڤی پەرپووت و چڵکن و ڕووخسار تەزیوی ترس و دڵەڕاوکێی مەرگ وان بە سەر پشتی مۆاس و لە لەنگەر گرتنەوە نزیک دەبێتەوە، ڕەنگە خەڵکانێک لەوانە لە شوێنەکانی خۆیان باڵا دەست بن، کەچی ئێستێ یەخسیر و گیرۆدەی ئەم دەریا بێ ڕەحم وبێ بەزەییەن، ئەو دەریایەی ڕۆحی خودای تێدایە وهەموو شەوێکیش ڕۆحی مرۆڤگەلێ دەکێشێت و جەستەکان دەبنە خۆراکی نەهەنگ و ماسییەکان، تا سەمای جوانتر لە دەریا بکەن، مرۆڤ ڕاوە ماسی دەکا تا ژەمەخۆراکێکی پڕ لەزەت بنۆشێ، لێرەیش دەریا ڕاو بۆ ماسی و نەهەنگەکانی دەکات هەتا زێتر بە لەنجە وناز شەپۆلیان شەنگ و جوان بێتەوە، مۆاس هەر دێت و شیلگیرانە شەقڵ بە دەریاکەدا دەدات، تۆ بڵێی بە دەریا بڵێت تۆڵەی ئەو ڕۆحکێشانەی مرۆڤەکانت لێ دەکەمەوە، دەریاکە شەق دەکات بە ئاڵا شەکاوەکەیەوە سەربەرزانە ڕێ دەبڕێ، ئەو شەکانەوەیەی ئاڵا ئەم بەیانیەیش زەنگێکی دیکەی سەرکەوتنی لێ دا، ورد ورد لە سەکۆی لەنگەرگرتن نزیک دەبێتەوە و بە ئاسپایی نزیک بۆوە....
 دیمەنی دوورگەکە هێندە سەرنج ڕاکێشە مرۆڤ بە زوویی شەیدای دەبێت و هۆگری لە گەڵدا دەگرێت و دەتوانێت هەمیشە پشووی خۆی تێدا بدات، دارستانی چڕ و سەوزی لە خانوو و تەلار و شەقام و بازاڕ و ئەپارتمانە بەرزەکانی گەلێک زیاترە، ماڵەکانی نوقمی نێو دارو باغ و ڕەزستان و کیشاوەرزین زۆر دڵرفێن و لە بە هەشتی سەر زەمین دەچێت، هێشتان دوورگەکە لە نێو بۆتە و گەرمەی سەرما و ڕچین و بەفر و تەزیندایە، لە تەک ئەو سەرمایەدا ڕۆح ئاشنای جوانی و درەخت و سەوزە و میوەی پڕ تام و ئاودار دەبێت، ئیدی ئولفەت و حەوانەوە بە ماندبوون و هەموو موشەقەتێک دەدات، بە غەمزەی چاوگەکانی دوورگەکە ناخی پڕ ترس و دڵەڕاوکێ هێور و ئارام دەکاتەوە، لێرەوە دونیایەکی دیکە و ڕۆژگارێکی دیکە دەخولقێ، ڕەنگە نە بە زمان و نە بەنووکی پێنوسەکان نەتوانرێت جوانی سروشتی خوایی ڕەنگڕێژ بکات کە بە ڕۆحی خۆی پاراوی کردووە، ڕۆژ لێرەدا لە گەرماوە هەڵدێ و گەرمایی خۆی بەو دەریا شینە دەبەخشێ لە ئاسمانەوە شین بۆ شین پێدەکەنێت، زەردی خۆر خۆی دەدرەوشێنێتەوە و

هارمۆنییەتی ریالیستی لە تابلۆیەکی سروشتیدا وێنا دەکات و نیشانی دید و خولیاکانی دەدات. کەشتییەکە گەیشت و لە تەنیشت سەکۆکەوە لەنگەری گرت و بە زنجیرە پۆلاییەکان لە قولاغەکانی بەندەرەکەیان گیر کرد، ئارام ئارام بۆوە و لە جوڵە و بزاوتن کەوت، پشووی بە تەکانەکانی خۆی دا و بۆ ساتێک حەوانەوە ئۆخەی دەکات، ئەوجا بە خەڵکەکەی مۆاس گوترا بێنە سەر خاکی ئەم دوورگە بەهەشتییە، هەر یەکێکیش کە دادەبەزین دەستێکی سوپاسگوزاری بە سەر جێگا و جەستەیەکی مۆاسدا دێنێت وەک ئەوەی بڵێ جارێکی دیکە قەرزارباری تۆین، هەستیار چووە لای ئیڤان و دەستی لە نێو دەستی نا و توند توند گوشی و پێی گوت...

هەستیار : جوانی تۆ لە دیمەنەکەی خۆتدا رەنگ دەداتەوە، ئەو سەرە تاشراوە یان رووتاوەت لە دیدگا و بیلبیلەی چاوی هەر یەکێکماندا وێنایەکی تۆمارکراوە و لە زهن دەرناچێت، دەبێتە یاداشتی تەمەنمان، بە ناوی خۆم و تەواوی هاورێیانمەوە سوپاسگوزاری هەمووتان دەکەین، سوپاسیشمان بە کابتنەکەتان بگەیەنن، ئێمە ژیانێکی دیکە فێر بووین و ئێوە پەند و وانەی نوێتان پێداین.

ئیڤان : ئێمە جگە لە ئەرکی مرۆڤایەتی خۆمان چ کارێکی زێدەمان نەکردووە، ئەرکە و بەجێمانهێناوە، سڵاو و خۆشەویستی پڕ بە مانای هەر دوو وشەکە بۆخۆت و هاوەڵەکانت، ئومێد دەکەین رێگاتان رۆشن و سەرکەوتووبن.

هەستیار : بە راستی ئێوە و دەوڵەتەکەتان بوونە مایەی نوسینەوەی ژیان بۆ کۆمەڵێک مرۆڤ ئەگەر لای خودی مرۆڤەکان پاداشتی نەبێت، ئەوا پەروەردگار بۆ خۆی دەزانێ چۆن پاداشتتان بداتەوە.

ئیڤان : بە ڕاستی مرۆڤگەلێکی بە وەفا و هۆشیار و پڕ خەم بوون بۆ ژیان، ئێمە زۆر لە خەڵکی دیکەمان قورتار کردووە، هەرگیز لە گەڵ کەسیاندا وەک ئێوە خۆشەویستیم بۆیان نەجوڵاوە، ئەوە دەلالەتی مرۆڤدۆستی هەردوولامانە.

ئیتر هەردووک ئامێزیان لە یەکناو بە گوڕ و تینەوە پێکەوە نوسان، هەستیار لە سەر پشتی کەشتییەکە دوا کەس بوو هاتە خوارەوە، کەناڵێکی ئاسمانی تەلەفزیونی جیهانی لە چەقی سەر رێی هاتنە خوارەوەکە وەستابوو، چاوەنواڕی هاتنە خوارەوەی هەستیاری دەکرد، هەستیاریش کە هاتە خوارەوە بە دەم رێگاوە وەک لاسایی سەرۆک وەزیر و وەزیرانی دەرەوەی کۆنگرە نێو دەوڵەتییەکان بکاتەوە یەک دوو وتەی پوخت و کورت و پڕ مانا پێگوتن...

هەستیار : ئێمە لە وڵاتی بێ ئینسافییەوە هاتووین و دەمانەوێ وەک مرۆڤ بژین، مۆاس فێری کردین و هاوکاری کارمەندانی ئەم کەشتیەیش لە بیر ناکەین.

کاتێک هەستیار لە قسەکانی تەواو بوو دیقەتی دیمەنێکی گەلێک جوان و پڕ مانا و واتای دا، مناڵەکان تێکرا لە ئامێزی گەنج و سەڵتەکان بوو، هەموو بە ئاسوودەییەوە رێیان دەکرد و هاوکاری تەواوی یەکدی بوون، نیشانەی کەشتییەکە و رەفتارەکانیان لە یەکەم هەنگاویاندا بەدەرکەوت، وەک پێشتر بژار هێندە بە چوار مناڵەکەیەوە ماندوو نەبوو، رۆیشتنێکی بێ خەم و بێ ترس، خەرمانی هاوسەری بژاریش بە هۆی شکاوی قاچییەوە بە ئەمبولانسێک بەرەو نەخۆشخانە گوازرایەوە، هەر هەمان ئەمبولانس سانیای هاوسەری سالاریشی گەیاندە بنکەی پۆلیسەکە، دواتر ترومبێلی رەنگ سلفەری هات و تەواوی مناڵەکانی هەڵگرت و بەرەو سەنتەری بنکەی پۆلیسەکەی بردن و ئەو دوایی خەڵکەکەیش بە کەماڵی ئیسراحەت حەوت سەد مەترێک بە پێ رۆیشتن و گەیشتنە بنکەی پۆلیسەکە، لەوێش ئەفسەرێک هەمووی کۆ کردنەوە و تێی گەیاندن کە پێویستە یەکێک نوێنەرایەتیتان بکات، هەموو دەستیان بۆ هەستیار درێژ کرد، ئەویش چووە پێشەوە ئەفسەرەکە گوتی....

ئەفسەر : خۆشحاڵم پێتان، من ناوم جۆرجە.

هەستیار : ئێمەیش خۆشحاڵتربووین، من ناوم هەستیارە.

جۆرج : دەتوانی بە زمانی ئینگلیزی بنوسیت.

هەستیار : ئەرێ.

جۆرج : کەواتە لە گەڵ ئەو پۆلیسە، ناو و تەمەن و وڵات و باری کەسێتی هەر یەکێک لە خۆتان تۆمار بکە، دوای ئەوەی دیکۆمێنتیان لێ وەردەگرن.
هەستیار : بە چاوان.
پۆلیسەکە لە سەر کورسییەک رۆنیشتبوو مێزێکیش لە بەردەمیدا بوو، کورسییەکی دیکەیان بۆ هەستیار هێنا و ئەویش لە تەنیشتییەوە رۆنیشت، پۆلیسەکە هەستیاری تێگەیاند کە چی پێویستە بۆ تۆمارکردنی ناوەکانیان تاوەکو لێیان وەربگرێت، هەستیار لە سەر کورسییەکەی هەستا و رووی کردە هاوڕێکانی، لەو کاتەدا بژار پەیوەندی تەلەفۆنی لە گەڵ سەوەنددا هەبوو، سەوەند سەرەتا دڵ داخورپانی خۆی بۆ باسکردن لە پچڕاندنی هێڵی تەلەفۆنەکە لە شەودا و ئەویش هۆکار و دەرباز بوونەکەی بە تەواوی بۆ گێرایەوە پاشان سەوەند پێی راگەیاند کە کاروانی دووەم نوقمی دەریاکە بوون و ئیدی ئاگادار نییە چی بووە، هێندە دەزانێت سێ و چوار کەس خنکاون، بە داخ و کەسەرەوە هەستیار بە هاوڕێکانی گوت....
هەستیار : بەراستی ئەوە هەواڵێکی ناخۆش بوو، دیکۆمێنتەکانتان دەربێنن بۆ ناوتۆمارکردنتان.
زەریا : ئەرێ کاکە هەستیار دیکۆمێنت چییە ؟
هێمن : ماڵت ئاوا بی ئەرێ تۆ چیتە لە هیچ شتێک تێ ناگەی بۆ ئەوەندە ناحاڵیت پاسەپۆرتەکەت دەڵێت.
هەستیار : ئەرێ، پاسەپۆرت و ناسنامە و هەر شتێک بەڵگەیەکی فەرمی بێت کە ئەوە تۆیت.
ریزیان بەست و بە تەنیشت یەکەوە دانیشتن هەر کەسێک نۆبەتی دەهاتێ هەڵدەستا و دەچووە بەردەم هەستیار دەوەستا و بەڵگەکەی بە دەستەوە دەدا، پۆلیسەکە دوو ناوی لە گەڵ هەستیار تۆمار کرد زانی هەم شارەزایی باشی هەیە هەمیش خەتنووسەکەی جوان و رێکوپێکە، کارەکەی بۆ ئەو بەجێهێشت و بۆ خۆیشی چووە ژوورەوە، هەستیاریش بە وردی و دیقەتەوە ئەنکێتەکەی پڕ دەکردەوە، هەموویانی تەواو کرد، پۆلیسەکە هاتە دەرەوە و کامیرایەکی لە گەڵ خۆی هێنا، هەر یەکە بە ژمارەی خۆی لە زەنجیرەیی ئەنکێتەکە دەهاتە پێشەوە و پۆلیسەکە ژمارەکەی دەدایە دەستییەوە و وێنەیەکی پێوە دەگرت بۆی. لە وێنەگرتنیش تەواو بوون، جۆرجی ئەفسەر هاتەوە و پێی گەتن...
جۆرج : ئەوا تلفۆنمان کردووە تاکسی بێت بتان بات بۆ دوورگەیەکی دیکە، کرێی هەر ترومبێلێکی تاکسی بیست یۆرۆیە، زیاتری پێ مەدەن.
هەستیار بەڵێ زۆر چاکە.
ئەفسەرەکە رۆیشت و هەستیاریش بە وردی هاوەڵەکانی تێگەیاند ئەوانیش هەر چوار کەس و پێنج کەسێک رێککەوتن و لە تاکسییەک پێکەوە بن، بۆ دوورگەکەی دیکە بچن، تاکسییەکان هاتن و سواربوون و رۆیشتن، لە رێگا ئەو دیمەنە جوانانەی دوورگەکە سەرنجی راکێشابوون، هەر یەکێک لە نێو ترومبێلەکەی خۆیەوە بە مۆبایلەکانیان وێنەی ڤیدیۆیی دوورگەکەیان دەگرت، کاتێک لە هەورازەکەوە ئەودیویان لێ دەرکەوت، ئیتر چاوەکان لە ئاستیدا ئەبڵەق بوون، دیمەنێکی سیحراوی و ئەفسوناوی هەرگیز لە سەر زەمین جوانی وایان بە دی نەکردووە، ئەوان لە وڵاتی خۆیان و لە خەونیانیشدا شتی وایان نەدیبوو، شەقامەکان بە نێو دارستانەکان و بە سەر چیا و قەد پاڵەکانا تا دەگاتە خوارەوە نەخشە کێشرابوون، چەندین ئەڵقە شەقامی جوان جوان هەن و بەدی دەکرێن، دیمەنی خوارەوە لە سەر چیاکە دڵڕفێن تر بوو، تەلانەکە لە هەر دوو جوانتر و رازاوەتر، خانووەکانی ئەو بەری دەریاکە زەرد و سپییان دەکردەوە لە گەڵ سەوزی دوورگەکە ئاوێتە ببوون، جوانییەکی لە ئەندازە بەدەری نیشان دەدا، مارسیدسەرەنگ سلڤەرییەکان دەڕۆن و ئەمانیش بەردەوامن لە سەر وێنەگرتن بەردەوامن دەزانن ئەمە نابێتە مەفتەن و تیایدا نامێننەوە، یەک دوو ترومبێل لە سەر رێگاکە و لە سەر چیاکە وەستان و خەڵکەکە کەوتنە وێنەگرتن لە گەڵ ئەو سروشتە جوانەی هەیە، خودێکن چڵکن و شپرێو و پەرپووت، رەنگدانەوەی دیفاکتۆی خۆیان دەکەن، کەوتنەوە رێ و پاش کەمێک گەیشتنە خوارەوە و بەندەرێکی دەریایی و سەکۆیەکی لەنگەرگرتنی کەشتییە هەرە گەورەکان و چەند ژوورێکی دەستکردی پلاستیکی کە بۆ کاری تایبەتی پێشوازی ئەو مرۆڤە سەرگەردانانەی نێو ئەم دەریا سەرشێتە و قورتاربووی دەم شەپۆلەکان

دروستکرابوو، لە گەڵ چەند هۆڵی گەورەی چادرگە و ناندین و پێداویستی دیکە بە میدیکاڵ پۆینتێکەوە.لێرەوە ئەو مرۆڤە قورتار بووانە بەرەو دونیای پاکی مرۆڤایەتی دەگوازرێنەوە .....

لەو چەند خێوەت و چەند ژووری بچوک بچوک بۆ ئەو خانەوادانەی دەگەنە ئەم دوورگە تەرخانکراوە، خواردن و ئاو و کەل و پەل و پەتۆ دابەش دەکرێت بە سەر هەموو ئەوانەی دەگەنە بەندەرەکە، دەروازەی پەڕینەوەیە بەرەو کیشوەری ئارامی، ئیدی هاوڕێی برادەرانی یەک پێکەوەن هەستیار و تەواوی هاوڕێکانی پێکەوەن، بە کەیف و شەوقەوە لە سەر سەکۆی کەشتییەکان هاموشۆ دەکەن و گەمە دەکەن، ئەو ژووورە دەستکردانەی پلاستیکی نوێنەری پۆلیس و دەزگا پەیوەندداەرەکانی دەوڵەتی تێدا بوو بۆ رایی کردنی ئەو خەڵکەی دەگەنە ئێرە رۆژی یەک شەممە بوو گەیشتن، هەستیار و هاوڕێکانی لێرە پرسیاری وەڵامیان لێ نەکردن چونکی کاری خۆیان لە دوورگەکەی دیکە تەواو کردبوو، هەموو رۆژانی دووشەممە و پێنج شەممەیەک کەشتییە هەرە گەورەکان دێن و پێداویستی بۆ دوورگەکە دێنن و کامیۆنە بەتاڵەکانیش دەبەنەوە بۆ پایتەخت و سەر لە نوێ کەرەستەی دی دێنن، هەموو هاوڕێکانی سەر مۆاس بە ئومێد بوون تا ئێوارە وەڵامەکان وەربگرنەوە و سبەینێ لە گەڵ یەکەم کاروانا دوورگەی سامۆس جێبێڵن، کاتێکیش زانیان بۆ شەو دەمێننەوە لێرە چاکتر بوو مشورێکی خۆیان بخۆن لێرە و لە نێو ئەو هەموو خەڵکە ناتوانن پشوو وەربگرن و ماندوێتیان دەربچێت، زۆر ماندوون و پرزەیان لێ براوە، کەسێکیان لێ پەیدابوو میوانخانەیەکی باشی پێگوتن کە رۆیشتن و گەڕانەوەیش لە سەر خاوەن هۆتێل دەبێت و شەوی بە بیست یۆرۆ، قایل بوون و هەموو خۆیان ئامادە کرد و بە چەند تاکسییەک رۆیشتنە میوانخانە تازەکە، کە لە نێو باڵای دارستانا نوقم ببوو، دەیڕوانیە سەر دەریاکە، ژووری نوستن و حەوانەوەی پاک و سەرشۆر و دەست شۆری رێکوپێک، هەستیار و محەمەد و زەریا پێکەوە لە ژوورێک بوون خێزاندارەکانیش هەر یەکەو بۆ ژوورێک ئەوانی دیکەیش هەر یەکێک لە گەڵ کێ کۆک بوو دەچووە ئەو ژوورەوە و پێکەوە دەبوون، ماوەیەک هەموو ونبوون، سەرقاڵی پشوو و خۆ شۆرین بوون، کەلوپەلەکانیان دەدایە کارگوزاری میوانخانەکە بە پێنج یۆرۆ بۆیان بشۆرێت، هەموو ئەو کارەی کرد، کاتی ئەوە هات تاک تاک بێنەوە بۆ هۆڵی میوانخانەکە، بە مەبەستی نانخواردن، لە هۆڵەکە تیمێکی کەناڵی ئاسمانی خۆ وڵاتی لێبوو، دیمانەی لە گەڵ ئەو خەڵکە ساز دەدا، هەستیار خۆی لێیان نزیک کردەوە وەک بیەوێ بڵێت هاوپیشەمن، لە گەڵ پەیامنێرەکەیان کەوتە دواندن...

هەستیار : چۆنە وا هاتوون بۆ ئێرە.

پەیامنێر : بۆ کاری رۆژنامەوانی لێرەین و خەڵکێکی زۆر خنکاوە، دەمانەوێ وەک هەواڵ و راستەوخۆ و ریپۆرتاژ کەناڵەکەمان و بینەرانمانی لێ ئاگادار بکەینەوە.

هەستیار : باشە سەرکەوتوون، لە کاتی وێنەگرتندا نە سیما و نە رووخسار و نە باڵام دەر نەچێت بۆ خۆم وام پێ باشە.

پەیامنێر : بە چاوان کەسێک بۆ خۆی ئامادە نەبێت مەحاڵە وێنەی بگرین و دیمانەی لە گەڵ بکەین و روخساری دەربکەین.

هەستیار : سوپاستان دەکەین.

پەیامنێر : شایانی نییە. کاری ئێمە وایە.

کابرای نوسینگەی میوانخانەکە مەستێکی تەواو و بەردەوام بوو، ئەوانیش هەر یەکە و لە سەر مێزێک رۆنیشتوون نان دەخۆ، دوو مەتر ئەو لای هەستیارەوە ئافرەتێکی باڵا رەشپۆش دانیشتبوو، چاوەڕوانی دەرکردنی تەرمی دوو مناڵەکەی دەکرد کە چەند شەوێک بوو لەو دەریایەدا خنکا بوون و تەرمەکانی دەست نەکەوتبۆوە، وێنەکانی خەڵکانی سەفەر لەم دوورگە تراژیدین بە ئاستەم خەڵکی تر بە دی دەکرا چونکی زستان بوو کاتی سەردانی گەشتیاران نەبوو، ئەو شەوەیان لەوێ گوزەراند بۆ سبەی چوونەوە بەندەرەکە و لە دوورگەکەی خۆیانەوە کە ناوی پیتاگۆریۆ بوو دۆسیە و وێنە و ئەنکێتەکانیان نەگەیشت و ئیتر ئەو خەڵکەی پێش ئەوان هاتبوون پاش نیوەڕۆ لە کاتی سێی عەسردا هەموو بەرەو

کەشتییە هەرە گەورەکە رۆیشتن و ئەمانیش مانەوە و ئەمجارەیان بۆ سێ رۆژی دی لە ناو شارکە میوانخانەیەکیان گرت و سێ شەویش لەو میوانخانە نوستن، تا رۆژی پێنج شەممە هەر لە چاوەنواری دۆسیە و وێنەکانیان بوو بگات، کاتیش پانزەی نیوەڕۆیە ئەگەر ئەمجارەیش پێ نەگات بە کاروانی پێنج شەممەیش نارۆن و دەمێننەوە، لە پڕ جۆرج بە خۆی و ترومبێلە سلڤەر رەنگەکەیەوە دەرکەوت، و پێی گوتن...
جۆرج : وێنەکانتانم هێنا بە هۆیانەوە ئێوە تا ئێستێ دوا کەوتوون، هەوڵ بدەن زوو تەواو ببێت بۆ ئەوەی ئەمڕۆ کاتژمێر سێ لە گەڵ هاتنی کەشتییەکە سەفەر بکەن.
سالار و هێمن گەلێک سوپاسگوزاری جۆرجیانکرد، لە ژوورە پلاستیکییەکەیشەوە زانیان دوا کەوتوون بە پەلە کاری ئەوانیان رایی کرد، لە پەنجەرەکەوە یەک بە یەک ناوەکانیان خوێندرایەوە و بانگکران بۆ پەنجە مۆر کردن و بەرێکردنی دۆسیەکەیان، کاتژمێرێکی خایاند و کات لە دوانزە تزیک بۆوە، کەشتییەکەیش کاتژمێر سێ دەگات، ئیدی کەوتنە خۆ هەر یەکە و نوسراوی مەرەخەس و وەڵامنامەی وەردەگرت بە پەلە رووە و نوسینگەی پلیت برینی کەشتییەکە دەچوون، بۆ هەر پلیتێک نرخی ( 99 ) یۆرۆیان دەدا، بۆ پایتەخت و لەوێشەوە بۆ سەر سنووری وڵاتی دیکە، کە پلیتیشیان دەبڕی نزیک دەبوونەوە لە سەکۆی سەرەکی کەشتییەکان، کات سێی تەواو بوو کەشتییەکی زۆر گەورە نزیک بووەوە ناوی ( هێڵنیک سیاوەیس ) بوو، دوای کردنەوەی دەرگا بۆ خەڵکەکە، جمەی خەڵک و شاڵاویان بۆ لای هێڵنیک سیاوەیس بوو، لە دەرگایش هەر یەکە و پلیتی خۆی نیشان دەدا و کەرتێکیان لێ دەکردەوە و ئەوانیش دەچوونە ژوورەوە و لەوێشەوە سەردەکەوتن بۆ سەر پشتی کەشتییەکە و لە خواریشەوە کامیۆن و ترومبێلی بار دەکرد، زۆری نەبرد زەنگی بە ڕبَکەوتن لێدرا، هەموویان بۆ دواجار و پێکەوە چاویان بە دوورگەکەدا گێرا، دیمەنە جوانەکانیان لە زاکیرەدا تۆمار کرد، لە سەر پشتی کەشتییەکەوە کەوتنەگرتنی دوا وێنەی خۆیان لە تەک دوورگەکەدا، کە چوار شەو و پێنج رۆژ میوانی بوون، کەشتی سینگی لە دەریاکە دەدا و لە گەڵ سەرما و کزە بادا نمەباران و شەپۆلی هێڵنیک سیاوەیس ئاونگباران دەکران، هورد هورد لە دوورگەکە دوور کەوتنەوە و ونبوون........

## ( 25 )

شەوێکی تاریک سەرما بەردەوام کاریگەری خۆی بە سەر جەستەی خەڵکەکەدا دەکرد، لە کاتژمێری یەکەمی گەشتەکەدا خەڵکی هەموو بە سەر پشتی کەشتییەکەوە بوون، هێشتان رۆژ بوو خەڵکی لە تاو سەرما هەڵاتن و خۆیان بە ناو هۆڵ و بازارەکەیدا کرد، ئیدی ئارامبڕاو بوون سرەوتنیان نەبوو، هاموشۆی بێسوود و گەڕان بە دووی شوێن بوو، هۆڵە گەورەکەی بووە جێ پشوو و ئارام و سرەوتن، هەموو تێکەڵ ببوون مناڵ و پیر و گەنج و کیژ و ژن و کوڕ و پیاو، لە کافتریاکان و دوکانەکان خواردنی خۆیان پەیدا دەکرد، ئەو خەڵکەی لەوێ بوو پێی وابوو هەر ناو یەخت و رێگا مشەقەتەکانە و هەموو شتێک بەزەحمەت چنگ دەکەوێ، گەرچی شتەکان زۆر بوون و بە سانایی دەست دەکەوتن وەلێ لە ناخەوە رووخابوون و چاو چنۆک بوون، شەوە و سەرما کاری خۆی دەکات و کات دەڕوات و ( هێڵنیک ساوەیس ) دڕ بە دەریاکە دەدا و ئەویش دەڕوات، دوای نیوەی شەوە و تا نها نەگەیشتۆتە جێ مەنزڵ، بە درێژایی رێگاکە کەشتییەکە لە هەموو ئەو دوورگانە دەوەستاکە دەکەوتنە سەر رێگای گەڕانەوەی هێڵنیک ساوەیس، چەندان ترومبێل و کامیۆنی بار دەکرد و دەکەوتەوە سەر رێی خۆی، لە راوەستانی لە دوورگەکاندا هەموو ئەوانەی سەفەریان بۆ وڵاتی بەهەشتی بوو کە کەشتی وا زەبەلاحیان نەدیبوو لە سەر

پشتی کەشتیەکەوە دیقەتی دوورگەکانیان دەدا و دواتر سەرما بەرەو ناوەوە راوی دەنانەوە، لە گەڵ ئەوەی لە ناوەوە کون و کەلەبەری کەشتییەکەیان دەپشکنی بۆ خۆیان زمان نەزانیش بوون، بۆ کەرەستە کڕین ئاماژەکان باشترین زمان بوو، حاڵی بوون دەبوو چونکە پەیوەندی بە بازرگانی و کڕین و فرۆشتنەوە هەبوو، عەقڵییەتەکە بەو جۆرە بوو مەترسی نوقم بوون لە هزریاندا هەر گێنگڵی دەخوارد بۆیە بیرکردنەوە لە دابەزین و دوور کەوتنەوە لە دەریا ئارامیان پێ دەبەخشێت، جاران دەگوترا مار و مرۆڤ دوژمنی سەرسەختی یەکدین، کەچی لێرە هاوکێشەکە جیاوازە مرۆڤ و دەریا بوونە بە دوژمنی سەر سەختی یەکدی، شەپۆل و مرۆڤ سەنگەر لە یەک دەگرن چونکێ ئەویان رۆحی خوایە و مرۆڤەکان بۆ لای خۆی دەباتەوە، ئەم کەشتییە چۆکی بە شەپۆلەکان داوە، کەچی شەپۆل هەر دەچن بە گژ قوولەی قافا و جارجار لەو زۆرانبازییەدا ئەو کەشتییە زەبەلاحە دەلەرێننەوە، زۆر هەوڵ دەدەن و بە گژیدا دێن دەزانن لە ئاست توانایاندا نییە لە بەردەم هەیبەتیدا چۆک دادەدەن و ملکەچ دەبن، رۆحی مرۆڤەکان پارێزراو دەبن، سروشت و مرۆڤ دوو دۆستی زۆر نزیکی یەکن، لەم دەریا بوون بە رەقیبی یەک، جاری وایش هەیە ئاگری سروشت دەچێ بەگژ مرۆڤدا، دەڵێن مرۆڤ بێ ئاو و ئاگر ناژی کەچی هەردووکیانیش ئامانیان نییە، ئەوە لە کۆنەوە وا گوتراوە..

دوو کاتژمێر پاش نیوەشەو لە کەشێکی نمەبارانی تەڕاوی هێڵنیک ساوەیس گەیشتە پایتەخت و رۆشنایی و گڵۆپە جوانەکانی بەندەر و شەقامەکانی شار لە تەک بارانەکەدا ئەو سروشتەیان خوڵقاند کە جوانی بە مرۆڤ دەگەیەنێت، دیمەنەکان تا دەهات جوانتر دەبوون، هەموو ئەوانەی بە سەر کەشتییەکەوە بوون دڵگوشاد و پڕ کەیف بوون دەشێ رەوینەوەی ترسی دەریا و شەپۆلە دڕەکانی فاکتەر بن، نها بە تەواوی دڵنیا بوون تەنها چەند هەنگاوێک دەکەوێتە نێوان ئەوان و زەوی، ئیدی جارێکی تر ئەو دەریا بێ بن و پڕ جانەوەرە دڕندانە نابیننەوە، خولیا و بەردەبازی ئاسوودەگیان بەرەو پانتایی ژیانیان دەبەن.

هورووژمی خەڵکەکە بە جارێ بەرەو خوارەوە و بۆ سەر زەوی دەستی پێکرد و هەرکەس ئازا و چاپوک بێ لە ئۆتۆبوزەکانی چاوەڕوانن جێگایەک بۆ خۆ مسۆگەر بکات، کۆڵەکان بە پشتیانەوە و سەرما و بارانیش لێی دەدات، هەموو شوێنیک تەڕتەڕ ببوو، هەندێک لەو خەڵکە رایان دەکرد هەندێکیش بە ئاسایی خۆیان دەجوڵانەوە، ئەوی رایدەکرد لە پاڵ تەلار و ئەپارتمانەکان خۆی مەڵاس دەدا و لە باران دوور دەبوو، زۆریشیان بەرەو تەرمیناڵەکە دەچوون بۆ ئەوەی پلیتی سەفەریان بۆ سەر سنووری وڵاتی دیکە ئاماژە پێ بدرێ و بچنە نێو ئۆتۆبوزەکان، هەموویش بەو ئومێدەی ئۆتۆبوزەکان بەرەو سەر سنووریان بەرێت.

پایتەخت بە بەندەرەکەیەوە سیمایەکی نەخشینی هەبوو، تەواوی گڵۆپەکان سەر شەقام و ناو بەندەرەکەیان رۆشن کردبۆوە، ئەم بەندەرە هاو شێوەی قولە و پیتی ( ق ) بوو، لە تەواوی رۆخی دەریاکەوە و لە سەر شەقامەکە دوکان و بازار و میوانخانە و مۆتێل و بانک و فرۆشگای جوان و رازاوە هەبوون، شەقامەکە ئۆتۆبان بوو، ترومبێلەکانیان جوان و دوا مۆدیل بوون، خەڵکێکی رۆشنبیر و پڕ فیکر، نەوەی گریکە کۆنەکان هەر بە سیما دەناسرانەوە، هەگبەی ئاوەزیان وڕ و کاس نەبوون، وریا و پڕ نەشئەی مەعریفی بوون، لە هەموو کون و کەلەبەری بەندەرەکە کتێبخانە هەبوون و رەواجیشیان باش بوو، خەڵکێکی هۆشیار و بەئاگا، دیار بوو وڵاتی خۆیان خۆشدەویست، سەرباری ئەو هەموو باجەی خرابووە سەر تاکی کۆمەڵ بە هۆی قەیران و داروخانی ئابوورییەوە کەچی پابەند بوون و رێزیان لە یاسای وڵاتی خۆیان دەگرت، دەوڵەتیش رێزی لە تاکی کۆمەڵ دەنا.

سیمای خەڵکەکە گۆڕدرا سوور و سپی و قسەیان خۆش مەشرەب، ئیتر لە دەریا پیاسەی مەرگ ناکەن، چوار ئۆتۆبوز ئامادەکرابوو، بە تەواوی پڕ ببوون، لە پڕ دەنگۆیەک بڵاوبۆوە گوایە پۆلیس رێگا نادات رێی سەر سنوور بگیرێتە بەر، ترۆمبێلە رەنگ سلڤەرە پۆلیسییەکان لەو ناوە دەبینران و دۆراندۆری ئۆتۆبوزەکەیاندا بوو، دەرئەنجام ترۆمبێلێکی پۆلیس پێشکەوت و هەر چوار ئۆتۆبوزەکە دوای کەوتن، هەر بە کەناری بەندەر و دەریاکەوە رێیان دەکرد زۆر دوور نەڕۆیشتن هەر لە سەر دەریاکە یەکێک لە

تەرمیناڵەکانی بەندەرەکەیان چۆڵ کردبوو بۆ حەوانەوەی ئەم کاروانە، کە گەیشتنە جێ ئاگادار کرانەوە پێویستە چەند رۆژێک لێرە پشوو بدەن، چونکی پۆلیس رێگا نادات درێژە بە کاروانەکەیان بدەن، ئەوەیش بە هۆی مانگرتنی جوتیاران لە سەر رێگای ئۆتۆبانی نێودەوڵەتی رێی هاتوچۆیان بڕیوە بە هۆی ئەو باجە زۆرەی دەوڵەت زیاتر بە سەر جوتیارانی سەپاندووە، وڵات قەیرانێکی داتەپینی ئابووری هەموو جومگەکانی تەنی بوو، ماوەیەک بوو لە ژێر ناڵە وهاواری هەڵاوسانی ژێرخانی ئابوورییەوە بوون، دەوڵەت باج و سەرانەکەی بە سەر هاونیشتیمانیان سەپاندبوو، بە هەموو پێوەرێک دەبوایە وڵاتێکی وێرانە بایە، کەچی جوڵە و بزاوتنی بازاڕی گەرم بوو، جگە لە جوتیارانی کە بە هۆی ئەو باج و سەرانەوە هەم زەرەرمەندی یەکەم بوون هەمیش سەرانەی زیاتریان خرابووە سەر، کەسی دیکە خۆپیشاندانیان نەدەکرد و جوڵەی ئاسایی هەبوو.

هۆڵێکی گەورەی نێو بازنەیی بوو، هەموو خەڵکەکەیان تیا کۆکردەوە بە مەبەستی نوستن و پشوودانیان، دوو گەرمکەرەوە لە ئەمسەر و ئەو سەری هۆڵەکەوە دانرابوون لە سەریشەوە هەوایەکی گەرم بۆ خوارەوە پەخش دەبوو، زیاتر لە دوو سەد کەس لەم هۆڵە جێگیر کران، هەموو مرۆڤەکانی سەر کەشتی مۆاس پێکەوە و لە دەوروبەری یەکدی بوون، هەر یەکە و ئەو پەتۆیانەی لە دوورگەی سامۆس وەریگرتبوو رایدەخست و لە سەری دادەنیشت و پاڵ دەکەوت، ئیتر شەرم و عەیب لێرە نەما، هەموو پێکەوە پاڵ دەکەوتن و دەنوستن، کەسێکی خاکەڕا و ئاسایی بوون، هەموو وەک یەک یەک نان و ئاو دەخورا، ئیتر دابونەریتەکان هەر یەکە و تایبەت بە خۆی لە یاد کرد و رێ بۆ سەردەمێکی تر خۆش دەکرا، کە رۆژ بووەوە گروپی مۆاس بە دووی مەنفەزێک دەگەڕان بگەنە سەر سنوور و لێرە نەمێنن بۆیە بەرەو ناوجەرگەی شار رۆیشتن، لەوێ چێشتخانەیەکی خۆ وڵاتیان دیتەوە، ئەو سێ رۆژەی لەم بەندەر و شارە مانەوە چەند ژەمە نانێکی خۆ وڵاتیان تیاخوارد، لە دەوروبەری چێشتحانەکە، شوێنی لەشفرۆشی کچ و ژنە سۆزانییەکان بوو، کە ئەوە کاری خۆبژێویان بوو، بۆ دامرکاندنەوەی غەریزەکانیان سالار و سامان خۆیان گەیاندە سۆزانییەکان، مرۆڤ لە حاڵەتە نائاساییەکاندا بیری بەلای شەهوەتەکانا ناچێت وێ دەچێت ئەوانە لە توخمی ئاوەزداری مرۆڤ نەبن، ئەو دەمانە هەستەکانی مرۆڤ دەمرن، سالار سەرباری ئەوەی هاوسەری خۆی لە گەڵدا بوو، کەچی کاتەکانی لە ئامێزی ژنە سۆزانییەکان بە سەر دەبرد، ئەو جۆرە مرۆڤانە بۆ شەهوەت دەژین، کپکردنی غەریزەکان لە بەرایی هەموو شتێکەوە دەبینن، ئەوانە نەدیتەی وڵاتانی ئازادین، تا رادێن زۆری دەوێ فێری ئازادی بن....

بژار : سالار لێرەوە وا بکات، وەڵڵا بە بڕوای من ئەو ژنە تا سەر هاوسەری نابێت.

هێمن : ئەوە خیانەتی هاوسەرییە.

زەریا : بە خودای ئەو ژنە بەستەزمانەی پێ نازانێ، دەنا هەر ئێستێ و لێرەوە لێی جیا دەبێتەوە.

شوێنی ژنە سۆزانییەکان داڵانەکەی بە وێنەی چەند ژنێکی رووت رازێندرابوونەوە، شوێنەکە بە هوتیل دەچوو لە چەند ژوورێک پێکدەهات، لە ڕاڕەوی ناوەوەی تەلارەکە تەخت و کورسی تایبەت دانرابوون هەر کەسێ بچووبایەتە ژوورەوە لە سەر ئەو تەختانە دادەنیشت تا ژنە سۆزانییەکان یەک یەک لە بەردەمیاندا خۆیان نمایش بکەن و بە ئاماژەیەکی ئەوتۆ کە خۆشترین لەزەت ببەخشێت لای ئەو کەسە پەسەند دەکرێت، ئەو سۆزانیانەیش هەر یەکە و جوڵە و نمایشی تایبەت بە خۆیان هەیە، لە پێناو بڕێک پارە جوانترین جولە نیشان دەدەن، کاتێکیش لە تەک یەکێک دەڕۆن پانزە خولەک کەمتر پێکەوە دەبن، بەم جۆرە ئەو بڕێک پارەی دەست دەکەوێت و ئەمەیش گڕی غەریزەکانی کپ دەکاتەوە،کاتێک غەریزە لای نێرەکان دادەمرکێتەوە سۆزانییەکان چ هەستێکی پێناکەن لە پارە پەیداکردنێک بەو لاوە چیدیکە بە دەستەوە نادرێت، دواتر محەمەدیش بووە هاورێی سالار و سامان و بەرێی ژنە سۆزانییەکانەوە بوون، محەمەدێکی مێردمنداڵ لە سەر یەکێک لە تەختەکان رۆنیشتووە و لە چاوەڕوانی دەبێت، بەخت وایاری دەبێت جوانترین و مناڵترینبان رووی تێ دەکات، بۆیە لە یەکەم دیقەتدانییەوە شەیدایی دەیگرێت، پێیوایە ئیدی ئیشق و خۆشەویستی لای ئەمەوە لە دایک بوون، سەری رەزامەندی بۆ دەلەقێنێ و کچەیش دەستی

محەمەد دەگرێت و بەرە و هۆدەیەکی دەبات، لای سۆزانی مەبەست پارە و محەمەدیش ئارەزوو، لە گەڵ ئەو ئارەزووەدا سۆزی ئەویندای بۆ دەبزوێت، ئیتر ئەو سێ رۆژە محەمەد مەیلداری ئەو یانە دەبێت بۆ کپکردنەوەی غەریزەکانی، کاتێکیش سەفەر بەرەو وڵاتێکی دیکە دەست پێدەکات محەمەد لە خەوی غەفڵتیدا بە ئاگا دێتەوە و تێدەگا لە خەیاڵێکی بەر بڵاو بەو لاوە شتێکی دیکەی لێ سەوز نەبوو، پارەیەکی زۆری بە فیڕۆ چوو.

مرۆڤەکان لە پەنجە دەچن، پەنجەکانیش وەک خولیا و رەفتار و نەریت و پرنسیب و بیروباوەری خودی مرۆڤەکانە، هێشتان چارەنووسێکی نادیار لە بەردەم کاروانەکەدایە، تەنانەت تەنها مەرگە کەوتۆتە پشتەوە دەنا ئەگەرەکان لەرزۆک نین و تین و هێزی سەرگەردانی دەبارێنن، گەڕانەوە بۆ خاڵی هیچ لە چاوەنواری هەر کەسێکی کاروانەکەدایە، ئیدی یا گەڕانەوە بەرەو مەفتەنی نامورادی یانیش سەرکەوتن.

پایتەخت لە ناوەوە دیمەنێکی جوان و قەشەنگی هەیە، تەواوی شەقامەکان پان و بەرینن ترومبێلەکان لە تەک هێماکاندا پەیوەست و پابەندن، جەنجاڵی و قەڵەباڵغی وەک پایتەختی وڵاتەکەیان نییە کەمترین ماوە لە ترافیکەکان دەوەستن، سەرپێچی بە دەگمەن یان هەر نابیندرێت، کەچی لە وڵاتی خۆیان جەنجاڵ و پڕ واق و دەنگە دەنگ و ژاوەژاو، لێرە شار هێمن و ئارام و کپ زۆر بە کەمی گوێبیستی لوورەی ئەمبولانس و ترومبێلەکانی پۆلیس دەبن، زۆر پێویست نەکات بەکار ناهێنرێت، لەوێ بە پێچەوانەوەبۆ نانکرینیک تیژڕەوی و لوورە لوور، بە هەموو بڕوایەکی شۆفێر مامۆستاکەی لە وڵات هەموو شتێکە و یاسایش لە بەردەستیدایە، بۆیە هەموو خەڵکی بە دیدی ئەو نۆکەری مامۆستاکەی ئەون، جا ئافاتەکە لەوێیە جەنابی مامۆستاکەی داوای کارێکی بە پەلەی لێ بکات، ئێرە وڵاتی یاسایە یاسا هەموو لە ئاستیدا وەک یەکن، رەنگەکان لێرە کاڵ دەبنەوە بۆ دیقەتی چاوەکان نەبێت دەنا رەنگ بوونێکی نییە و نامێنێت، شەڕە پەڕۆ ئاسەواری لە گۆڕدایە، ماهیەتی ئەو عەقڵییەتەیش سڕاوەتەوە، لای تاکەکان رەنگەکان بە مانا و دەلالەتەکانەوە دیقەت نادرێ وەک رەنگ بۆ چاوەکان دەبن، ئاسوودەیی و هێوری دەبەخشن، کەچی لەولا رەنگەکان لە ئارامترین رۆژەوە ئاوەزەکان بەرەو دەمارگیری و توندرەوێیی دنە دەدات، ئێرە نیشتیمانی ئاڵایە ئاڵا، لە هەموو ئەو شوێنانەی کەرەستەی جوانی هەن قەڵەمی نەخشێنراوی ئاڵا هەیە بۆ سەر رووەمەت و لامل و نێوچەوان و قۆڵ و مەچەک تا بە یەکجار بۆ بۆنە جۆراو جۆرەکان نەخشەی ئاڵا بنەخشێنن، ئاڵا نیشتیمانە دایکە مرۆڤە هەموو پیرۆزییەکان ئاڵای وڵاتە، لەولایش هەریەکە و تەئویل و خوێندنەوەیەکی جیاوازی بۆ ئاڵا هەیە رەنگ پیرۆزترە لە ئاڵا، لێرە هەموو شتێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی لە خۆیان دێ و جوانە، لەو لایش هەمووشتێ قێزەون و ناشیرین مرۆڤ رکی لە خۆیشی دەبێتەوە...

لە دیمەنی شارا هەست بە جوانی و پاکی دەکەی، ستوونەکان، دیوارەکان، شۆستە و جامی دوکان و ترومبێل، پاک پاکن وەک ناخیان، بەو دیمەنانە مرۆڤ سەر سام و مەست دەبێت، هەست بە خۆشەویستی بۆ نیشتیمان دەکرێت، ئەو خۆشەویستییە لە تەرواوەوە بۆیان بەجێماوە، بە دیاری بۆ کەنار دەریای ئەم پایتەختەی دەبەن، لێرەوە لە دەریاوە دوو گیان دەبێت و رۆمانسیەت و جوانی و ئەوین لە دایک دەبن، لەو رۆمانسیەتەدا بۆ نەوە کە بۆیان ماتەوە ئەوین لە ئامێز دەنرێت، دڵۆپ دڵۆپ جوانی دوو جەستەی نمایشکراو بە سەر خاکی زێرینیان دەبارێنن.

سێیەم شەوی رەشخەوی بە کۆتا هات و سپێدەیەکی روون تیشکی خۆی بە گوڕەپانی بەردەم هۆڵەکەدا پەخش کرد، بە گوڕ و تینێکی دوای پشوو بڕیاریاندا بە دووی کۆمپانیای گواستنەوەکە بکەون هەتا بەرەو سنووریان بەرێت، هەستیار و بژار و زەریا و سورکێودەچنە باژێرەکە، لەوێ چاویان بە مدحەتی نوێنەری کۆمپانیا دەکەوێت، مدحەت پێشیان دەکەوێ و دەڵێ....

مدحەت : هەر ئێستا بچن کۆڵ و بارەکانتان بێنن لە پشتی چاوی پۆلیسەوە دەربازتان دەکەین و بەرەو سەر سنوورتان دەبەین.

بژار : مامۆستا هەستیار من دەچم بە هەموو دەڵێم با بکەونە رێ و بەرەو ئێرە بێن.

سورکێو : برا گیان بە خێزانی منیش بڵێ خۆیان ئامادە بکەن و کەرەستەکان بپێچێتەوە ئێستا بۆ خۆیشم دێم بە لایانەوە.
مدحەت : کەمێک دەستوبرد بکەن بۆ ئەوەی ئێوە پێش نیوەڕۆ بەرێ بکەین، پاش نیوەڕۆ ئۆتۆبوزێکی دیکە دەنێرین.
بژار : کەواتە ڕێگایان بەرداوە
محەمەد : کورە ئەوانە درۆ دەکەن هەر لە قسەیان داوەرێگا کوا گیراوە و مانگرتنی چی هیچ رووی نەداوە.
مدحەت : ئێستا بۆ خۆتان دەچن و رێگا و بانەکان دەبینن.
ئیتر هەموو گەڕانەوە بۆ تەرمینالی ژمارە یەکی بەندەرەکە کە هەموو لەوێ کۆ کرابوونەوە، بە پەلە کەوتنە خۆ هەندێک پێی وابوو مدحەت خۆی ون دەکات زۆر پەلەی دەکرد، دوو دوو و سێ سێ رێگایان گرتەبەر و هۆڵەکەیان بە جێهێشت، ئۆتۆبوزی ناو بەندەرەکە بە خۆڕایی کاری دەکرد هەمووی گواستنەوە، بۆ لای مدحەت، لەوێ هەر لە چاوەڕوانیدا بوو، هەر کە گەیشتن مدحەت پێشیان کەوت و لە ئاسنپەرژینی بەندەرەکە چووە دەرەوە بازاڕێکی ئاپۆڕا و جەنجاڵ بوو یەک دوو پێچی کرد و گەیشتە وێستگەی ترامەکە هەر یەکە بۆ خۆی پلیتی ترامی بڕی، سالار خێزانەکەی هاتووە و بۆ خۆی نادیارە سامانیشی لە گەڵدایە، هەموو سەرکەوتن ترامەکە لە رۆیشتندا بوو سامان و سالار لە دەرگای میترۆکەوە بە راکردن دەرکەوتن دیار بوو بە دیکرابوون بۆیە ترامەکە چاوەنوار بوو تا بە راکردن خۆیان پێدا کرد و سوار بوون و لە دوا چرکە گەیشتن. ترامەکە کەوتە رێ. مدحەت گوتی...
مدحەت : لە هەر کوێیەک من دابەزیم هەمووتان دوام بکەون و دابەزن بێ دەنگ و چرپە.
ترامەکە چەند وێستگەیەکی بڕی و گەیشتە سەنتەری شار، مدحەت دابەزی و ئەوانی تر بە دووی کەوتن، تا لە ناوجەرگەی شار و لە گۆڕەپانێکی تاکسی کە هاوکات چوار رێیانێکیش بوو جمەی دەهات و دەتگووت رۆژولحشر لێرە هەستاوە، چەند تاکسییەک بە دوای یەکەوە وەستا بوون، مدحەت هەر چوار چوار خەڵکی دەکردە تاکسی و شوێنەکەی بە شۆفێرەکان دەگووت و دەڕۆیشتن، دوا ترومبێل و تاکسی مدحەت و هەستیار و محەمەد بوون، سوار بوون و بە ناو بازاڕەکەدا رۆیشتن و رێی بەرەو خۆرئاوای شار دەبڕی مدحەت هەقی تاکسییەکەی دا، کات لە نیوەڕۆ ترازابوو بەرەو پاش نیوەڕۆ دەڕۆیشت، بیست خولەکێکیش بە تاکسی رۆیشتن، لە رۆژئاوای شارەوە گەراجێک ئۆتۆبوزەکەیان تیا حەشار دابوو، خەڵکەکە هەموو چوونە ژوورەوە بەڵێ هەمان ئەو ئۆتۆبوزانە بوون کە یەکەم شەو بەرەو تەرمینالی ژمارە یەکی بردن، سوار بوون و هەموو کەرەستەکان لە شوێنی خۆیان توند کران و ئۆتۆبوزەکە کەوتە رێ سەفەری دووری بەرەو سەر سنوور دەست پێکرد، ئۆتۆبوزەکەیش هەر رێی خۆرئاوای گرتە بەر زیاتر لە چوار کاتژمێر رێی کرد، لە سەر شارێگا نێودەوڵەتییەکە، تراکتۆرەکان ریزیان بە ستبوو، ئۆتۆبانەکەیان داخستبوو، محەمەد گوتی.....
محەمەد : کورە ئەوانە چیان کردیە، وەڵڵا راست دەکەن خەراپ رێیان گرتییە.
پۆلیسیش لە سەر رێگاکە بوو، شۆفێرەکە لە گەڵ یەکێک لەو پۆلیسانە دوا کە لە سەر رێی ترومبێلەکان بوو.
شۆفێرەکە : ئێمە ناتوانین لێرەوە دەرباز بین.
پۆلیس : دەتوانن بگەڕێنەوە و لە سەر یەکەمین پرد بچنە ئەو بەرەوە وبەرەو باشوور ملی رێگاکە بگرن دواتر دوو رێگاتان دێتە بەردەم، یەکەمیان بە دەستە چەپ بەرەو خۆر هەڵات دووەمیشیان بە دەستە راست بەرەو خۆرئاوا، ئێوە رێگای دووەم بگرن و بەردەوام دەبن.
شۆفێر : زۆر سوپاس ئەی ئەو رێگایە کێشەی نییە.
پۆلیس : بڕوا ناکەین رەنگە دەربچن.

زیاتر لە کاتژمێر و نیوێک بەو ڕێگادا ڕۆیشت و گەیشتەوە سەر ڕێگا نێودەوڵەتییەکە، کاتژمیرێکیش بەو ڕێگا دا ڕۆیشت، دیسانەوە ڕێگا گیرابوویەوە، بە هەمان شێوەیە ڕێیان نیشاندا و مەجرای ڕێگای گرتەوە، چەند جارێک ئۆتۆبوزەکە لە چێشتخانەکانی سەر ڕێگا وەستا و ئەو خەڵکە هەم پشوویان دەدا هەم برسێتیان دەبڕانەوە، لە سەر ئەو ڕێگا نێودەوڵەتی و ڕێیانەدا چەندین شار و شارۆچکەی جوان و قەشەنگ گڵۆپەکانیان دەبریسکانەوە و جوانێتی شاریان بە دەردەخست، یەکێک لەو جارانەی تووشی داخستنی شەقامە سەرەکییەکە بوون ڕێگایان بۆ کرایەوە و دەرباز بوون، کەسێک ئەو دیمەنی تراکتۆرانەی بدیبا وا دەفکرا کە ژیان و ئابووری وڵات تەنها کشاوەرزییە، کەچی وڵات کارەکانی نەوەستا و بە لاڕێشدا ڕێگا نێو دەوڵەتییەکان دەکەوتنە کار، دواجار کە لە ڕێگا نێو دەوڵەتییەکە دەرچوون، ترومبێلێکی پۆلیس پێشکەوت تەنها ئۆتۆبوزیش نەبوو، چەند دانەیەک کۆبوونەوە، ئەم ڕێگایەی تر تەسک و باریک و یەک ڕێ بوو، هەڵەت و سەختەن و پێچاوپێچی زۆر بوو، بگەیشتبانە هەر شارۆچکەیەک ترۆمبێلی پۆلیسەکە دەگەڕایەوە و ترومبێلی پۆلیسی شارۆچکە تازەکە پێشیان دەکەوت، تا گەیشتنە جێ بەم جۆرە بوو، چەند کاتژمێرێکیش بەو ڕێگاوە بوون، ڕۆشنایی سپێدە خۆی بە دەڤەرەکەدا کرد، هەموو ترومبێلەکانیش لە شوێنێک نزیک بوونەوە کە دەیان ترومبێلی دیکەی لێ وەستاوە و چاوەڕوانن نۆبەتیان بەر بکەوێت و بەرەو سنوور بڕۆن کە نیو کاتژمێرێک لێرەوە دوورە، ئۆتۆبوز هەبوو سێ شەو و ڕۆژ بوو وەستا بوون، لێرە خواردن و هەموو شت هەبوو، نانێکی سەرپێی بەیانی خورا، لەولاوە بژار بە هەڵەداوان هات و گوتی....

بژار : مامۆستا هەستیار لێرە بەو لاوە هەر کەس بۆ خۆیەتی پێمان باشە تۆ و زەریا و محەمەدیش پێی خۆش بێت لە گەڵ ئێمە وەرن لە پاسێک کە سێ ڕۆژە نۆبەتی گرتووە جێمانگرتووە، پاش نیو کاتژمێری دی بەرەو سنوور دەردەچێت.

هەستیار : زۆر چاکە کەواتە پێکەوە دەبین و دەڕۆین.

هەموو کەرەستەکانیان پێچایەوە و بژار و خەرمانی هاوسەری و هەر چوار مناڵ و هەستیار و محەمەد و زەریا بەرەو ئۆتۆبوزی تازە ڕۆیشتن و جێی خۆیان قایمکرد و ئەو نیو کاتژمێرە ناڕاست دەرچوو و بوو بە پاش نیوەڕۆ ئۆتۆبوزەکەیان دەرچوو و بەرەو سەر سنووری نزیک کەوتە ڕێ .......

( 26 )

دۆڵێکی گەورە و دۆراندۆری چیا و دۆڵ و هەڵەت و سەوزییەکی چڕ و دارستانی جوان شەقامەکانی ئیسفەلتکراو و ڕەنگڕێژ لە نێوان دوو زنجیرە چیاوە خۆ بە نێو دۆڵەکەدا دەکات، لای باکوورەوە چیاکان زۆر دوورن و سەری سپێتیان نیشانەی سەرما و بەستەڵەکی خۆی جاڕ دەدات، ناو دۆڵەکە چەندەها تەپۆڵکەی جۆراوجۆر بە سەوزی خۆی دیمەنی سروشتەکەی زیاتر ڕازاندۆتەوە، لای باکوورەوە هێڵێکی شەمەندەفەر هاتووە بەرەو باشوور و دۆڵەکەی بە سەر دوو دیو دابەشکردووە، بەر لە گەیشتن بە هێڵی شەمەندەفەرەکە شەقامە ئیسفەلتییەکە کۆتایی پێ دێت و دەبێتە ڕێگایەکی چەورڕێژ پاش کیلۆمەترێک ستوونێکی ڕێگری بۆ وریابوون لە هاتنی شەمەندەفەر دانراوە، ئەم ڕۆژانە بە هۆی ئەو شەپۆلی کۆچەوە ئەو ستوونە کراوە بە بازگەیەک و سەربازانی ئەو سەر سنوورە لە تەواوی ئەو ئۆتۆبوزانە و سەرنشینەکانی دڵنیا دەبنەوە ئاخۆ هەموو مۆڵەتی ڕێپێدراوی دوورگەی خۆیان پێیە تا لە سنوورەکە دەرباز بن، دوای وەرگرتنی دەربازبوون بە ستوونەکەدا ئۆتۆبوزەکان تێدەپەڕن و بە سەر هێڵی شەمەندەفەرەکە دەچنە ئەو بەر و لە پارکێکی تایبەت بە ترومبێلەکان ڕادەوەستن، سەد مەترێک بەلای باکوورەوە چەند

خێوەتێکی گەورەی ڕێکخراوی مرۆیی جیهانی هەڵدراون، هەر چادرێکی ئەو خێوەتگایە وێنەی دروشمی دوو دەست گیانی مرۆڤێک دەپارێزنی لە سەر وێناکراوە، لە ناو خێوەتگاکەدا بە زۆری کارمەندانی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیانە دەبینرێن کە بە چوست و چالاکی هاموشۆ دەکەن و لە هەواڵی تەندروستی تاکەکانیش دەپرسنەوە، کات سەعات و نیوێک بەر لە خۆرئاوایوونە، ئۆتۆبوزەکەی هەستیار و بژار و هاوەڵەکانی تێدا بوو، لە بەردەم دەرگای ئەو خێوەتگایە ڕاوەستا، هەموو هاتنە خوارەوە وکۆڵ و بار و جانتاکانیان لە ترومبێلەکە داگرت، لە تەنیشت ئۆتۆبوزەکەوە ڕاڕەوێکی ئاسنین دروست کرا بوو هەر کەسێک تازە بگەیشتبا دەبوایە لەو ئاسنینەڕێیەوە بڕوات، ئیدی هەموو پێداویستییەکیان پێدەدرا هەموو لە جێی تایبەت کرابوون و کەرەستەی پیاوان و ژنان بە جیابوون، هەر لە ناو ئەو ڕاڕەوە ژمار ( 496 ) بە خەڵکانی ئەم ئۆتۆبوزە درا، ئەمە گروپێک بوون ئەو ژمارەی پێدرا هەر گروپێکیش کەمتر لە بیست و چوار کاتژمێر لە خێوەتگاکەدا دەمایەوە و دواتر ڕەوانە دەکرا و دەنێردرایە ئەو دیوی سنوورەوە، بە واتا هەر کاتێک لەو بڵندگۆیانەی لە چادرگەکەوە هەڵواسراون گوێبیستی ئەو ژمارە بوون بەرەو خاڵی سەر سنوور و پەڕینەوە بکەونە ڕێ، جگە لە چەندین چادری گەورە دەیان چادری بچوک هەڵدرابوون، تەواوی پێداویستی مرۆڤ لەو خێوەتگایە بەدی دەکرا، خەرمانی هاوسەری بژار بە هۆی شکاوی قاچییەوە بەتایبەتی خزمەت دەکرا، ناو چادرە گەورەکان چوار ڕیز قەروێڵەی دوو چینی لێ دانرابوو هەر ڕیزێکیش بیست قەروێڵە بوو، لە تەنیشت دەرگای چادرەکانەوە بە دەیان شوێنی بەخشینی وزەی کارەبایی بۆ پاتری مۆبایلەکان هەبوو، هەر کەسێک مۆبایلەکەی بخستبایە بەر وزەی کارەبا دەبوایە بە دیارییەوە دابنیشێت نەبا بدزرێت، جا وا ڕێکدەکەوت یەکێک پاسەوانی دەمۆبایل یان پێنج بکات، چونکە نە جێی دانیشتن هەبوو نە نامۆ بوون بە یەک ئەو چەند کەسەی یەکێک پاسەوانی بۆ دەکردن، سەرەڕای ئەوەیش مۆبایل هەر دەدزرا.

شەو تاریک داهات نێوان چادرەکان وەک گوزەری کۆڵان و گەڕەک بوون ڕۆشناییان بۆ دانرا بوو، خەڵکی هاتوچۆی یەکتریان دەکرد، پزیشک و کارمەندەکان بەردەوام ڕاژەی خۆیان پێشکەش بە خەڵکەکە دەکرد، بە هەق کارێکی خێرخوازی و تەواو مرۆیی بوو، ڕیاییکردنی بۆ کەس تیا نەبوو، کات لە نزیکی یانزەی شەو بوو گروپی 496 هەموو نوستن بەڵام گەڕەلاوژەو غڵبەغڵبێکە ئەمەیش نابێتە ڕێگری نوستنیان ڕێک وەک ئەوە بوو، خەوت بێ سەرینت ناوێ برسیت بوو پێخۆرت ناوێ، بە تەواوی وابوو، کات یەکی شەو بوو، هەستیار بە ئاگا هاتەوە، سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد هەموو گروپ ماون بەڵام هەر یەکە و لە شوێنێک و لە چادرێکدا نوستوون، هەستیار و بژار وخێزانەکەی و منداڵەکانی و محەمەد و زەریا لە نزیک یەک نوستبوون، لە نێوەڕاستی چادرەکە کەسێک بە ئاگا بوو، هەستیار چووە لایەوە....

هەستیار : سڵاو، ئەرێ ئەرک نەبێت گروپی ژمارە چەند بەرێکەوتوون.

کابرای بە ئاگا : سڵاو لە خۆتانیش، ئێستا بانگێشتی گروپی ژمارە 459 کرا.

هەستیار : سوپاس کەواتە ئێمە زۆرمان ماوە.

کابرای بە ئاگا : بۆ ئێوە ژمارە چەنن.

هەستیار : 496.

کابرای بە ئاگا : هێشتان زۆرتان ماوە بڕۆ بە ئارەزووی خۆت بخەوە.

شەوانەیش خەڵکیان بەرێ دەکرد، لای سبەینان نەبێت، بۆ چەند کاتژمێرێک سنوورەکە دادەخرا، ئەمەیش مەترسی لای هەموو پەیدا کرد بوو نەبا ئەو داخستنە جارێکی دی نەکرێتەوە، هەستیار گەڕایەوە سەر جێگای خۆی تەخت تا سبەی لێی نووست، بە دەنگە دەنگ و هاواری بژار بە ئاگا هاتەوە......

بژار : کورە هەستن وەڵڵا بە جێماین گروپەکەمان ڕۆیشتووە هەر ئێمە ماوین، هەستن خۆتان کۆبکەونەوە دەی.

بە گورج وگۆڵی هەموو هەستان و خۆیان کۆکردەوە، هەستیار و بژار چوون بۆ لای بەرپرسی ئەم بوارە پێی ڕاگەیاندن بچنە یەکەمین چادری نزیک خاڵی سنوورەکە بۆ ئەوەی سنوور کرایەوە یەکەمین

کەس سنوور ببڕن، بە دەستوبردی نانەکەیان خوارد و بە هاوشانی هێڵی شەمەندەفەرەکە بەرەو سەر سنوور واتا بەرەو باکوور ڕۆیشتن، حەوت سەد مەترێک دوور بوو، لە چادرێکدا مانەوە بەڵام سارد سارد بوو هەندێ تەختە و دار لەو دەوروبەرە هەبوون ئاگرێکیان پێی کردەوە، دواتر کەسێک هات و پێی راگەیاندن کاتژمێر ( 10 ) دە سنوور دەکرێتەوە، پێنج خولەک بەر لە دە ئامادە بوون و و پێیان گوترا بەرەو چادرەکەی سەر سنوور بڕۆن.

سەربازە پاسەوانەکانی سنووری وڵاتی دیکە لەو دیو تەلبەندەکەوە هاوشێوەی وڵاتە دیکتاتۆرەکانی بلۆکی رۆژهەڵاتی خۆیان جەڕاندووە و زۆر بە دیسپلینێکی تەواوەوە ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن، پۆستاڵەکانیان زیاد لە ئاسایی بەرەو ژوور هەڵکشاون، ئەو سەربازانەی لە دوورەوە پاسەوانی دەکەن بە درێژایی تەلبەندەکە دێن و دەچن و چەکەکانیان بە سەر لاشانی چەپیاندا داناوەو لە گەڵ رۆیشتنیش قاچی چەپ بێ نوشتانەوە لە گەڵ دەستی راست دەهاون و پاشان لاقەکەی دیکەی دەهاوێت و سەری بەرز و تەماشای بەردەم و دووری خۆی دەکات، پەنجا هەنگاوێک دەڕوات و دەگاتە پاسەوانەکەی دیکە و دەگەڕێتەوە، ئەو سنوورەی بۆ دیاری کراوە زیاتر نەڕوات، لەولایشەوە تاهێڵی شەمەندەفەرەکە دەڕوات کە سیی هەنگاوێک دوور بوو، پشووی بدابا تەنها دەیتوانی بە راوەستانەوە پشوو بدات بۆی نەبوو دابنیشێت، لە خاڵی سنووریش ئەفسەر و سەربازەکانیان مرۆڤ سڵیان لێدەکاتەوە زەمەنی ملهوڕی عەسکەرتاریەت بە هزردا دێننەوە، هەستیار لە خۆڕا دەسڵەمییەوە لەو سەربازانە، ترس و دڵەڕاوکێیان دەخستە هەناوەوە، ناچاریشە هەر دەبێت بە زەوییەکەیاندا بڕوات، جورئەتیشی نەدەکرد ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی بە بژار و محەمەد و زەریا بڵێ، نەبا سەربازەکەی بە شتێکی دیکە تێبگەن و رەوشەکەی لێ تێکبچێت، لەم بیرکردنانەوە بوو گەیشتە بەردەم ئەفسەرەکە و مۆڵەتنامەکەی دوورگەی سامۆسی بە دەستەوە دا و دیقەتێکی وێنەکەی دا و رێی پێدا پێ بنێتە سەر خاکەکەیان، هەر لە ئەفسەرەکە دەرچوو بۆ ئەودیوی تەلبەندەکە رۆیشت و بەلای چەپەوە وەرگەڕا و کەمێک چاوەڕێی هاوڕێکانی کرد و ئینجا بەرەو لای هێڵی شەمەندەفەرەکە رۆیشتن و لە هێڵەکە پەڕینەوە رێگاکە ئینجا بەرەو لای راست وەر دەگەڕا، راستە ڕێیەکەیان گرت، لای دەستە چەپیانەوە بە پانتایی هەشت سەد مەتر و درێژی تا چاو بڕ بکات، رەز و باغ بوو، بەڵام بە شێوازێکی زۆر سەیر بوو، ستوونی کۆنکرێتی لە زەویەکە چەقبەستوو بوو، نێوان دوو دانە بۆ هەر دوو ئاراستەی گۆشەی نەوەت، مەتر و نیو لە یەکەوە دوور بوون، سەرەتا نەشارەزا وادەزانێت ئەمە ئی سەردەمی بلۆکی رۆژهەڵاتییە چونکێ لە ئاستی سەرەوەی هەموو ستونە کۆنکریتییەکە بە تەلی دڕکاوی تەیمان کرابوو، رێک وەک هێڵی بەرگری وڵاتانی سەر بە پەیمانی وارشو وابوو لە بەرامبەر وڵاتانی سەر بە هاوپەیمانی ناتۆ، رێک سنووری جیاکەرەوەی دوو ئاوەزی دوور لە یەک بوو، هەستیار وای مەزندە کرد ئەو تەیمانانە بە وزەی کارەباوە دەبەسترێن تاوەکو کەس نەتوانێ دزە بۆ وڵاتەکەیان بکات ناهەقی نەبوو وای دەفکری، چونکە چەند سەد مەترێک لەولاترەوە تانکە شڕ و رەنگ ژەنگاوییەکان لە نێو خەندق لە پشتی ئەو باغی رەزەوە لوولەی چەک و تۆپەکانی لە وڵاتی بەرامبەریان کردبوو، ئەمەیش وای لێدەکرد مەزندەکانی راستبووبن و نها زەمەنەکە گۆڕاوە بۆیە بە جۆرێکی دیکە نیشان دەدرێن، زۆری بیر لێ دەکردەوە خولیای بوو بزانێ بە دیدێکی رۆژنامەڤانەوە دەیڕوانی، لە بەرامبەریان چادرێکی گەورەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکە هەڵدرابوو، لە پێش ئەوەی بگاتە چادرەکە تەلبەندێکی دیکە بوو کە مرۆڤ دەچووە ئەو دیو تەلبەندەکە ئەفسەرێک و کۆمەڵە سەربازێکی دیکە راوەستابوون، هەرچەندە دەیانویست وا خۆ نیشان بدەن مرۆڤدۆستن و هاوکاری لێقەوماو دەکەن، وا نەبوون سیما و رووخساریان شەرانگێزی و رک و کینەی پێوە دیار بوو، مۆڵەتنامەکەی دایە دەست ئەفسەرەکە و رێی پێدراو خۆی کرد بە چادرە گەورەکەدا لەوێش پێداویستی باشیان پێدرا، لە خواردن و کەرەستەی دی، لەو دیوی چادرەکەوە حەوشەیەکی زۆر گەورە بوو هەموو خزمەتگوزارییەکی مرۆیی تێدا بوو، ئیدی هەموو ڕژانە حەوشەکەوە لە نزیک هێڵی شەمەندەفەرەکە دوو چادری گەورە هەبوون تایبەت بە پشوو و حەوانەوە بوون، شوێنی بەخشینی وزەی پاتری مۆبایلیشی بۆ کرابوو، گەرمیشی تێدا

بوو، لە نێوان هەردوو چادرەکە ڕاڕەوێکی پان بوو بە ئاسن پەرژین و بەر تەسککرابۆوە بۆ ڕۆیشتن بەرەو ژوورێک کە شوێنی فرۆشتنی پلیتی شەمەندەفەر بوو، لە تەلبەندی تەنیشتی ئەم خێوەتگایە هەمان باغی ڕەز هەبوو، دوایی تێفکرا دەشێ ئەم تەلە دڕکاویانە بۆ گیربوونی بەروبوومی ڕەزەکە بێت تا مرۆ بە سانایی بەرهەمەکە بڕنێتەوە، جار جاریش دەیگوت نەخێر وایش نییە...

کات گەیشتە دوای نیوەڕۆ و هەر لەوێ ئەو ڕێکخراوە جیهانییە نانی دەبەخشییەوە و چێشتیش بە شێوازی خۆیان هەبوو، شەمەندەفەرەکە کاتژمێر سێ لێرەوە دەکەوێتە ڕێ، هێشتان نەهاتووە چاوەکانی لە چاوەنواڕین، سەربازەکان جوڵەیان تێکەوتبوو، دیاربوو شەمەندەفەرەکە لە نزیک بوونەوە بوو، هەموو خەڵکەکەیان کۆ کردەوە ئەفسەر و سەربازەکان بە زمانێکی پیسی جنێو ئاسا مامەڵەیان لە گەڵ خەڵکەکە دەکرد و پاڵیان پێوە دەنان و تووڕە دەبوون، ڕەفتارێکی ناشیرین بوو، بە چەند ریزێک ئەو خەڵکەیان ڕاگرت دواتر بە مەیلی خۆیان هەر ریزێکیان بویستبا بەڕێیان دەکرد، هەر یەکە و نۆبەتی بهاتبا بە ڕاڕەوە ئاسنینەکەدا دەڕۆیشت و لە پەنجەرەی پلیتەکەوە بیست و چوار یۆرۆی دەدا و پلیتی شەمەندەفەرەکەی پێدەدرا و بەرەو ناو شەمەندەفەرەکە بەرێ دەکرا، ئەوێ وێستگەی شەمەندەفەر نەبوو بۆیە سەکۆی نەبوو و پێپلیکانەکەیش بەرز بوو، هەموو سەرکەوتن و بژار بە هۆی قاچ شکاوی خەرمانی هاوسەرییەوە جێی دانیشتنی بۆ هەموو گرتبوو دانیشتن و ماوەیەک تێپەڕی و ، چک ... چک.....چک... شەمەندەفەرەکە کەوتە ڕێ بژار هاواری لێ بەرز بووەوە....

بژار : ئەرێ وەڵڵا نەجاتمان بوو..........

( 27 )

هەستیار : ئیتر ئەوە ژیانە و وایە، ڕێگای خۆشەویستی گوڵڕێژ نەکراوە، ئەو ڕێگا بە تەلی دڕکاوی و پارچە شوشەی شکاو و بزمارڕێژ تەنراوە، گەرەکە مرۆڤ سەرەتا پێیەکانی زامدار بێت و خوێن چۆڕاوگەی بێت بۆ ئەوەی سبەینێ دڵەکان بریندار نەکرێن و تووشاری خوێنبەربوون بن، ژانی ئیمڕۆ لە بیر دەکرێن ئازاری سبەی مەحاڵە، ئەو ئازارەی زام و برین و ئەزیەتی ئیمڕۆ گیانەڵای هاوێر بوونی دەبێ و جواناوێ دەردەدات ودەیخولقێنی.

لە ناو شەمەندەفەرەکە هەستیار سەرگوزشتە و یادەوەری و قسە و باسیان بۆ دەگێڕێتەوە تاوەکو متمانەی زێتر بە خۆیان بکەن و بڕوایان لە دڵەوە بە کاروانەکەیان خۆش بێت و لێی پاشگەز نەبنەوە، بەردەوام لە سەری دەڕوا...

هەستیار : هەمیشە وامگوتووە لە ڕێگا و لە ئوچ مەسیفیش گوتوومە، ئازاری ئیمڕۆ پێکەنینی سبەینێ دروست دەکات، دیقەت بدەن بەم شەوە تاریک و باراناوییە دیمەنی ئەو شار و شارۆچکانە چەند جوانن یا ئەوانەی پێیدا تێپەڕین، لای ئێوە گەلێک جوانە بەڵام ئەمانە جوان نین، ئێرە هەروەک لای خۆمانن، هەر ئەم وڵاتانەیش بوون کاتی خۆی بە ناوی شۆڕشگێڕییەوە دەسەڵاتدارانی لای خۆمانیان فریودا و بۆگەنکرد، سەرمەشقی دیکتاتۆران بوون، هەمان ڕۆحی دیکتاتۆریانەیان بۆ ڕەوانە کردین، ئێوە لە سەر سنوور ئەو تانکانەتان دیت ئەوە دەلالەتی ڕۆحی شەڕانگیزییە، ئەوانە متمانەیان بە خۆ نییە لە ناخی خۆیانەوە دەڕواننە دراوسێ، با بگەینە وڵاتی ژیان دەبینن سنوورەکان چۆن لە پێناو ژیان و مرۆڤایەتی ودڵپاکی خۆیاندا چەند واڵایە، ئەو بەستەڵەکەی کۆن ئێستایش لەم وڵاتە بە تەواوی نەتواوەتەوە.

بژار : وەڵڵڕ ئێوە زۆرتان دیوە شارەزان، باشتر لە ڕەوشەکە گەیشتوون.

زەریا : بە خوا مامۆستا زیرەکیشە، زۆری خوێندووە ئەوە بە گاڵتە بەرهەم نایەت.

هەستیار : سوپاس ئەوە هەستی خۆتانە، مرۆڤ پێویستە کاری سەرکێشی و زەحمەتی بە ئەنجام بگەیەنێت بۆ ئەوەی لە سایەی سێبەرەکەیدا لەزەت لە ساتە شیرینەکانی ژیان ببینێت، هەموویش دەمرین بێ ئەوەی بە موراد بگەین، دیتتان کچ و ژنی ژێوار چەند پەلەیان بوو، ئاقیبەت تیاچوون و ڕۆحی خوا لە دەریاکەدا بۆ لای خۆی بردەوە، لە کۆن وابوو ژیان ململانێی کێشمەکێشە لە پێناو مانەوە و باڵا دەستی، ئێستا ململانێکان لە نێوان ژیاندا هەیە لە پێناو ئازادی و یەکسانی و نان، ئەم هەنگاوانەی ئێمە هەڵماننناوە بۆ وەدەست هێنانی ئەو سێ ماهیەتەیە، پێی دەگەین و ئاسوودەیش دەبین.
محەمەد : مامۆستا لە وڵاتی مە لۆ وا دەکەن بەو خەڵکەی.
هەستیار : زۆربەی وڵاتانی دونیایش هەروا بووە، وەلێ ئاقڵمەند و بیرژیری تیا هەڵکەوتوون و ڕێ نیشاندەر بوون، نەخشە ڕێگای دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربازی و کەڵچەڕی و ....تاد، بۆ دارشت و ئینتیما و خۆشەویستی خۆیشیان بۆ وڵات و یاسا نەدۆراند لێ ئینتیمای ئایدیۆلۆژیان نەبوو، بیرمەندە ناژیرەکانی ئێمە سەر پێچی یاسا بە ڕاستکردنەوە و نەخشە ڕێگا دەزانن و تا بینە قاقایشیان خاوەن ئایدیۆلۆژێکی دیاریکراون، کەچی بۆ خۆیشیان لە ئاست یاسای ئەو وڵاتانەی بۆی دەچین ملیان لە موو باریکترە هێندە موتیعە.
زەریا : مامۆستا ئەو کۆمەڵگەی خۆمان چۆن ڕاستە ڕێی خۆی دەدۆزێتەوە و خۆی دەگرێت.
هەستیار : ئێمە هێشتان زۆری زۆرمان ماوە ، خۆمان خۆڵ بە سەر خۆمان دەکەین، تا ئێستا بوونی خۆمان ونکردووە و نەماندۆزیوەتەوە، بانگەشەی ژیانێک دەکەین ماڵوێرانی بۆ خۆمان بە دوادا دێت، دەسەڵاتدارانیش ئەو دەرفەتەیان ڕەخساندووە گەورە و بەهێزەکان بچوک و لاوازەکان قووت بدات، لەو وڵاتەی ئێمە خەڵکی مام ناوەند نین یا دەوڵەمەندن یانیش هەژار و دەربەدەر، وەک ئەوەیە من بڵێم دونیا ڕەش و سپییە و جێگای هیچ ڕەنگێکی تیا نابێتەوە، کەچی ئەو هەموو ڕەنگە جوانەیش هەیە، ئێمە وا دەڕۆین ئێوەیش بۆ خۆتان دونیاکە دەبینن. کات دەی شەوی تێپەڕاند و شەمەندەفەرەکە نەگەیشت، بۆیە زەریا گوتی...
زەریا : ئەوە چ بوو مامۆستا هەر نەگەیشتین.
هەستیار : ئەم وڵاتە وەک لای خۆمان وایە، ئێمەیان وەک مرۆڤ دیقەت نەداوە ڕەنگە بە ئاژەڵمان تێگەیشتبن، سەیری بکەن بزانە چۆن ئەم هەموو خەڵکەیان بە سەر یەکەوە شێلاوە، بە بارتەقای دوو فارگونی تر خەڵک لە ناوکارەکان نوستن و دانیشتوون، دەکرا دوو فارگۆنی تریان پێوە گرێ بدابا، یان دیقەتی فارگۆنەکان بدەن چەند پیس و ژەنگاوین وەک ناخی خۆیان وایە، ئەوە ڕەنگدانەوەی ناخیانە، جگە لە ناخیان ئەقڵیشیان ژەنگاوییە، لە هەمووی داختر ئەوەیە زۆربەی ڕۆشنبیرانی لای خۆمان بە بیرو تیفکرینی ئەم ڕەوتە سەرسامن و لاساییکەرەوەیانن.
شەمەندەفەرەکە هێدی هێدی لە تیژڕەوییەکەی خاو بۆوە، ئەوەیش دوا خاڵی سەر سنووری وڵاتەکەیانە دەرباز دەبن بەرەو وڵاتێکی دی، نێوان هێڵی شەمەندەفەرەکە گلۆپی سووری لێ دانرابوو، بۆ ئەوەی ڕاوەستن و هەموو لەو خاڵە بێنە خوارەوە، تەواو خاوی کردەوە جموجۆڵێکی سەیریش سەرنشینانی شەمەندەفەرەکەی گرتەوە، جانتا و کۆڵ و باریان ئامادەکرد بە مەبەستی چوونە خوارەوە، هەستیار و هاوڕێکانی پێکەوە دابەزین بۆ ئەوەی لە یەک دانەبڕێن، ڕێکخراوە خێرخوازە نێودەوڵەتییەکە لێرەیش بوونیان هەبوو، چادری گەورەیان هەڵدابوو، کەلوپەل و خواردنیان دابەش دەکرد، هەر یەکە و شتێکی بۆ خۆی وەر دەگرت، خەرمانی خێزانی بژار بە ئەمبولانس گواستیانەوە، ئەو خەڵکەی ناتەواو و نەخۆش با بە ترومبێل دەیانگەیاندە وڵاتەکەی دی، دوای پشوویەکی کورت ئاگادار کرانەوە کە دەبێت ئەو وڵاتە جێبهێڵن و بە پێ ڕووەو وڵاتەکەی دیکە بکەونە ڕێ لەوێوە دوو کیلۆمەتر دوور بوو، ڕێگایەکی خۆش بوو تەنها لە هەڵەتێک چوونە خوارەوە و سەرکەوتن کەمێک ناخۆش بوو ئێتر ئەو دوایی ڕێگاکە خۆش بوو، نزیکەی نیوکاتژمێرێک بە پێ ڕۆیشتن گەیشتنە کۆمەڵە مینیبوزێک و خاڵی پشکنین و پۆلیسی وڵاتی تر، کەرەستەکانیان بە وردی دەپشکنی ئەو کاتە دەچوونە ناو تەلبەندێکەوە کە ڕێکخراوە مرۆڤدۆستە

جیهانییەکان بە هەمان شێوە پێشوازیان دەکردن و پێداویستیان پێ دەدان و لە کۆتایی ئەو حەوشە تەلبەند کراوە ڕێگایەک هەبوو بەلای دەستەراستدا و چەند مەتر لەولاتر لە تەنیشت تەلبەندەکەوە ڕێگایەکی دیکە هەبوو بەلای راستەوە و گەڕانەوە بۆ هەمان خاڵی تەنیشت پشکنینەکە بۆ سوار بوونی مینی بوزەکان، گەیشتن و لە چاوەنواڕی سەرکەوتن بوون، لەم کاتەدا هێمن پێیان گەیشتەوە و یەکیان گرتەوە هێمن و خێزانی و دوومناڵی و بژار و خێزانی و چوار مناڵی و محەمەد و زەریا و هەستیار دووانی نامۆیش لە پێشەوە لای شۆفێرەکە سەرکەوتن، کات لە دەوروبەری دوانزەی شەو دەبوو کاکی شۆفێر کەیفساز و پڕ شەوق بوو، گۆرانییەکی خۆشی بە شادی لە سیدی ترومبێلەوە پەخش دەکرد و بۆ خۆیشی لە ژێر لێوەوە دەیگوتەوە، بژار هەستی کرد ئەمە لە ئاوازێکی وڵاتی خۆیان دەچێت، بۆیە گوتی...
بژار : ئەم گۆرانییە ئاوازێکی لای خۆمانە و زۆریشم گوێ لێبووە.
هەستیار : جانازانم ئێمە لە ئەمانمان وەرگرتووە یان ئەوان لە ئێمەیان وەرگرتووە.
هێمن : برا گیان هەرگیز وا هەست ناکەم ئەوان لە ئێمەیان وەرگرتبێت، چونکی من تەنها زمانەکەی خۆمان دەزانم ئەویش کەس کاری پێناکات و نایناسێت.
بژار : وەڵلا عەیبە عەیب بۆ وا دەڵێی، هەموو کەس شانازی بە زمانی خۆیەوە دەکات، تۆ بۆ وا دەڵێی.
هێمن : کاکی برا من لەوەتەی هاتووم کەڕ و لاڵم نە تێدەگەم نە دەتوانم قسان بکەم، تەنها لە گەڵ ئێوە ئەگەر قسە بکەم، ئێوەیش ئەوە ماوەی دوو ڕۆژە بە هۆی ڕێگاو بان و ئاپۆڕاوە لە یەک دابڕاوین.
زەریا : ئەمنیش وام بەس نییە پێکەوەین و قسان دەکەین دەنا چ دەبوو.
هێمن : وایە ڕاست دەکات .
مینیبوزەکە بە شەقامە گلڕێژەکەدا تیژڕەو بوو بەر لە گەیشتن بە یەکەمین شاردێی وڵاتی تازە دوای یۆگسلافیای کۆن شەقامەکە بووە ئیسفەلتی بەلای چەپدا گوزەرێک بوو ڕۆیشت و لە ناو بازاری شارەدێکە راوەستا کە هەموو دوکان و کۆگا و فرۆشگەکانی بە هۆی درەنگی شەوەوە داخرابوون جگە لە کافێ یەک نەبێت، سەرنشینەکان دابەزین و ترومبێلی گەورەیان بۆ ئامادە کرابوو، چەند ئۆتۆبوزێک لەوێ وەستا بوون، هەموو سەرکەوتن و پاش ئەوەی جێی کەسی تیا نەمایەوە کەوتە ڕێ بەرەو شارۆچکەیەک کە وێستگە و خاڵی سەرەکی سەر سنووری وڵاتی نوێ بوو، لە بەردەم بنکە کە ئۆتۆبوزەکەی ڕاگرت.
تێکڕا هەموو ماندوو جەستەیەکی شەکەت و بێزار و وەڕس لە خود، سەفەرێکی دوور و درێژ کەمترین تاک بیست ڕۆژە لە ڕێگاوبان و نائارامە، سەخت و دژوار کەسێک ناچار نەبێت ئەم ڕێگا سەختە ناگرێتە بەر بۆ ژیانێکی جوان و بەختەوەر، ئەو خانەوادانە ماندووتر بوون هێزیان تێدا نەمابوو ئارامیان لە بەر بڕا بوو، دایک و باوکەکان زەحمەتبوونێکی زۆریان بە مناڵەکانەوە چەشتبوو بۆیە ئیدی لە توانا و وزەیان نەما تووشاری دەمارگیری و هەڵچوون دەبوون، کە مناڵێک دەگریا بۆ دەربڕینی ئازارەکانی یان برسێتی دایک و باوکەکە بە تووڕەیی و دەنگی بەرزەوە بە گژیاندا دەچوونەوە هەردووک ناهەقیان نەبوو، هەر بۆیەش لە هەر جێگایەک ئاڵوگۆڕی هۆکاری گواستنەوەبایە یان پشوودان کارمەندانی ڕێکخراوە خێرخوازەکان یاخود پۆلیس هەبان هاوکاری خانەوادەکانیان دەکرد، وەلێ هێشتان هەر داهێزراو بوون.
ئەم بنکە و خاڵی پشکنینەیش بێزارکەر بوو زیاتر لە سێ کاتژمێر خەڵکەکەیان بۆ پرسیارلێکردن و دڵنیا بوون لە مۆڵەتنامەکانیان و پشکنینی کۆڵ و بارەکانیان ڕاگرت، دوا قۆناغیش دەگەیشتنە گۆڕەپانی بنکەکە کە لە رووکاری پشتەوە بوو، دوو شوێنی تیابوو یەکەمیان مینی مارکێتێک بوو ئەوی تریش نوسینگەیەکی بچوکی ئاڵوگۆڕی دراو بوو، ئەم نوسینگە بە سەر دوو بەش دابەشکرابوو، بەشێکیان گۆڕینەوەی دراو بوو بۆ پارەی ئەم وڵاتەکە هەر یەکیًکیش پارەکەی ئاڵوگۆڕ دەکرد لە بەشی دووەم پلیتی ئۆتۆبوزی بۆ سەر سنووری وڵاتی دیکە دەبڕی، هەموو ئەو کارانە ئەنجام دەدراو دواتر لە ڕێگای دووەمەوە کە لە پشتەوە بەرەو هەمان شوێنی دابەزینیان کرابۆوە دەهاتنەوە دوای نیشاندانی پلیتەکانیان بۆ ئۆتۆبوزەکان سەردەکەوتن، تەواو لە ناوەوە جێ نەما شۆفێرەکە دەرگاکانی داخست و بەرێکەوت، تا

گەیشتە ئۆتۆبانەکە لەوێوە دیمەنە ڕەنگینەکانی ئەم وڵاتەیش هاتنە بەر دیدەکانیان تەنها باڵابوونی ئۆتۆبانەکە دەبینرا شەو تاریک بوو، ڕێگاو بانێکی دڵگیر و بێ زەحمەتی بوو، ماوەیەکی باش ڕۆیشت، لە ریستۆرانتێک راوەستا هەم ریستورانت و هەمیش بانزینخانەبوو، زۆربەیان دابەزین شەونانێکیان خوارد، ڕەشەبایەکی بەهێز و سەرمایەکی بەتینی هەبوو، خەڵکی وڵاتەکە بە ئاسایی دەروژووری ریستۆرانتەکەیان دەکرد، ئەوانی دیکە لە ناو ریستۆرانتەکەیش سەرمایان بوو، بانزینخانەکەی تەنیشت زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش بوو، بانزینخانە و مینی مارکێتێک و ریستورانتەکە بە شێوازێکی جوان ئاوێتەی یەکدی ببوون، هێشتا تاریکی نەڕەوییبۆوە، ئۆتۆبوزەکە کەوتەوە ڕێ لە ئۆتۆبانەکە درێژەی بە ڕێگاکەیدا، دەمە و سپێدەیەکی زوو گەیشتە دەڤەرێک کە جێی حەوانەوەی ئەو کەسانە بوو ئەم کاروانەیان گرتۆتە بەر، هەر کە ئۆتۆبوزەکە لەم شوێنە وەستا ژمارەیەکیان پێدا و لە شوشە و جامی پێشەوە ترومبێلەکە درا، بەیانی و نیوەڕۆ نانیان لەوێ بۆ ئامادەکرابوو، تەلارێکی گەورەو دڵگیری لێ بوو، لێرەیش پێڵاو و کەرەستەی پێویست دابەش دەکرا، زیاتر پێڵاوەکانیان نوێ و باش بوو، تەلارەکە هۆڵێکی گەورەی تیا بوو، هەموو خزمەتگوزارییەکی تێدا فەراهەمکرابوو، هۆڵێکی گەورەی پڕ لە مێز و کورسی بۆ پشوودان و نان خواردن لە تەنیشتەوە لە حەوشەکەدا خێوەتێک هەبوو بۆ چایی و شیر و قاوە و خواردنەوە، ئەو خەڵکە تا پاش نیوەڕوانێکی درەنگ لەوێ مانەوە کۆی ئۆتۆبوزەکان بیست دانەیەک دەبوون، هەر یەکە و بە نۆبەتی خۆی دوای کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ کەوتنە ڕێ، لەوێوە بەرەو وێستگەی شەمەندەفەر بران تاوەکو لە ڕێگەیەوە بیانگەیەننە وڵاتەکەی تر.

تاک تاک ترومبێلەکان بە پێی ریزبەندی ژمارەکانیان کەوتنە جوڵە و بزاوتن، نیو کاتژمێرێک ڕۆیشتن شارۆچکەیەکی خۆش و ڕەنگین و دلفرێن پێشوازی کردن، شەقام و گوزەر و کۆڵانەکانی لە گەرەکە میللییەکانی وڵاتی هەستیار و هاوەڵەکانی دەچێت، بۆیە دڵیان پێ دەکرایەوە، وێستگەی شەمەندەفەرەکە دەکەوتە بەرامبەر ریزە ماڵێک خانوەکانیان لە هەمان خشتی وڵاتەکەیان بوو چاوەکانی هەر لە سەر دیمەنی خانووەکان بوو، ئۆتۆبوزەکانیش هەریەک سەرنشینی خۆی دادەگرت و دەڕۆیشت و خەڵکەکەیش دەچوونە نێو شەمەندەفەرەوە، بەڵام دوای دابەشکردنی خاولی و فانیلە و کەرەستەی سەرەتایی بە هەر یەکێک لەو خەڵکە، هەستیاریش هەمیشە بە هۆی بژار و خێزانییەوە شوێنی حەوانەوەی لە شەمەندەفەرەکاندا باش و ڕێکو پێک بوو، کەچی خەڵکی دیکە وەک ناوکاری دیواری کۆن لە ڕاڕەوەکان دەنوستن و دادەنیشتن، کەمتر لە سێ کاتژمێر شەمەندەفەرەکە ڕێی کرد و گەیشتە وڵاتێکی دیکە و لە بەر باران بەرەو بن چادرێکی قوڕ و چڵپاو بەرێکەوتن بۆ جارێکی دیکە پشکنین و پەنجەمۆر و ریزگرتن لە ژێر ئەو چادرە کە دڵۆپەی دەکرد و دەبایە مرۆڤ خۆی لە دڵۆپە ئاوەکان بپارێزایە، دیسانەوە شەمەندەفەر سەرکەوتنەوە و کەوتەوە ڕێ بەرەو وڵاتێکی دوورتر لە وڵاتی تەنیشت.

ئیدی ئەوە سەفەری ڕێی سەخت و هات و نەهاتە نها لە وڵاتە یاساییەکاندا ڕێ و ڕەسمی یاسایی بەڕێوە دەچێت لێپرسینەوە و بە دواداچوون، پشکنینی ورد و پەنجەمۆر و دڵنیا بوون لە تاک، چۆن پێشوازی دەکرێن و چۆن بەرێ دەکرێن هاوشێوەی فرۆکەخانەکان لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێک لەو حەشاماتەیان پرسیوەتەوە، پەلە بوون و هەڵەشەیی لە کاریاندا نابیندرێت، ئەو هەمووە دان بە خۆدا دەگرن مەبەستیان گەیشتن و رزگار بوونە، گەیشتن بە ئارامی، کاروانی ڕێگا جەنجاڵ لە ئۆتۆبوزەکاندا دەحەوانەوە دەنا لە شەمەندەفەرەکان جێی ناخۆش و بێزار کەر، پڕ ئازار و مەینەت کێشمەکێشم و پێشبڕکێکردن بۆ باشترین شوێنی دانیشتن، ڕاڕەوی شەمەندەفەرەکان جمەی دەهات جگە لەو سەرمایەی تووشی دەبوون، هەبوون لەو ڕاڕەوانە دەنوستن هاوشێوەی دیلەکانی جەنگی دووەمی جیهانی بە دەردەکەوتن کەناڵە میدیاییەکان وێنایان دەگرتن و راپۆرتیان لە بارەوە دەکرد، جارجار دیمانەی کەسێکی بێزار بوویان دەکرد، تاوەکوو رووی ڕاستی ڕێگاکە نیشانی بینەر بدات، نەمازە ئەو شوێنانەی قوڕ و چڵپاو و باران حەوسەڵەی لە خەڵکەکە بڕی بوو، بە لێشاو ئەو خەڵکە لە سۆراغی ژیان بوون، ئاخۆ ژیان لە کوێ خۆی لە ئامێزیان دەنێت، وڵاتێ ، ڕێکخراوێ، کەسێ قایل نییە داڵدەیان بدات، ئەوان ئەگەر

خۆیان ئابووریان داتەپی بێت چۆن باوەش بۆ خەڵکی دەگرنەوە، ژیان لە مەملەکەتی ژن بە پانتایی ئاسۆی روونەوە ئاوەڵایە، تا بژین بۆ ژیان بۆ دوور کەوتنەوە لە بارووت و بۆمب و ترس و تۆقاندن و تیرۆر و هەڕەشە و ڕفاندن و خنکاندن و تۆڵە کردنەوە و برسی کردن..........
*******************

بەر لە دوا وێستگە دوا وڵاتی بلۆکی رۆژهەلاتی بوو، ناو دۆڵێکی قوولڕ قوولڕ بوو شەمەندەفەرەکە خۆی پێدا کرد، دەوراندۆر چیای سەخت و سەرکەش بوون، سەوز و جوان و رازاوە، بە ئاسمانەوە کۆپتەرێک دەبینرا، زۆر جورئەتی نەبوو سنووری ئاسمانی وڵاتەکەی خۆی ببەزێنێت لەو دیو سنوورەوە دیقەتیان دەدا، تا دەهات شەمەندەفەرەکە تیژڕەوی هێور دەکردەوە تاوەکو لە دوا خاڵی سنوور وەستا، بە تەنیشت هێڵی شەمەندەفەرەکەوە شەقامێکی سەرەکی بوو، کۆمەڵە خەڵکێک لە سەر شەقامە سەرەکییەکە وەستا بوون، لە بەرپرسانی شارۆچکەکە و ئەو کەمپی رێکخراوە نێو دەوڵەتییە بوو کە تا پشتی نیوەڕۆ پشووی تیا دەدەن و بەرەو وڵاتی ئاوەدانی رۆژئاوای کیشوەری کەسک دەپەڕنەوە، بە مەبەستی پێشوازی کردن بوو لەو خەڵکە، رێی شەقامە سەرەکییەکەیان داخستبوو ئاپۆرای ترومبێل ریزی بەستبوو، هێڵی شەمەندەفەرەکە دەمەترێک بەرزتر بوو لە شەقامەکە، کامێرا و پەیامنێری کەناڵەکان سەرکەوتبوونە سەرەوە بۆ نزیک هێڵەکە، ئەو خەڵکە دادەبەزین و ئەوانیش چرکاندنی وێنەی فۆتۆگراف و ڤیدیۆیی بەردەوام بوو ناوبەناو پرسیاریان لە خەڵکەکە دەکرد، راڕەوێکی دابەزین هەبوو خەڵکەکە لێی دابەزین و گەیشتنە سەر شەقامە سەرەکیەکە، بۆ یەکەمجار لێرەو بە سەر دوو کۆمەڵە زمان خەڵکەکە دابەشکران، دواجار تەنها مەبەست لە دابەشکردن کەمکردنەوەی ئاپۆڕا بوو، دواتر لە خێوەتگەکەی کە تەنها ئاسمانی لێوە دیار لە نێو ئەو دۆڵە جوانەدا تێکەڵ بە یەک بوونەوە، دیسانەوە پشوویان وەرگرت و نانی نیوەڕۆژە ئامادە کرابوو خوردرا و کەمپێک بوو مینی مارکێتێک و تەواوی پێداویستی دیکە لە لایەن ئەو رێکخراوە جیهانییەوە ئامادەکرا بوون، لە پاش نیوەڕۆ بە پێ بە یاوەری بەرپرسانی ئەم وڵاتە و رێکخراوەکان خەڵکەکە بەرەو وڵاتە تازەکە بەرێ کەوتن، لەم وڵاتە تازەیە بۆ مرۆڤ ئاسایی بوو داوای مانەوە بکات، هەر کەسێک کە دەچووە نێو وڵاتەکەوە بە جۆرێکی دیکە بوو، پرسیارکردن بوو هاوشێوەی ئەوەی مەیلی مانەوەی هەبێت لە گەڵ ئەو خەڵکە خۆیان ماندوو دەکرد، پێشوازییەکی گەرمیان لێ دەکردن لە رووی دەروونییەوە خەڵکەکە هەستیان دەکرد وا دەبوژێنەوە ئیتر تەواو ئەمە دەکرێ دوا وڵات بێ یان بەردەوامی بێت بە زۆری بڕیاری بەردەوامی بە کاروانەکەیاندا، کاتێک هەستیار وەک پیشەکەی خۆی ناساند رێزیان لێنا بەتایبەت و لە گەڵ کەسێکی دیکە بەرەو ئۆتۆبوز و ترومبێلی سەفەرکردن بەرەو دوا وڵات بەرێکرا، لەم کاتانەدا جارێکی تر کۆپتەرەکە گەڕایەوە ئاسمان و ماوەیەکی زۆر مایەوە وەک ئەوەی پێشوازی و بە خێرهێنانی ئەو خەڵکە بکات، ئەوانیش بەرەو ئەو ئۆتۆبوزانە بەرێکران کە ئامادەکرا بوو، وڵاتێکی سارد و پڕ بەفر دیمەنەکان قەشەنگ و رازاوە، ئۆتۆبانی بێ وێنە کە پێشتر نەبینرابوو، ترومبێلی تایبەت بەفری سەر ئۆتۆبانەکەی دەڕەوانەوە، سێ کاتژمێر لە نێو ترومبێلەکان بوون و لە دوا وڵات پێشوازی کران و پرسیار و وەڵام کرا و دواتر هەر کۆمەڵە و هەر کەسە و بەرەو لایەک نێردرا، لێرە بژار لە هەستیار جیابۆوە، محەمەد و زیادیش هەر یەکە و بەرە و لایەک رۆیشتن، هێمن لە کاروانەکە دابڕاو بەرەو لایەکی دی نێردرا، هەستیاریش بە تەها بەرەو شارۆچکەیەک بەرێ کرا و لە ناو ئۆتۆبوزەکەوە دیقەتی وڵاتی دەدا کە دەبێتە وڵاتی خۆی و جێ مەسکەن و دوا شوێنی ئارامگرتنی.........

)دوماهی(
سەفەر و ماندووبوون و شەکەتی ڕێگاوبان و کۆڵ بەکۆڵی بەرەو فەنابوون چوون، خۆر تیشکی خۆی لە ئاسۆی دەمکەلەوە بە نێو بەفردا پەخش دەکات، نەوەی نوێ وەک ئەو بەفرە ناخیان سپێ و بێگەرد دەبێت ئەوی لێرە هاوێر دەبێ و لێرەوە بست بە بست باڵا دەکات، خولیا و حەزەکان بە کۆتا نایەن، هیوا و مەیل و ئاواتەکان لێرەوە بۆ جوانی ژیان گەورە دەبن، ئێرە نیشتیمانی ئۆقرە بوون و ئولفەتی مناڵان و نەوەی دادێیە، ئێرە وڵاتی بەفر و بارانە، وڵاتی هەور و سێبەری ئەویندارانە، وڵاتی سەوز و چڕی لێرەوار و دارستانە، وڵاتی ئارام و داڵدەدانی بێدارانە، وڵاتی ئێشق و خۆشەویستییە، وڵاتی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتییە، وڵاتی خەڵک بۆ خەڵکە، وڵاتی پەرچەمە، وڵاتی بڵندگۆی ئازادی و خەمخۆری چەوساوەکانە، وڵاتی قەڵەم و بیر و نوسینە، وڵاتی فیکر و مەعریفەیە، وڵاتی بیرمەند و ئاوەدانی هزر و ئەندێشە و قوتابخانەی ئەدەب و هونەرە، وڵاتی یەکتر خوێندنەوەیە، وڵاتی هەستە بزوێنەر و ناسکەکانە، وڵاتی باڵوێزی بوژانەوەی ژیانە ژیان بە هەموو مانا و واتا پرشنگدارەکانییەوە بۆ هەموو و بێ جیاوازی، وڵاتی هەمیشە سوور و هەمیشە ڕەش و هەمیشە زەردە، وڵاتی مێژووە، وڵاتێکە لە دڵی وڵاتان، وڵاتی خەرج و داهات، وڵاتی خانمە بەهێزەکەی سەردەمە، مرۆڤەکان فێری ژیانی تازە و سەر لە نوێ بوژانەوەی تەمەن دەبن..... بەرایی کاروانسەرا مێژووییەکە چەند ڕۆژێکە گەیشتووە و هەر لە سەر سنوورەوە خەڵکی وا دیقەتیان دەدەن ئەوانە هاونیشتیمانی سبەینێن، ئامێزی سۆز و میهرەبانی دەکەنەوە، هاوکار و یارمەتیدەرن، نەک بۆ خۆیان وەلێ بۆ خودی مرۆڤایەتی پاشان بۆ نیشتیمانەکەیان.

لە سەر سنوور پۆلیسەکان شەو و ڕۆژ لە کاردا بوون، ئامێزیان واڵا و بە ڕووی گەشەوە بەخێرهێنران، پاش نیوەرۆیەکی درەنگ لە باشووری خۆرئاوای وڵات و لە شارۆچکەیەک ئۆتۆبوزەکە گەیشت، هەستیار بە تەنێ بوو، کاتێک لە ژوورێکی بچوکدا پرسیار و وەڵامی لێکرا و ژووری خۆی لە میوانخانەیەی وەک کامپ دیاری کرابوو دەست نیشانکرا، لەوێ بە دیداری هێمن شاد بۆوە و یەکیانگرتەوە، لێرە بەر لە هەموو کارێک شوێنی حەوانەوە و ئارامی پێ بەخشین لە یەکەمینی کارەکان بوو دواتر پەنجە مۆر ودڵنیابوون لە مانەوە و پشکنینی پزیشکی و کوتانی دژ بە نەخۆشی جۆراوجۆر و پشکنینی خوێن و دروستکردنی ناسنامە و باشکردنی باری تەندروستی و چارەسەرکردن، جگە لە دابین کردنی خواردن و فەراهەمکردنی ژیان بۆ تاک........

سێ ڕۆژ بوو گەیشتبوونە شارۆچکەکە ئارەزووی بازاڕو تەلەفۆن کردن لە هزریدا بوو، پرس و ڕایەکی بە هێمن کرد پێکەوە بەرەو ناوجەرگەی شار بچن، پێی باش پێکەوە بڕۆن و بە پرسیارکردن کەوتنە ڕێ ڕاستە ڕێگای بەردەم کامپەکەی خۆیان گرت زیاتر لە نیو کاژمێر بە پێ ڕۆیشتن، وەک پێیان گوترابوو کەنیسەیەک دێتە ڕێیان لە چوار ڕێیانێکە لەوێ کە ترافیکیشی لێیە بەرەو لای چەپ وەرچەرخێن پردی شەمەندەفەرەکەیان هاتە ڕێ و بە ژێریدا ڕۆیشتن و ناوجەرگەی بازاڕەکە دەرکەوت، گەیشتنە نوسینگەیەکی ئینتەرنێت پەیوەندی تەلەفۆنی هەستیار رووی کردە هێمن و.....

هەستیار : ئەگەر مۆڵەتم بدەی ئەوا ماوەیەک تەلەفۆن دەکەم بۆ وڵات، دەچمە ئەو کابینەوە بمبەخشە ئەگەر دوا کەوتم.

هێمن : ئاساییە بە ئارەزووی خۆت بکە ئێمە بۆچی بۆ بازاڕ هاتووین.

.....

ڕۆشنا هێشتا لە خەو ڕانەبووە، بەڵام بە ئاگایە و لە نێو جێگاکە ماوەتەوە، لە بن لێوەوە قسە دەکات....

ڕۆشنا : پیاو هەروان لە کوێوە بای بێت لەوێوە شەنی خۆی دەکەن، دەیان ساڵ پێکەوە بن ژیانی بۆ تەرخان بکەیت، ومۆمئاسا لە بەردەمیدا هەڵبکڕووزێیت، پێ نازانێت تەنها جارێک کارێکی بە دڵ نەبێت ئیدی کابە کەچ دەبێت و ڕاست نابێتەوە، ئەوە وەڵامی ئەو هەموو چاکە و خزمەتکردنەم بوو بۆی، پشت تێنەکردن و پرس پێنەکردن، ڕۆژانێکی خۆش بوو، شەوانێکی پڕ پشوو و ڕۆمانسی، دونیایەک جوانی، نازانم بە ئەندازەیەک خۆشم دەوێ دەڵێی خۆمە، ڕۆئیاکانی جوان، لە دونیا بە ئاگا، هەستەکانی ورد، نا نەخێر هەرگیز رووی نادەمێ ئیتر ، جارێکی دیکە تەواو، هەرچی بێت تەواو لە دڵم دەرچوو، ژیانی سوتاندم ئاگری لە جەستەم بەردا، بە بارتەقای دونیایەک خەم و خەفەتی بۆ جێهێشتووم، (( دەستێکی برد چاوەکانی سڕییەوە )) ئێستایش گریان و خەم بەرۆکی بەر نەداوم، ئاخۆ دەبێ چی لێهاتبێت، براکەی دەڵێ بەرەو کیشوەری سەوز ڕۆیشتووە، بشێ وابێت، تۆ بڵێی لەو دەریا نەخنکا بێت، پێغەمبەری دەکرد دەخنکا و ئاوی ئاموون و توونی بابا دەچوو، بۆ خۆم سەرفیراز دەبم، لای دۆست و ناسیاو چ بڵێم، ئاااە ئەوەیش هیچ ئەو ئاهەی لە سینەمە نابڕێتەوە، کەسەرێکی گەورەیە، ئەوە سەرگەردانییەکی گەورەیە، مردن گەلێک لەم حاڵەم باشترە، مردن لە کوێی دەفرۆشرێیت دەتکڕم، بەڵام دەست ناکەوێیت.....

هەر لە ژێر جێگە و بە ڕاکشانەوە دایە پرمەی گریان، هەستا و دانیشت، خۆی گرمۆڵە کرد و ئەژنۆکانی بۆ سەرەوە هێنان و هەردوو دەستی لە سەر دانان و سەریشی خستە سەر دەستی، بە پارچە پەڕۆیەکی شین نێوچەوانی بەستبوو، چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون، چەند ڕۆژێک بوو ئەو پەڕۆ ڕەنگ شینە بە نێو چەوانییەوەیە، دەنگی گریانی دەرچوو، وەک بڵێی هەستیان پێ کردبێ دایکی بانگێکی لێکرد .

حاجییە : کچێ ڕۆشنا.... ڕۆشنا، ئەوە بۆ تا ئێستا لە خەو هەڵنەساویت .

هیچ وەڵامێکی نەبوو، بێ دەنگ بێ دەنگ، سەدای گریانەکەی کەمکردەوە، بە قوڵپ دەگریا دایکیشی هەر بانگی دەکرد، ئەویش بێ وەڵام، شەهێنی خوشکی وەڵامی دایەوە....

شەهێن : دایکە وا بزانم دەگری بۆیە وەڵام ناداتەوە.

حاجییە : کچێ گریانت کرد بەچی دەوەرە خوارەوە، شەهێن تۆ بچۆ لە خەو بە ئاگای بێنەوە.

شەهێن بەرەو ژوورەکەی ڕۆشنا ڕۆیشت، ئەو لە سەر جێگاکەی هاتە خوارەوە و پشتی کردە دەرگاکە و خۆی بە ڕێکخستنی جێگاکەوە خەریک کرد. شەهێن دەرگاکەی کردەوە و...

شەهێن : ئەوە هەستاوی دایکم ماوەیەکە بانگت دەکا بۆ وەڵامی نادەیتەوە.

ڕۆشنا : پێی بڵێ گوێم لێ نەبوو واهاتم.

شەهێن چووە لای دایکی و گوتی : نەمگوت دەگری، قسەم لە گەڵیدا کرد بە قوڵپی گریان وەڵامی دامەوە.

دوای چاککردنی جێی نوستن و دەموچاو شۆرین لە تەنیشت دایکییەوە دانیشت، دایکی چایەکی پێداو گوتی.

حاجییە : چی دەخۆی ئەوە هەموو شتێک هەیە ماست پەنیر قەیماغ هێلکەو ڕۆن چی دەخۆی؟

ڕۆشنا : هیچ ناخۆم هیچم بۆ ناخورێت.

حاجییە : ناکرێ چۆن وا دەبێت هیچ نەخۆیت .

شەهێن : دایکە ڕاست دەکات بۆ وا لە خۆت دەکەی خوا دەزانێ ئێستا ئەو لە کوێیە و تۆی هەر بە خەیاڵدا نایەت.

ڕۆشنا : لێمگەڕێن خۆم دەردی خۆم دەزانم .

شەهێن : کوا تۆ ناڵێی خەونەکانم هەموو ڕاستن، ئەوە چەند ڕۆژ بە سەر خەوەکەتدا تێپەڕیوە و هیچ شتێکیش دیار نییە .

ڕۆشنا : ئیتر چووزانم لێمگەڕێن لێمگەڕێن.......

چایەکەی بەردەمی هەڵشێواند و دیقەتێکی پیاڵەکەی دا و دەستی بۆ برد و پیاڵەکەی بە لێوەکانییەوە ناو چایەکەی خواردەوە، دایکی و شەهێنیش دیقەتیان دەدا فرمێسک لە چاوەکانیدا قەتیس ببوون، هەستی کرد دیقەتی دەدەن چایەکەی تەواو کرد و هەستا و رۆیشت....دایکی و شەهێن باگیانکرد وەڵامی نەدانەوە و رۆیشتە ناندینەکە و خۆی بە ئیشوکاری ماڵەوە سەرقاڵکرد، دایکیشی هەر قسەی خۆی دەکرد وڕێنە بوون ( ژیان وا نابێت و بە گریان و بێ نان خواردن ناچێتە سەر و لەو جۆرە قسانە (......

بۆ خۆیشی کەوتە بیرکردنەوە ئەندێشەکانی ختوکەی دەدان، کەمێک هێور بووەوە، سوکناییەکی بۆ خۆی مەیسەرکرد، بە روئیای سبەیەوە لە ئیمرۆ و ساتەکانی دەڕوانی، چاوەکانی سڕییەوە ئاوێکی فێنکی بە سیما و روخسار و گۆناکانیدا کرد، ئاسوودەیی و بەختەوەری بۆ سیمای خۆی گەڕاندەوە رۆشنایی بە دەروونی بەخشی، بە هۆش خۆی هاتەوە و بیرکردنەوەکانی لە ئاوەزی دەرهێنا، قەدەرێک تێپەڕی دایکی و خوشکی بە دیمەنی رۆشنا سەرسامی دایگرتن ئاخۆ چ رووی دابێت، زەنگی ژیانەوەی بە تەمەنی ئەو ساتەوەختەییەوە لێدا، لە پڕ زەنگی مۆبایلەکەیشی لێیدا، ژمارەیەکی تایبەت بوو....

رۆشنا : بە لێ فەرموو... تۆ کێی

هەستیار : چۆنی، دەمناسی هەستیارم...

رۆشنا ( دەستی بە گریان کردەوە و بە نوزە نوزی گریانەوە) : بۆ وا سەرگەردانت کردم، چیمکردبوو وات لێکردم.........

تا دەهات درێژەی بە قسەکانی دەدا، هەژدە خولەک دوا، هەستیاریش لێ گەڕا هەموو دەردە دڵی هەڵبڕێژێت، پاشا تەواو بوونی قسەکانی گوتی....

هەستیار : منیش هەروا و لە خۆڕا ئەو رێگایەم نەگرتۆتە بەر، هەم تۆ خەتا باریت هەمیش تۆ بە رەوشەکەم ئاگاداریت، هەمیش کارەکەم. بۆیە جارێ دەڵێم خوات لەگەڵ، جارێکی دیکە پەیوەندیت پێوە دەکەم با بگەمە جێ.

رۆشنا : بۆ نەگەیشتوون .

هەستیار: نەخێر کە گەیشتم پەیوەندیت پێوە دەکەم. خوات لە گەڵ.

رۆشنا : خوات لە گەڵ.

تەواو سوکنایی و ئۆخەی بە دڵ و هەناویدا هات، تروسکایی دەسپێکی ژیان دەرکەوتەوە، گەڕایەوە سەر باری ئاسایی خۆی، ئومێدەکانی چەخماخەی لێدا، ژیانی بۆ نوسرایەوە و سەرگەردانی بەرێکرا.

......

لە کابینەی پەیوەندی تەلەفۆنکردنەوە هاتە دەرەوە و داوای لێبوردنی لە هێمن کرد و بە ئاسایی کارتەکەی وەرگرت و ئەویش تەواو ببوو، پێکەوە کەوتنەوە رێ بەرەو کامپەکە دەڕۆیشتنەوە، لە رێگا هێمن گوتی.....

هێمن : مامۆستا بڕوا بکە سێ شەوە ئاسوودە دەخەوم، هاوسەرم دەڵێ ئیتر تەواو چەک و فیشەک نابنە هاوەڵی بن سەرینی شەوانمان ژیان واڵێرەیە .

هەستیار : بۆ چی بووە....

هێمن : مامۆستا زۆر دڵساف و بێ رک و کینەم، دڵسوزی هاوڕێی خۆمیشم، لە پای پشتیوانی کردنی هاوڕێیەکم، لە دەستم دەرچوو کەسێکم کوشت، کەسوکاری بە دوومەوە بوون، سۆپەرمارکێتێکی باشم هەبوو خانوو و ترومبێل شوێنی باش و پارەی چاک، واتا دەوڵەمەند و ژیان لە وڵاتی خۆمان بۆ من رسکا بوو، دوای کوشتنی ئەو کەسە ژیانم لێ تێکچوو، ئاسوودەیی و ئارامی بۆ من نەما، شەو و رۆژم بۆ نەبوو شەوانە بێ چەک نەدەخەوتم، هاوڕێکەی بۆ ئەو کەسێکم کوشت پشتی تێکردم، زۆر کاڵفام بووم ئەو کارەم کرد، من لەم وڵاتە جێم نابێتەوە، دەڕۆم بەرەو باکوورلە دەریا دەپەڕمەوە لە وڵاتی زمانی ستاندارت ئۆقرە دەگرم، لەوێ پڕۆژەم دەبێت پارە دەکەمە ناو کارەوە ، سبەی دەڕۆم.

هەستیار : بۆ کوێ دەڕۆیت.

هێمن : بۆ رۆخی رووباری باکوور بەرەو پەڕینەوە، بڕیارمداوە لە ژیانم هاوڕێم نەبێت، بمبوورە وادەڵێم.
هەستیار : کێشەی کوشتنەکەت بە کوێ گەیشت...
هێمن : ئێستا تەلەفۆنم کرد بابم گوتی بە نیو ملیۆن دۆلار ئاشتەواییمان کردووە، کێشەکە چارەسەر کرا، چیم لە ژیانما پەیدا کردبوو هەمووی تیا چوو، تەنها دوو سەد هەزارێکم ماوە، کەسانی دیار و ریش سپی و پیاو ماقول و بەرپرسان ئامادەی ئاشتەواییەکە بوون زیاتر لە 200 کەس ئامادەبوونە، یەکدیان ماچکرد و کۆتایی پێهات.
هەستیار : ماڵی دونیا هیچ نییە ، راستە زەرەر ناخۆشە بەڵام هەمووی ناکاتە پەنجەی مناڵێکت.
هێمن : نا برا گیان خەمی لێ ناخۆم گەیشتنم هەموو سامانێکە و سبەی دەکەومە رێ...
هەستیار : بە خۆشی و سەرکەوتوویی.

سبەی هێمن ماڵئاوایی لە هەستیار کرد وشارۆچکەکەی جێهێشت، بەرەو ژیانێک مەگەر هەر خۆی لێی تێبگات و لە ئاریشە و گرفتەکانی هاوتەریبی بکات. هەستیاریش دوو رۆژ دوای ئەوە لە شارۆچکەکە بەرەو ناوەندی وڵات گوازرایەوە و ئیدی بە سۆراغ هاوڕێکانی سەفەری بە پەیوەندی تەلەفۆنی دیتنیەوە، دوای ئۆخەی کردن هەموو بیری وڵات دەکەن و مەیلی گەڕانەوەیان دەبێت، کەس لە مرۆڤ ناگات، چونکی خۆی لە خۆی تێ ناگات هەمیشە بە شوێنی خۆی قایل نییە......

ئەم بێشە
سەری گەرمی هەتا ئێوارە بڕ ناکا
ئەم سپێدە
شنەی پاکی
ناگاتە غوباری وڵاتی رەشەبا
ئەم تاوسانە
زۆرێک نابا گریانی خۆی
بە سەر رووی زەوی دەڕژێنێ
ئەم سروشتە
هەمیشە گوڵ و خوێن و بەفر و زریان
دەنەخشێنێ
ئەم وەرزی گەڵارێزانە
لێرە جوانی نابڕێتەوە خۆشی تەمە و
بە باڵای من
دەژێتەوە
لەو هەوار و بێ مەسکەنییە
لە هەر بستێکی شارێکا
دڵۆپە ئارەقی رەنجم جێهێشتووە
زێدم ونە و لەم بێشەیەم
کونە پەپووی توولە رێگا و
سەر شەقامێکی جەنگەڵم
حەسرەت و حەز بۆ مناڵی
بە شانێلی تەمەنمدا رۆنیشتووە
کام دڵۆپی ئارەقەی هیشکەوە بوومە
لەم مەنزڵە دەینێژم و
دەرگای سبەیش نابەڵەدم

غوربەت و ئولفەتی دوێنێ
لەرەی ڕایەڵەی تەمەنێ
هەر بە باڵام هەڵزنیوە
بۆنی درەختی ژیانیش
وێستگەکانی سەختن، ژانن
نە گەییوون
یا گەنیووە

Frickhofen

/ 11 / 2016 12

سوپاس و رێز و پێزانینم بۆ.....

- برای بەریزمان کاک باهیر گلی کە رۆژانە پەیوەندی پێوە کردووم و هانی داوم دەستوبردی لێبکەم و تەواو بێت.
- برای بەرێزم کاک حەمەسەعید زەنگنە کە جگە لە هاوکاریکردنمان لەو دوورەوە خەمی هەڵەبڕی لە گەڵمدا گرتە ئەستۆ.
- برای بەرێز کاک کرفتار کاکەیی کە تابلۆی خۆی بەخشی بە بەرگی ئەم کتێبەمان.
- برای دیزاینەر کاک دلێر زەنگنە خەمخۆرانە بە دەم نەخشەسازییەوە هات.

تابلۆی بەرگەکە قەبارەی 100 *80  کەفاڵی ڕەنگ رۆنی لە سەر کانفاس ( کارد ) ساڵی 2016 ، وێنەیە تەواو ئاوباڵای رۆمانێک لە کۆچی نا ئومێد بوون بە ژانەوە بۆ رۆشنایی ژیان، حەیف دەریا کەتنی خۆی لە خنکان ئەنجامدا و زۆرێکیش قورتار بوون، لەو تابلۆ کەساسی کۆچی خێزانەکان دەردەکەوێت جاو لە ئاسۆوە بەرروونی دیقەت دەدات و هەناسەکان دەخوێنێتەوە.
گرفتار کاکەیی
20  2016 / 11 /

ناو : سەردار رەزا قادر
)سەردار جاف(
شوێن و ساڵی لە دایک بوون:
22  1957 / 12 / کەرکووک، گەڕەکی زێویە
شەش بەرهەمی بە چاپ گەیشتوون، ئەمە حەوتەمە.